ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ڕامانێکی وردی لەهەڵوێستی

هاوەڵان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تۆێژینەوەیەکی وردە لەبارەی کۆمەڵێک گومان
لە دەوری هاوەڵانی پێغەمبەر

نووسینی
محمد صالح الغرسي

وەرگێڕانی
محمد مەلا سعد الدین



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ڕامانێکی ورد لە هەڵوێستی هاوەڵان

تۆێژینەوەیەکی وردە دەربارەی کۆمەڵێک
گومان لە دەوری هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ

ناوی کتێب بە عەرەبی: فصل الخطاب في مواقف الأصحاب

ناوی کتێب: ڕامانێکی ورد لە هەڵوێستی هاوەڵان، تۆێژینەوەیەکی وردە لەبارەی کۆمەڵێك گومان لە دەوری هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ.
نووسینی: موحەممەد سالح غورسی.
وەرگێڕانی: موحەممەد مەلا سعدالدین.
چاپی یەکەم: ١٤٤٢ك – ٢٠٢١ ز.
قیاس: ١٧*٢٤ سم (٢٩٦) لاپەرە.
بابەت: هاوەڵان.
تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
دیزاین: عمر عثمان عمر.

مافی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ©

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارە ( ) پێدراوە.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

سوپاس بۆ خوا، کاملترین سڵاوات و جوانترین سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا و خانەوادە و هاوەڵانی، لەسەر ئەوانەش دەیانکەنە پێشەوای خۆیان و شوێنکەوتووانیان، **پاشان:**

ڕێگەم دا برای خوابیمان"موحەمەد مەلا سعدالدین گەردی" کتێبی (فَصْلُ الخطابِ في مواقفِ الأصْحَابِ) لە زمانی "عەرەبی"یەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی "کوردی". بە مەرجی ئەوەی وەرگێڕانەکە دروست بێ و واتای تەواو بدا، ئامۆژگاری دەکەین: وەرگێڕانەکە پیشانی شارەزایان بدا، پەلەی لە چاپدانی نەکا تا ئەوکاتەی دڵنیا دەبێتەوە لەوەی واتای مەبەستی گەیاندووە. پاشان ڕێگەم پێیدا دوای ئەوەی لە تەواوی وەرگێڕانەکە دڵنیا بوو، کتێبەکە چاپ بکات و بڵاوی بکاتەوە، هەروەها داوای لێ دەکەین ڕەچاوی ڕێك و پێکی چاپەکەی بکا، هیوام وایە وەرگێڕ و گشت خوێنەرانی لە دوعاکانیان لەبیرمان نەکەن، والله تعالى يتولى هدانا وهو يتولى الصالحين.

نووسەری کتێب

موحەمەد سالح ئەحمەد غورسی

تورکیا/قۆنیا

بەرواری: ٢-ڕەمەزان-١٤٣٨

بەرامبەری: ٢٨-مایۆ-٢٠١٧

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله، و أفضل الصلاة و أكمل السلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه ومن اهتدى بهداه، أما بعد:

فقد أذنتُ لأخينا في الله "محمد مَلا سعدالدين كَردى" أن يُترجِمَ كتابنا (فَصْلُ الخطاب في مَواقِفِ الأصْحَاب) من اللغةِ "العربيةِ" إلى اللغةِ "الكرديةِ" فأذنتُ لَهُ، بِشَرطِ أن تَكونَ الترجمةُ صحيحةً وافيةً، ونَنصَحهُ بأن يعرضَ الترجمةَ على أنظارِ الخبراءِ، ولا يَسْتعجل في طبعها ما لم يَطمَئنَّ إلى الصِّحَّةِ والوفاءِ بالمقصودِ، ثُمَّ أذنتُ لَهُ بَعْدَ التَحَققِ من صِحَّة الترجمةِ أنْ يَطْبَعَهَا و يَنْشُرَهَا وننصَحهُ أيضًا برعايةِ الاتقانِ في الطبع، راجيا من المترجِمِ و كلِّ القراءِ أن لا ينسونا من دَعَواتهم، واللهُ تعالى يتولّى هُدانا وهو يتولى الصالحين.

مؤلف الكتاب

محمد بن صالح بن أحمد الغُرسي

تركيا/قونية

٢-رمضان - ١٤٣٨

الموافق: ٢٨-مايو-٢٠١٧

سوپاسگوزاری:

لە ژێر ڕۆشنایی فەرمایشتی خۆشەویستمان ﷺ : "ئەو کەسەی سوپاسی خەڵکی نەکات، سوپاسی خواشی نەکردووە[1]" لەناخی دڵمەوە سوپاسێکی بێ پایان و شایستەی دایك و باوکی خۆشەویستم دەکەم، ئەزیەت و ماندوبوونێکی ئەوهایان لەگەڵم کێشاوە تا بە ئێرەیان گەیاندووم، چیاکان خۆیانی لەبەر ناگرن! خودای میهرەبان خۆی پاداشتی نەبڕاوەیان بداتەوە، پاداشتێك شایستە بێت بە میهرەبانێتییەکەی و چەند قاتی ماندوبوونیان بێت.

سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم کە پیتێك یان وشەیەکیان فێرکردووم، لە مامۆستایانی مزگەوت و قوتابخانە و زانکۆ کە درێغییان لە فێرکردن و پەروەردەکردنم نەکردووە، هەرگیز لە ژێر سایەی چاکە و دڵسۆزییان دەرناچم، پەروەردگار خۆی پاداشتی نەبڕاوەیان بداتەوە.

سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەم یان زۆر مافیان لەسەرم هەیە، بەتایبەت ئەوانەی بە وشەیەکیش بوونە هۆی لەدایك بوونی ئەم نۆبەرەیە، کاك عەبدوڵڵا بەحرکەیی بە پێشنیار کردن، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا خۆشناو بە وەرگرتنی ڕێپێدانی وەرگێڕان، مامۆستا حەسەن نەجمەدین بە پێداچوونەوەی زمانەوانی، کاك هونەر خورشید بە چەند تێبینییەك لەسەر وەرگێڕانەکە، خودا پایەدار و پایەدارتریان بکات.

---

[1] ترمذی ریوایەتی کردووە، لە أبواب البر والصلە عن رسول اللە ﷺ باب: ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك، ٥٠٥/٣، ژمارەی فەرموودە: ١٩٥٥، ترمذی دەڵێ: "هذا حديثٌ حسنٌ".

پێشکەشکردن:

ئەم کتێبە دیاریی و پێشکەش بێت بە:

✓ ڕۆحی پاکی حەزرەتی خۆشەویستی بۆغۆش ﷺ ئاوێتە بـە بـۆن و بەرامـەی هـەموو گوڵان، ئەگەر چی دیارییەکی زۆر بێ نرخە بۆ ئەو مەقامە، بەڵام مادەم هەوڵێکە بۆ پاراستنی شکۆی یارانی لە تانە و تەشەری دڵ نەخۆشان، بە ویستی خودا دەگاتـە خزمـەتی و قـەبوڵکراو دەبێت لەلای، هۆکارێکیش دەبێ بۆ ئەوەی بەر شەفاعەتی بکەوین، ئەمن وخوێنەران، ئامین.

✓ یەکەمین مامۆستام، مامۆستای دین و دونیـام، گـوڵی گـوڵزاری زانسـت و ڕەوشـتم، داوامە لە پەروەردگار کە سێبەری هەر هەبێ لەسەرمان بەردەوام (باوکی خۆشەویستم) هەروەها پێشکەشە بە ڕەحمانەی بەوەفا، کانیاوی میهر و تاقگەی سەفا، (دایکـم) لـە خـوام داوایـە لـە فیردەوسەکەی کۆمانکاتەوە لە خزمەت حەزرەتی موحەممەدی موستەفا ﷺ.

✓ هەموو ئەو زانا دڵسۆزانەی هەوڵیان داوە ئەو هـەموو تانـەو گومانـەی ڕوو بـە ڕووی هاوەڵانی خۆشەویست ﷺ کراون لایان بدەن و وەڵامییان بدەنەوە.

✓ مامۆستایانم لە زانستە شەرعییەکان و ماموستایانی فێرگەم، دکتـۆرە بـەڕێزەکان لـە زانکۆ، هەموو ئەوانەی پێتێکم لە خزمەتیاندا خوێندووە یان دەخـوێنم، پـەروەردگار پاداشـتی شایستەیان بداتەوە.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

سوپاسنامە

برای شیرین و بەڕێزم! خوای گەورە بتپارێزێ.

السلام علیکم ورحمة الله و برکاته، لە پاشان:

لە پەروەردگارم دوعای خێرو دڵخۆشی و لەشساغیت بۆ دەکەم.

ئێوە کتێبی (فصلُ الخطاب في مواقفِ الأصحاب)تان ناردبوو لەگەڵ نامەیەک، پێمگەیشت، بەڕاستی لە کاتێکی گونجاو وەک نیعمەتێکی چاوەڕوان نەکراو هاتە بەردەستم، لەو ڕۆژانە خەریکی نووسینەوەی ژیاننامەی سەروەرمان عەلی ﷺ بووم، گەیشتبوومە بابەتی پەیوەندییە چاکەکانی لەگەڵ سێ جێنشینەکەی پێش خۆی، ئەم کتێبە گەوهەرێکی گرانبەها بوو، بە پشتیوانی خوا سوودێکی زۆری لێ وەردەگرم، خوای گەورە لە بارەی من و هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە پاداشتی خێرتان بداتەوە.

خوای گەورە بتانپارێزێت و بەرەکەت بخاتە زانست و کارەکانتان.

والسلام علیکم و رحمة الله وبرکاته.

براتان

ئەبولحەسەن عەلی حوسەینی نەدەوی

٩- شەووال- ١٤٠٨ك

بەنا روی خوای گەورە و میهرەبان

پێشکەشکردن

سوپاس بۆ خوای گەورە، سەڵات و سەلام دابارێتە سەر ڕۆحی پاکی پێغەمبەر و خانەوادە و یارانی و ئەو کەسانەی شوێنی کەوتووون تا ڕۆژی دوایی، لە پاشان:

بەشێك لە مێژوونووسان و خەڵکی دیکەش بە کەمتەرخەمی باسی بەشێك لە هاوەڵان ﷺ دەکەن، باسی هەڵوێستەکانیان دەکەن لەبارەی ئەو ڕووداوانەی لە ژیانیان ڕوویانداوە، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، ئەو ڕیوایەتانە[1] دەگوازنەوە کە بێ ڕێزی بەرامبەر هەندێکیان و لەبارەی دایکانی ئیمانداران بوهتانیان تێدایە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەگەلێکی باوەڕپێنەکراو، لەگەڵ ئەو ریوایەتانەی لە هەندێك نەزان و ڕافیزی[2] و مویتەدیع و هەڵگەڕاوە و دووڕوو و جوولەکە و مەسیحییەکان گێڕدراونەتەوە، کە ڕقیان لە ئیسلامە، ئەوانەی کە لە هەموو سەردەم و کاتێکدا هەوڵی پلاندانانن بۆ دژایەتی کردنی.

ئەوان سڵ ناکەنەوە لە تانە دان لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا، گوێ نادەنە فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی کە بە دادپەروەری و ڕاستەڕێیی وەسفی کردوون، ئەوان ڕێك وابوون کە خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ[3]﴾.

---

[1] ریوایەت: گێڕانەوە — گ.

[2] ڕافیزی: ئەو شیعانەی تۆندڕەویان کردووە لە شیعەگەرێتییەکەیان، بە جۆرێك پێشەوایەتی نەبوبەکر و عومەر و عوسمانیان قەبوڵ نییە و پێشەوا عەلی بە ستەملێکراو دەزانن بەوەی سێ کەس پێشی ئەو بوونەتە جێنشین لە دوای پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم- گ.

[3] ئایەتی ١١٠ لە سورەتی ئاڵی عیمران، واتە: ئێوە ئەی ئومەتی موحەمەد! چاکترینی ئەو ئومەتانەن کە بۆ خەڵك دەرکەوتوون و کراونەتە ئومەتی پێغەمبەران، چونکە ئێوە ئومەتێکن ئەمر ئەکەن بە چاکەو نەهی ئەکەن لە خراپە.

پێغەمبەری ڕێزداریش ﷺ دەربارەیان فەرموویەتی: (جوێن بەهاوەڵەکانم مەدەن، ئەگەر یەکێکتان بە ئەندازەی چیای ئوحود زێڕی هەبێ و بیبەخشێ ئەوا ناگات بە ئەندازەی مشتێك بەخشینی ئەوان، تەنانەت هێندەی نیو مشتیشیان نابێت[1]).

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك زمانی بپارێزی سەبارەت بەو ڕووداوانەی لەنێوان هاوەڵان ڕوویانداوە، هەرگیز نەکات ئەگەر شتێکی لە کتێبێك بینی یان لە کەسێکی بیست ئەو بیداتە پاڵ هاوەڵێك، بۆیە دەبێت تەنیا بەو جۆرەی شایستەن باس بکرێن.

مێژوونووس لێکۆڵەرەوانیش پێویستە لە ڕاستی ڕووداوەکان بکۆڵنەوە، ئەو ڕووداوانەی ڕشتەکانیشیان سەحیحە، بە ئیجتیهاد بۆیان لێك بدەنەوە، ئاخر ئەوان باشترین چینن، باشترین بانگەشەکاری ڕێگای ڕاستی ئەوان بوون، هەر ئەوانیش بوون قوڕئان و فەرموودەکانی خۆشەویستیان ﷺ وەکو خۆی گەیاندووە.

شێخ موحەممەد سالح ئەحمەد خوا سەرکەوتووی بکات لە کتێبی (فصل الخطاب في مواقف الأصحاب) هەوڵێکی چاکی داوە، لەناواخنی کتێبە بە نرخەکاندا گەڕاوە، بۆ ئەوەی هەڵوێستی هاوەڵان وەك خۆی نیشانی ئێمە بدا، لێکۆڵینەوەی لە سەرچاوە مێژووییە باوەڕ پێکراوەکان کردووە، نەك بەو جۆرەی قین لە دڵان نیشانمانی دەدەن و گریمانەی دەکەن.

ئەو بابەتە فراوانەی بەکورتی باس کردووە و یەکلایی کردۆتەوە، بەڵام کورتییکی وایە نەنگی نییە، بەڵکو لەبابەتەکانی کۆڵیوەتەوە و لەدوای ڕاستی گەڕاوە و دادپەروەری بەرامبەر هەمووان نواندووە، دەمارگیری بۆ کەس نەبووە، هەوڵیشی داوە ببێتە هۆکاری یەکگرتن و یەکدەنگی نەك دووبەرەکی، هەوڵی بیناکردنی داوە نەك ڕووخاندن، بۆ هەموو چاوساغێك دۆخی هاوەڵانی پێغەمبەری خوای ﷺ ڕوون کردۆتەوە، هەڵوێستە حەکیمانەکانیانی بەدیار خستووە لەبارەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبوویەوە، ئەوان لە هەموو هەڵوێستەکانیان

---

[1] بوخاری ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب قول النبی ﷺ لو کنت متخذا...، فەرموودەی ژمارە: ٣٦٧٣ {فتح الباری، ٢١/٧} هەروەها موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب: تحریم سبّ الصحابه ﷺ ژمارەی فەرموودە: ٢٠٤١.

موجتەهیدن[1] و تەواوی هەوڵی خۆیانیان داوە تا ئالای یەکتاپەرستی بەرز بکەنەوە.

خوا ئەم کتێبە موبارەکە بکاتە مایەی سوود بۆ گشت تاکەکانی ئوممەت، ببێتە ئالایەک لەکاتی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی هەندێك لەهاوەڵان و ئەو ناکۆکییانەی لەنێوانیان ڕووی داوە لە بابەتە ئیجتیهادییەکان، بشکرێتە سەرچاوە.

خوا پاداشتی نووسەر بداتەوە بۆ ئەو کارەی پێشکەشی ئاین و ئوممەتەکەی کردووە، خواش ڕێنیشاندەرە بۆ ڕێگەی ڕاست.

د. عبدالله عبدالمحسن الترکی

---

[1] موجتەهید: کەسێکە تەواوی هەوڵی خۆی دەخاتەگەر بۆ دەرخستنی حوکمێکی شەرعی کە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر نییە. (مناهج العقول، البدخشی، ٢٦١/٣) – گ.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

پێشەکی سێیەم چاپ

سوپاس و ستایش بۆ خودا، سەڵات و سەلامیش بڕژێ بەسەر سەرداری پێغەمبەران، پێغەمبەرمان موحەمەد و ئال و بەیت و هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتوانیان تا ڕۆژی دوایی، پاشان:

ئەوە چاپی سێیەمی کتێبی (فصل الخِطاب في مواقف الأصحاب)ە، "دار القلم" ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی گرتۆتە ئەستۆ، ئەو خانە چاپەی گرنگی بە بڵاوکردنەوەی کتێبی زانستی و ڕێبەها دەدات.

چاپی یەکەم لە زانکۆی "ئیمام موحەمەدی کوڕی سعودی ئیسلامی" لە شاری ڕیاز بوو، بە سەرپەرشتی بەڕێوبەری زانکۆ کە ئەوکاتە دکتۆر "عەبدوڵڵا عەبدولموحسین تورکی" بوو.

چاپی دووەمیشی لە "دار السلام" بوو لە میسڕ، کۆمەڵێك شتی تێدا زیاد کرابوو، کە بەهای زانستی کتێبەکەی زیاتر بەرز کردەوە.

ئەم چاپەی بەردەستیشتان تێیدا چاوم بە دوو چاپەکەی تردا خشاندەوە، ئەو هەڵانەی لەو دوو چاپەشدا هەبوون چاکمان کرد، کەمێك گۆڕانکاریشی تێدا کرا، هەندێك بابەتی دیکەشم تێدا زیاد کرد.

بەهای زانستی کتێبەکەش خۆیەر جێدەهێڵین تا خۆی دوای خوێندنەوەی کتێبەکە بڕیاری لەسەر بدات.

تەنیا خوا ڕێنیشاندەرە بۆ ڕێگای ڕاست و بەویش سەرکەوتن وەدی دێ

موحەمەد سالح ئەحمەد غورسی

١٠- ڕەمەزان - ١٤٢٢ك

مزگەوتی حەرام، خوا زیاتر موشەرەفی بکا

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

پێشەکی

﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ۝٤ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾ نامین.

اللهم صل وسلم و بارك على سيدنا محمد وعلى آل سيدنا محمد، كما صليت و سلمت و باركت على سيدنا إبراهيم وعلى آل سيدنا إبراهيم، في العالمين إنك حميد مجيد.

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريكَ له، وأشهد أن سيّدنا محمدا عبده ورسوله.

لە پاشان: ئەمە کتێبێکی ناوازەیە لە بابەتەکەیداو ناوەڕۆك و بابەتەکانی گەلێ نایاب و بەسوودن، شێوە و ڕوخساری تاکە، تێیدا هەڵوێستی هاوەڵانم هێناوەتەوە، ژیاننامەی ئەو نازدارانەم پاك کردۆتەوە لەو هەموو تانە و تەشەرانەی کە بۆیانیان هەڵبەستوون، بۆ ئەمەش پشتم بە وتەی زانا لێکۆڵەرەوکان و لێکۆڵینەوەی پێشەوا کۆنەکان بەستووە، لە پێشدەستێك و حەوت بەش و کۆتایێك پێکهاتووە.

لە خوای گەورە داواکارم سەر کەوتووم بکا بۆ کاری چاکە، لە پێ هەڵخلیسکان و کەم و کوری بپارێزێ، لەو گوناە و تاوانانەشم خۆش بێ کە باری شانیان گران کردووم.

محمد سالح ئەحەد غورسی

پێشەکی وەرگێڕ و چەند تێبینییەکی گرنگ:

لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ هێرش کردنە سەر قورئان مەرامی کۆمەڵێك کەس ئاشکرا دەکات، هێرش کردنە سەر فەرموودەش بە ئاشکرا کاردەکاتە سەر ئامانجەکانیان و خەڵکی ئارەزا دەبن لێیان، بۆیە لە کۆن و نوێ، چەندین تۆمەتی ناڕەوا بەهۆی ریوایەتی بێ بنەما بۆ هاوەڵانی خۆشەویستمان ﷺ هەڵدەبەستێن، هەوڵی شکاندنی شکۆیان و کەم بایەخکردنیان دەدرێ لە چاوی موسوڵمانان، جێگای داخە خەڵکانێك هەبن فەرموودەی خۆشەویست ﷺ ڕەت بکەنەوە، بە بیانووی ئەوەی لەگەڵ سەردەم یان ئاوەز (عەقڵ)یان ناگونجێ، جۆرە فەرموودەیەك ڕەت دەکەنەوە کە ڕشتە (سەنەد)ی سەحیحی هەیە و زانایان کۆدەنگن لەسەر جێگیر بوونی، بەڵام بۆ تانەدان لەهاوەڵان، دەچن کون و کەلەبەری کتێبە میژووییەکان دەگەڕێن، ئەو ریوایەتانەی درۆزنەکان گێڕاویانەتەوە، ئەوان دێن و وەك حەقیقەتی میژوویی بە خەڵکی دەفرۆشنەوە، بێ گوێ دانە ئەوەی ئەو کتێبانە هەزاران ریوایەتی درۆ و بێ بنەمایان تێدایە، لەگەڵ شکۆی پیاوچاکێك ناگونجێ، چ جای شکۆی هاوەڵان.

بۆیە دەبێ بزانین باسی باشترین چین لە ئیسلام باسێکی قوولە، کەم کەس هەیە بەبێ ڕێنوێن بچێتە ناوی و سەری لێ دەربکا، ئەو کێشە و گرفتانەی لەناویان بووە دەرچەی تەواویان بۆ بدۆزێتەوە، لەگەڵ پایەی هاوەڵێتی و جیهادیان بیانگونجێنێ.

خوێنەری هێژا! پێویست بزانی میژوونووسە دێرینەکان هەرچی بیستوویانە، وەك ئەمانەتی زانستی نوسیویانەتەوە، لەوانەیە میژوونووسەکە چاك زانیبێتی ئەو ریوایەتە دروست نییە، بەڵام تا ئەمانەتەکە بپارێزێ، چۆن بیستوویەتی بەو جۆرە تۆماری کردووە، ئەگەر لێکۆڵەر لێکۆڵەر بێ دەبێ بچێ بەشوێن ئەو کەسانە بگەڕێ کە ئەو ریوایەتەیان گێڕاوەتەوە، باوەڕپێکراون یان نا؟ تانە لە ریوایەتەکە دراوە؟.

ئەو کتێبەی بەردەستت چارەسەری ئەو گرفتە مەنهەجییانەیە، لێکدانەوەیە بۆ ئەو ریوایەتانە و گونجاندنیانە لەگەڵ ڕاستییە میژووییەکان، هیوام وایە کتێبەکە بە ئینساف بخوێندرێتەوە، دەمارگیری لێ بەدوور بێ، ئەوەی کە پێت وابوو ڕاستە دوعای خێر بۆ نووسەر و

وەرگێڕەکەی بکە، ئەوەشی پێت نەنگی بوو، قەناعەتی پێ نەکردی، ئەوە بزانە هاوەڵان لێی بێ بەرین، هەڵە لەو دەستەواژانەیە کە نەیانتوانیوە مانای مەبەست بگەیەنن، دوعای لێ خۆشبوونم بۆ بکەن.

خوێنەری هێژا! لەو وەرگێڕانەمدا هەوڵم داوە ئەمانەتی زانستی بپارێزم، لە زۆر شوێن دوو سێ جار دەستەواژەم نووسیوەو ڕەشم کردۆتەوە لە ترسی ئەوەی مانای مەبەستی نەگەیاندبێ، جاری وا هەبووە چەند فەرهەنگ گەڕاوم بۆ ئەوەی وشەیەکی گونجاوم بۆ ئەو شوێنە دەستکەوێ، بۆ بەرچاوڕوونی سەرنجی ئەم تێبینییانە بدە:

بۆ تەفسیری ئایەتەکان پەنام بردۆتە بەر "خۆلاسەی تەفسیری نامی" دانراوی ماموستا مەلا "عەبدولکەریمی مودەرریس"، تەنیا ئایەتی ٥٩ ی سورەتی "نیساء" نەبێت، کە لەو چاپەی لەبەر دەستی منە نیوەی ئایەتەکە تەفسیر کرابوو، نیوەکەی دیکەی تێدا نەبوو، ئەویانم بە کورتکراوەیی لە "تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی"، کە دانراوی ماموستا مەلا "موحەمەدی کۆیی" ناسراو بە "مەلای گەورە"یە وەرگرت.

زۆر جار مامۆستای نووسەر تەخریجی فەرموودەکانی بۆ سەرچاوەکانی نەگەڕاندۆتەوە، یان بە کورتی کردوونی و تەنیا نوسیویەتی (بوخاری ریوایەتی کردووە) من ناوی بەش و بەرگ و لاپەڕەکەیشم نووسیوە، یان بەتەنێ ناوی سەرچاوەکەی نوسیوە و پلەی فەرموودەکەی لەڕووی سەحیحی و لاوازییەوە نەنووسیوە، من پلەی فەرموودەکە و سەرچاوەکەیم بۆ زیاد کردووە، لە شوێنێك زانیاریەك لە پەڕاوێز بووە لەبەر گرنگی هێناومەتە ناوەڕۆك، لەشوێنێکی دیکە ناوی هاوەڵێك بەهەڵە نوسراوە و چاکم کردۆتەوە، لە پەڕاوێزێك ناوی سەرچاوەیەك بە دروستی نەنوسرابوو، چاکم کردۆتەوە، ئەوانە بۆ ئەوە نانوسم کە حەققی وەرگێڕانەکەم دابێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە کۆتایی هەر پەڕاوێزێکی ناو ئەم کتێبە نیشانەی دوو کەوانەی لەم جۆرە {}ت بەرچاو کەوت، یان لە کۆتایی هەر پەڕاوێزێکدا پیتی (گ)ت بینی، لەو شوێنانە هەمووی زیادەی وەرگێڕە.

بۆ وەرگێڕانەکەش سەرەتا پشتم بە چاپی ساڵی ١٩٩٠ بەستبوو کۆپییەکی ئەلیکترۆنی بوو لە "سعوودیە" چاپ کرابوو، تەواوی کتێبەکەم لەسەر ئەو کۆپییە وەرگێڕا، دواتر بۆ ئازیزم "عەبدوڵڵا بەحرکەیی" چاپێکی دیکەی کتێبەکەی چنگ کەوتبوو، کەچاپی سێیەمی بوو، کە خوێندمەوە بینیم جیاوازی زۆر هەیە لەگەڵ چاپە کۆنەکەی، زۆر دەستکاری کراوە و هەڵەی زۆر ڕاست کراوەتەوە و چەندین باسی تێدا زیاد کراوە، بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە ڕێك و زانستی بێت، سەرلەبەری کتێبەکەم بەو کۆپییە بەراورد کرد.

برای خوێنەرم! لەبەر ئەوەی هەندێك وشە هەیە لە عەرەبیدا، بەرامبەرەکەی یان لە کوردی نییە، یانیش ئەگەر وەری بگێڕی مەبەستی نووسینەکە ناگەیەنێت، لەبەر ئەوە چەندین نازناو و شۆرەت لەکاتی وەرگێڕاندا لادراون، نمونەی (شێخی ئیسلام، حافیز، شێخ...) و چەند نازناوێکی دیکەش، خوا لە ئاست ئەمە لێمان خۆش بێ و بە بێ ڕێزی بەرامبەر زانایان بۆمان نەنووسێ.

لەوانەیە لەم کتێبەدا هەندێك دەستەواژە هەبن بەرچاوت نەکەوتبن پێشتر، یان مانایان نەزانیت، بۆ بەرچاو ڕوونی لەسەر هەر یەك لەو وشانەی کە پێمان وابووە نامۆن، یان مانایان ڕوون نییە، نمونەی ئەو دەستەواژانەی لە زانستی فەرموودە ناسیدا بەکار دەهێنرێن یان ناوی شوێنێك کە نەزانرێت کوێیە، ئەوانە گشتی پەراوێزیان بۆ دانراوە و ڕوون کراونەتەوە.

موحەمەد مەلا سعدالدین

٢٠١٨/٦/١٩ بەرامبەری ٥/شەوال/١٤٣٩

پێشەستی

پێناسەی هاوەڵ"سەحابی"و دیاری کردنی پلەیان وچەند لایەنێکی پەیوەندیدار

پێناسەی هاوەڵ:

زانایان ڕای جودایان هەیە لەسەر پێناسەی هاوەڵ، پێشەوا ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی "الإصابه" باسی کردووە و وتەی دروستی دیاری کردووە، بە درێژی لێی کۆڵیوەتەوە، لێرە کورتکراوەی وتەکانی دەهێنینەوە، دەڵێ:

باشترین پێناسە کە من بینیبێتم، ئەوەیە: هاوەڵ ئەو کەسەیە بەئیماندارییەوە پێغەمبەری ﷺ بینیبێ، وە هەر بە موسوڵمانیش مابێتەوە تا ئەو کاتەی وەفاتی کردووە، واتە: هەموو ئەوانەی پێغەمبەریان ﷺ بینیوە ئەو پێناسەیە دەیانگرێتەوە، جا ماوەی بینینەکەیان کورت بووبێ یان درێژ، فەرمووەیان لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕابێتەوە یان نا، لەگەڵیدا ڕۆیشتبن بۆ جەنگ یان نا، لە خزمەتی دانیشتبن یان بەس بینیبێتیان، ئەوەی بەهۆکارێکی وەک"کوێری-نابینایی" نەیبینیوە هەر دەچێتە ناو پێناسەکەوە.

بڕگەی (بە ئیماندارییەوە) واتە: هەموو ئەوانە لەو پێناسەیە دەچنە دەرەوە کە پێغەمبەریان بینیوە بەڵام بێ باوەڕبوون لەکاتی بینینەکەیاندا، ئەگەر چی دواتر موسوڵمانیش بووبن هەر پێیان ناگوترێ هاوەڵ، ئەگەر هاتوو جارێکی دیکە نەیبینیبێتەوە.

بڕگەی (تا وەفاتی بە موسوڵمانێتی مابێتەوە) واتە: هەموو ئەوانە دەچنە دەرەوە لە پێناسەی هاوەڵ کە بە ئیماندارییەوە پێغەمبەریان بینیوە، بەڵام دواتر هەڵگەڕاونەتەوە و بە هەڵگەڕاوەیی مردوون، هەڵبەتە چەند کەسێك لەم جۆرە هەن، بەڵام ئەگەر دووبارە هاتبێتەوە ناو ئیسلام ئەوا دەچێتە ناو پێناسەکە، ئەگەر دووبارە پێغەمبەریان بینیبێ یان نا.

ئەو پێناسەیە لەسەر دروست ترین وتەکان بنیات نراوە، کە لای پێشەوا "بوخاری" و

مامۆستاکەی پێشەوا "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" و شوێنکەوتووانیان پەسەند کراوە[1]، جگە لە گوتەی ئەوان چەند پێناسەی دیکەش هەن.

کورتەیەك لەو فەرموودانەی لەبارەی پایەی هاوەڵان هاتووە:

١- لە "ئەبو سەعیدی خدری"یەوە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: {جوێن بەهاوەڵەکانم مەدەن، ئەگەر یەکێکتان بە ئەندازەی کێوی "ئوحود" زێڕ ببەخشێ، وەك ئەندازەی بەخشینی مشتێکی ئەوان نابێ، بەڵکو ناگاتە ئەندازەی نیو مشتی بەخشینیشیان[2]}.

٢- "بوڕەیدە" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ئەستێرەکان ئەمینداری ئاسمانن، هەر کاتێك ئەستێرەکان نەمان هەڕەشەی ئاسمان بەدیار دەکەوێ، منیش ئەمینداری هاوەڵەکانم، هەرکاتێك ڕۆیشتم هاوەڵانم ئەو هەڕەشەی لێیان کراوە بەسەریان دێ، هاوەڵانیشم ئەمینداری ئومەتەکەمن، هەرکاتێك ڕۆشتن ئومەتەکەم ئەو هەڕەشەی لێیان کراوە بەسەریاندا دێ[3]).

٣- "عیمڕانی کوڕی حُصین" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (باشترینی ئومەتەکەم سەتەی منە، دواتر ئەوانەی لە دوایان دێن، دوای ئەوانیش ئەوانەی دیکەی کە

---

[1] بڕوانە: الإصابه فی تمیز الصحابه، ١/٧-٨.

[2] دوێنراو (مخاطب) لەم فەرموودەیە هاوەڵانن، هەروەك لە هۆکاری فەرموودەکە هاتووە کە لە نێوان عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و خالیدی کوڕی وەلید گرژییەك هەبوو، خالید قسەی پێ گوت، پێغەمبەریش ﷺ ئەوەای فەرموو، لەو فەرموودەیە مەبەست کۆمەڵێك هاوەڵن کە لە پێشدا مسوڵمان بوون، ئەگەر مەبەست لەو فەرموودەیە هاوەڵان بن، ئەوە مەبەستەکە زیاتر بۆ ئەو کەسانە دێتە جێ کە هاوەڵ نین و جوێن بە هاوەڵان دەدەن، لەبەر ئەوەی ئامانج ئەوەیە کە جوێن بە کەس نەدرێ کە پێشان مسوڵمان بووە، چونکە واجبە ڕێزیان لێ بگیرێ و بەچاوی گەورەوە سەیریان بکرێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ) {الحشر: ١٠} فەرموودەکەش بوخاری ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب قول النبی ﷺ لو کنتُ متخذا...، فەرموودەی ژمارە: ٣٦٧٣ {فتح الباری، ٧/٢١}، هەروەها موسلیمیش ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب: تحریم سبّ الصحابه ﷺ ژمارەی فەرموودە: ٢٠٤١.

[3] موسلیم لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب: بیان أن بقاء النبی ﷺ أمان لأصحابه، ٧/١٨٣، ژمارەی فەرموودە: ٢٥٣١.

لەدوای ئەوان دێن[1]).

٤- "جابر" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ئاگر لاشەی ئەو کەسە ناسوتێنێ کە منی دیوە، یان ئەوانەی دیوە کە منیان دیوە[2]).

٥- "عەبدوللای کوڕی مغفل" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (بۆ خاتری خوا، بۆخاتری خوا لەبارەی هاوەڵانم، هەرگیز نەکەن بیانکەنە جێگەی تانەو تەشەرتان لەپاشی من، ئەو کەسەی ئەوانی خۆش بوێ لەبەر خۆشەویستی منە ئەوانی خۆشدەوێ، ئەوکەسەش ڕقی لێیان بێت، لەبەر ڕقی من ڕقی لەوانە، ئەوکەسەی ئازاریان بدات وەک ئەوەیە ئازاری منی دابێت، ئەوەش ئازاری منی دابێت وەک ئەوەیە ئازاری خودای دابێت، جا ئەو کەسەش نزیکە خودا بیگرێت و سزای بدا[3]).

٦- ئەنەس ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (هاوەڵانم کە لەناو ئومەتەکەمن وەک خوێی ناو خواردن وان، کە خواردن درووست نابێت بەبێ خوێ[4]).

٧- عەبدوللای کوڕی مەسعوود ﷺ دەڵێ: (خوای گەورە سەیری دڵی بەندەکانی کرد، بینی دڵی موحەمەد ﷺ باشترین دڵە، ئەوی کرد بە پێشەنگ و نمونە و کردی بە ڕابەر و پێشەواو پێغەمبەر، پاشان دوای دڵی موحەمەد ﷺ سەیری دڵی بەندەکانی کرد، بینی دڵی

---

[1] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب: فضائل أصحاب النبي ﷺ، ٢/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٥٠، موسلیمیش بە دەقێکی نزیك لەوە ریوایەتی کردووە، لە: کتاب فضائل الصحابة ﷺ، باب: فضل الصحابة ﷺ، ١٨٤/٧، ژمارەی فەرموودە: ٢٥٣٣.

[2] ترمذی ریوایەتی کردووە لە أبواب المناقب عن رسول الله ﷺ، باب: ما جاء في فضل من رآی النبي ﷺ، ١٦٧/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٥٨، فەرموودەکە لاوازە، ترمذی دەڵێ: ئەو فەرموودەیە "حسن غریب"ـە.

[3] ترمذی ریوایەتی کردووە لە أبواب المناقب عن رسول الله ﷺ، باب: ما جاء في سب أصحاب النبي ﷺ، ١٦٩/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٦٢، ترمذی لەبارەی ئەو فەرموودەیە دەڵێ: (هذا حدیث حسن غریب لا نعرفه إلا من هذا الوجه)، ئیبنو حیببانیش ریوایەتی کردووە (٢٢٨٤ – موارد) و ریوایەتەکە سەنەدکەی لاوازە.

[4] بوخاری لە عەبدوللای کوڕی عەببباسەوە بە دەستەواژەی: (خەڵکی زۆردەبن و ئەنساریەکان کەم دەبن تا وای لێ دێ وەک خوێی ناو چێشتیان لێ دێت) ریوایەتی کردووە لە کتاب مناقب الأنصار، باب قول النبي ﷺ: اقبلوا من محاسنهم، ٣٥/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٠٠، هەروەها ئیبنو مویارەك لە (الزهد والرقائق)دا ریوایەتی کردووە بە دەستەواژەی "هاوەڵانم وەک خوێی ناو خواردن وان، خواردنیش تەنیا بەخوێ ساز دەبێ" ژمارەی(٥٦٠)-گ.

هاوەڵانی باشرین دڵن، ئەوانی کرد بە وەزیری پێغەمبەرەکەی و پارێزکار لە ئاینەکەی[1]).

٨- بورەیدە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (هەر هاوەڵێکم لە شوێنێك وەفات بکات، وەك سەرکردە و ڕۆشنایی بۆ ئەو شوێنە زیندوو دەبێتەوە لە ڕۆژی دواییدا[2]).

٩- ئیبنو عومەر ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ئەگەر کەسێکتان بینی جوێنی بە هاوەڵانم دەدا، بڵێن: نەفرەتی خوا لە شەڕتان[3]) هەروەها بەم جۆرە لە عائیشە ﷺ ڕیوایەت کراوە: (خراپترینی ئومەتەکەم دەمدرێژترینیانن لەسەر هاوەڵەکانم[4]).

١٠- ئەنەس ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (خوا منی هەڵبژاردووە و هاوەڵانیشی بۆ هەڵبژاردووم، ئەوانی کردووەتە پشتیوان و خزم و کەسم، لە کۆتا زەماندا خەڵکانێك پەیدا دەبن تانەیان لێ دەدەن، نە ئافرەتیان لێ بخوازن و نە ئافرەتیشیان بدەنێ، نە نوێژیان لەگەڵ بکەن و نەنوێژیشیان لەسەر بکەن، بەڕاستی"لەعنەت" بۆیان شیاوە[5]).

١١- جابیر ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (خوای گەورە لەناو ئینسانەکان و جنۆکەکان هاوەڵانی بۆ هەڵبژاردووم، تەنیا لە پێغەمبەران نەبن) بەززار ڕیوایەتی کردووە بە

---

[1] ئیمامی ئەحمەد لە موسندەکەی ٣٧٩/١ بە (موقوف) لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ڕیوایەتی کردووە، سەنەدکەی سەحیحە، "هەیتەمی"ش لە (مجمع الزوائد، ٢٥٣/٨) هێناویەتییەوە و دەڵێ: ئەحمەد و بەززار و تەبەرانی لە (الکبیر و الأوسط) ڕیوایەتیان کردووە، ڕاوییەکانی باوەڕپێکراوان.

[2] ترمذی ڕیوایەتی کردووە لە أبواب المناقب عن رسول الله ﷺ، باب: فیمن سب أصحاب النبي ﷺ، ١٧١/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٦٥، ترمذي دەڵێ: وروي هذا الحدیث عن عبدالله بن مسلم عن أبي طیبة، عن ابن بریدة، عن النبي ﷺ مرسلا، وهذا أصحّ، "ضیاء"یش ڕیوایەتی کردووە.

[3] ترمذی ڕیوایەتی کردووە لە ابواب المناقب عن رسول الله ﷺ، بابٌ، ١٧٢/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٦٦، ترمذی دەڵێ: هذا حدیث منکر، هەروها خەتیبی بەغدادی لە تاریخ بغداد ١٩٥/١٣ ڕیوایەتی کردووە.

[4] ئیبنو عەدی لە (الکامل، ٢٧٥٢/٧) لە عائیشەوە ڕیوایەتی کردووە، لەباسی ژیاننامەی ابو بکر عبدالله بن محمد بن ابی سبرە هێناویەتییەوە، دەڵێ: "زۆربەی ڕیوایەتەکانی شوێنی باوەڕ نین، یەکێکە لەوانەی فەرموودە هەڵدەبەستن".

[5] نوسەر لە تەنیشتی ئەو ڕیوایەتە نوسیویەتی کە ئیمامی شافیعی ڕیوایەتی کردووە، بەڵام لە موسنەدی ئیمامی شافیعی نەمدۆزییەوە، ئەوە نەبێت کە لە سەنەدەکەیدا ئیمامی شافیعی هەیە، ئیبنو تەیمییە لە "الصارم المسلول" لەبارەی ئەو ڕیوایەتە دەڵێ: "فیه نظر"، خەتیبی بەغدادیش لە (الجامع لأخلاق السامع وآداب الراوي) ڕیوایەتی کردووە، هەروەها (ابو بکر الخلال) لە کتێبی (السنة) ڕیوایەتی کردووە -گ.

سەنەدێك[1] کە ڕاوییەکانی باوەڕ پێکراون[2].

١٢- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ئەگەر فیتنەکان "یان فەرمووی: "بیدعەکان" دەرکەوتن و جوێن بەهاوەڵانم درا، با زانا زانستی خۆی بەدەربخا، ئەگەر وای نەکرد لەعنەتی خوا و مەلائیکەت و هەموو خەڵکی لەسەر بێت، خودا نە سوننەت و نە واجیبی لێ وەرناگرێ[3]!).

١٣- خەتیبی بەغدادی لە (تأریخ بغداد) لە "زویەیری کوڕی بەککار" دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: مامم "موسعەبی کوڕی عەبدوڵڵا" بۆی گێڕامەوە: باوکم "ئەبو عەبدوڵڵای کوڕی موسعەب" گوتی: پێشەوای بڕواداران "مەهدی" پێی گوتم: ئەبویەکر! ڕات چییە لەبارەی تانە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەدەن؟ دەڵێ: گوتم: کۆمەڵێکن مەبەستیان تانە دانە لە پێغەمبەری خوا، بەڵام بۆ ئەم ڕایەیان کەسیان چنگ نەکەوت شوێنیان بکەوێ، لەلای نەوەی هەندێك هاوەڵ قسە بە کۆمەڵێکیان دەڵێن و لەلای ئەوانی دیکەش قسە بەوانی دیکە دەڵێن، قسەکەیان ئەوە دەگەیەنێ کە: پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵی خراپی هەبووە، چەند ناشیرنە پیاو هاوەڵی خراپی هەبن!، مەهدی گوتی: منیش هەمان ڕای تۆم هەیە[4].

---

[1] سەنەد: ڕشتە، ڕێگا بەرەو دەقی فەرموودە، واتە ئەو کەسانەی کە فەرموودەکەیان بیستووە و ناویان دێ لەکاتی گێڕانەوەی، کە فەرموودەکەیان بیستووە و گێڕاویانەتەوە، ئەو زنجیرەیە تا دەگاتەوە دەقی فەرموودەکە پێی دەگوترێت سەنەد – گ.

[2] بەززار لە موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە و دەڵێ: لە جابیرەوە تەنیا بەو ئیسنادە ریوایەت کراوە، جگە لە عەبدوڵڵا، کەسی دیکە ئەو ریوایەتەی لە "نافع"ەوە نەگێڕاوەتەوە، ئیبنو حەجەر دەڵێ: ئەوە یەکێکە لەو ریوایەتانەی کە لە عەبدوڵڵای کوڕی سالحەوە ئینکار کراوە (زوائد مسند البزار علی الکتب الستە ومسند احمد، ابن حجر، ٣٦٤/٢، ژمارەی فەرموودە: ٣٠١٩).

[3] خەتیب لە الجامع ریوایەتی کردووە و ئیبنو عەساکیریش بە دەستەواژەیەکی نزیك لەو ریوایەتی کردووە. {بڕوانە: الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، ١٦٥/٢، ژمارەی فەرموودە: ١٣٩٣، لێکۆڵەرەوەی کتێبەکە "د.موحەمەد عەججاج ئەلخەتیب" لەبارەی ریوایەتەکە دەڵێ: هەمان ریوایەت و بەشێکی لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەت کراوە، لاوازە، لە ئیبنو عەببасیش ریوایەت کراوە، ئەویش لاوازە- گ}.

[4] خەتیبی بەغدادی لە (تأریخ بغداد ١٧٤/١٠-١٧٥) ریوایەتی کردووە، لە باسی ژیاننامەی عەبدوڵڵای کوڕی موسعەبی ترمذی.

دادپەروەری هاوەڵان و قسەی زانایان لەوبارەیە

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: هەموو ئەهلی سوننە کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەموو هاوەڵان سیفەتی "عەدالەت[1]" یان هەیە، جگە لە هەندێك موبتەدیع، دواتر دەڵێ: خەتیب لە "الکفایە" دا لەو بارەوە قسەی بە نرخی هەیە، دەڵێ:

عەدالەتی هاوەڵان لە لایەن خوای گەورەوە بڕیاری لەسەرداوە، ئەوەتا باسی پاکی و هەڵبژێردراوییان دەکات، دەفەرموێ: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ[2]﴾ هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا[3]﴾ هەروەها دەفەرموێ:﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ[4]﴾هەروەها دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ[5]﴾ هەروەها دەفەرموێت: ﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ۝٨ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ

---

[1] عەدالەت - دادپەروەری: ئیمامی "حازمی" لە پێناسەی عەدالەت دەڵێ: سیفەتەکانی عەدالەت: شوێنکەوتنی فەرمانەکانی پەروەردگار و دووركەوتنەوە لەو کارانەی کە نەهی لێیان کردووە، خۆپاراستن لە خراپەکاری، بەدوای حەق گەڕان، زمان پاراستن لەو قسانەی کە بەهۆیەوە تانە لە دین و پیاوەتی دەدرێن، ئەوەندە بەس نییە کە خۆی لە گوناحە گەورەکان بپارێزێ، بەڵکو دەبێ مکوڕیش نەبێ لەسەر گوناحە گچکەکان، ئەوکاتەی ئەو سیفەتانە هاتنە دی، ئەوە ئەو ڕاوییە بە "عەدل" ئەژمار دەکرێ {شروط الأئمة الخمسة، الإمام ابو بكر محمد بن موسى الحازمي، لا: ٥٥، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، الطبعة الأولى ١٩٨٤م - گ}.

[2] ئایەتی (١١٠) لە سورەتی ئالی عیمران، واتە: ئێوە ئەی نوممەتی موحەممەد چاکترینی ئەو نوممەتانەن کە بۆ خەڵك دەرکەوتوون و کراونەتە نوممەتی پێغەمبەران.

[3] ئایەتی (١٤٣) لە سورەتی بەقەرە، واتە: ئەی مسوڵمانینە، هەروەك هیدایەتمان دان بۆ ڕێگای ڕاست، وەهایش کردمانن بە نوممەتێکی میانەڕەوی چاکە کرداری دادپەروەر.

[4] ئایەتی (١٠٠) لە سورەتی تەوبە، واتە: ئەوانەی کە پێش کەوتوون لە ئیسلام بوون و خزمەتکردنی ئیسلامدا لەوانەی لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە و، لە یارمەتی دەرانی ئەهلی مەدینەو، ئەوانەیش بە شوێنی ئەواندا هاتن بە کرداری چاك، خودا لەوانە ڕازییە و کردەوەیان قبوڵ ئەکات، ئەوانەیش ڕازین لە خودا و شوکرانە بژێرن بەرامبەر بە نیعمەتی دینو دونیا کە پێی داون.

[5] ئایەتی (٦٤) لە سورەتی ئەنفال، واتە: ئەی پێغەمبەری خودا بەسە بۆتۆ یارمەتی پەنهانی خودا و یارمەتیی ئەوانە کە پەیڕەوتن لە مسوڵمانان کە بە ئاشکرا هاتوچۆ ئەکەن و یارمەتی ئەدەن.

أُوتُواْ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ [1]﴾ هەروەها دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ [2]﴾.

چەندین ئایەت و فەرموودەی دیکەش هەن هەموویان بە دڵنیاییەوە هەواڵی "عەدل" بوونی ئەو هاوەڵانەمان پێ دەدەن بەڵام باسکردنی هەموویان درێژە دەکێشێ، ئینجا هەڵسەنگاندنی خوا و پێغەمبەرەکەی بەسەمانە و پێویستیمان بە کەسی دیکە نییە بڕیاری دیکەیان لەسەر بدات.

ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکە هیچ باسێکی ئەوتۆشیان نەکردبا، تەنیا ڕوانینێکمان بۆ ئەو کۆچ و جیهاد و هەوڵدانەی هاوەڵان بۆ سەرخستنی ئیسلام بە ڕۆح و مااڵ و شەڕ کردن لەگەڵ باوکیان و کوڕیان و ئامۆژگاری یەکتر لەبەر خوا و بەهێزیی ئیمانیان، دڵنیامان دەکاتەوە ئەو هاوەڵانە "عەدل"ن و ئیمانێکی بەهێزیان هەیە و لەهەموو ئەوانەش باشترن کە لەپاشیان دێن، ئەوە ڕای هەموو ئەو زانایانەیە کە قسەیان لێ وەردەگیرێ[3].

دواتر "خەتیب" لە "ئەبو زورعەی ڕازی"یەوە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی:

هاوەڵ

ئەگەر کەسێکت دیت قسەی بە هاوەڵام دەگوت، بزانە ئەو کەسە هەڵگەڕاوەتەوە، چونکە قورئان دروستە و پێغەمبەریش ڕاستگۆیە، هەموو ئەو شتانەش لە قورئاندا هەیە یان

---

[1] ئایەتی (٨-٩) لە سورەتی حەشر، واتە: ئەو مااڵنەی گەڕاوەی کافرانە دابەش ئەکرێ لەناو هەژارانی ئەسحابەکانی پێغەمبەرا کە لە مااڵن و مولکی خۆیان دەرکراون و لە مەککەوە کۆچیان کردووە بۆ مەدینە و داوای کەرەم و ڕەزامەندی خوا ئەکەن و یارمەتی خوا و پێغەمبەری خوا ئەدەن و ئەوانەن ڕاست و ڕاسااڵن * هەروەها بۆ ئەوانەیش لە مااڵن و مەنزاڵی خۆیانا جێگیر بوون و لەگەڵ باوەڕ بەخوا و پێغەمبەری خوا ڕاهاتوون و بەرلەوەی کۆچکردووەکان کۆچ بکەن ئیمانیان هێناوە و خۆشیان دێ لەوانەی کۆچیان کردووە بۆ الیان و هیچ دڵگراننییەك لەخۆیان شك نابەن بەرانبەر بەوەی دراوە بە کۆچکردووەکان و کۆچکردووەکان ئەخەنە پێشی خۆیانەوە با خۆشیان موحتاج بن، هەرکەسێکیش پارێزراو بێ لە پیسکەیی دڵ و دەروونی خۆی، ئەوە لەو کەسانەیە کە ڕزگار بوون.

[2] ئایەتی (١٨) لە سورەتی فەتح، واتە: بەڕاستی خوا ڕازی بوو لە مسوڵمانان کاتێ کە لە ژێر درەختەکەی سەر ئاوی حودەیبییەدا دەستیان خستە ناو دەستت و بەیعەتیان پێ کردی.

[3] الكفايه فى علم الروايه، الخطيب البغدادى، لا: ٩٤-٩٥.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی هاوەڵان بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە، ئەوانەش قسەیان پێ دەڵێن مەبەستیانە ئەو شایەتانە لە شایەدی بخەن، بەوەش قوڕئان و سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ هەڵدەوەشێتەوە، ئێمە ئەگەر بەوانە بڵێین هەڵگەڕاوە گونجاوترە لەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەکەدار بکەین[1].

دواتر "ئیبنوحەجەر" دەڵێ: "ئیبنوحەزم" دەڵێ: بێ گومان هەموو هاوەڵان لە بەهەشتن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ[2]﴾ هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَىٰ أُولَٰئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ[3]﴾ بەو ئایەتانە دەسەلمێ کە هەموویان بەهەشتین، چونکە ئەم ئایەتە لە سەردەمی ئەوان دابەزیوە.

ئەگەر گوترا: ئایەتەکان تەنیا مەبەستیان ئەو هاوەڵانەیە کە پارەیان بەخشیوە و خۆیان بەخت کردووە، یان تەنیا مەبەستی لە شوێنکەوتووانی ئەوانەیە کە لەگەڵ شوێنەکەوتنەکەیان چاکەکاریش بوونە، هەروەک لەم ئایەتەدا دەڵێ ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ﴾ ئەوەش کە ئەو وەسفانەی تێدا نەبێ ئایەتەکە نایگرێتەوە.

ئەو دیاری کردنانە لەبارەی زۆرینەی گوتراون، ئەگەر نا کەسیان تێدا نەبووە شوێنی پێغەمبەر کەوتبێ لە خراپەکاریدا، زۆربەی هاوەڵان ئەو سیفەتانەیان تێدایە ئینجا ئامادەییان تێدا بووە بۆ بەخشین و خۆ بەختکردن، لەوانەشە بە کردارەکی بەخشین و خۆبەختکردنیان ئەنجام دابێ.

---

[1] الإصابه فی تمییز الصحابه، ابن حجر العسقلانی، ۱۳۱/۱.

[2] ئایەتی (۱۰) لە سورەتی حەدید، واتە: ئەوەی لە ئێوە بەر لە گرتنی مەککە سامان و دارایی خۆی لە ڕێی خوادا خەرج کردبێ و غەزای کردبێ لە ڕێی خوادا، لەگەڵ کەسێکا کە پاش گرتنی مەککە دارایی و سامانی خۆی لە ڕێی خوادا خەرج کردبێ و غەزای کردبێ وەک یەک نین و یەکسان نین، ئەوانەی پێش گرتنی مەککە دارایی و سامانیان خەرج کردووە و غەزایان لە ڕێی خوادا کردووە، پلە و پایەیان لەوانە گەورەترە کە لەوەودوا دارایی و سامانیان خەرج کردووە و غەزایان کردووە و هەموویشیان خوا گفتی پاداشی داونێ.

[3] ئایەتی (۱۰۱) لە سورەتی ئەنبیا، واتە: ئەوانەیش کە لەلایەن ئێمەوە چاکەیان بۆ بڕیار دراوە کە بریتییە لە خواپەرستی و دەرنەچوون لە فەرمانی، ئەوانە لەو ئاگری دۆزەخە بەدوورخراونەتەوە.

دواتر ئیبنو حەجەر دەڵێ: خەلیفە ڕاشیدیەکانیش ڕێزیان لە هاوەڵان ناوە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش هاوەڵایەتی پێغەمبەریان ﷺ کردبێ.

چەندین بەڵگە بۆ ئەو قسەیەی دەهێنێتەوە، دواتر دەڵێ: ئەوانە ڕوونترین بەڵگەنە بۆ زانینی بەرزیی پلەی هاوەڵێتی لای ئەوان و پلەیەکی تری پێ ناگات، هەروەك لە فەرمووده سەحیحەکاندا هاتووە[1].

"تەحاوی" دەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەری خوامان ﷺ خۆش دەوێ، کەسیان لەو خۆشەویستییە بێبەش ناکەین، لە کەسیان خۆمان بێ بەری ناکەین، ڕقمان لەو کەسانەیە کە ڕقیان لێیانە و بەخراپە باسیان دەکەن، تەنیا بە باشە باسیان دەکەین، خۆشەویستییان چاکەیە و ڕق لێ بوونەوەیان دوو ڕوویی و هەڵگەڕانەوە و لادانە[2].

"قورتوبی" دەڵێ: هەڵەی زەق و ئاشکرا دروست نییە بدرێتە پاڵ هیچ کەم لە هاوەڵان، لەبەر ئەوەی لەو کارانەی کردویانە "ئیجتیهاد" یان کردووە، بۆ کارەکانیشان تەنیا ڕەزامەندی خوایان ویستووە، هەموویان پێشەوان و ئێمە پەیامنان لەگەڵ خوا داوە خۆمان هەڵنەقورتێنینە ناو ئەو ئاڵۆزییانەی لە نێوانیان ڕوویداوە، بەهۆی پایەی هاوەڵبوونیان، هەروەها لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە جوێنیان پێ بدرێ، هەروەها خواش لە تاوانەکانیان خۆش بووە و هەواڵی ڕازی بوون لەوانیشی بە ئێمە داوە.

کۆمەڵێك ریوایەت هەن دەڵێن "تەڵحە" شەهیدێکە لەسەر زەوی دەڕوا، ئەگەر ڕۆیشتنی بۆ جەنگ[3] تاوان بوایە پێغەمبەر ﷺ بە شەهیدی لەقەڵەم نەدەدا، پلەی شەهیدی تەنیا لەو کاتە

---

[1] الإصابه فی تمییز الصحابه، ابن حجر العسقلانی، ١٠/١ (بەدەستکاریەوە).

[2] شرح العقیدة الطحاویة، لا: ٤٦٧.

[3] هەڵبەتە ئەو دەستەواژەیە "چوون بۆ جەنگ"ی تەڵحە و زوبەیر، تەواو نییە، چونکە ئەوان بۆ جەنگ نەچوونبوون، بەڵکو بۆ ئەوە چوونبوون هەردوو لایەنەکە لەگەڵ یەکتری پێك بێنن، یان بۆ ئەوەی ئەوانەی خوێنی عوسمانیان ڕشت، تۆڵەیان لێ بکەنەوە، جەنگەکە لەلایەن هیچ کام لە دوو لایەنەکە ویستراو نەبوو بەڵکو بەهۆی هەڵەیەکەوە بوو.

دایە کە مرۆڤەکە لە ڕەزامەندی خوادا بکوژرێت.

بەڵگەیەکی دیکەش: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لەبارەی "زوبەیر" فەرموویەتی: "موژدەی دۆزەخ بدەن بەوکەسەی دەیکوژێت[1]".

ئەگەر ئەم دوو فەرموودەیەت خوێندەوە، دەبێ بزانی کە بە هیچ جۆرێك ناکرێ نە "زوبەیر" و نە "تەڵحە" تاوانبار بکرێن لەسەر کارەکانیان.

لەبارەی ئەم ڕووداوانە پرسیار لە زانایێك کرا ئەویش بە ئایەتی ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ[2]﴾ وەڵامی داوەتەوە[3].

"تەفتازانی" دەڵێ: پێویستە هاوەڵان بە گەورە سەیر بکرێن و تانەیان لێ نەدرێت، ئەوەش کە لە ڕووکەشدا داخوازی تانە دان بێت لێیان، پێویستە بە شێوەی گونجاو بۆیان لێك بدرێتەوە، بەتایبەتیش موهاجیر و ئەنساریيەکان و ئەوانەی "بەیعەی ڕیزوان"یان دا یان لە "بەدر" و "ئوحود" و "حودەیبییە"دا بەشدار بوون، زانایان یەکدەنگن لەسەر بەرزی پلەی ئەو هاوەڵانە، ئایەتە ڕوونەکان و فەرموودە سەحیحەکان شایەدی ئەو ڕاستییەن، پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی کردووە بە چاوی ڕێزەوە سەیریان بکەین و واز لە قسە پێگوتنیان بهێنین، دەفەرموێ: "ڕێز لە هاوەڵانم بگرن چونکە باشترینتانن[4]" هەروەها فەرموودەی " نەکەن جوێن بەهاوەڵانم بدەن..."

---

[1] تفسير القرطبي، ٣٢١/١٦ و: البداية و النهاية، ٢٥٠/٧.

[2] ئایەتی ١٣٤ لە سورەتی بەقەرە، واتە: ئەوانە ئومەتێ بوون ڕابووردن، کەسبی خێری خۆیان بۆخۆیانە و نێوەیش کەسبی خێری خۆتان بۆخۆتانە، کەس لە بەشی کەس نابات و کەس حەقی بەسەر کەسەوە نییە و نێوە بە تاوانی ئەوان تاوانبار ناکرێن، هەروەك بە چاکەیشیان پاداشتان نادرێتەوە.

[3] تفسير القرطبي، ٣٢٢/١٦ .

[4] بڕوانە: (مشكاة المصابيح، ژمارەی فەرموودە: ٦٠٠٣) لە عومەرەوە ﷺ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (ڕێز لە هاوەڵانم بگرن، ئەوان باشترینتانن، پاشان ئەو کەسانەی لەدوای ئەوان دێن، ئینجا ئەوانەی لەدوای ئەوان دێن) "قاری" دەڵێ: نەسائی ڕیوایەتی کردووە و سەنەدەکەی سەحیحە، ڕاوییەکانی ڕاوی فەرموودەی سەحیحن، تەنیا "ئیبڕاهیمی کوڕی حەسەنی خەسعەمی" نەبێ، بوخاری و موسلیم فەرموودەیان لێوە نەگێڕاوەتەوە، بەڵام باوەڕپێکراوە ئەویش، "جەزەری" وا دەڵێ، تەواوی فەرموودەکە یان "سەحیح"ە، یان

و فەرموودەی " الله الله فی أصحابی... [1]".

"ئیبنو حەجەری هەیسەمی" دەڵێ: پێویستە نەچینە ناو ئەو شتانەی لەنێوانیان ڕووی داوە، واز لەو ڕوودااوانەش بێنین کە مێژوونوسەکان گێڕاویانەتەوە کە بەخراپە باسیان دەکا، بەتایبەت کتێبی موبتەدیع و ڕافیزییەکان، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی "ئەگەر باسی هاوەڵانم کرا، دەمتان بپارێزن[2]" ئەگەر کەسێك لەیەکێك لەو کتێبانە باسێکی خراپی لەبارەی هاوەڵان بینی نابێ ڕاستەوخۆ باوەڕ بکات و لێی نەکۆڵێتەوە، بەڵکو پێویستە تەواو بکۆڵێتەوە ئاخۆ ئەو ڕووداوە ڕووی داوە یان نا؟ ئەگەر لای ڕوون بوویەوە کە بەڵێ ڕووی داوە، پێویستە باشترین لێکدانەوە بۆ دۆخی ڕووداوەکە و هۆکاری ڕوودانەکەی بکات، چونکە ئەوان پلەی بەرزی هاوەڵایەتیان هەیە و بەڵگە لەسەر بەرزییان هەیە و شایەنی ئەوەن لێکدانەوەی شیاو بۆ هەموو هەڵس و کەوتەکانیان بکرێن، هەندێك جۆری جوێندانیش کە دژ بێت لەگەڵ بەڵگەی ئاشکرا وەك: بوهتانی داوێن پیسی بۆ عائیشە و ئینکاری کردنی هاوەڵایەتی باوکی، ئەو جۆرە تۆمەتانە خاوەنەکەی لە دین هەڵدەگێڕێتەوە، ئەگەریش جۆری تر بوو ئەوا بە بیدعە و فاسیق بوون لەقەڵەم دەدرێن[3].

بەخێرایی لێرە لێکدانەوەکان دەخەینە ڕوو کە بۆ ئەو ناکۆکی و بەریەککەوتنانە کراوە کە لە نێوان هاوەڵان ڕووی دا، باشترین ووتەش لێرە وتەی پێشەوا "نەوەوی"یە، دەڵێ:

(کۆدەنگی (ئیجماع) زانایان لەسەر دروستی جێنشینیی پێشەوا "عوسمان"ە ﷺ بە

"حەسەن"ە، لێکۆڵەرەوەی کتێبی "مشکاه المصابیح" کە ئەلبانییە، دەڵێ: فەرموودەکە بێ گومان سەحیحە، ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە و حاکمیش لە (الإیمان) ڕیوایەتی کردووە بە چەند سەنەدێکی سەحیح.

[1] شرح المقاصد، ٣٠٣/٢.

[2] تەواوی فەرموودەکە:(... ئەگەر باسی ئەستێرەکان کرا نێوە دەمتان بپارێزن، ئەگەر باسی قەزاو قەدەر کرا دەمتان بپارێزن)، لە ئیبنو مەسعود و سەوبان و ئیبنو عومەر و تاووسەوە بە مورسەلی ڕیوایەت کراوە، هەموو ڕیوایەتەکان لاوازن، بەڵام لەبەر ئەو هەموو ڕێگایەی کە ڕیوایەتەکەی پێ هاتووە ڕیوایەتەکە بەهێز دەبێ، المعجم الکبیر، ٧٨/٢، و: الحلیة، ١٠٨/٤، و: تخریج الاحیاء، ٥٠/١.

[3] الصواعق المحرقة، لا: ٢١٤.

ستەمیش شەهید کرا، ئەوانەی شەهیدیان کرد کۆمەڵە فاسیقێك بوون، هیچ هۆکارێك بۆ کوشتنی لە ئارادا نەبوو، هیچ هاوەڵێك لە کوشتنەکەی بەشدار نەبوو، بەڵکو خەڵکانێکی بیاباننشین و نەفام و هەندێك ناحاڵی کە لە میسرەوە بۆی هاتبوون، ئەو هاوەڵانەی لە مەدینەش بوون نەیانتوانی بەرگری لێ بکەن، ئەوانیش گەمارۆیان دا تا شەهیدیان کرد ﷺ.

پێشەوا "عەلی"ش ﷺ جێنشیناتییەکەی دروستە و لەسەردەمی ئەو جگە لەو کەس بە جێنشین دانانرێ. موعاوییەیەش ﷺ هاوەڵێکی چاکەو پلەیەکی بەرزی هەیە.

ئەو جەنگانەی لە نێوانیاندا ڕوویدا گشتی لە گومانیانەوە سەری هەڵدا، بەجۆرێك هەر لایەنێکیان خۆیانیان پێ ڕاست و دروست بوو، هەموشیان دادپەروەرن و بۆ ئەو کارانەی کردووشیانە لێکدانەوەیان هەیە، ئەو ڕووداوانەش هیچیان لە پلەی "عەدل" یان کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوان لە جۆرە بابەتێك ئیجتیهادیان کردووە کە دەگونجێ ئیجتیهادی تێدا بکرێ، هەر زانایەکی دیکەش لەوانەیە لە بابەتەکانی تۆڵەکردنەوە و خوێنڕشتن و بابەتی دیکەش ئیجتیهاد بکا و لە پایەشتی نایەتە خوارەوە و هەر بە موجتەهید لە قەڵەم دەدرێ و زانای دیکەش هەبێ پێچەوانەی ئیجتیهادەکەی ئەم فەتوا بدا.

هۆکاری ئەو شەڕانە گوماناوی بابەتەکان بوو، ڕوون نەبوون، بەهۆی ئەو ناڕوونییەوە بوون بە سێ کۆمەڵە:

هەندێکیان بە ئیجتیهادی خۆیان حەقیان لەلای پێشەوای دادپەروەری سەردەمی خۆیان بینی و وایان لێکدایەوە کە حەق لای ئەوە و ئەوەی جەنگی لە دژی بکا دەرچووە لە خەلافەت و بەهیچ جۆرێك ناکرێ کەس هەبێت لەگەڵ پێشەوا نەبێت، ئەوانەی ئیجتیهادیان بەو جۆرە بوو لە ڕووی شەرعەوە بۆیان نەبوو چەك هەڵنەگرن و بە گوێرەی ئیجتیهادی خۆیان کار نەکەن.

کۆمەڵەیەکی دیکەش پێچەوانەی ئەوانە، بە ئیجتیهادی خۆیان بۆیان ڕوون بوویەوە کە حەق لە لایەنی بەرامبەرە، ئەوانەی ئیجتیهادیان بەو جۆرە بوو لە ڕووی شەرعەوە بۆیان نەبوو چەك

هەڵنەگرن و بە گوێرەی ئیجتیهادی خۆیان کار نەکەن.

کۆمەڵەی سێیەم دۆخەکەیان لا ڕوون نەبوو، نەیاندەتوانی بڕیاری چوونە ناو هێزی هیچکمان لە دوو بەرەکە بدەن، ئەو پەناگیرییەی ئەوانیش کردیان پێویست بوو لەسەریان، چونکە دروست نییە بەرەنگاری موسوڵمان ببیتەوە مەگەر بەوەی کە تێڕوانینت وا بێ کە ئەوان شایەنی بەرەنگار بوونەوەن، ئەگەر ئەو کۆمەڵەیە بۆیان ڕوون ببایەوە کە لایەنێکیان ڕاستە و لایەکەی دیکەش هەڵە، بۆیان دروست نەبوو کە نەچن بۆ سەرخستنی ئەو لایەنەی کە بە دروستی دەزانن.

هەمووشیان ﷺ هۆکاری تایبەت بە خۆیانیان هەیە، لەبەر ئەوە هەموو ئەو زانایانەی قسەیان لێ وەردەگیرێ کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە شایەدییەکانیان و ڕیوایەتەکانیان وەردەگیرێن و پلەی"عەدل"ی تەواویشان هەیە، خوا لە هەموویان ڕازی بێت[1]).

[1] شرح النووی علی صحیح مسلم، ١٤٩/١٥ .

چەند تێبینیەکی گرنگ

ئەوەی پێویستە لێرە ئاماژەی پێ بکرێ چەند خاڵێکی گرنگە زانایان دیارییان کردووە و ئێمەش لەم کتێبەدا لەسەر ئەو ڕێچکانە دەڕۆین، کە لەم چەند خاڵەدا کورتیان دەکەینەوە:

١- هەموو زانا شەرعناس و ئوسوڵییەکان کۆکن لەبارەی ئەوەی فەرموودەی لاواز ئەگەر پەسنی کەسێك بێت، با لاوازیش بێت وەردەگیرێت، هەروەك چۆن لە بابەتی چاکەکاری وەردەگیرێت، بەمەرجی ئەوەی زۆر لاواز نەبێت، یەکێك لە ڕاوییەکانی بە هەڵبەستنی فەرموودە تۆمەتبار نەکرابێ، ئەگەر ئاوا بێ کاری پێ ناکرێ.

بەڵام ئەگەر ریوایەتەکە تانەدان بێت لە یەکێك تەنیا ئەو ریوایەتانە وەردەگیرێن کە سەحیح و بێ کێشەن، جا لەم کتێبە لە باسی پەسەندی هەندێك هاوەڵاندا چەند فەرموودەیەکی لاواز دەبینی، ئاگادار بە.

٢- هەموو هاوەڵەکان سیفەتی"عەدل"یان هەیە، ئەو سیفەتەشیان لەلایەن خودا و پێغەمبەرەکەی پێدراوە، و زانایانیش دووپاتیان کردۆتەوە، هەر ریوایەتێکیش تانەی لە عەدالەتیاندا پێویستە ڕەت بکرێتەوە ئەگەر بە "سەنەد"ی لاواز هاتبوو کە زۆرینە لەم جۆرەنە، ئەگەر بە "سەنەد"ی بەهێزیش هاتبوون دەبێت بەو جۆرە لێك بدرێنەوە لەگەڵ "عەدالەت"یان بگونجێ، هەرچەندە ریوایەتی لەو جۆرەش زۆر کەمن.

لێکۆڵەر دەبێت ئەو ڕێسایە لەبەر چاو بگرێت و بیکاتە دەستور، هەرکاتێك شتێکی لەو جۆرەی بینی بەپێی ئەو ڕێسایە مامەڵە بکا، ئەگەر وای نەکرد گومڕا و سەر لێشێواو دەبێت و دەکەوێتە دۆڵی تانە دان لە باشترینەکانی ئومەت کە هاوەڵانن، دەردێکە کە خودا و پێغەمبەرەکەی پێی تووڕە دەبن!.

٣- زانایانی "جەرح و تەعدیل[١]" دەڵێن: ئەو کەسەی بەرزی پایەی جێگیر بوو، زانیمان عەدلە، ئەوانەی ستیاشیان کرد زۆرتر بوون لەوانەی بە خراپە باسیان دەکرد، بەڵگەشمان هەبوو لەسەر ئەوانەی تانەی لێ دەدەن تانە دانەکەیان بەهۆی دەمارگیری مەزهەبییەوەیە، لەو کاتەدا گرنگی بەو تانانە نادەین و کار بە عەدالەتەکە دەکەین.

بۆ نمونە: کار بەو تانانە ناکەین کە ئیبنو مەعین[٢] لە شافیعی[٣] داون، ئەگەر هەزار ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیە کە لەسەر حەق نییە، ئەگەر ئەو ڕێسایەی بۆ زانایان جێ بەجێ بکەین، لەبارەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ پێویستترە.

٤- هیچ هاوەڵێك "مەعسووم[٤]" نییە، هەموویان ئەگەری ئەوەیان هەیە گوناە بکەن، بیر و باوەڕمان وایە هیچ کام لە هاوەڵانی پێغەمبەر مەعسووم نین، بەڵکو هیچ کەس جگە لە پێغەمبەران ئەو پلەیەیان نییە، سەڵامی خوایان لەسەر بێت، بەڵام ئەوان خودا پاراستوونی لەوەی تاوانەکانیان لەپلەی عەدالەتیان کەم بکاتەوە، ئەگەر چی ئەو تاوانە لە تاوانە گەورەکانیش بێت — هەروەك لە هەندێك فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە هەندێکیان تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە — بەڵام دوای تاوانکردن ڕاستەوخۆ گەڕاونەتەوە و پەشیمان بوونەتەوە و بۆ هەموو ئەو سزایانە ئامادە بوون کە بەهۆی تاوانەکەیانەوە ئەگەری سەپانی هەبووە بەسەریاندا، ئەوان کاتێك تاوانیان کردبێ بەردەوام سەرزەنشتی خۆیانیان کردووە، تەوبەیان کردووە،

---

[١] جەرح و تەعدیل: ئەو زانستەی کە باسی دۆخی ڕاوییەکان دەکات و لەبارەی باوەڕپێکراوی و باوەڕپێنەکراوییان دەدەوێ، پێی دەگوترێت زانستی جەرح و تەعدیل — گ.

[٢] ئیبنو مەعین: یەحیای کوڕی مەعینی، پێشەوا بووە لە فەرموودەناسیدا، چەندین زانای وەك: (ئەحمەد، بوخاری، موسلیم، ئەبوداوود) قوتابی ئیبنو مەعین بوون، پێشەوا ئەحمەد دەڵێ: هەر فەرموودەیەك یەحیای کوڕی مەعین زانیاری لەبارەی نەبێ، فەرموودە نییە! لە ساڵی ٢٣٣ لە مەدینەی پیرۆز وەفاتی کرد. (تهذيب الاسماء و اللغات، ابو زكريا يحيى بن شرف النووي، ١٥٦/٢-١٥٩، دار الكتب العلمية — بيروت، بە کورتی —گ).

[٣] بڕوانە: الطبقات الكبرى، السبكي، ١٨٨/١-١٩٧ .

[٤] المعصوم: ئەو کەسەی کە هیچ تاوانێکی نیە، لای ئەهلی سوننە ئەو پلەیە تەنیا پێغەمبەران هەیانە — گ.

بەجۆرێك لەوانەیە تاوانەکان بووبێتنە هۆی بەرز بوونەوەی پلەیان لای خوای گەورە.

تەقیوددین ئیبنو تەیمیە دەڵێ: (شایەدی دەدەین هەریەکێکیان تاوانێك بکات خودا سزای نادات بەو تاوانەی، خودا دەیباتە بەهەشت و لە ڕۆژی دواییدا سزای ئەو تاوانەی لەسەر لادەچێت یان بەهۆی تەوبە یان بەهۆی ئەو هەموو چاکەیەی کردوویەتی، یان بەهۆی ئەو ناخۆشییانەی بەسەری هاتوون، یان بە دوعای پێغەمبەر بۆیان لە دونیا و دوای مردنیشیان، یان بە دوعای موسوڵمانان، چونکە موسوڵمانان بەردەوام دوعایان بۆ دەکەن، یان بەهەر هۆیەکی دیکە بێت لەو هۆیانەی باری تاوانی پێ لادەچێت[1]) ئەو وتەیەی ئیبنو تەیمیە دەگونجێ لەگەڵ وتەکەی ئیبنو حەزم کە پێشتر ڕامانگواست.

٥- لەسەر هەموو کەسێك پێویستە کەم و کوڕییەکانی موسوڵمان داپۆشێ و بەردەوام بەهانەی چاکیان بۆ بێنێتەوە و گومانی چاکیان پێ ببات، حەرامە شوێن کەم و کوڕییان بکەوێ، بچێت بەدوای ئەو شوێنانەوە بێ کە تێیدا نەیانپێکاوە، نابێ بە ناو و ناتۆرەی وا ناویان بهێنێ کە پێیان ناخۆشە، باسی ئەو سیفەتانەیان بکات لەسەر دڵیان گرانە، ئەگەر چی ئەو سیفەتەشیان تێدا بێت، ئەوە بۆ هەر تاکێك لە تاکەکانی ناو موسوڵمانان، ئەدی لەبەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ؟ خودای گەورە لە حەدیسێکی قودسی دەفەرموێ: (ئەوەی دوژمنداری پیاوچاکێکم بکات، بانگەشەی شەڕم لەگەڵی داوە[2]).

٦- هەموو ئەو ڕیوایەتانەی لە هاوەڵانەوە هاتووە و سەنەدەکەیان سەحیحە، تانە لە عەدالەتی هاوەڵان دەدات، بە ئیجتیهاد وایان کردووە و ئەو موجتەهیدەشی هەڵە بکات خێری ئیجتیهادەکەی هەر بۆ دەنووسرێت.

٧- ئەبولعەببباس ئیبنو تەیمیە دەڵێ: (زۆربەی ئەو ڕیوایەتانەی تانە لەهاوەڵان دەدەن یان درۆن یان زیاد و کەمیان خراوەتە سەر، یانیش لە ڕێگای درۆزنانی وەك "ئەبو مخنف لوتی کوڕی یەحیا" و "هیشامی کوڕی موحەممەدی کوڕی سائیبی کەلبی" و هاوشێوەکانیان

---

[1] منهاج السنه، ٣-١٧٩ (بەدەستکاریەوە) .

[2] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب الرقائق، باب التواضع {٨/١٠٥}، ژمارەی فەرمودە: ٦٥٠٢.

دەگێڕدرێنەوە[1]).

ئەو "کەلبی"یە شیعەیە و لە هەموو خەڵکی درۆزنترە، لە باوکی و لە ئەبو مخنف ریوایەت دەگێڕێتەوە، هەردووکیان "مەتروك[2]"ن و درۆزنن، پاشان وتەی زانایان دەهێنێتەوە لە لەبارەی کەلبی و کۆدەنگییان لەسەر ئەوەی کە درۆزنە و ریوایەتی لێ وەرناگیرێ[3].

ئیبنو کەسیر لەبارەی "ئەبو مخنف" دەڵێ: (شیعەیە و لای زانایانی ئومەت ریوایەتەکانی لاوازن[4]) هەروەها دەڵێ: (تانە لە ریوایەتەکانی دەدرێ، بەتایبەت ئەو ریوایەتانەی لە پاڵپشتی مەزهەبی شیعە ریوایەتیان دەکات[5]) هەروەها "زەهەبی" دەڵێ: (ئەبو مخنف ریوایەت گێڕەوەیەکی میژووییە و باوەڕی پێ ناکرێ، ئەبو حاتەم و زانای تریش بە مەتروکیان داناوە[6]) "فەتنی" دەڵێ: ("لوتی کوڕی یەحیا" درۆزنە[7]).

"ئیبنو عراق" دەڵێ: (لوتی کوڕی یەحیا "ئەبو مخنف" درۆزنەو بێ کەڵکە[8]).

٨- لای زانایان یەکێك لەو نیشانانەی کە ریوایەتی هەڵبەستراو[9]ی پێ دەناسرێتەوە، دژیەك بوونیەتی لەگەڵ ریوایەتی سەحیح، یان لەگەڵ بنەما گشتییەکانی شەریعەت، بەجۆرێك نەکرێ هەردووکیان لەگەڵ یەکتری بگونجێنرێن، پێویستە لێکۆڵەری میژووی ئیسلامی تەنیا

---

(١) "هیشام" کتێبێکی هەیە لە داشۆڕینی هاوەڵان و "ئەبو مخنف"یش دانراوێکی لە لەبارەی ڕووداوی "صفین" هەیە.

(٢) مەتروك واتە: ئەو فەرموودانەی دەیانگێڕێتەوە شایەنی ئەوە نین کە بەلگەیان پێ بهێنرێتەوە و بگێڕدرێنەوە - گ.

(٣) منهاج السنه، ٣-١٧٩ .

(٤) البدایه و النهایه، ٨/٢٠٢.

(٥) البدایه و النهایه، ٨/٢٧٤.

(٦) تعلیقات محب الدین الخطیب علی العواصم من القواصم، لا: ٦٣.

(٧) قانون الموضوعات، لا: ٢٨٦.

(٨) تنزیه الشریعة، ١/٩٨.

(٩) فەرموودەی هەڵبەستراو(الموضوع): ئەو ریوایەتەی کە هەڵبەستراوە بە زمانی خاوەنەکەی، دروستکراوە. (مقدمه ابن صلاح، ابن صلاح الشهرزوری، لا: ٩٨) — گ.

بەوە نەوەستێ کە ریوایەتەکە لە کتێبێکی میژوویی هاتبێ، بەڵکو دەبێ لە سەنەدەکەی بکۆڵێتەوە لە هەردوو لایەنی سەنەد و دەقی ریوایەتەکە، زانایان ناویان لەم زانستە ناوە "علم الدرایە" ومەرجیان بۆ ئەو جۆرە ریوایەتە وا داناوە کە هیچ تانەی لێ نەدرابێت و شاز[1] یش نەبێ تا وەربگیرێ.

نیشانەیەکی دیکەی ناسینەوەی فەرموودەی هەڵبەستراو ئەوەیە: ئەو کەسەی ریوایەتەکە دەکا ڕافزی[2] بێت، ریوایەتەکەش لەبارەی پلەو پایەی خانەوادەی پێغەمبەر ﷺ بێت، یان لە دژی ئەو کەسانە بێت کە خانەوادەی خۆشەویستمان لەگەڵیان جەنگاون، لەبەر ئەوەی ڕافیزییەکان یەکەم کەسانێك بوون فەرموودەیان هەڵبەست، لە ستایشی پێشەوا عەلی ؓ.

"ئیبنو ئەبولحەدید" ی ڕافیزیی لە (شەرحی نەهجولبەلاغە) کە گوایە هی پێشەوا عەلییە[3] ؓ دەڵێ: بنەڕەتی هەڵبەستنی فەرموودە سەرەتا لای شیعەکانەوە بوو، لە ستایش و پەسنی پێشەوایەکەیان لەبەر دوژمنداری بەرامبەرەکانیان هەڵیاندەبەست[4].

"ئیبنو حەجەری عەسقەلانی" دەڵێ: لە ستایش و پەسنی ئالو بەیت ئەو ریوایەتانە ناژمێردرێ کە ڕافیزییەکان هەڵیانبەستووە، چەند نەزانێکی سوننەش لە پێچەوانەی ئەوان

---

[1] شاذ: کەسێکی باوەڕپێکراو ریوایەتێك بگێڕێتەوە، گێڕانەوەکەی ناکۆك بێ لەگەڵ کەسێك کە لەو باوەڕپێکراو تره، واتە هەردوکیان مەرجی فەرموودە وەرگرتنیان تێدایە، بەڵام نەوەی دووەم زیاتر، لەبەر نەوە فەرموودەی کەسی یەکەم بە "شاذ" لەقەڵەم دەدرێ (بڕوانە: تدریب الراوي في شرح تقریب النواوي، الإمام جلال الدین السیوطي، ١/٢٧٠، دار طیبة) -گ.

[2] لەبەشی کۆتایی ئەم کتێبە پێناسەی ڕافیزی و سیفەتەکانیانت بۆ ڕوون دەبێتەوە -گ.

[3] گومان کە ئەو کتێبە گوایە هی ئیمامی عەلییە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لەو کتێبانەدا هاتوون هەڵبەستراون بۆی ؓ، تۆمەتباریش لەو ریوایەتانە دوو برای ڕافیزین بەناوی (ڕەزی، مورتەزا) ئیبنو تەیمییە و زەهەبی دەڵێن: زانایان دەزانن کە زۆربەی شتەکانی ناو ئەم کتێبە بەدەمی عەلی ؓ هەڵبەستراون، لەبەر ئەوە زۆرینەکەی لەناو هیچ کتێبێکی کۆندا نییە، سەنەدێکی ناسراوی نییە، وەك ئەوەی کەسێك بڵێ ئەوەی عەببباسم یان ئەوەی عەلیم و کەسیش لە باوك و باپیرانی ئەو بانگەشەیەی نەکردبێ، بەمە دەزانرێ کە ئەو کابرایە درۆ دەکا، ... لەو کتێبەش شتی ئەوها تێدایە کە بە دڵنیاییەوە لە عەلییەوە ؓ ریوایەتی سەحیح هاتووە بە پێچەوانەی (المنتقی من منهاج الاعتدال، لا: ٤٤٩) هەروەها بڕوانە لا: ٥٣٥) و: (البینات فی الرد علی أباطیل المراجعات، ١/٣٦-٣٩).

[4] شرح نهج البلاغه، ٣/٣٦.

فەرموودەیان لە ستایش و پەسەندی "موعاوییە" و "ئەبوبەکر" و "عومەر" هەڵبەستووە ﷺ خوای گەورە لەسەرمانی پێویست نەکردووە ئەو ریوایەتانە هەڵبەستێن بۆیان و پێویستییەکەی بە ریوایەتی سەحیح بۆ پڕکردوینەتەوە.

٩- هیچ میژووونووسێك نەیگووتووە ئەو ریوایەتانەی لە کتێبەکەی هەن گشتیان سەحیحن و هیچ کێشەیەکیان نییە، بەگشتی **میژوونووسان سێ جۆرن:**

أ- هەندێکیان وا تێگەیشتوون دینداری و نزیك بوونەوە لە خوا تەنیا بەوە دەکرێ ریوایەت هەڵبەستن لە دژی هاوەڵان و پێشینان و لە شکۆیان بێننە خوارەوە، بەجۆرێك قۆڵ لەوە هەڵکەن وتەی نوێ لە دژیان دروستبکەن، نمونەی "ئەبو مخنف" و "کەلبی".

دەتوانین "مەسعوودی" خاوەنی کتێبی "مروج الذهب"یش لەگەڵ ئەم تایفەیە حسێب بکەین، لەبارەی وی "ئەبوبەکر ئیبنولعەرەبی" دەڵێ: "مەسعوودی"یش کە فێڵبازێکی موبتەدیعە، کۆمەڵە شتێکی بێ دینی دەگێڕێتەوە لە ریوایەتەکانی، بیدعەی ئەو گومانی تێدا نییە[1]، ئەو هەم شیعە بوو هەم موعتەزیلە.

"یەعقووبی"یش لە هەمان جۆرە، ئەو ریوایەتانەش ڕافیزییەکان دەیاننوسن و دەیانگێڕنەوە[2]، هەروەها ئەوانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەگشتی و پاشکۆکانیان لەبارەی

---

[1] العواصم من القواصم، لا: ٢٤٩.

[2] لەبەر ئەوەی ڕافیزییەکان سەرۆکایەتی ئەو تاقمە دەکەن لەوانەی ریوایەت هەڵدەبەستن، بە پێویستمان زانی هەڵوێستی زانایانی ئیسلام لەبارەی ئەو ریوایەتانە باس بکەین کە ڕافیزییەکان ریوایەتیان کردووە، لێرە تەنیا قسەی ئیبنو تەیمیە و زەهەبی دەهێنینەوە، دەڵێن: ڕافیزییەکان لە بنەڕەتدا شارەزا نین لە گفتوگۆ و بەڵگە هێنانەوە و ناسینیان و بەربەست و ڕێگیریەکانیان، هەروەك لە ڕیوایات و ئەو شتانەش کە بۆمان گواستراوەتەوە، نازانن، بەڵکو پاڵپشتیان بە چەند ریوایەتێکی میژوویی بێ سەنەد بەستووە، کە زۆر لەو ریوایەتانە چەند کەسێك داپانڕشتوون کە بە هەڵبەستن تۆمەتبارن، نمونەی ئەبو مخنف لوتی کوڕی یەحیا و هیشامی کوڕی کەلبی.
یونسی کوڕی عەبدولئەعلا دەڵێ: ئەشهەب دەڵێ: لە پێشەوا مالیك (خوا لێی ڕازی بێ) پرسیار کرا لەبارەی ڕافیزییەکان، گوتی: "قسەیان لەگەڵ مەکەن و ریوایەتیان لێ مەگێڕنەوە، چونکە درۆ دەکەن"، حەرمەلە

ئیسلام و مێژووەکەی دەیاننوسن، هەموو خەمیان ئەوەیە دڵی ڕۆژئاواییەکان لەخۆیان ڕازی بکەن.

ب- هەندێکیشیان لە زانا پایە بەرزەکانن، ئەوانەی زانای گەورە و بەڕێز و دیندارن و ئینسافیشیان پاراستووە لە نووسینەکانیان، نموونەی: "ئیبنو جەریری تەبەری" و "ئیبنو عەساکیر" و "ئیبنو کەسیر" ئەوانە وایان بە باش زانیوە هەموو ئەو ریوایەتانەی گوێیان لێی بووە تۆماریان بکەن، کابرا مەزهەبی هەرچی بووە گوێیان نەداوەتێ، بەڵکو لە هەموو مەزهەبەکان هەر ریوایەتێکیان پێ گەیشتبێ گێڕاویانەتەوە، نمونەی "لوتی کوڕی یەحیا" شیعەیەکی تونده، لەگەڵ "سەیفی کوڕی عومەر"ی عێراقی کە شیعەیەکی میانڕەوە.

دەڵێ: گوێم لە شافیعی بوو (خوا لێی ڕازی بێ) دەیگوت: "کەس ناناسم وەک ڕافیزییەکان شایەدی بە درۆ بدا، مونەلی کوڕی اهاب دەڵێ: "گوێم لە یەزیدی کوڕی هارووون بوو دەیگوت: "هەموو تاقمە موتەدیعەکان ئەگەر بانگەشەیان بۆ بیدعەکەیان نەدەکرد، ریوایەتیان لێ دەگێڕدرێتەوە، تەنیا ڕافیزییەکان نەبن، چونکە درۆ دەکەن"، موحەممەدی کوڕی سەعیدی ئەسفەهانی دەڵێ: گوێم لە "شوڕەیك" بوو دەیگوت: "هەر کەسێك هەبێ زانستی لێ وەردەگرم، تەنیا ڕافیزییەکان نەبن، چونکە ئەوان درۆ دەکەن و بەدین تێی دەگەن"، ئەبو موعاویە دەڵێ: گوێم لە "ئەعمەش" بوو دەیگوت: "ئەو کەسانەی کە زانستیان لێوە فێربووم ڕافیزییەکانیان بە درۆزن ناو دەبرد"، مەبەستی لە ڕافیزییەکان بوو لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵ "موغیرەی کوڕی سەعید"ی ڕافیزی بوون.

ڕەتکردنەوەی شایەدی کەسی درۆزن ڕاجیایی لەسەر نییە، ئەوەی کە تەماشای کتێبەکانی جەرح و تەعدیل بکا دەبینێ کە زۆرترین ئەو کەسانەی بە درۆزن ناوبراون لە ڕافیزییەکانن، خەوارێجەکان لەگەڵ ئەوەی لەدین دەرچووبوون هەروەک لە فەرموودەدا هاتووە بەڵام درۆیان نەدەکرد، تا وا باو بوو کە ئەو ریوایەتانەی خەوارێجەکان دەیانگێڕنەوە لە هەموو حەدیسێك سەحیح تر، ڕافیزییەکان دان بەوەدا دەنێن کە درۆ دەکەن، دەڵێن: دینی ئێمە "تەقیە"یە، تەقیەش واتە نیفاق، دواتر خۆیان بە ئیماندار دەناسێنن و پێشینە ئیماندارەکانیش بە هەڵگەڕاوە و دووڕوو تۆمەتبار دەکەن، ئەوان عەیبی خۆیان چەندە گەورە بێت نایبینن، عەیبی خەڵکیش چەندە بچووك بێت دەیبینن (المنتقى من منهاج الاعتدال، لا: ٣٤).

لێرە بە پێویستی دەزانین جیاوازی بکەین لە نێوان "شیعە" و "ڕافیزی"، ئیبنو حەجەری عەسقەلانی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: شیعەگەریێتی خۆشویستنی عەلی و پێشخستنیەتی بەسەر هاوەڵان، ئەوەی کە عەلی بەسەر ئەبو بەکر و عومەر تەفزیل بکا ئەوە لە شیعەبوونەکەی زێدەڕۆیی کردووە، ئەوکاتە پێی دەگوترێ ڕافیزی ئەگەر نا شیعە، ئەگەر جگە لەوە جوێن دان و تانە دانیش یان بە ناشکرا بانگەشەی ڕقبوونەوەی لە ئەبو بەکر و عومەر کرد ئەوە لە ڕافیزیاتییەکەشی زێدەڕۆیی -کردووە، ئەگەر بیر و باوەڕی ڕەجعەتیشی هەبێ ئەوە هێشتا زێدەڕۆیی کردووە لە ڕافیزییەت دا (هدي الساري، لا:٤٦٠).

لە زۆربەی ریوایەتەکانیان - ئەگەر لە گشتیان نەبێ - ناوی ئەو کەسانەیان نووسیوەتەوە کە ریوایەتەکانیان لێ گێڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی لێکۆڵەر حاڵی ریوایەت گێڕەوەکانی بۆ ڕوون بێتەوە و بتوانێ بە دوایان بگەڕێ و بزانێ لە چ ئاستێکی ڕاستگۆیی دا بوون، ئەوان بە ناوهێنانی کەسەکان وایان داناوە کە ئەستۆی خۆیان پاك کردۆتەوە، بارەکەیان خستۆتە سەر ڕاوییەکان، کاریان بە بنەمای "بار لە ملی ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە" یان بنەمای "ئەو کەسەی ناوی ڕاوییەکانت بۆ بهێنێ، ئەستۆی خۆی پاك دەکاتەوە" کردووە، فەرموودەناسە پێشینەکان کاتێك سەنەدی هەر ریوایەتێکیان دەهێنا، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی ریوایەتەکە ڕوون بێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی زانستێکی تەواوی بە دۆخی ڕاوییەکان هەبوو.

ئەو میژوونووسانە بەخۆشیان دەڵێن وەنەبێ تەنیا ریوایەتی سەحیحیان هێنابێتەوە، وتەی ئیبنو کەسیریشمان لەبارەی "ئەبو مخنف" ڕاگوێزا، لەگەڵ ئەوەی ریوایەتێکی زۆریشی لێ گێڕاوەتەوە.

"تەبەری" لە کۆتایی پێشەکی میژووەکەیدا دەڵێ: (ئەو ریوایەتانەی لە پێشینان ڕایاندەگوازین، ئەگەر خوێنەر ڕای لێیان نەبوو، نەدەچووە عەقڵی، گوێگر پێیان قەڵس بوو، بە جۆرێك نە ماناکەی پێ ڕاست بوو نە سەنەدەکەشیان پێ سەحیح بوو، با بزانێ ئەو ریوایەتە لە ڕێی ئێمەوە نەهاتوون، بەڵکو ئێمەش بیستوومانن و تۆمارمان کردوون[1]،دەشڵێ: لە نووسینەوەی ئەو کتێبە مەبەستی بەڵگە هێنانەوەمان نەبووە[2]).

بەو جۆرە دەبینین ناوی "ئەبو مخنف" و "کەلبی" و هاوشێوەکانییان زۆر دووبارە دەبنەوە لەسەر لاپەڕە میژووییەکان، لەوانەشە هەندێك جار میژوونووس دۆخی ریوایەتەکە لە ڕووی دڕووستی و نادڕوستی و هەڵبەستڕانی ڕوون بکاتەوە، ئیبنو کەسیر نمونەی لەو جۆرەی زۆرە.

ئەو میراتەی لەو جۆرە بۆمان ماوەتەوە، وەنەبێ بۆ ئەوە باس کرابێ میژووی ئێمەیە، بەڵکو

---

[1] تاريخ الطبري، ١/٥.
[2] تاريخ الطبري، ١/٤.

بۆ ئەوەی بزانرێ بابەتێکی تێر و پڕ و ماددەیەکی زانستیە و بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژوومان دەست دەدا.

"ئیبنوحەجەر" دەڵێ: (مێژوونووس و فەرموودەناسەکان کە ریوایەتی هەڵبەستراویان هێناوەتەوە و بێ دەنگیش بوون لێی، ناوی ئەو کەسانەشیان هێناوە کە ریوایەتەکەیان گێڕاوەتەوە، باوەڕیان وابووە کە سەنەدی ریوایەتێکیان هێنایەوە، ئەستۆی خۆیان پاك کردۆتەوە و کارەکەیان بۆ لێکۆڵینەوە لە سەنەدەکەی جێهێشتووە[1]).

"محب الدین ئەلخەتیب" چەند جوانی گوتووە کاتێك دەڵێت: ("تەبەری" و ئەوانەی لە ئاستی ئەودان و زانای پایەبەرزن و باوەڕپێکراون، نمونەیان وەك دادوەرەکانی ئێستا وایە کاتێك دەیانەوێ لە ڕووداوێك بکۆڵنەوە هەر شتێك دەستیان بگاتێ پەیوەندییەکی بچووکیشی بە ڕووداوەکەوە هەبێ لە شایەد و بەڵگە کۆی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە دەشزانن هەندێکیان پووچن و بەکەڵك نایێن، بەڵام بڕوایان وایە هیچ شتێك بێ بەها نییە، بەو جۆرە، تەبەری و ئەوانی دیکەش، هەر ریوایەتێکیان پێ گەیشتبا پشتگوێیان نەدەخست، نەبادا مەسەلەیەکی بچووکی زانستییان لە کیس بچێ، هەر چەندە بشیانزانیبا ئەوانەی ریوایەتەکان دەگێڕنەوە زۆر لاوازن، هەر ریوایەتێکیان هێنابێتەوە لەسەر زمانی ڕاوییەکەی ڕایانگواستووە، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ ریوایەتەکە دروستە یان نا، ڕاوییەکان باوەڕیان پێ کراوە یان نا، بەم جۆرە پێیان وابووە ئەو ئەمانەتەی لەسەر شانیان بووە گەیاندوویانە، هەموو ئەو شتانەی دەستیان گەیشتووەتێ بۆ خوێنەریان گواستۆتەوە[2]).

ڕاڤەکارە کۆنەکانی قورئانیش بەو جۆرەن، "موحەمەد زاهیر کەوسەری" دەڵێ: (ڕاڤەکاری زۆر هەن هەموو ئەو شتانەیان تۆمار کردووە کە وایانزانیوە سوودێکی هەیە لە ڕووی واتاکردنی قورئانی پیرۆز، لەو زانیارییانەی سەردەمی خۆیان لە جوولەکە و خەڵکی دیکە وەریان گرتبوو، کاری لە بێژینگدانی ریوایەتەکانیان بۆ ڕەخنەگرەکانی پاشی خۆیان جێ هێشتووە، لەبەر ئەوەی

---

[1] لسان المیزان، ٣/٧٥.

[2] مجلة الازهر، ٢٤/٢١٤.

پێداگر بوونە لەسەر ئەوەی هەموو ئەو زانیارییانە بگەیەنن، بە گرفانەی بوونی سوودێك لە ڕوونکردنەوەی مانای ئەو شوێنانەی قورئان کە ناڕوونییەك لە ماناکەی هەبووە، نەك ئەوەی ئەو ریوایەتانە ببنە ڕاستی نەگۆڕ لە دیدی موسوڵمانان و ریوایەتی سەحیحن و بێ لێکۆڵینەوە وەریان بگرین[1]).

"سەخاوی" دەڵێ: (تەنیا باسکردنی سەنەد بەس نییە بۆ ئەوەی ئەستۆی پێ پاك بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی مەرج نییە کەس بەهۆیان تێ نەکەوێت، ئەگەرچی زۆربەی فەرموودەناسەکانی پێش سالّی (٢٠٠)ی کۆچی وایان کردبێ، کاتێك سەنەدی ریوایەتیان هێناوەتەوە لایان وابووە ئەستۆی خۆیان پاك کردۆتەوە، مامۆستام (ئیبنو حەجەری عەسقەلانی) دەڵێ: هێنانەوەی سەنەدی ریوایەتەکە لای ئەوان وەك ڕوونکردنەوەی بار و دۆخی ریوایەتەکە وا بووە[2]).

ج- کۆمەڵێکی دیکەش هەن ریوایەتیان لەم و لەو وەرگرتووە و زۆر خۆیان بە لێکۆڵینەوە لێیان ماندوو نەکردووە، تەڕ و وشکییان تێکەڵ کردووە، ریوایەتەکانیان لە سەنەدکانیان دابڕاندوون، وەك ڕاستی مێژووی مامەڵەیان لەگەڵیان کردووە و لەوانەیە ئەو ریوایەتانەشیان کردبێتە بنەما و لقیان لێ کردبێتەوە، ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی خەڵك لێی تێکەڵ ببێ، تەنانەت زانای پایەبەرزیش زۆر جاران ئەو ریوایەتانەیان بۆ لێك نەکراوەتەوە، تا وای لێهات ریوایەتی زۆری هەڵبەستراو کە بنەمای دروستییان نییە بوونە ڕاستیی و جێگای گفتوگۆ کردن نین لەبارەیان.

لەوانەیە بیانوویان ئەوە بێ ریوایەتی مێژوویی ئەوەندە تونددگیری تێدا ناکرێت، نموونەی فەرموودەکان نییە کە حوکمی شەرعی لەسەر بنیات بنرێ[3]، ئەوان لەو خاڵە لەسەر حەقن،

---

[1] مقالات الكوثري، لا: ٣٤.

[2] شرح ألفيه العراقي، ١٠٦.

[3] لێرە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زانایانی ژیاننامەکان و مێژوونووسەکان زۆر جاران چاوپۆشییان لە ریوایەتی لاواز کردووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ و ڕووداوە مێژووییەکان، لەو

مادەم ئەو ریوایەتانە پەیوەندییان بە بابەتەکانی بیر و باوەڕەوە نییە و بینای حوکمی شەرعییان لەسەر ناکرێ، بەڵام ئەگەر کەمترین پەیوەندی بە یەکێك لەو دوو بابەتەوە هەبوو، بەتایبەت ئەگەر لەبابەتی بیر و باوەڕ بوو یان یەکێك لە حوکمە شەرعییەکانی باس دەکرد، بەوەی ناو و ناتۆرە و باسکردنی بە خراپەی هاوەڵانی تێدابوو، ئەوانەی ئاینەکەیان گەیاندۆتە ئێمە، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەروەها تابیعییەکان، ئەوە پێویستە ئەو ریوایەتانە بخرێنە بەر ڕەخنەی تونـد، ئەو جۆرە هێڵانەی بەژێردا بهێنرێت کە تەنیا زانایانی ئیسلام لێیان زانیوە کە ئـەویش زانستی فەرموودەناسییە.

ئینجا هەندێك لەو میژوونووسانە ریوایەتێکی زۆری لـەو جۆرەیـان دانـاوە و هەندێکیشـان کەم، بەشێك لەوانەی بەر ئەم جۆرەی سێیەمە دەکەون، ئەبولفیدا لە "مختصر فی اخبار البشر" و سیوتی لە "تاریخی خولەفا" و عەبدولوەهاب نەججار لە "خەلیفە ڕاشیدییەکان" و شەبلەنجی لە "نور الأبصار".

ئەمەی دواییان پڕیەتی لە ڕیوایات و وتەی هەڵبەستراو، ئیبنو خەلدوونیش لە میژووەکەیـدا بەشێکی لەم جۆرەی بەر کەوتووە، لەگەڵ ئەوەی زۆر بە زانایانە مێـژووی کردۆتـە جۆرێـك لـە فەلسەفە و ڕووداوەکانی کۆکردونەتەوە و کورتیکردونەتەوە و بەهۆکارەکانیانەوە گرێیداون.

ریوایەتانەی پەیوەندی بە بـیر و بـاوەڕ و حـەڵاڵ و حەرامـەوە نییـە، زۆر تونـد نەبووینـە لـە وەرگرتنـی ئـەو ریوایەتانە، هەمان مامەڵە کە لەگەڵ فەرموودەکانی کاری چاکە و پەسەندی کەسەکان دەکەن، بەڵکو لەوانەیـە هێشتا بە ئەوەندەی ئەو جۆرە ریوایەتانـەش تونـد نـەبووین، بەتایبـەتتریش میژوونووسـەکان، ئـەوان هێشـتا کەمتریش، سروشتی بابەتەکەشیان بەو جۆرەیە، تەنانەت ئەو زانا پایەبەرزانەی کە باسـی چـۆنیەتی وەرگرتنـی فەرموودەی لاواز دەکەن، لە کتێبـە میژوویـیـەکانیان چـەندین ریوایـەتی لاواز و پچـڕاو و مورسـەل دەبیـنین، ریوایەت لە کاهینەکان و خەڵکی دیکەش دەگوازنەوە لە باسی ژیاننامە و هەواڵدانەکانی پێغەمبەر و تایبـەت مەندییەکانی ﷺ لەبەر ئەوەی لەو شوێنە دروستە ریوایەتی لـەو جـۆرە بـاس بکـرێ، ئەگـەر لێکۆڵـەر لـەو بابەتانە تەنیا ریوایەتی سەحیح وەرگرێ، ئەوە چەند دانەی کەم دەمێننەوە، هـەر لەبـەر ئەوەشـە دەبیـنین کـە میژوونووسەکان کاتێك ڕەخنە لەو ریوایەتانە دەگرن لە بابەت ناوەڕۆکی ریوایەتەکەوە ڕەخنـە دەگـرن نـەك لـە باسی سەنەدەکەی، بەڵکو لەوانەیە کەسێك فەرموودەی لێ وەرنەگیرێت، بەڵام ریوایەتی میژوویی لێ وەرگیرێ، ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لـەبارەی "سـەیفی کـوڕی عومـەر" لـە کتێبـی "تقریـب التهـذیب" دەڵـێ: لـە فەرموودە لاوازە، بەڵام کۆڵەگەیە لە میژوو.

١٠- کۆمەڵێك کتێبی کۆن هەن پڕ ریوایەتی درۆ و هەڵبەستراون، لێکۆڵەر گومانی بۆ دروست دەبێ ئاخۆ ئەو ریوایەتانە لە بەشی یەکەمن یان لەبەشی سێیەم؟.

وەك کتێبی "الإمامة والسیاسة" کە گوایە هی "ئیبنو قوتەیبەی دینەوەری"ە، لێکۆڵەران سەرزەنشتیان کردووە، لەوانەش ئیبنو حەجەری هەیسەمی لە کتێبی "تطهیر الجنان[1]" وە قازی ئەبوبەکری ئیبنولعەرەبی لەکتێبی "العواصم من القواصم" کاتێك دەڵێ: (خراپترین کەس کە کاریگەری لەسەر خەڵکی هەیە: نەزانێکی عاقل، یان موبتەدیعێکی فێڵزانە، نەزانەکە ئیبنو قوتەیبەیە، هیچ شکۆی هاوەڵانی نەهێشتۆتەوە لە کتێبەکەی، ئەگەر کتێبەکە هەمووی هی ئەو بێ).

تێبینی بکەن قازی ئەبوبەکر گومانی هەیە لەوەی هەموو ئەو شتانەی لەناو ئەو کتێبەدان هی ئیبنو قوتەیبە بن، لەبەر نەگونجانی پایەی زانستی ئیبنو قوتەیبە لەگەڵ ئەو قسانە.

"محب الدین ئەلخەتیب" دەڵێ: ئەو کتێبە هی ئیبنو قوتەیبە نییە، بەڵکو موبتەدیعێکی پیس ئەو کتێبەی بەناوی ئەوەوە بڵاو کردۆتەوە، دوو بەڵگەشی هەیە بۆ ئەم قسانەی:

أ- زۆر ڕووداوی باس کردووە کە دوای مردنی ئیبنو قوتەیبە ڕوویانداوە.

ب- نووسەری ئەم کتێبە قوتابی دوو زانای میسڕییە، قسەیان لێ دەگێڕێتەوە، بەڵام ئیبنو قوتەیبە بە هیچ جۆرێك نەچۆتە میسڕ! لەم دوو زانایە هیچی ریوایەت نەکردووە، کەواتە ئەو کتێبە هی ئەو نییە[2].

هەرچی کتێبە نوێکانە، زۆرن، بەتایبەت کتێبی "تاریخ صدر الاسلام والدولة الأمویة - عومەر فەڕوخ" نووسەرەکەی وەك ئەوەی خۆی کێشەی لەگەڵ گەلەکەی هەیە لەسەر دەستەڵات، هەڵساوە هەمان پێوانەی کردووە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی هاوەڵان، بەو جۆرەی لەسەر دونیا و سامان و پۆستدا بێ، داڕشتنێکی ئەدەبی جوان و سەرنجراکێشیشی بۆ کردووە،

---

[1] تطهیر الجنان، لا: ٤٣.

[2] التعلیقات علی العواصم من القواصم، ٢٤٥ و ٢٤٨.

بنیاتی قسەکانیشی لەسەر ئەو ریوایەتە درۆینانە کردووە کە لە کتێبگەلێکی وەك "الإمامة والسیاسة"دا هەن.

١١- لە کۆتاییدا ئەوەی لێکۆڵەران پێمان دەڵێن ئەوەیە: ئەوەی بەدوای زانیاری دا دەگەڕێ لە کتێبە مێژووییەکان با بەهیچیان ڕازی نەبێت تا لێکۆڵینەوەی فەرموودەناسێکی لەبارەوە نەبینێت، لەبارەی سەنەد و مەتنەکەیەوە، بە گشتی پێویستە خوێنەری کتێبی مێژوویی زۆر بە وریایی مامەڵە بکات و بە ئاگا بێت لەوەی کە دەیانخوێنێتەوە.

کۆتایی پێشەکی

لەوانەیە گومان بخرێتە سەر "عەدالەتی گشت هاوەڵان" بەو فەرموودەیەی کە ئیمامی بوخاری و موسلیم و زانای دیکەش ریوایەتیان کردووە لە خۆشەویستەوە ﷺ کە فەرمویەتی: (هەندێك کەس لە ئومەتەکەم دەهێنن لە ڕۆژی دواییدا و بەلای چەپدا دەیانبەن – لە حەوز دەیانگێڕنەوە و بەرەو لای ئاگر ڕاپێچ دەکرێن – دەڵێم: ئەی خوایە، هاوەڵانم[1]! خوا دەفەرموێ: تۆ نازانی چییان داهێناوە لە پاشی تۆ، منیش هەروەك بەندە سالّحەکە {حەزرەتی عیسا عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ} دەڵێم: من تا ئەو کاتەی لەناویان بووم شایەد بووم بەسەریانەوە، بەڵام کاتێك تۆ گیانی منت کێشا، تۆ چاودێر بووی بەسەریانەوە، تۆش لەسەر هەموو شتێك شایەدی، ئەگەر ئازاریان بدەی بەندەی تۆن، ئەگەر لێشیان خۆش بیت، تۆ عەزیز و لێخۆشبوویت[2]، دەگوترێت: ئەوان هەڵگەڕانەوە) لە هەندێك ریوایەتدا: دەڵێم: قوڕبەسەری و دوورە پەرێزی بۆیان[3]).

زانایان بە جۆرێکی وا قسەیان لەسەر ئەو فەرموودەیە کردووە کە کێشەی تێدا ناهێڵێت و دڵیش خۆش دەکا، ئەوەی خوارەوە پوختەی قسەکانیانە:

زۆربەی زانایان دەڵێن کە لەو فەرموودەیەدا مەبەست لە هاوەڵان ئەوانەن کە هاوەڵایەتی خۆشەویستییان ﷺ کردووە، پاشان ڕایان ناکۆکە، هەندێکیان دەڵێن کە مەبەست لەوانەیە کە هاوەڵی خۆشەویست ﷺ بوون و پاشان لەسەردەمی ئەبوبەکردا هەڵگەڕانەوە و شەڕی لەگەڵ کردن و کوژران، هەندێکی دیکە دەڵێن دووڕووەکانن، هەندێکی دیکە دەڵێن ئەوانە بەشێکی

---

[1] لە سەحیحی بوخاری و موسلیم ریوایەتەکە بە هاوەڵانم نەهاتووە، بەڵکو بە (أُصَيحابي) واتە بچووککراوەی (أصحاب)یە، ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە خەتابییەوە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: ئاماژەیە بۆ ژمارەیەکی کەم لەو عەرەبانەی کە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ هەڵگەڕانەوە و کەس لە هاوەڵە بەناوبانگەکان ئەمەیان بەسەر نەهاتووە، بڕوانە: فتح الباری بشرح صحیح البخاری، ٢٨٦/٨ -گ.

[2] ئاماژەیە بۆ ئایەتی :﴿مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ المائدە: ١١٧-١١٨-گ.

[3] ئیمامی بوخاری بەدەستەواژەی نزیك لەوە ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب التفسیر، سورە المائدە، باب: وکنت علیهم شهیدا ما دمتُ فیهم، ٥٥/٦، ژمارەی فەرموودە: ٤٦٢٥-گ.

ئەعرابییە وشکەکانن کە هەندێکیان بە حەزی خۆیان هاتوونەتە ناو ئیسلام و بەشێکیان لە ترسان بوونەتە موسوڵمان، نەوەوی دەڵێ: گوتراوە ئەوانە دووڕووە مورتەددەکانن، لەوانەیە بە "غورڕە[1]" و "تەحجیل[2]" حەشر بکرێن، لەبەر ئەوەی بە ئومەت حسێب دەکرێن، خۆشەویست ﷺ لەبەر شێوەکانیان بانگیان دەکا، بەڵام پێی دەگوترێت ئەوان دوای تۆ گۆڕان.

"قازی عیاز" و زانای دیکەش دەڵێن: بەو جۆرە غورڕە و تەحجیلەکەیان نامێنێ و ئەو نوورەی هەیانبووە دەکوژێتەوە، گوتراویشە مەرج نییە شێوەکەشیان بەو جۆرە بێ، بەڵکو لەوانەیە لەبەر ئەوە بانگیان بکا چونکە وای زانیبوو موسوڵمانن.

ڕای دیکە دەڵێ: مەبەست لە هاوەڵان لەم فەرموودەیە ئومەتی ئیسلامە، کە گوناحە گەورەکانیان ئەنجام داوە و موبتەدیع بوونە و بە موسوڵمانیش مردوون، بە پێی ئەم ڕایە چوونە ناو جەهەننەمیان یەکلایی ناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەکرێ لەسەرەتادا لە حەوز دوور بخرێنەوە و پاشان ڕەحمیان پێ بکرێ، لەوانەیە غورڕە و تەحجیلیشیان هەبێ و بەو نیشانەیە ئەوانی ناسیبێتەوە.

بەڵام ئەو ڕایە بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە موسوڵمان ئەگەرچی گوناحی گەورەشی کردبێت قەت پێی ناگوترێت قوڕبەسەر و دوورە پەرێز، بەڵام ئەو تێهەڵچوونەوەش بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە دەکرێ وا بەو کەسە بگوترێ کە لە ژێر ئازاری ئەو گوناحە گەورەیەی کردوویە مردووە، پاشان بەهۆی شەفاعەتەوە نەجاتی بێ، کە پێشی گوترا قوڕبەسەر و دوورە پەرێز ئەوە تەسلیم بوونە بۆ بڕیاری پەروەردگار، لەگەڵ مانەوەی هیوا بە بەخشش و ڕەحمەت[3].

---

[1] شوشتنی زیاد لە دەورەی دەم و چاوی مرۆڤ کە سوننەتە لەکاتی دەستنوێژدا، موسوڵمانان لە ڕۆژی دوایی بەو نیشانە دەناسرێنەوە کە پێی دەگوترێت غورڕە -گ.

[2] لەکاتی دەستنوێژ سوننەتە ئەو کەسەی دەستنوێژ دەشوا شوێنی هەنیشکی زیاتر بشوا، ئەو زیاتر شوشتنە دەبێتە نیشانە و لە ڕۆژی قیامەت موسوڵمانەکان بەوە دەناسرێنەوە، ئەو نیشانەیە پێی دەگوترێت "تەحجیل" -گ.

[3] کورتکراوە لە (فتح الباری، ١١/٣٢٤)، چاپخانەی البهیه.

بەشی یەکەم

خەلیفەی پێغەمبەری خوا

ئەبو بەکری سیددیق

بەشی یەکەم

خەلیفەی پێغەمبەری خوا

ئەبو بەکری سیددیق

پلەو پایەی:

١- ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی: (ئەمینترین کەس لەسەرم بە هاوەڵایەتی و سامانی، "ئەبوبەکر"ە)، ئەگەر خەلیلێك "هاوەڵێکی زۆر نزیکم" هەڵبژاردبا جگە لە خوام ئەبوبەکرم هەڵدەبژارد، بەڵام ئەوەی لەنێوانمانە برایەتی و سۆزی ئیسلامە، هیچ دەرگایەك لەناو مزگەوتدا مەهێڵنەوە جگە لە دەرگای ئەبوبەکر نەبێ[١]).

٢- عەمری کوڕی عاس ﷺ دەڵێ: گوتمە پێغەمبەری خوا ﷺ: کێت لە هەموو کەس خۆشتر دەوێ؟ فەرمووی: "عائیشە"، گوتم لە پیاوان، فەرمووی: باوکی، گوتم: پاشان کێ، فەرمووی: "عومەر" ، پاشان چەند کەسێکی دیکەی ژمارد، بێ دەنگ بووم لەترسی ئەوەی کە کە ببمە دواییەنیان[٢].

٣- ئەبو هورەیرە ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە: (تۆ ئەبوبەکر، یەکەم کەسی لە ئومەتەکەم دەچیتە بەهەشتەوە[٣]).

---

[١] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، {کتاب الصلاة، باب الخوخة و الممر في المسجد، ١/١٠٠، ژمارەی فەرموودە: ٤٦٧، ئیمامی نەبو بەکر خانوێکی لە دراوسێی مزگەوت هەبوو، لەخانووەکەی دەرگایەکی بچووك هەبوو پێی دەهاتە ناو مزگەوت - گ}.

[٢] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب المغازی، باب غزوه ذات السلاسل، ١٦٦/٥، ژمارەی فەرموودە:٤٣٥٨.

[٣] ئەبو داود لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، أول کتاب السنه، باب في الخلفاء، ٣٠/٥، ژمارەی فەرموودە: ٤٦٥٢، "منذري" لە (مختصر سنن ابی داود، ٣٠/٧) دەڵێ: لە سەنەدکەی "ئەبو خالیدی دالاتی، یەزیدی کوڕی عەبدولڕەحمان"ی تێدایە، ئەبو حاتەمی ڕازی بە باوەڕپێکراوی دانـاوە و ئیبنـو

٤- ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (هەرکەسێك یارمەتی ئێمەی دابێ پاداشتمان داوەتەوە، تەنیا ئەبوبەکر نەبێت، دەستێکی چاکەی وەهای هەیە لەسەرمان خوا لە ڕۆژی دواییدا پاداشتی دەداتەوە، سامانی هیچ کەسێك ئەوەندەی سامانی ئەبوبەکر بەکەڵکم نەهاتووە[1]).

٥- ئیبنوعومەر ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەبوبەکری فەرموو: (تۆ لە ئەشکەوتدا هاوەڵم بووی و لەسەر حەوزیش هاوەڵمی[2]).

٦- عائیشەوە ﷺ دەڵێ: ئەبوبەکر ڕۆژێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: تۆ دەرباز بوو - عەتیق- ی خوای، لەو ڕۆژەوە ناوی لێ نرا عەتیق - دەربازکراوی خوا[3].

٧- موحەممەدی کوڕی حەنەفییە ﷺ دەڵێ: گوتم باوکم: لە پاش پێغەمبەر ﷺ کێ لە هەموو خەڵکی باشترە؟ گوتی: ئەبوبەکر، گوتم: پاشان کێ؟ گوتی: عومەر، پاشان ترسام کە بڵێ عوسمان، گوتم: پاشان تۆ، گوتی: من تەنیا موسوڵمانێکم وەك ئەو خەڵکە[4].

٨- ئیبنو عومەر ﷺ دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا کەسمان هاوشانی ئەبوبەکر نەدەکرد، پاشان عومەر، پاشان عوسمان، پاشان هاوەڵانی پێغەمبەرمانمان ﷺ بەیەك

مەعین دەڵێ: "لا بأس به" حاکمیش لە (المستدرك، کتاب معرفة الصحابة، ٧٣/٣) ریوایەتی کردووە، دەڵێ: ئەو ریوایەتە لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم سەحیحە، زەهەبیش هاوڕایەتی.

[1] ترمژی ریوایەتی کردووە، أبواب المناقب عن رسول الله ﷺ، بابٌ ، ٥٠/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٦١، ترمذی دەڵێ: "هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيب"، {ئەلبانیش ریوایەتەکەی بە دەستەواژەیەکی نزیك لەوە لە "سنن ابن ماجه" بە سەحیح داناوە (بڕوانە: سنن ابن ماجه، ٣٦/١، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية) - گ}.

[2] ترمذی لە سونەنەکەی ریوایەتی کردووە، {ابواب المناقب عن رسول الله ﷺ، بابٌ، ٤٩/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٧٠، ترمذی دەڵێ: هذا حديث حسن صحيح غريب}-گ.

[3] ترمذی ریوایەتی کردووە {ابواب المناقب عن رسول الله ﷺ، بابٌ، ٥٥/٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٧٩، ترمذی دەڵێ: "هذا حديث غريب"}-گ.

[4] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب فضائل أصحاب النبی ﷺ، بابٌ، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٧١.

چاو سەیر دەکرد [1].

٩- "عومەر" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردین چاکە بکەین، ئەوکات سامانم زۆر بوو، گوتم: هیچ ڕۆژێك پێش ئەبوبەکر نەکەوتومەتەوە، با ئەمڕۆ پێشی بکەومەوە، دەڵێ: نیوەی سامانەکەم هێنا، پێغەمبەر ﷺ گوتی: چەندت بۆ خانەوادەکەت هێشتۆتەوە؟ گوتم: چەندم هێناوە ئەوەندەشم جێهێشتووە، ئینجا ئەبوبەکر هات و ئەوەی کە هەیبوو هێنای، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: چیت بۆ خانەوادەکەت هێشتۆتەوە؟ گوتی: خوا و پێغەمبەرەکەیم بۆیان هێشتۆتەوە، ئینجا زانیم هەرگیز بە هیچ شتێك پێشی ناکەومەوە[2].

١٠- عائیشە ﷺ دەڵێ: کاتێك پێغەمبەر ﷺ وەفاتی فەرموو، عەرەب هەڵگەڕانەوە و دەنگ و سەدای دووڕوویی بەرز بوویەوە، باوکم بەهۆی ئەوەوە ناخۆشی و دڵتەنگییەکی وای کەوتە سەر، ئەگەر کەوتبا سەر چیا بڵندەکان بەرگەیان نەدەگرت، هەرکاتێك لە شتێك ناکۆکییان هەبوایە، باوکم بە خێرایی دەچوو خراپەکانی ڕاست دەکردنەوە و بەرەو ڕێی ڕاست ئاڕاستەی دەکردن، پاشان باسی عومەری کوڕی خەتتابی کرد و لەبارەی ئەو گوتی: کارەکانی بەدروستی بەجێ دەهێنا، کەس وەك ئەو نەبوو، پێشتر پیلانی بۆ کارەکان دادەنا[3]).

---

[1] ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: پێش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ کە هاوەڵانی دیکەیان بە یەك چاو سەیر کردبێ، مانای وا نییە پاشانیش عەلییان ﷺ لەوانی دیکە پێ باشتر نەبوبێ، خواش زانا‌تره، پێشترێش لەو فەرموودەی لە بەشی پێشتر لە ئیبنو عومەرەوە ڕامانگواست، بەڵگەی بە باشتر سەیر کردنی عەلی بوو لەلایەن ئیبنو عومەرەوە (بڕوانە: فتح الباری، ١٣/٧، کتاب فضائل الصحابة، باب مناقب عثمان بن عفان ﷺ، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٩٧).

[2] ترمذی و ابو داود ڕیوایەتیان کردووە {ئەبو داود لە سونەنەکەی ڕیوایەتی کردووە، کتاب الزکاه، باب الرخصة فی ذلك، ١٠٧/٣-١٠٨، ژمارەی فەرموودە: ١٦٧٨، لێکۆڵەری کتێبەکە (شوعەیب ئەرنەئوت) دەڵێ: حدیث حسن، هەروها ترمذی لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، أبواب المناقب عن رسول الله ﷺ، باب مناقب أبی بکر الصدیق ﷺ...، ٦١٤/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٧٥، ترمذی لەبارەی فەرموودەکە دەڵێ: هذا حدیث حسن صحیح} -گ

[3] ترمذی و ابو داود ڕیوایەتیان کردووە.

١١- لە عەلی کوڕی ئەبو تالێبەوە ﷺکە لەسەر مینبەری کوفە دەیگوت: باشترینی ئەو ئومەتە لە پاش پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەبوبەکرە، پاشان عومەر، "ئیبنوتەیمیە" دەڵێ: ئەو وتەیە موتەواتیر[١] بووە لە زیاتر لە هەشتا ڕێگەوە لێی ریوایەت کراوە[٢].

١٢- ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەگێڕێتەوە: "سوەیدی کوڕی غەفلە" هاتە لای عەلی ﷺ کە ئەو کات خەلیفە بوو، پێی گوت: بەلای چەند کەسێك دا ڕۆیشتم، باسی ئەبوبەکر و عومەریان بە خراپە دەکرد، دەیانگوت تۆش خۆشیت لەوان نایێ، عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئیشیان لەگەڵ بوو، کە یەکەم کەسانێك بوون ئەو قسانەیان بە ئاشکرایی کرد، پێشەوا عەلی ﷺگوتی: ئەو ڕەش و پیسە چ کاری بەمنە؟ پەنا بەخوا کە بەرامبەر ئەبوبەکر و عومەر هیچ نیازێکی خراپم هەبێ، عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی بەرەو "مەدائین[٣]" نەفی کرد، پاشان گوتی: نابێ من و ئەو لەیەك شار دابنیشین، چوو بۆ سەر مینبەر و خەڵك لێی کۆبوویەوە، ئیبنو حەجەر چیرۆکەکە لە ستایشتی ئەبوبەکر و عومەر دەهێنێتەوە، تا ئەوکاتەی عەلی گوتویەتی: هەر کەسێك من لەوان بە باشتر بزانێ و بانگەشەی بۆ بکا و پێم بگاتەوە، دارکاری دەکەم[٤].

چەند دەقێك لەبارەی جێنشینبوونی ئەبوبەکر ﷺ :

١- عائیشە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە نەخۆشی وەفاتیدا پێی فەرموم:

---

[١] موتەواتیر: کۆمەڵێکی زۆر ریوایەتێك لە کۆمەڵێکی زۆری پێشی خۆیان بگێڕنەوە، تا ئەو کاتەی ریوایەتەکە دەگاتەوە سەر بوێژی خۆی و هەر لەسەر ئەو مەرجە بمێنێتەوە، واتە لە هەموو چینەکانی گێڕانەوەی ریوایەتەکە کۆمەڵێکی وا ریوایەتی بکەن کە نەکرێ هەموویان کۆك بن لەسەر درۆ (بڕوانە: مقدمه ابن صلاح، لا: ٢٦٧) — گ.

[٢] منهاج السنة، ٣/١، ئیبنو کەسیر دەڵێ: لە پێشەوا عەلییەوە موتەواتیر بووە کە لەسەر مینبەری کوفە گوتویەتی: (خەڵکینە!... باشترینی ئەو ئومەتە لەدوای پێغەمبەرەکەی ئەبوبەکرە، پاشان عومەر، ئەگەر حەزم لێ بێ سێیەمیش دەڵێم، البدایة و النهایة، ٣٣٤/٧.

(٣) مەدائین: سەلمان پاك، دەکەوێتە دووری چەند کیلۆمەترێك لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغداد—گ.

[٤] لسان المیزان، ٢٩٠/٣.

بانگی ئەبوبەکری باوك و براتم[1] بۆ بکە، تا پەیمانێك بنووسم، دەترسم کەسێك هەبێت حەز بکات ببێتە جێنشین لە شوێنی من و بڵێ من شایانی ئەو شوێنەم، بەڵام خوا و ئیمانداران تەنیا ئەبوبەکریان دەوێ[2].

٢- جوبەیری کوڕی موتعیم ﷺ دەڵێ: ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکرد جارێکی تریش بێتەوە، ئافرەتەکە گوتی: ئەدی ئەگەر هاتمەوە و تۆم نەبینییەوە (واتە: وەفاتت کردبوو) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر منت نەبینییەوە وەرە لای ئەبوبەکر[3].

٣- ئەبوموسای ئەشعەری ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ نەخۆشکەوت، نەخۆشییەکەی توندی کرد، فەرمووی: فەرمان بە ئەبوبەکر بکەن با پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، عائیشە گوتی ئەی پێغەمبەری خوا! ئەو پیاوێکی دڵ ناسکە، لەوانەیە نەتوانێ لە شوێنی تۆ نوێژ بکا، دیسان فەرمووی: فەرمان بە ئەبوبەکر بکەن با پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات، جاری سێیەم فەرمووی: فەرمان بە ئەبوبەکر بکەن با پێشنوێژی بکا، ئێوە وەك ژنەکانی سەردەمی یوسفن، بە ئەبوبەکریان ڕاگەیاند، بەم جۆرە لەکاتی ژیانی خۆشەویست ﷺ پێشنوێژی بۆ خەڵکی کرد[4].

٤- لە "عائیشە"وە ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: هەوز و گەلێك

---

[1] لە ڕووی باوەڕەوە برایەتی، لە نەسەبیشەوە باوکییەتی - گ.

[2] دەستەواژەکە بەو جۆرە "موسلیم" لە سەحیحەکەی ڕیوایەتی کردووە، ژمارەی فەرموودە: ٢٣٨٧، هەروەها ئیمام نەحمەدیش لە موسندەکەی، ١٤٤/٦، بە دەستەواژەی نزیك لەویش بوخاری لەسەحیحەکەی ڕیوایەتیان کردووە، کتاب الأحکام، باب الاستخلاف، ٨٠/٩، ژمارەی فەرموودە: ٧٢١٧.

[3] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة، باب قول النبی ﷺ: لو کنت متخذا خلیلا لاتخذت أبا بکر خلیلا، ٥/٥ ژمارەی فەرموودە:٣٦٥٩.

[4] لە فەرموودە موتەواتیرەکانە، بوخاری لەسەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب الأذان، باب حد المریض أن یشهد الجماعة، ١٣٣/١، ژمارەی فەرموودە: ٦٦٤ و موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب الصلاة، باب استخلاف الإمام إذا عرض له عذر من مرض أو سفر...، ٣١٣/١، ژمارەی فەرموودە:٤١٨.

ئەبوبەکریان تێدا بێت، بۆیان نییە کەسی دیکە بکەنە پێشەوایان[1].

٥- حوزەیفە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ئەو دوو کەسەی لەدوای منن بیانکەنە پێشەوای خۆتان، ئەبوبەکر و عومەر[2].

٦- ئەنەس ﷺ دەڵێ: هۆزی "بەنو موستەلەق" منیان نارد بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کە لێی بپرسم پاش وەفاتی ئەو زەکاتەکانمان بدەینە کێ؟ منیش هاتم و لێم پرسی، فەرمووی: بیدەنە ئەبوبەکر[3].

٧- سەفینە ﷺ دەڵێ: کاتێك پێغەمبەر ﷺ مزگەوتی دروست دەکرد، بەردێکی لە دیوارەکە دانا، بە ئەبوبەکری فەرموو: (وەرە بەردەکەت لە تەنیشت بەردەکەی من دابنێ) پاشان بە عومەری فەرموو: (عومەر وەرە بەردەکەت لە تەنیشت هی ئەبوبەکر دابنێ) پاشان بە عوسمانی فەرموو: (بەردەکەت لە تەنیشت ئەوەی عومەر دابنێ) پاشان فەرمووی: ئەوانە جێنشینن لەدوای من[4].

٨- ئیبنو عومەر ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: لە خەو پێم نیشاندرا لەسەر بیرێك بوین، چەند جارێك ئاوم لە بیرەکە دەرهێنا، پاشان ئەبوبەکر هات و ئەویش یەك دوو جاران ئاوی لە بیرەکە بە لاوازی دەرهێنا {ئامادەیە بۆ کورتی ماوەی جێنشین بوونی}، خوای گەورە لێی خۆش دەبێ، پاشان عومەری کوڕی خەتتاب هات و

---

[1] ترمذی ریوایەتی کردووە لە سونەنەکەیدا، أبواب المناقب عن رسول الله ﷺ، باب مناقب أبی بکر الصدیق ﷺ، بابٌ منه، ٦١٤/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٧٣، ترمذی لەبارەی ئەو فەرموودەیە دەڵێ: "هذا حدیث غریب".

[2] نیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەی ریوایەتی کردووە، ٣٨٣/٥-٣٨٥، و ئیبنو ماجە لە سونەنەکەی، المقدمه، (١١) و حاکم لە موستەدرەك، معرفه الصحابه، ٧٥/٣، حاکم فەرموودەکەی بە سەحیح داناوە و نیمامی زەهەبیش هاوڕایەتی.

[3] حاکم لە موستەدرەك ریوایەتی کردووە، معرفه الصحابه، ٧٧/٣، حاکم فەرموودەکەی بە سەحیح داناوە و نیمامی زەهەبیش هاوڕایەتی.

[4] "ئیبنو حیببان" بە سەنەدێك ریوایەتی کردووە کە ئەبو زەرعە لەبارەی دەڵێ "لا بأس به" حاکمیش ریوایەتی کردووە بە هەمان مانا بە کەمێك جیاوازی، حاکم فەرموودەکەی بە سەحیح داناوە و نیمامی زەهەبیش هاوڕایەتی، بەیهەقیش ریوایەتی کردووە.

زۆری ئاو دەرهێنا، کەسم نەبینی وەك ئەو ئاو دەربهێنێ و خەڵکی تێنوێتییان شکا[1].

ئایا پێغەمبەر ﷺ باسی جێنشین بوونی ئەبوبەکری کردووە؟

زانایان لەسەری کۆك نین، بەڵام ئەوەی لەو ریوایەتانەی هێنامانەوە ورد بێتەوە، دەبینێت بە ئاشکرا پێغەمبەر ﷺ لەبارەی جێنشینبوونی ئەبوبەکر دواوە، ئەوە ڕای کۆمەڵێکە لە فەرموودەناسەکان.

زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننە و موعتەزیلە و خەوارێجەکان دەڵێن پێغەمبەر ﷺ باسی جێنشینبوونی کەسی نەکردووە، بەڵگەی ئەو ڕایە: بوخاری ریوایەتی کردووە کە پێغەمبەر ﷺ کاتێك نەخۆش کەوت، عەببباس بە عەلی گوت: من وا هەست دەکەم پێغەمبەر ﷺ بەو ئازارەی وەفات بکا، من مردن لە نێوچەوانی بەنو عەبدولموتتەلێب دەناسمەوە کە کاتی مردنیان دێت، وەرە با لێی بپرسین، پاش ئەو کێ ببێتە جێنشین؟ ئێمەین یان خەڵکی دیکەیە؟ با پێمان بڵێ و بزانین، عەلی گوتی: وەڵڵاهی ئەگەر ئێمە لە پێغەمبەرمان ﷺ پرسی و ئەو کارەکەی بۆ ئێمە دانەنا، خەڵکی لەپاش وەفاتی ئەو ناماندەنێ، وەڵڵاهی من لێی ناپرسم[2].

"بەززار"یش ریوایەتی کردووە لە "حوزەیفە"وە ﷺ دەڵێ: گوتیان: ئەی پێغەمبەری

---

[1] متفق علیه، بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب التعبیر، باب نزع الذنوب أو الذنوبین من البئر بضعف، ١٤٨/١٠، ژمارەی فەرموودە: ٧٠٢٠، موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة ﷺ، باب من فضائل عمر ﷺ، ١٨٦٠/٤، ژمارەی فەرموودە: ٢٣٩٢.

[2] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، {کتاب المغازی، باب ذکر مرض النبي ﷺ و وفاته، ١٢/٦، ژمارەی فەرموودە: ٤٤٤٧ -گ}، قازی ئیبنولعەرەبی دەڵێ: ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر پوچی قسەی ئەوانەی دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ بە ئاماژە عەلی ﷺ دەستنیشان کردووە بۆ جێنشینبوون، چ جای ئەوەی دەقی تایبەتی لەسەر بابەتەکە هەبێت؟ (العواصم من القواصم، لا: ١٨٧).

خوا، جێنشینێکمان بۆ دیاری ناکەی؟ فەرمووی: "ئەگەر جێنشینتان بۆ دابنێم، وە ئێوەش لە فەرمانی لابدەن، عەزاب دادەبارێتە سەرتان[1]".

"بوخاری" و "موسلیم" ریوایەتیان کردووە: کاتێك ئیمامی عومەر بریندار کرا، گوتی: ئەگەر جێنشینتان بۆ دابنێم، ئەوە کەسی لەمن باشتریش جێنشینی بۆ دانـاون، مەبەستی ئیمامی ئەبوبەکر بووە، وە ئەگەر لێشتان گەڕێم و جێنشینتان بۆ دانەنێم ئەوە لەمن باشتر جێنشینی بۆ دانەناون – مەبەستی پێغەمبەر ﷺ بوو[2].

جگە لەو بەڵگانە بەڵگەی دیکەش هەن لەبارەی جێنشین دانەنان.

ئەگەر بانەوێ هەردوو ڕایەکـە لەیـەکتری نزیـك بکەینـەوە، دەڵـێین: ئەوانـەی ئـەو بابەتەیان ڕەتکردۆتەوە مەبەستیان ئەوەیە کەسی بەتایبەتی دیاری نەکردووە بۆ بوون بـە جێنشین، فەرمانی پێ نەکردووە، ئەوانەی ڕاشیان وایە پێغەمبەر ﷺ جێنشـینی دیـاری کردووە، مەبەستیانە کە پێغەمبـەر ﷺ بەتایبـەت دەستنیشـانی کـردووە و ئامـاژەی پێکردووە، لە نێوان وەسیەت کـردن بـە جێنشـینکردن و هەواڵـدان بـە جێنشـین بـوون جیاوازی هەیە.

---

[1] بەززار لە موسنەدەکەیدا ریوایـەتی کـردووە لەمیانـەی فەرمودەیـەکی درێـژ، پاشـان دەڵـێ: لـە "حوزەیفە"وە تەنیا بەو سەنەدیە ریوایەت کراوە، "ابو یقظان" ناوی عوسمانی کوڕی عومـەرە، لاوازە، هەسەمیش لە "مجمع الزوائد" هەمان قسە دەکا (مختصر مجمع الزوائد، ١٧٦/٥)، حـاکمیش ریوایـەتی کردووە بەلام لاوازییەك لە سەنەدەکەی هەیە، لە سەنەدەکەی ئەمیش عوسمانی کـوڕی عومـەر هەیـە، "زەهەبی" لە پـەراوێزدا دەڵـێ: "لاوازە". {بڕوانـە: مسـند البـزار، ٢٩٩/٧، ژمـارەی فـەرموودە: ٢٨٩٥، و: المستدرك على الصـحيحين، الحـاكم النيسـابورى، ٧٤/٣، ژمـارەی فـەرموودە: ٤٤٣٥ - گ}.

[2] ئیمامی بوخاری لەسەحیحەکەیدا ریوایەتی کـردووە، کتـاب الأحکـام {بـاب الاسـتخلاف، ٨١/٩ ژمارەی فەرموودە: ٧٢١٨ – گ} هەروەها موسـلیمیش ریوایـەتی کـردووە، کتـاب الإمـارە {بـاب الاستخلاف و ترکه، ١٤٥٤/٣ – گ} ژمارەی فەرموودە: ١٨٢٣.

بەڵگەی ئەوە قسەکەی "ئیبنولهومام"ە، دەڵێ: واتای وتەی زۆرینەی زانایان کە دەڵێن پێغەمبەر ﷺ باسی کەسێکی دیاری کراوی نەکردووە ئەوەیە کە فەرمانی نەکردووە بە کەسێکی دیاری کراو، بەڵام لەلایەن خواوە پێی ڕاگەیاندرابوو کێ دەبێتە جێنشینی[1].

"تەقیوددین ئیبنو تەیمیە" دەڵێ: بە لێکۆڵینەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ موسوڵمانانی ڕێنوێن کردووە بۆ ئەوەی ئەبوبەکر بکەنە جێنشین، بە کۆمەڵێك بەڵگە و نیشانەی کرداری و گوفتارەکی، وەك کەسێکی ڕەزامەند و سوپاسگوزار لێی باسی کردووە، نیازیشی وابوو نوسراوێك بنووسێ، بەڵام کاتێك زانی موسوڵمانان لەسەر ئەبوبەکر ناکۆك نابن نوسراوەکەی نەنووسی، پاشان لەو پێنجشەممەی تێیدا نەخۆش کەوت دیسان نیازی وابوو بینوسێتەوە، بەڵام هەندێك کەس گومانیان بۆ دروست بوو کە ئەو نوسراوەی دەینوسێ فەرمانە و بە خەڵکی دەکات؟ یان بەهۆی نەخۆشی دەینوسێ؟ لەبەر ئەمە نوسراوەکەی نەنووسی، ئەوەندەی پێ بەس بوو کە زانی خوا و ئیمانداران کێ هەڵدەبژێرن، ئەگەر زانیبای ناکۆکی لەسەر دروست دەبێ، بێ گومان بابەتەکەی یەکلایی دەکردەوە[2].

چۆنیەتی بوونی بە جێنشین و بەشێك لە کارەکانی:

"ئەبوبەکری ئیبنولعەڕەبی" لەو بارەیەوە زۆر جوانی گووتووە، وامان بە باش زانی لێرە قسەکانی بهێنینەوە، دەڵێ:

پاش ئەوەی خوای گەورە وای بەباش زانی کە پێغەمبەرەکەی ﷺ بباتەوە لای خۆی، پێغەمبەریش ﷺ دینەکەی بۆ ئێمە تەواو کرد هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ

---

[1] المسامره شرح المسایره، لا: ٢٥٥.
[2] منهاج السنه، ١/١٣٩.

﴿أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾[1] هەر شتێکیش له دونیادا بگاتە لوتکە دەبێت کەموکورتی ڕووی تێبکا، لەبەر ئەوەی "کەمال" تەنیا بۆ خوایە، مەبەست له دونیا کردەوەی چاك و بەدەست هێنانی پاداشتی دوارۆژە، ئەوێ شوێنی وەدەست هێنانی تەواوی کەمالە کە لەلایەن خوای گەورەوە ئامادەکراوە، ئەنەس دەڵێ: هێشتا له ناشتنی پێغەمبەر ﷺ تەواو نەبووبووین، دڵمان گۆڕا و وەك خۆی نەمایەوە[2].

پاشان خوا ویستی ئیسلام سەربخاتەوە بەوەی موسوڵمانان پەیمانیان دا بە ئەبوبەکر، وەفاتی خۆشەویست ﷺ پشت شکێن بوو، کارەساتێکی گەورە بوو.

عەلی له مالّی خۆی لەگەڵ فاتیمە مانەوە و نەهاتنە دەرەوە، عوسمانیش بێ دەنگ بوو، عومەر دەنگی هەڵبڕی و گوتی: پێغەمبەر ﷺ نەمردووە، بەڵکو هەروەك چۆن خوا قسەی لەگەڵ حەزرەتی موسا کرد، بەو جۆرەش قسە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەکا و پاشی ماوەیەك دەگەڕێتەوە، دەست و قاچی خەڵکی دەبڕێ، عەببباس و عەلیش خەیاڵیان لە خۆیان دەکردەوە بەهۆی نەخۆشی پێغەمبەرەوە ﷺ عەببباس بە عەلی گوت: کاتێك بەنو عەبدولموتتەلیب ساتی مردنیان دێ، من لە ڕووخساریان هەستی پێ دەکەم... تاکۆتایی ریوایەتەکە، ڕەزای خودا لە هەموویان.

---

[1] ئایەتی ٣ لە سورەتی مائیدە، واتە: ئەمڕۆ ئایینم بۆ تەواو کردن و ئایەتەکانم هەموو بۆ ناردن و ڕێوشوێنی ئایینی ئیسلامتان بۆ ڕوون بوویەوە و نیعمەتی خۆمم ڕژاند بەسەرتاندا، ئەوەتە دەستان گرت بەسەر مەککەدا کە بنکە و مەڵبەندی هێزی کافرەکان بوو، نیشانەکانی کوفرتان تێدا نەهێشت، منیش لەناو هەموو ئایینەکاندا ئایینی ئیسلامم بۆتان هەڵبژارد.

[2] ترمذی ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب، باب في فضل النبـي الله ﷺ، بابٌ منه، {٥/٥٨٨ - گ} ژمارەی فەرموودە: ٣٦١٨، ترمذی دەڵێ: "هذا حديث غريب صحيح" ئیبنو ماجەش لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب الجنائز {باب ذكر وفاته ﷺ، ١/٥٢٢، ژمارەی فەرموودە: ١٦٣١ - گ}

هەروەها لەبارەی ئەو میراتییەش کە پێغەمبەر ﷺ بەجێی هێشتبوو بڕیان سەرقاڵ بوو، بەتایبەتی "فەدەک[1]" و "بەنی نەزیر[2]" و "خەیبەر"، ئەنسارییەکانیش داوای ئەوەیان دەکرد جێنیشین بوون لەوان بێت، یانیش یەکێك لەوان و یەکێك لە موهاجیرەکان بە هاوبەشی کارەکە ڕاپەڕێنن، ئەو سوپایەش کە پێغەمبەر ﷺ پێش وەفاتی بە سەرکردایەتی ئوسامە ڕێکی خستبوو، کارەکانیان بێ سەر و بەر بووبوون و نەیاندەزانی چی بکەن!.

خوای گەورە بەهانای ئیسلامەوە هات و هەوری تاریکی نەما، پەیمانی خوا هاتە دی بەوەی ئاینەکەی جێگیر دەکا بە تەواوی، خوا ئەو کارانەی بە ئەبوبەکر ﷺ ڕاسپارد، ئەگەرچی کاتی وەفاتی پێغەمبەر ﷺ ئەو لەلای ئامادە نەبوو، کاتێك هاتەوە، هاتە مالّی کچەکەی "عائیشە" کە پێغەمبەر ﷺ لەوێ وەفاتی کردبوو، ئەو شتەی لەسەر ڕووخساری مویارەکی پێغەمبەر ﷺ بوو لایدا و ماچی کرد و گوتی: دایك و باوکم بە قوربانت بن ئەی پێغەمبەری خوا، بە زیندوویی و بە مردوویی گەشاوە و جوان و بۆنخۆشی، سوێند بەخوا خوا دوو جار ناتمرێنێ[3]، ئەو مردنەی کە خوا لەسەری نوسیبووی ئەوە بەجێت هێنا.

پاشان چووە ناو خەڵکەکە لە مزگەوت و ئیمامی عومەریش بەو جۆرەی باسمان کرد قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، چووە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد، گوتی: ئەی خەڵکینە! ئەوەی کە موحەمەدی دەپەرست، ئەوە موحەمەد مرد، بەڵام ئەوەی خوا دەپەرستێ، خوا زیندووە و نامرێ، پاشان ئایەتی: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن

---

[1] فەدەک: ئێستا ناوی پارێزگای (الحائط)ە، نزیکەی (٢٨٠ کم) دوورە لە مەدینەی پیرۆز – گ.

[2] بەنو نەزیر: هۆزێکی جولەکە بوون لە مەدینە دادەنیشتن، پێغەمبەر ﷺ هێرشی کردنە سەر دوای ئەوەی بەو پەیمانە پابەند نەبوون کە لە نێوانیاندا بوو - گ.

[3] مەبەستی ئەوە بوو وەڵامی عومەر بداتەوە لەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگەڕێتەوە و ئەو قسەیە بێ بنەمایە.

قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّـٰكِرِينَ[1] ﴾ی خوێندەوە، خەڵکی لە مزگەوت چوونە دەرەوە و لەکۆڵانەکانی مەدینە دەیانخوێندەوە، وەک ئەوەی تازە ئەو ئایەتە دابەزیبێت و پێشتر گوێیان لێ نەبوبێ.

ئەنسارییەکان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە[2] کۆبوونەوە، باسی بابەتەکەیان دەکرد و نەیاندەزانی چ بکەن، موهاجیرەکانیش کە پێیان زانین، گوتیان با بەدوایان دا بنێرین تا بێنە لامان، حەزرەتی ئەبوبەکر گوتی بەڵکو ئێمە دەچینە لایان، موهاجیرەکان بەرەو لای سەقیفە چوون، ئەبوبەکر و عومەر و ئەبو عوبەیدەیان تێدابوو، گفتوگۆیان کرد، هەندێك ئەنساری گوتیان: با لە ئێمە پێشەوایێك هەبێ و لە ئێوەش یەك، ئینجا ئیمامی ئەبوبەکر دەستی بە قسە کردن کرد، زۆر دوا و قسەی چاك چاکی بۆ کردن، لەقسەکانی: ئێمە با ئەمیر بین و ئێوەش وەزیرمان بن، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "پێشەوایەکان لە قورەیشن[3]"، هەروەها فەرمویەتی: " لەگەڵ ئەنسارییەکان باش بن، ئەوەی باشە بوو لێیان، لێیان وەرگرن و گوێ مەدەنە خراپەکانیان[4]".

---

[1] ئایەتی ١٤٤ لە سورەتی ئالی عیمران، واتە: موحەمەدیش لە پێغەمبەرێك بەولاوە نییە لەو پێغەمبەرانەی پێش ئەو هاتن کە یا کوژران، یا بەعادەتی مردن، ئایا ئەبێ کە ئەمیش بە عادەتی مرد یا کوژرا ئێوە پاشەوپاش بگەڕێنە دواوە و لەدین وەرگەڕێن؟ بێگومان هەرکەس هەڵگەڕێتەوە و هەڵبێ زیان بە هودای گەورە ناگەیێنێ. خودا پاداشی شایانی ئەوانە ئەداتەوە کە شوکری ئەکەن لەسەر نیعمەتی ئیسلام و لەسەری ئەمێنن و خۆگر ئەبن.

[2] سەقیفەی بەنی ساعیدە بۆ ئەنسارِیی و خەڵکانی مەدینە وەک (دارونەدوە)ی قورەیشییەکانی مەککە بوو کە تێیدا کۆ دەبوونەوە -گ.

[3] موسنەدی ئیمام ئەحمەد، ٣/٤٥٥-٤٥٩، و بوخاریش لە فضائل الصحابة، باب (٥)، تەیالێسیش ریوایەتی کردووە، بوخاری بە (پێشەوایەتی لە قورەیشە، هەرکەسێك ناکۆکییان لەگەڵ دروست بکا لەسەری، خوا دەیخاتە سەر دەم و چاوی){بڕوانە: سەحیحی بوخاری، ١٧٩/٤، فەرموودەی ژمارە: ٣٥٠٠ - گ}.

[4] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، مناقب الأنصار {باب قول النبی ﷺ اقبلوا من محاسنهم و تجاوزوا عن مسیئهم، ٣٥/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٠١ – گ}.

خوا ئێمەی بە ڕاستگۆیان ناو ناوە و ئێوەش بە براوەکان[1] خوا فەرمانی بە ئێوە کردووە لەگەڵ ئێمە بن، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ [2]﴾ چەندین قسەی دیکەی لەو جۆرەشی کرد کە قسەی ڕێك و ڕاست و بەڵگەی بەهێز بوون، ئینجا ئەنسارییەکان پێی کاریگەربوون و باوەڕیان بە بەڵگەکان کرد و بەیعەتیان دا بە ئەبوبەکری سیددیق (خوا لێیان ڕازی بێ).

ئینجا حەزرەتی ئەبوبەکر بە ئوسامەی گوت: ئەو فەرمانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی کردووی جێبەجێی بکە، مەبەستی ئەوە بوو بەخۆت و بە سوپاکەتەوە بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێتان کردبوو، حەزرەتی عومەر گوتی: عەرەب لێت هەڵگەڕاونەتەوە، چۆن ئەو سوپایە بەڕێ دەکەی؟ حەزرەتی ئەبوبەکر گوتی: ئەگەر سەگ بێتە مەدینە و پڕبداتە خڵخاڵی ئافرەتە مەدینەییەکان، ئەو فەرمانەی پێغەمبەر ﷺ کردوویەتی جێبەجێی دەکەم، سوپایێك ناگەڕێنمەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی ڕۆیشتنی کردبێ.

پاشان حەزرەتی عومەر و هاوەڵی دیکەش پێیان گوت ئەگەر عەرەب زەکاتیان پێت نەدا، ئارامیان لەسەر بگرە، گوتی: سوێند بەخوا ئەگەر پارچە پەتێکیان دابێتە پێغەمبەر ﷺ و ئێستا نەیدەنە من شەڕیان لەگەڵ دەکەم[3] سوێند بە خوا ئەوەی

---

[1] ناماژە بە ئایەتی: ﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ، وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾{الحشر: ٨-٩}.

[2] سورەتی تەوبە، ئایەتی ١١٩، واتە: ئەی نەوانەی ئیمانتان هەیە لە خودا بترسن و نزیکی کارێ مەکەونەوە کە خودا پێی ڕازی نەبێ و، لەگەڵ ڕاستگۆیان هەڵسن و دانیشن.

[3] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتا الاعتصام بالکتاب و السنه {باب الاقتداء بسنن رسول الله ﷺ، ٩٣/٩، ژمارەی فەرموودە: ٧٢٨٤ – گ}، موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب الایمان، {باب الامر بقتال الناس...، ٥١/١، ژمارەی فەرموودە: ٢٠ – گ}.

جیاوازی بکا لەنێوان نوێژ و زەکات شەڕی لەگەڵ دەکەم.

لێیان پرسی: کێت لەگەڵە؟ کێ شەڕت لەگەڵ دەکا؟ گوتی بەتەنیا خۆم، هەتا دەمرم، ئەمیری بۆ سوپاکە دانا، والی بۆ ویلایەتەکان دانا، لە باشترین کارەکانی ئەوە بوو.

پاشان گوتیە فاتیمە و عەلی و عەببباس ﷺ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "میراتمان لێ ناگیرێ، ئەوەی بەجێی دەهێڵێن دەکرێتە سەدەقە[1]"، هاوەڵانیش هەمان قسەی ئەویان کرد.

پاشان گوتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بووە کە فەرمویەتی "پێغەمبەر لە هەر شوێنێك وەفات بکات، دەبێ لەوێ بنێژرێ[2]".

---

[1] بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب فرج الخمس {ژمارەی فەرموودە: ٣٠٩٢- گ} هەروەها لە کتاب مناقب أصحاب النبی ﷺ{باب مناقب قرابە رسول الله ﷺ...، ٥/٢٠، ژمارەی فەرموودە: ٣٧١١}.

[2] مالیك و ترمذی و ئیبنو ماجە ریوایەتیان کردووە، ئیبنو عەبدولبەر دەڵێ: لە چەند ڕوویەکەوە سەحیحە، ئیبنو ماجەش لە (الجنائز، ژمارەی فەرموودە: ١٦٣٨) ریوایەتی کردووە، لە ڕاویەکانی (حوسەینی کوڕی عەبدوللای کوڕی عەببباسی هاشمی) تێدایە، کە دەقی ریوایەتەکە "هەر پێغەمبەرێك وەفاتی کردبێ، لەو شوێنە نێژراوە کە وەفاتی تێدا کردووە" ترمذیش لە (الجنائز، ژمارەی فەرموودە: ١٠١٨) ریوایەتی کردووە، دەقەکەی "خوا ڕووحی هەر پێغەمبەرێکی کێشابێ، ئیللا لەو شوێنە نێژراوە کە پێی خۆشە تێیدا بنێژرێ" ئەبو بەکر گوتی: لە شوێنی جێگای نوستنەکەی بینێژن. ترمذی دەڵێ: "عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکری مەلیکی" لە بارەی دەرخ کردنییەوە بە لاواز دانراوە، ئەحمەدیش لە موسنەدەکەی (٧/١) ریوایەتی کردووە لە ئەبو بەکرەوە، بە دەستەواژەی "هیچ پێغەمبەرێك نەنێژراوە مەگەر لەو شوێنە نەبێ کە لێی وەفاتی کردووە"، ئیبنو سەعدیش لە تەبەقاتەکەی (٣/٧٤-٧٥) ریوایەتی کردووە، لە ئەبو مولەیکەوە بە شێوەی "مورسەل"، بە دەستەواژەی "خوا ڕووحی هیچ پێغەمبەرێکی نەکێشاوە، ئیللا لەو شوێنە نێژراوە کە ڕووحی تێدا کێشراوە"، ئەبو یەعلاش لە موسنەدەکەی (١/٣٢-٣٣) ریوایەتی کردووە، لە ئیبنو عەببباسەوە لە ئەبو بەکرەوە، بەیهەقیش لە (السنن الکبری، ٣/٤٥٧) ریوایەتی کردووە، لە ڕێگای ئیبنو ئیسحاقەوە ئەویش لە ئەبو یەعلاوە.

لەو هەموو قسانەشی کە دەیکردن، باوەڕ بەخۆ و دامەزراو بوو، لێرە قسەکانی قازی ئیبنولعەرەبی تەواو بوون[1].

ئیبنو ئیسحاقیش لە "زوهری"ەوە ئەویش لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە: کاتێک "ئەبوبەکر" لە "سەقیفە" بەیعەتی پێ درا بۆ بەیانییەکەی لەسەر مینبەر دانیشت، پێش ئەوەی دەست بە قسەکردن بکا، ئیمامی عومەر وتاری دا، سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان گوتی: خوا کاری ئێوەی داوەتە دەست باشترینتان، دووەم کەس بوو لە ئەشکەوت لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەی هەڵسن و ئێوەش بەیعەتی بدەنێ، خەڵکی هەستان و بەیعەتێکی گشتییان پێ دا، ئەبوبەکر دەستی بە قسەکردن کرد و سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان گوتی: "ئەی خەڵکینە، کراومەتە جێنشینی پێغەمبەر و کار و باری ئێوەم دراوەتە دەست، ئەگەرچی ئەمن لە هەمووشتان باشتر نیم، ئەگەر کاری باشم کرد یارمەتیم بدەن، ئەگەر خراپەشم کرد ڕاستم بکەنەوە، ڕاستگۆیی ئەمانەت و درۆش خیانەتە، بێ هێزتان لای من بەهێزە تا ئەوکاتەی مافەکەی بۆ دەگەڕێنمەوە بە پشتیوانی خوا، بەهێزیشتان بێ هێزە لام تا ئەوکاتەی مافی خەڵکی لا بێت و لێی وەرگرمەوە بە پشتیوانی خوا، هەر گەلێك وازیان لە جیهاد لە پێناوی خوا هێنا، خوا زەلیلیان دەکا، بەدڕەوشتی لە هەر هۆزێك بڵاوبوویەوە خوا بەڵاو ناخۆشیی گشتییان بۆ دەنێرێ، تا ئەو کاتەی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر بەجێ دەهێنم، ئێوەش فەرمانەکانم بەجێ بهێنن، ئەگەر بێ فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەیم کرد، فەرمانم بەسەر ئێوە نامێنێ، هەڵسن و نوێژەکانتان بکەن ڕەحمەتی خواتان لێ بێ[2]".

کۆڕایی لەسەر جێنشینی ئەبوبەکر:

بەیهەقی لە "زەعفەرانی"یەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: گوێم لە "شافیعی" بووە گوتویەتی: خەڵکی هەموو کۆڕا بوون لەبارەی "ئەبوبەکر" لەبەر ئەوە بوو کارووباری

---

[1] العواصم: لا: ٥١، ٣٧.

[2] البدایه والنهایه، ٢٤٨/٥، ئیبنو کەسیر دەڵێ: ئەو ریوایەتە سەنەدکەی سەحیحە.

خەڵکی ئالۆز ببوو لە پاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ کەسیان باشتر نەدۆزییەوە لە ئەبوبەکر، بۆیە کار و باری خۆیانیان ڕادەست کرد[1].

ئیمامی نەوەوی دەڵێ: ئومەت کۆدەنگن لەسەر دروستی جێنشینی ئەبوبەکر، هاوەڵان ئەویان کردە پێشەوایان لەبەر ئەوەی لە هەموویان باشتر و شایەنتر بوو، چیرۆکی بەیعەت پێدانیشی لە هەردوو کتێبە سەحیحەکە {بوخاری و موسلیم} هەیە.

عەلی ﷺ گوتی: پێغەمبەر ﷺ بۆ نوێژ ئەبوبەکری پێشخست، منیش لەوێ بووم، نەخۆشیش نەبووم، ئەگەر بیویستبایە منی پێش دەخست، بۆ دونیامان ڕەزامەند بووین بە ڕەزامەندی خوا و پێغەمبەرەکەی بۆ دینمان[2].

ئایا عەلی لەسەرەتا بەیعەتی دا بە ئەبوبەکر ﷺ یان دواکەوت؟

چەند ریوایەتێکی لەیەکتری جیاواز هاتوون لەبارەی بەیعەتی ئیمامی عەلی، ئایا دوای وەفاتی حەزرەتی فاتیمە بەیعەتی بە ئیمامی ئەبوبەکر داوە؟ یان هەر لەسەرەتاوە بەیعەتی داوەتێ؟.

لەو ریوایەتانەی لەبارەی دواکەوتنن: بوخاری ریوایەتی کردووە، لە عائیشەوە ﷺ دەڵێ: فاتیمە لە ئەبوبەکر داوای میراتی خۆی کرد لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەو شتانەی کە لە مەدینە خوا کردبوویە بەشی پێغەمبەر ﷺ یان لەو پارچە زەوییەی "فەدەك" و نەو بەشەش لە پێنج یەکی خەیبەر مابوویەوە، ئەبوبەکر گوتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ئێمەی پێغەمبەران شتمان نابێتە میرات، ئەوەی بەجێشمان هێشت دەبێتە سەدەقە، خانەوادەی موحەمەد لەو سامانە دەخۆن" سوێند بەخوا هیچ لە سەدەقەی پێغەمبەر

---

[1] بەیهەقی ئەو ریوایەتەی لە "مناقب الشافعی ٤٣٤/١" هێناوەتەوە -گ.

[2] تهذیب الاسماء و الصفات، النووی، ١٩١/٣، هەروەها بڕوانە بەشی (هەڵوێستی عەلی لەبارەی سێ خەلیفەکە) لەم کتێبە.

ﷺ ناگۆڕم، وەك خۆی دەیهێڵمەوە كە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ وەها بوو، ئەبوبەكر هیچ لەو شتانەی فاتیمە داوای كردن نەیدا پێی، بەمەش فاتیمە لە ئەبوبەكر تۆزا و تا ئەوكاتەی وەفاتی كرد قسەی لەگەڵ ئەبوبەكر نەكرد، ئەو كاتی وەفاتیشی كرد، هاوسەرەكەی "عەلی" بە شەو ناشتی، ئەبوبەكر بانگی بۆ نوێژكردن لەسەری پانەدێرا، نوێژی لەسەر كرد[1]، خەڵكی لەبەر فاتیمە بیانوویان بۆ عەلی دەهێنایەوە كە نایەتە مەجلیسی ئەبوبەكر لەبەر نەخۆشی فاتیمە و دڵتەنگی لەسەر كۆچی دوایی باوكی، لەبەر ئەوە خەڵك بەهەندیان وەرنەدەگرت كە بۆچی عەلی نایەتە كۆڕی ئەبوبەكر، ئینجار كە فاتیمە وەفاتی كرد، خەڵك چیدی ئەو بیانووەیان بۆ عەلی نەهێنایەوە و بە جۆرێكی دیكە سەیریان دەكرد[2]، عەلی ویستی لەگەڵ ئەبوبەكر ئاشت بێتەوە و بەیعەتی بداتێ، لەو چەند مانگە بەیعەتی نەدابوو، ، بەدوای ئەبوبەكری دا نارد كە بێتە مالّمان و كەس لەگەڵ خۆی نەهێنێ، پێیان ناخۆش بوو عومەری لەگەڵ بێ[3] عومەر پێی گوت: سوێند بەخوا بەتەنیا نارۆی، بەڵام ئەبوبەكر گوتی: بۆچی نەچم؟ چیم لێ دەكەن؟ چوو، عەلی شایەتو مانی هێنا و گوتی: ئێمە دەزانین پایەی تۆ چەندە، دەشزانین خودا چی پێ بەخشیوی، ئێمە چاومان لەو پایەیە نییە كە خودای گەورە داویە بەتۆ، بەڵام تۆ

---

[1] ئیبنو حەجەر دەڵێ: ئیبنو سەعید لە رێی "عەمرەی كچی عەبدولرەحمان" دەگێڕێتەوە كە: عەبباس نوێژی لەسەر فاتیمە كردووە، وە لە چەند رێگای دیكەوە ریوایەت كراوە كە: لەسەر وەسیەتی خۆی بە شەو ناشتراوە، لەبەر ئەوەی زیاتر داپۆشراو بێ، لەوانەیە كەس بە ئەبو بەكری نەگوتبێ كە وەفاتی كردووە، وا تێگەیشتبن هەوالّەكەی گەیشتووەتێ، لە ریوایەتەكە هیچ بەڵگەیەك نییە كە بڵێ ئەبو بەكر نەیزانیوە فاتیمە وەفاتی كردووە و باسی نەوەش ناكا كە نوێژی لەسەر كردبێ (فتح الباری، ٣٩٧/٧).

[2] فتح الباری، ٣٨٩/٧ {بەشێكی ئەو زانیارییانەی سەرەوە خۆی لە پەراوێز نوسرابوو، بەڵام پێویست بوو بۆ ئەوەی وەرگێڕانەكە رێك بێت قسەكان هەمووی لەگەڵ یەك بن تا مانای تەواو بدا – گ}.

[3] لەبەر ئەوەی دەیانزانی كە عومەر هیچ نادادییەك قبوڵ ناكا و لەوانەیە لەوێ ببێتە موناقەشە و گفتوگۆ و ئەو مەبەستەی كە ویستیان لەسەر بوو نەیەتە دی، لەبەر ئەوە پێیان ناخۆش بوو عومەر بێت لەگەڵی (فتح الباری، ٣٩٨/٧).

کارەکەت بێ ئێمە کرد[1]، لەبەر ئەوەی ئێمە خزمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بووین، وا تێدەگەیشتین کە بەشێکمان هەیە، تا ئەبوبەکر چاوی پڕ گریان بوو، کاتێک ئەبوبەکر قسەی کرد، گوتی: سوێند بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە، خزمانی پێغەمبەر ﷺ بەسەر بکەمەوە پێم خۆشترە لە خزمانی خۆم، ئەو شتەی لە نێوانی ئێمە و ئێوەدا بوو، لەبەر ئەوەبوو نەمویست هیچ شتێك بگۆڕم لەو شتانەی پێغەمبەر ﷺ کردوونی، ئەوانەش کە کردوونیەتی ئەوها دەکەم، عەلی بە ئەبوبەکری گوت: ئێوارە بەیعەتت دەدەمێ، کە نیوەڕۆ هات، ئەبوبەکر هەڵستا و سەر مینبەر کەوت، باسی ئەو قسانەی کرد کە عەلی بۆی کردبوو، ئەو بیانووەی عەلی هێنایەوە و بۆچی دوا کەوتووە لە بەیعەت، ئەبوبەکر باسی کرد، ئینجا عەلی هەڵسا و دەستی بە قسە کرد و باسی چاکییەکانی ئەبوبەکری کرد، گوتی: لەبەر ئەوە نەبووە بەیعەتمان پێ نەداوە چاومان لە پایەی ئەبوبەکر بێ، ئینکاری ئەوەشمان نەکردووە کە خوا ئەوی کردۆتە جێنشین لەسەر ئێمە، بەڵام ئێمە حەزمان لێبوو ڕاوێژمان پێ بکرێ، شتێکمان لە دڵمان پەیدا بوو بەهۆی ئەو کارەی، موسوڵمانان بەو قسانەی دڵخۆش بوون و پاڵپشتییان کرد.

ئەو ریوایەتە بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکات بەیعەتی عەلی بۆ ئەبوبەکر دواکەوت تا دوای وەفاتی فاتیمە.

لەو ریوایەتانەش کە پاڵپشتی ئەوە دەکەن کە لەسەرەتاوە عەلی بەیعەتی بە ئەبوبەکر داوە: ئیبنو سەعد و حاکم و بەیهەقی ریوایەتیان کردووە لە ئەبو سەعیدی خدرییەوە: کاتێك ئەبوبەکر بەسەر مینبەر کەوت لە سەقیفە، تەماشای خەڵکەکەی کرد و زوبەیری نەدیت، بەدوای دا نارد و هات، گوتی: کوڕە پووری پێغەمبەری خوا و حەواریییەکەی، گوتم نەوەك بتەوێت نێوانی موسوڵمانان لێك بترازێنی، گوتی خەمی

[1] ئەبو بەکر عوزری ئەوەی هەیە کە دەترسا بەیعەت دان پێی دوا بکەوێت و کار و باری مسوڵمانان گرژ بێت، لەبەر ئەو کۆبوونەوەی کە ئەنساریەکان لە سەقیفە کردییان و پێشتر باسمان کرد، لەبەر ئەوە چاوەڕوانی نەکردن (فتح الباری، ۳۹۸/۷).

ئەوەت نەبێت ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ، هەڵسا و بەیعەتی پێدا، ئینجا لەنێوان ئامادە بووان عەلی نەبینی، بەدوای ئەویشی نارد، هات، ئەبوبەکر پێی گوت: وتم نەوەك ئامۆزا و زاوای پێغەمبەری خوا ﷺ بیەوێت نێوانی موسوڵمانان بترازێنێ؟ عەلی گوتی: خەمی ئەوەت نەبێ و هەڵسا و بەیعەتی دا[1] ﷺ.

ئیبنو کەسیر دەڵێ: ئەبو عەلی حافیز دەڵێ: گوێم لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی خوزەیمە بوو دەیگوت: موسلیمی کوڕی حەججاج هاتە لام و لەبارەی ئەو ریوایەتە لێی پرسیم، منیش لە پارچەیەك بۆم نوسییەوە، بۆشم خوێندەوە، وەك بەهای گیاندارێك کە بۆ قوربانی بشێ، گوتم ئەوەندە؟ بەڵکو قیمەتی وەك کیسەیەکی پارەیە، پاشان ئیبنو کەسیر دەڵێ: ئەو ریوایەتە سەنەدەکەی سەحیحە[2] سوودێکی زۆری تێدایە، ئەویش بەیعەتدانی عەلییە بە ئەبوبەکر لەیەکەم ڕۆژ یان دووەم ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەردا ﷺ کە ئەوەش ڕاستییەکەیە، لەبەر ئەوەی عەلی لەگەڵ ئەبوبەکر جودا نەبۆتەوە لە هیچ کاتێك، لە هیچ نوێژێك دانەبڕاوە کە ئەو پێشنوێژی کردبێ، لەکاتی کە ئەبوبەکریش بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکان لە "ذي القصة[3]" چوو، نەمیش لەگەڵیدابوو[4].

ئیبنو حەجەری هەیسەمی دەڵێ: ئەو ریوایەتەی لە ئەبو سەعیدەوە ریوایەت کراوە لەوەی کە عەلی دوا نەکەوتووە لە بەیعەتدانی بە ئەبوبەکر، ئیبنو حیببان و زانای دیکەش بە سەحیحیان داناوە، بەیهەقی دەڵێ: ئەوەش کە لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو سەعیدی خدرییەوە لەوەی کە عەلی و هەندێکی دیکەش لە بەنی هاشم،

---

[1] البدایە و النهایە، ٢٤٩/٥ – ٣٠٢/٦ – ٢٢٦/٧، حاکم لە (المستدرك ٧٦/٣ کتاب معرفە الصحابە) ریوایەتی کردووە و دەڵێ: ئەو ریوایەتە لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم سەحیحە، بەڵام ریوایەتیان نەکردووە، ئیمامی زەهەبیش هیچ سەرنجێکی لەسەر قسەکەی حاکم نییە.

[2] ئیبنو حیببان و زانای دیکەش ریوایەتەکەیان بە سەحیح داناوە (فتح الباری، ٣٩٩/٧).

[3] ذي القصة: ناوچەیەکی نزیکی مەدینەی پڕۆز بوو (بڕوانە: لسان العرب، ٧٨/٧ – گ).

[4] البدایە و النهایە، ٢٤٩/٥، ٣٠٢/٦، ٢٢٦/٧، بوخاریش لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە (کتاب الحدود)، نەحمەدیش لە موسنەدەکەی (٥٥/١) ریوایەتی کردووە.

بەیعەتیان درەنگ داوە بە ئەبوبەکر تا دوای وەفاتی فاتیمە، لاوازە، زوهری نەیگوتووە کە لە کێی گێڕاوەتەوە، ریوایەتی یەکەمیش کە لە ئەبو سەعیدە ریوایەتێکی "مەوسوڵ[1]"ە، کەواتە ئەمیان سەحیحترە.

پاشان دەڵێ: بەمەش لە نێوان ئەو ریوایەتە و ریوایەتەکەی بوخاری لە عائیشەوە جیاوازی هەیە، بەڵام هەندێکیان هەردوو ریوایەتەکەیان لەگەڵ یەکتری گونجاندووە بەوەی کە عەلی سەرەتا بەیعەتی دا و پاشان لەبەر ئەو ڕووداوەی نێوان ئەبوبەکر و فاتیمە لە ئەبوبەکر دوور کەوتەوە تا دوای وەفاتی فاتیمە[2] ئینجا دووبارە بەیعەتی دایەوە بە ئەبوبەکر، هەندێك لەوانەی ئاگایان لە ڕووداوەکان نییە وا دەزانن لەبەر ئەوەی لە ئەبوبەکر ڕازی نەبووە بۆیە بەیعەتی نەداوەتێ، بەڵام بۆ لابردنی ئەو گومانە دووبارە و بە ئاشکرا عەلی بەیعەتی دایەوە بە ئەبوبەکر.

ئیبنو ئەبی داوود لە ئیبنو سیرینەوە ریوایەتی کردووە کە گوتویەتی: کاتێك عەلی دواکەوت لە بەیعەت دان بە ئەبوبەکر، ئەبوبەکر لە ڕێگادا چاوی پێی کەوت، پێی گوت: دڵتەنگی بەوەی کە من بوومەتە خەلیفە؟ گوتی نەخێر، بەڵام ویستم مەگەر بۆ نوێژ نەبێت لەماڵ نەیەمە دەرەوە تا ئەوکاتەی قورئان کۆدەکەمەوە (گوایە بە پێی ڕیزبەندی دابەزینی قورئانی نوسیوەتەوە) بزانە ئەو هۆکارە ڕوونەی کە هەیبووە.

پاشان ئیبنو حەجەر دەڵێ: بنەما لەسەر ئەوەی باسمان کرد، زانیمان هاوەڵان و ئەوانەی لەدواشیان کۆدەنگ بوون لەوەی کە ئەبوبەکر شایستەیە بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفە، ئەو کۆدەنگییە بەسە، ئەگەرچی دەقێکیش نەهاتبێ، لەبەر ئەوەی کۆدەنگی

---

[1] مەوسوول ئەو ریوایەتەیە کە ناوی هەموو ئەو کەسانەی تێدایە کە ریوایەتەکەیان گێڕاوەتەوە تا دەگاتەوە سەرچاوەی ریوایەتەکە - گ.

[2] ئیبنو کەسیر دەڵێ کە ئەمە بۆ ڕاگرتنی دڵی فاتیمە بووە، بڕوانە: البدایە و النهایە، هەمان بەرگ و لاپەڕەکانی پێشوو.

بەهێزترە لەو دەقانەی کە بە تەواتور[1] نەهاتوون، بەڵگەی ئیجماع قەتعییە و بەڵگەی ریوایەتێك کە بە تەواتور نەهاتبێ زەنییە[2]، کۆدەنگییەکە بە "گریمانەی" دواکەوتنی عەلی و تەڵحە و زوبەیر و عەبباس تێکناچێ، لەبەر ئەوەی چەند هۆکاریان هەبووە، بەوەی کارەکە پێکهاتووە بەو کەسانەی کە حازربوون لە "اهل الحل و العقد" کە هاتووشن بیانوویان هێناوەتەوە هەروەك لە دوو کەسی یەکەم {زوبەیر و عەلی} بەچەندین ریوایەت هاتووە، لەبەر ئەوەی بەشداربیان پێ نەکراوە لە ڕاوێژ لەگەڵ ئەوەی ئەوان شایەنی ئەوە بوون بەشداربیان پێ بکرێ، لەبەر ئەوەش هۆکاری قسەکەی عومەرە کە بە سەنەدێکی سەحیح هاتووە کە گوتوویەتی:" ئەو بەیعەتە "فەلتە[3]"یەك بوو، بەڵام خوا لە شەڕەکەی لایداین".

نەوەوی بە سەنەدی سەحیح لە "سوفیانی سەوری"یەوە دەگێڕێتەوە: ئەو کەسەی بڵێ عەلی شایەنتر بوو بە جێنشینی، ئەوە ئەبوبەکر و عومەر و موهاجیر و ئەنسارەکانی بەهەڵە داناوە، وا تێدەگەم بەو ڕایەی کردەوەکانی بەرز نەبن بۆ ئاسمان، دارەقوتنیش لە عەمارِی کوڕی یاسرەوە شتێکی لەو بابەتە دەگێڕێتەوە[4].

دڵ شکانی فاتیمە لە ئەبوبەکر ﷺ:

فاتیمە لەبەر ئەوەی ئەبوبەکر لە میراتی پێغەمبەر ﷺ بێبەشی کردبوو، لەگەڵ ئەوەی کە ئەبوبەکر وەنەبێ ئەو ڕێکارەی تەنیا بەرامبەر ئەو ئەنجام دابێ، بەڵکو هەموو

---

[1] تەواتور: ئەو جۆرە ریوایەتەیە کە کۆمەڵێك کەس بیگێڕنەوە لە کۆمەڵێکی پێشی خۆیان تا دەگاتە سەرچاوەی ریوایەتەکە، بەجۆرێکی وا کە نەگونجێ هەموو ئەو کۆمەڵانە ڕێك بکەون لەسەر هەڵبەستنی گێڕانەوەکە- گ.

[2] بەڵگەی قەتعی و بەڵگەی زەننی دوو دەستەواژەی ناو زانستی "ئوسوڵی فیقە"ن، بۆ شارەزابوون بگەڕێنەوە سەر کتێبێك لەو زانستە.

[3] واتە کارێك بوو هیچ ڕێ و شوێنێکی پێشتری بۆ نەگیرابووە بەر.

[4] الصواعق، لا: ١٢-١٤.

خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بە عائیشەی کچیشیەوە، مامی پێغەمبەریشی ﷺ بێبەش کردبوو لە میراتی، هەروەک ریوایەتی سەحیح وا دەڵێ[1]، بەڵام فاتیمە وا تێدەگەیشت کە ریوایەتێك "ئاحاد" بێت ناکرێ قورئانی پێ تایبەت "تخصیص" بکرێ هەروەك گوتراوە[2]، لەو ریوایەتەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی " میراتمان لێ ناگیرێ" فاتیمە وا تێدەگەیشت کە زەوی و زار و مولکی پێغەمبەر ﷺ لێی بە میرات دەگیرێ و ئەو فەرموودە ئەو مولکانە ناگرێتەوە و تایبەتە بە شتی دیکەوە[3].

ئەبوبەکر بیانووی ئەوەی هەیە ئەو ریوایەتەی لە پێغەمبەرەوە بیستووە و بە شێوەیەکی گشتی لێکیداوەتەوە، فاتیمەش بیانووی هەیە کە داوای میراتییەکەی دەکا، لەبەر ئەوەی ناکۆکییەکەیان لەسەر مەسەلەیەکە ئەگەری لێکدانەوەی بۆ هەردوکیان تێدایە، کاتێك ئەبوبەکریش پێداگری کرد لەوەی میراتەکەی نەداتێ، فاتیمە نەدەهاتە کۆڕی ئەو، ڕەزای خودا لە هەردوکیان.

ئیبنو کەسیر دەڵێ: کاتێك ئەبوبەکر بەو ریوایەتەی لە باوکی فاتیمەوە بیستبووی، بێبەشی کرد لە میراتییەکە، ئینجا فاتیمە دووبارە داوای کرد ڕێگا بدا عەلی هەڵس و کەوت بەو مولکانە بکا کە لە خەیبەرن و میراتی پێغەمبەرن، بەڵام دووبارە ئەبوبەکر ڕێی پێ نەدا، لەبەر ئەوەی ئەبوبەکر پێی وابوو پێویستە هەموو ئەو کارانە جێبەجێ بکا کە پێغەمبەر پێی ڕاسپاردووە، ئەبوبەکری ڕاستگۆ و بەوەفا، کە شوێنی ڕاستی دەکەوت ﷺ، فاتیمەش ئافرەتێکە وەك ئافرەتانی دیکە و مەعسووم نییە، شتێك لە دڵی

---

[1] عەقاد دەڵێ: ژیری نییە کە کەسێك تانە لە خۆشەویستی نەبو بەکر بۆ پێغەمبەر بدا بەهۆی ئەوەی کە فاتیمەی لە میراتی بێ بەش کردووە، ئەگەر فاتیمە بێ بەش کراوە، عائیشەش بێ بەش کراوە، لەبەر ئەوەی لە شەریعەتی موحەمەد ئەو شتانەی لەدوای پێغەمبەران دەمێنێتەوە، نابێتە میرات، ئەبوبەکر بەو کارەی نەیویستووە ستەم لە واریسەکانی پێغەمبەر بکا کە لەتوانیشیان خۆشەویستترین کەسەکانی خۆی تێدابوو کە کچەکەی بوو، بەڵکو ویستی وەسییەتەکانی پێغەمبەر بپارێزێ کە ئەوان شایەنی پاراستنی زیاترن لە مالّ و منداڵ (العبقریات الاسلامیه، لا:٤٤٦).

[2] الصواعق، لا: ٣٥.

[3] فتح الباری، کتاب فرض الخمس، ١٥١/٦.

دروست بوو، لە ئەبوبەکر تووڕە بوو و تا ئەوکاتەی وەفاتی کرد هیچ قسەیەکی لەگەڵ ئەبوبەکر نەکرد، پێویست بوو لەسەر عەلیش هەندێك دڵی فاتیمە ڕابگرێت[1].

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: "بەیهەقی" لە ڕێی "شەعبی"یەوە ریوایەتی کردووە کە ئەبوبەکر سەردانی فاتیمەی کردووە، عەلی بە فاتیمەی گوتووە: ئەوە ئەبوبەکرە و دەیەوێ بێتە سەردانیت، ئایا ڕێی پێ دەدەی؟ فاتیمە فەرمووی لێ کردووە، ئەبوبەکر چووتە سەردانی و ئەبوبەکر ئەوی ڕازی کردووە، ئەگەر چی ئەو ریوایەتە "مورسەل[2]"ە، بەڵام تا دەگاتە شەعبی ئیسنادەکەی سەحیح و بێ کێشەیە، ئەگەر ئەو ریوایەتە دروست بێ پەردە لەسەر قسە نەکردنەکە لادەکەوێ، کە ئەوەش زیاتر لایەقی عەقل و دینی فاتیمەیە ﷺ.

هەڵوێستی سەعدی کوڕی عوبادە لە جێنشینیی ئەبوبەکر ﷺ :

زیاد لە میژوونووسێك باسی ئەوەیانکردووە کە سەعد ﷺ بەیعەتی بە ئەبوبەکر نەداوە، لە مەدینەش ڕۆیشتووە و لە شام گیرسایەوە و لە "حۆران" وەفاتی کرد، بەڵام ئەو ریوایەتە بە سەنەدێکی "سەحیح" نەهاتووە، هەروەك ئیبنو حەجەری عەسقەلانی وا دەڵێت، ئەگەر ریوایەتەکە سەحیحیش بێ "ئیبنو حەجەر" بیانوو بۆ "سەعد" دەهێنێتەوە، دەڵێ: بەیعەتی نەداوە و بەرەو شام ڕۆیشتووە، لەوێش مردووە، ئەو بیانووی هەیە بەوەی واتێگەیشتووە کە ئەنساریەکان حەقیان هەیە لە جێنشینبوونی، ئەگەر چی لەم ڕایەی هەڵەش بوو[3].

"ئیبنو تەیمیە" دەڵێ: لەبەر ئەوەی ئەنساریەکان ئەویان دانابوو بۆ پێشەوایەتی

---

[1] البدایه و النهایه، ٢٤٩/٥ و ٣٠٢/٦ و ٢٢٦/٧.

[2] ریوایەتی مورسەل: ئەوەیە کە تابیعی ریوایەت بکا بێ ئەوەی ناوی هاوەڵی پێغەمبەر ببا تێبیدا، واتە تابیعییەك بڵێ کە پێغەمبەر ئەوها فەرمووە (بڕوانە: الكوكب الوهَّاج والرَّوض البَهَّاج في شرح صحيح مسلم بن الحجاج، محمد الأمين بن عبد الله الهَرَري الشافعي ٥٠٦/١، دار المنهاج - دار طوق النجاة، الطبعة: الأولى، ١٤٣٠ هـ - ٢٠٠٩ م – گ).

[3] فتح الباری، ١٠٠/٧.

بۆیە بەیعەتی نەدا، چونکە شتێکی لە دڵی دا مابوو، لەگەڵ ئەوەش هیچ هەڵوێستێکی خراپی نەبوو ﷺ نە پشتی لە ڕاستی کرد و نە لەگەڵ ناحەقیشدا بوو، بەڵکو پێشەوا "ئەحمەد" لە "حومەیدی کوڕی عەبدولڕەحمان" ڕیوایەتی "سەقیفە" دەگێڕێتەوە، کە تێیدا ئەبوبەکر بە سەعدی گوت: تۆ دەزانی و ئاگاداربووی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "قوڕەیش ئەو کارەیان پێ ڕاسپێردراوە، لە جاهیلییەت و ئیسلامدا هەر پێشەوای خەڵکین[1]"، واتە لە جاهلییەت و ئیسلامدا ئەوان پێشەوان، سەعد گوتی: ڕاست دەڵێی، ئێوە والین و ئێمەش وەزیرین، ئەو ڕیوایەتە "مورسەلێکی حەسەنە" لەوانەیە "حومەید" ئەو ڕیوایەتەی لە هاوەڵێکەوە بیستبێ کە شایەدی ئەو ڕووداوە بوون، سودێکی زۆریش لەو ڕیوایەتە هەیە کە سەعد لەسەرەتادا داوای جێنشیبنوونی دەکرد، دواتر لەو داوایەی پاشگەز بوبەوە و گوێڕایەلی ئەبوبەکری کرد ﷺ[2].

"ئیبنو کەسیر" دەڵێ: لەبارەی بەیعەت دان بە ئەبوبەکر، لە موسنەدی ئیمام ئەحمەد هاتووە: سەعد دانی بەوەدا ناوە ئەبوبەکر گوتوبەتی ئەمیرەکان لە قوڕەیشن[3]، هەیسەمی دەڵێ: ڕاوییەکانی سەنەدەکە هەموویان باوەڕپێکراون تەنیا ئەوەندە هەیە کە "حومەیدی کوڕی عەبدولڕەحمان" ئەبوبەکری نەدیتوە[4].

"ئیبنو خەلدون" دەڵێ: تەبەری گێڕاویەتییەوە: سەعد لەو ڕۆژە بەیعەتی داوە پاشان گوتی: کاتێک پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد، ڕووداوی سەقیفەش بوو، موهاجیری و ئەنسارییەکان لە بەیعەتی ئەبوبەکر کۆدەنگ بوون، بەتەنیا سەعد نەبێت "ئەگەر ڕیوایەتەکەی سەحیح بێت" بەڵام گرنگی بەو دواکەوتنە نادرێت، لەبەر ئەوەی سەعد بەتەنیا بوو[5].

---

[1] موسنەدی ئیمانی ئەحمەد، ١/٥.
[2] منهاج السنه، ١/١٤٣.
[3] البدایه و النهایه، ٧/٣٣، و بڕوانە: ٥/٢٣٧.
[4] مجمع الزواند، ٥/١٩١.
[5] بقية الجزء الثاني، ٦٤-٦٥.

بەڵام ئیبنو حەجەری هەیسەمی بە دڵنیاییەوە دەڵێ کە سەعد بەیعەتی داوە بە ئەبوبەکر ﷺ ئەو دڵنیاییەی لەوانەیە سەرچاوەکەی لەو ریوایەتە بێت کە ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە، یان پشتی بەستبێ بەوەی تەبەری ریوایەتی کردووە، دەڵێ هاوەڵان ﷺ کۆدەنگ بوون لەسەر بەیعەتی ئەبوبەکر و ئەوەش کە دەگێڕدرێتەوە کە سەعد دواکەوتووە لە بەیعەت دان، ڕەت کراوەتەوە[1].

چەند کار و هەڵوێستێکی ئەبوبەکر لە ئیسلام

ئیمام نەوەوی لە "تهذيب الأسماء و اللغات" دا، لە ژیاننامەی ئەبوبەکری سیددیق دەڵێ:

لە ئیسلامدا چەندین هەڵوێستی بەرزی هەبوو، لە هەڵوێستەکانی ئەوەی کە شەوی ئیسرا و بەجێهێشتنی ماڵ و منداڵی و لە هیجرەت و ئەشکەوتدا و قسەکانی لە ڕۆژی بەدر و حودەیبییەش کاتێك گومان بۆ هەندێك کەس دروست بوو لە دواکەوتنی چوونە ناو مەککە، پاشان گریانی لەکاتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: "بەندەیەك لەنێوان دونیا و ئاخیرەتدا خوا سەرپشکی کردووە" دواتریش کاتی وەفاتی پێغەمبەر ﷺ کە چەند جێگیر و دامەزراو بوو و خەڵکی نارام دەکردەوە، لە چیرۆکی بەیعەت دان و هەڵسانی بە بەرژەوەندی موسوڵمانان، گرنگی دانی بە سوپای "ئوسامە" پێداگیری کردن لەسەر ناردنی بەرەو شام، دواتر شەڕ لەگەڵ هەڵگەڕاوان و گفتوگۆ لەگەڵ هاوەڵان و بەڵگە هێنانەوە بۆیان و ڕازی کردنیان، هەروەك خوا چۆن دڵی ئەمی بۆ ئەوە ڕامهێنابوو کە شەڕی هەڵگەڕاوەکان بکا و سوپای ئوسامە ڕانەگرێ، بەو جۆرەش خوا دڵی هاوەڵانی بۆ فەرمانەکانی ئەبوبەکر ڕامهێنا، دواتریش ناردنی سوپا بۆ کردنەوەی شام بەرەو ڕووی موسوڵمانان و ناردنی پشتگیری بۆیان.

---

[1] الصواعق، لا: ١١.

پاشان دوا کاری کە یەکێکە لە باشترین کارەکان و ڕێکترین ئیشەکانی، دانانی عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ کە ببێتە جێنشین لە شوێنی ئەو و زیرەکی ئەبوبەکر بەوەی زانی عومەر شایەنی جێنشینییە، ئەو بووە جێنشینی و بە شێوەیەکی زۆر باش ئەمانەتەکەی بە جێ گەیاند، ئەو هەموو کارە باشانەی عومەر کردی بە چاکەی ئەبوبەکر لە قەڵەم دەدرێ، بە ڕاستی ئەبوبەکر چاکە و هەڵوێستی ئەوەندە زۆرە کە ناتوانرێ بژمێردرێ مەگەر لای خوای گەورە حیساب بکرێن[1].

[1] تهذيب الأسماء واللغات، ٢/١٨١-١٨٢.

بەشی دووەم

خەلیفەی پێغەمبەری خوا

عومەری کوڕی خەتتاب

بەشی دووەم

پێشەوای بڕواداران عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ

هەندێك لە چاکییەکانی:

١. "ئەبو هورەیرە" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "لەو ئومەتانەی پێش ئێوە کەسانێك هەبوون ئیلهامیان[١] پێ بەخشرا بوو، ئەگەر لە ئومەتی من کەسێکی لەو جۆرەی تێدا بێت، عومەرە[٢]".

٢. "سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: " ئیبنولخەتتاب! سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هەرکاتێك شەیتان بتبینێ، ڕێگای دیکە هەڵدەبژێرێ و لە ڕێگای تۆ دوور دەکەوێتەوە[٣]".

٣. "ئەبو سەعیدی خودری" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "لە خەودا بینیم خەڵکم نیشان دەدران، هەر یەکەو کراسێکی لەبەردابوو، هی هەندێکیان تا سنگیان هاتبوو، هی هەندێکی تریش نەدەگەیشت پێیان، عومەری کوڕی خەتتابم نیشان درا کراسەکەی لەدوای خۆی ڕادەکێشا" گوتیانە پێغەمبەر ﷺ ئەو خەونە بەچی لێك

---

[١] ئیلهام پێ بەخشران: ئیبنو حەجەر لەبارەی ئەو دەستەواژەیە دەڵێ: ئیلهام پێ بەخشراو ئەو کەسەیە گومانی ڕاست دەبا بە جۆرێك لەلایەن مەلائیکەتەکانەوە هەندێك شت دەناخرێتە ناو زەین و دڵیان دواتر لەگەڵ واقیع و ڕاستی ئەو ڕووداوانەی دێنە پێش دەگونجێ. (بڕوانە: فتح الباری، ٧/٥٠، بە کورتکراوەیی) — گ.

[٢] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، فضائل الصحابة، {باب مناقب أبی حفص عمر بن الخطاب ﷺ... ، ٥/١٢، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٨٩ — گ} موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، فضائل الصحابة، {باب من فضائل عمر ﷺ، ٤/١٨٦٤، ژمارەی فەرموودە: ٢٣٩٨ — گ}.

[٣] بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب فضائل أصحاب النبی ﷺ، {باب فضائل عمر بن الخطاب ﷺ... ، ٥/١١، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٨٣ - گ}، موسلیمیش ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا کتاب فضائل الصحابة ﷺ، {باب من فضائل عمر ﷺ، ٤/١٨٦٣، ژمارەی فەرموودە: ٢٣٩٦ - گ}.

دەدەیتەوە؟ فەرمووی "دین[1]".

٤. "ئیبنو عومەر" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "خوای گەورە حەقی خستۆتە سەر زمان و دڵی عومەر[2]".

٥. "ئیبنو عومەر"ﷺ دەڵێ: لەکاتی هەر ڕووداوێک ئەگەر خەڵکی ڕایەکیان هەبوایە و عومەریش ڕایەکی دیکەی هەبوایە، قورئان بەگوێرەی ڕایەکەی عومەر دادەبەزی[3].

٦. "عوقبەی کوڕی عامیر" لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: "ئەگەر لەدوای من پێغەمبەرێك هەبوایە عومەری کوڕی خەتتاب دەبوو[4]".

٧. "ئیبنو عومەر" ﷺ دەڵێ: هەر کاتێك زانیبم عومەر گومانی بۆ شتێك چووە، هەموو جاران گومانەکەی بە ڕاستی گەڕاوە[5].

چۆنیەتی جێنشینبوونی عومەر ﷺ:

پێشتر هەندێك دەقمان هێنایەوە لەبارەی جێنشین بوونی لە شوێنی پێشەوا ئەبوبەکر

---

[1] بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب فضائل الصحابة{ باب فضائل عمر بن الخطاب ﷺ... ، ١٢/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٩١}، موسلیمیش ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب فضائل الصحابة، { باب من فضائل عمر ﷺ، ١٨٥٩/٤، ژمارەی فەرموودە: ٢٣٩٠ - گ}.

[2] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، أبواب المناقب، { باب فی مناقب أبی حفص عمر بن الخطاب ﷺ، ٦١٧/٥ - گ}، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٨٢، ترمذی لەبارەی نەو فەرموودەیە دەڵێ: "هذا حدیث حسن غریب من هذا الوجه"، ئیمامی ئەحمەدیش لە موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە، ٥٣/٣.

[3] ترمذی ریوایەتی کردووە لە سونەنەکەیدا {باب في مناقب أبي حف عمر بن الخطاب ﷺ، ٦١٧/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٨٢ – گ}، لە پازدە شوێنان قورئان هاوتای ڕای عومەر دابەزیوە.

[4] ترمذی ریوایەتی کردووە لە سونەنەکەیدا، ابواب المناقب، ٦١٩/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٨٦، ترمذی لەبارەی ئەو فەرموودەیە دەڵێ: هذا حدیث حسن غریب.

[5] بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب مناقب الانصار، {باب اسلام عمر بن الخطاب ﷺ، ٤٨/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٨٦٦ – گ}.

ﷺ "نەوەوی" لە کتێبی "تهذیب الأسماء واللغات" دەڵێ: پێشەوا عومەر بوو بە جێنشین بەو وەسیەتەی ئەبوبەکر بۆی کرد و ئەوی دانا ﷺ پێشتر ئەبوبەکر ڕاوێژی بە هاوەڵان کردبوو "عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف" گوتبووی: عومەر باشترین کەسە بۆ ئەو کارە، هەروەها لەگەڵ عوسمانی کوڕی عەففانیش قسەی کردبوو، ئەویش گوتبووی: تۆ لە هەموومان باشتر دەیناسی، ناخی باشترە لە ڕووکەشی، کەسمان تێدا نییە وەک ئەو بێت.

"سەعیدی کوڕی زەید" و "ئوسەیدی کوڕی خوزەیر" و چەندین موهاجیر و ئەنساڕی دیکەش، ئوسەید گوتی: باشترین کەس ئەوە لەدوای تۆ، ڕاستیی پەسەندە و لە ناحەقی تووڕە دەبێ، ناخی باشترە لە ڕووکەشی، کەس نییە لەو باشتر بێت و ئەو کارە وەرگرێ، پاشان ئەبوبەکر بانگی عوسمانی کوڕی عەففانی کرد، گوتی بنووسە:

(بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەوە ئەو پەیمانەیە کە ئەبوبەکری کوڕی ئەبو قوحافە دەیدات لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی کە لە دونیا دەچێتە دەرەوە و لەیەکەم ڕۆژەکانییەتیَ لە قیامەت، لەو ڕۆژی کافرەکان ئەمانەتیان پێ ڕادەسپێردرێ و گوناهکاران پشتییان پێ دەبەسترێ، لەدوای خۆم عومەری کوڕی خەتتاب دەکەمە جێنشین بەسەرتانەوە، گوێڕایەڵی بن، فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن، هەر شتێك وا تێگەیشتبم خێری تێدایە نەمگەڕاندۆتەوە، ئەگەر پێکام ئەوە ڕاددەی زانین و گومانی خۆم بووە، ئەگەر نەشمپێکا ئەوە هەر کەسێك و بەشی خۆی، خێرم بۆتان ویستووە، غەیبیش نازانم، بێگومان ئەوانەی ستەمیان کردووە لە ڕۆژی قیامەتدا دەزانن چ هەڵگەڕانەوەیەك هەڵدەگەڕێنەوە و چۆن پشتیان دەشکێ، سەلام و ڕەحمەتی خواتان لەسەر[1]).

[1] پێویستە باسی ئەوە بکرێ: یەکێك لەو زانایانەی لەم سەردەمان خەڵکی لە ژێر دەستی پەروەردە دەبوون، هەمان ئەو وەسیەتەی ئەبو بەکری بۆ ئەو کەسە دەنووسی کە لە ژێر دەستی پەروەردە بووە،

پاشان داوای مۆری کرد و نوسراوەکەی مۆر کرد، چووە دەرەوە و کتێبەکەی بە خەڵکەکە نیشان دا، خەڵکیش گشتیان بەیعەتیان دا بە عومەر و پاشان ئەبوبەکر وەسیەت و ئامۆژگاری عومەری کرد.

عومەر یەکەم کەس بوو بە پێشەوای بڕواداران "أمیر المؤمنین" ناسرا، "عەدی کوڕی حاتەم" و "لەبیدی کوڕی ڕەبیعە" ئەو نازناوەیان لێ نا، کاتێك لە عێراقەوە هاتنە لای، پێش ئەوە خەڵکی هەر بە (جێنشینی جێنشینی پێغەمبەری خوا) بانگیان دەکرد، پاشان لەبەر درێژی دەستەواژەکە وازیان لێ هێنا[1].

ئەو نوسراوەی پێغەمبەر ﷺ پێش وەفاتی نیازی بوو بینوسێ:

بابەتێکی ناڕوون هەیە، ئەویش ئەو ریوایەتەیە کە "بوخاری" و "موسلیم" ریوایەتیان کردووە: پێغەمبەر ﷺ کاتێك نازارەکەی توندتر بوو، فەرمووی: "نامرازەکانی نوسینم بۆ بێنن تا نوسراوێکتان بۆ بنووسم کە لە دوایدا تووشی گومڕایی نەبن"، گوتیان: پێغەمبەر ﷺ وڕێنە دەکا؟[2]، لەهەندێك ریوایەت دەڵێ کە ناکۆکییان کەوتە نێوان لە مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ کە ناشگونجێ لە مەجلیسی پێغەمبەرێك دەمەقاڵێ بکرێ، هەندێکیان گوتیان: چییەتی؟ وڕێنان دەکا؟.

لەبەر پاککردنەوەی ئەستۆی خۆی لەو گۆڕانکاری و دەستکارییانەی کە لەدوای وەفاتی لە شوێنەکەوتووانیان ڕووبدەن.

ئەو کەسەی لەو سەرنجەی سەرەوە باس کراوە مامۆستای خواناس و شەرعزان و لێکۆڵەرمان مامۆستا "محمد العریکندی" بوو، پێش ئەوەی وەفات بکا ئەو پەڕاوێزەی سەرەوەم نوسیبوو، ئەوکات ڕازی نەبوو ناوی بهێنم، لەبەر ئەوە لەو سەرنجەی سەرەوە ناوم نەهێنابوو.

[1] التهذیب، ۲/۱۱-۱۲.

[2] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب الجزیە {باب کتابە العلم، ۱/۳٤، ژمارەی فەرموودە: ۱۱٤، مەبەستیان ئەوە بووە کە لەبەر نەخۆشییەکەی ناگای لەخۆی نەماوە، ئەگەر نا هاوەڵان لەوە بە ئەدەب تر بوونە کە ئەوها بە پێغەمبەر ﷺ بڵێن - گ}.

لە هەندێك ریوایەتی دیکە دەڵێ: عومەر ﷺ گوتویەتی: پێغەمبەر ﷺ ئازارەکەی بەسەریدا زاڵ بووە {با زۆر ئازاری نەدەین} قوڕئانمان هەیە، ئەوکەسانەی لەوێ بوون جیاوازییان کەوتە نێوان، هەندێکیان دەیانویست ئامرازی نووسین بێ و هەندێکی دیکەش لەگەڵ ڕای عومەر دا بوون، دەنگیان بەرز بوویەوە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون بڕۆنە دەرەوە، ئیبنو عەببباس دەیگوت: بەڵێ بۆ ئەو کەسەی نەیهێشت پێغەمبەر ﷺ ئەو نوسراوە بنووسێ بەهۆی دەنگەدەنگ و ناکۆکییەوە.

ئەو نوسراوە چی بوو کە پێغەمبەر ﷺ نیازی نوسینی هەبوو؟ ڕافیزییەکان دەڵێن نیازی وابوو عەلی بکاتە جێنشین بۆیە عومەر نەیهێشت ئەو نووسراوە بنوسرێ.

زانایان بە جۆرێکی وا لەو ریوایەتانە دواون تێنویەتی دەشکێنی و کێشمەکێشم ناهێڵێ "نەوەوی" ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە شەرحی سەحیحی موسلیم زۆر بە درێژی باسی کردووە، لێرە بە کورتی قسەکانی ڕادەگوێزین:

"بزانە پێغەمبەر ﷺ مەعسوومە لە درۆ و گۆڕینی هیچ حوکمێکی شەرعی، لە کاتی ساغی و لە نەخۆشیدا، مەعسوومە لەوەی کە شتێك ڕوون نەکاتەوە خوا فەرمانی ڕوونکردنەوەی پێکردبێ، لەوەی شتێك نەگەیەنێ خوداش فەرمانی گەیاندنی پێ کردبێ، مەعسووم نییە لە نەخۆشی و ناساغی، ئەو نەخۆشییانەی جەستە ئەگەری تووش بوونیانی هەیە، ئەو نەخۆشییانەی تووشبوونی پێیان پایەی پێغەمبەرییتی لەکەدار ناکا.

ئەگەر ئەوەی سەرەوەت زانی، ئەوەش بزانە: زانایان ڕایان جودایە لە بارەی ئەو نوسراوەی پێغەمبەر ﷺ نیازی وابوو بینووسێ، هەندێکیان دەڵێن ویستویەتی جێنشینی دوای خۆی دیاری بکا، تاکو ناکۆکی نەکەوێتە ناو ئومەت، هەندێکی دیکە دەڵێن ویستوویەتی نوسراوێك بێ بابەتە گرنگەکانی شەرعی بە کورتی لێ ڕوون بکاتەوە، تا کۆدەنگی لەسەر شتە نوسراوەکانی ناو ئەو نوسراوە دروست بێ، سەرەتا

پێغەمبەر کاتێك وەحی بۆ هات و وای بە چاك زانی نوسراوەکە بنووسێ، بەڵام دواتر بەرژەوەندیی نەنوسینێ بۆ ڕوون بوویەوە، وەحی بۆ هات کە نەینوسێ و فەرمانی نووسینەکە بەو وەحی دووەمە نەسخ بوویەوە.

هەرچی وتەکانی پێشەوا عومەرە، زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو قسانەی کردوونی لە ژیری و تێگەیشتوویی عومەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پێغەمبەر ﷺ نوسراوەکەی نوسیبا، لەوانەبوو هەندێك شتی نوسیبا لەتوانای ئومەت نەبوایە جێبەجێیان بکا، بەهۆیەوە شایەنی ئازار دەبوون، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی دەنووسرانەوە "دەق" بوون، ئەگەری ئیجتیهاد کردنیشیان تێدا نەدەبوو، بەوەش شایەنی سزا دەبوون، عومەر گوتی: کتێبی خوامان بەسە، لەبەر ئایەتی: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ﴾[1]، هەروەها ئایەتی:﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾[2]، بەوە زانیویەتی خوا دینەکەی تەواو کردووە و گومڕایی لە ئومەت بە دوور گرتووە، ویستوویەتی ئازاری پێغەمبەر ﷺ کەم بکاتەوە، بەمەش عومەر ڕای پەسەند تر بوو لە ئیبنو عەببباس و هاوڕایەکانی "بەیهەقی" دەڵێ: ئەگەر پێغەمبەر ﷺ بیویستایە شتێك بنوسێ و واجب بوایە بینوسیبا، لەبەر ناکۆکی هاوەڵان وازی لێ نەدەهێنا، لەبەر فەرمانی: ﴿ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ[3] ﴾ و کاتێك ڕێی لە عومەر نەگرت لە ڕێگری کردنی لە نووسینەوەی، بەڵگەیە

---

[1] ئایەتی ٣٨ سورەتی ئەنعام، واتە: ئێمە هیچ شتێکمان لە (لوح المحفوظ) دا تەرك نەکردووە و هەموو شتێکمان تێدا هەڵگرتووە.

[2] سورەتی مائیدە، ئایەتی ٣، واتە: ئەمڕۆ ئایینم بۆ تەواوکردن و ئایەتەکانم هەموو بۆ ناردن.

[3] ئایەتی ٦٧ سورەتی مائیدە، واتە: ئەی پێغەمبەر! هەرچیت لەلای خواوە بۆ نێردراوە بۆ ئەوەی بیگەیێنی بە خەڵك، هەموو بگەیێنە.

پێغەمبەر لە دوای ئەوەی داوای پێویستییەکانی نووسینی کرد سێ ڕۆژان ژیا، لەو سێ ڕۆژە دووبارە داوای نەکردەوە و بە هیچ جۆرێك باسی جێنشین بوونی نەکرد، لەگەڵ ئەوەی لەو ڕۆژەدا یان لە ڕۆژی پاش ئەودا چەندین فەرموودەی دیکەی فەرمو، لەو فەرموودانەی: ئیمامی عەلی ریوایەت دەکا کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "نوێژ و زەکات و ئەوانەی کە لە ژێر دەستتانن، ئاگاتان لێبان بێت" بەیهەقی و ئەحمەد ریوایەتیان کردووە، هەروها فەرموودەی: "لەعنەتی خوا لە جوولەکەکان و گاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرانی خۆیان کردووە بە سوجدەگا" بوخاری ریوایەتی کردووە.

لەسەر بە ڕاست دانانی عومەر.

"بەیهەقی" دەڵێ: زانایان دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ نیازی وا بوو فەرمانی جێنشینبوونی ئەبوبەکر بنوسێ، بەڵام کە خوا وەحی بۆ هێنا بەوەی ئەبوبەکر دەبێتە جێنشین، وازی لە نووسینەکە هێنا، لەو کاتی نیازی نووسینی نووسراوەکەی هەبوو لە سەرەتای نەخۆشییەکەی کە فەرموویووی "ئای سەرم" دواتر وازی لە نوسینەکە هێنا، پاشان کە فەرموویی: "خوا و موسوڵمانان تەنیا ئەبوبەکریان دەوێ"، پاشان ئاماژەشی بە جێنشین بوونی ئەبوبەکر کرد بەوەی کردییە پێشنوێژ[1].

"خەتتابی" دەڵێ: ناکرێ قسەکانی عومەر وا لێکبدرێتەوە گوایە قسەکانی پێغەمبەر ﷺ بە هەڵە تێگەیشتووە، یان هەر گومانێکی وا لە پایەی پێغەمبەرێتیی نەوەشێتەوە، بەڵام کاتێك بینی ئازاری پێغەمبەر ﷺ زۆر بەتین بووە، وەفات کردنی نزیك بۆتەوە، ترسا لەوەی ئەو قسەیەی دەیکا وەك قسەی نەخۆشێك بێ کە زۆر داکۆکی لەسەر ناکا و دڵی زۆر لەسەر نییە، لەبەر نەخۆشییەکەی وا دەڵێ، بەوەش دووڕووەکان کەڵێنێك دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی قسە لەسەر دین بکەن...، دەڵێ: زۆر لە زانایان ڕایان وایە لەو شتانەی وەحی نین پێغەمبەر دەکرێ نەپێکێ، هەموویان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەو شتانە بە شەریعەت دانانرێت، زانراویشە ئەگەرچی خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ لە هەموو خەڵکی دیکە بەڕێزتر کردووە، بەڵام ئەو شتانەی بەسەر هەر مرۆڤێکدا دا دێن بەسەر ئەویشدا هاتوون، لەناو نوێژیشدا جارێکیان لە ڕکاتی دووەم سەلامی داوە ئەگەرچی نوێژەکە چوار ڕکاتیش بوو، ئینکار لەو کەسە ناکرێ کە گومان ببا لەناو نەخۆشییەکەیش هەمان شتی بەسەر هاتووە، لەو کاتەدا چاوەڕێی ئەوە دەکەن

---

[1] ئیبنو حەزمیش هەمان ڕای هەیە، لە سەرنجی لەسەر ئەو فەرموودەیە "خوا و مسوڵمانان تەنیا ئەبو بەکریان دەوێ" کە بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، دەڵێ: زانرا کە ئەو نوسراوەی پێغەمبەر ﷺ نیازی بوو بینوسێ پێش وەفات کردنی بە چوار ڕۆژ، هەمان ئەو نوسراوە بوو کە پێش حەفتەیەك نیازی نوسینی هێنابوو، پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێ، زانراش کە ئەو نووسراوە بۆ ئەوە بوو کە ئەبوبەکر ببێتە جێنشین و ناکۆکی دروست نەبێ لەدوای وەفاتی ﷺ (الإحکام فی اصول الاحکام).

حەقیقەتیان بۆ ڕوون بێتەوە، لەبەر ئەو مانایە و مانای دیکەش کە لە هزری عومەر دابوون، ئەو قسەیەی کردووە ﷺ.

"مازری" دەڵێ: ئەگەر کەسێك بڵێ: چۆن دەکرێ هاوەڵان جیاوازییان بکەوێتە نێوان لەکاتێك پێغەمبەر ﷺ وتی: "ئامرازەکانی نوسینم بۆ بێنن" چۆن فەرمانەکەیان جێبەجێ نەکرد؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: لەوانەیە هاوەڵان بەڵگەیان هەبووبێ لەسەر ئەوەی ئەو نوسراوە لەسەریان واجب نییە، بەڵکو سەرپشکی کردوون تێیدا، هەر یەکەشیان لەو سەرپشککردنەیان بەپێی ئیجتیهادیان جیاواز بوو، لەوانەیە عومەر لەوە ترسابێ دووڕووەکان گومان بخەنە سەر ئەو نوسراوە کە بەتەنیا پێغەمبەر ﷺ دەینوسێ و هەندێکی بۆ زیاد و کەم بکەن و گومان بخەنە دڵی ئەوانەی دڵیان بە تەواوی لەسەر ئیمان جێگیر نەبووە، لەبەر ئەوە گوتی: قورئانمان بەسە.

"قازی عیاز" دەڵێ: ئەو وتەیە "پێغەمبەری خوا ﷺ وڕێنەی کرد؟" بەو جۆرە هاتووە لە سەحیحی موسلیم و کتێبی دیکەش "وڕێنەی کرد؟" بە شێوەی پرسیارە، ئەو ریوایەتە سەحیحترە لە ریوایەتەکانی دیکە کە بە (وڕێنەی کرد، وڕێنە دەکا) هاتوون، لەبەر ئەوەی وڕێنە لە دەرهەقی پێغەمبەر ﷺ دروست نییە، لێی ناوەشێتەوە، بەڵام ئەو وتەیە بە ئیستیفهامی ئینکاری[1] کردووە، بۆ ئەو کەسەی گوتی مەینووسن، بەواتای ئەوەی واز لە نووسینی ئەو نوسراوە مەهێنن کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی نووسینی کردبوو، وەك ئەوەی کەسێك وڕێنە بکا، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ وڕێنە ناکا، ئەگەر ریوایەتەکانی دیکەش سەحیح بن، ئەوە هەڵەی قسەکەرەکە بووە بێ لێکۆڵینەوە کردوویەتی، لەبەر ئەو موسیبەت و سەرلێشێوانەی تووشیان ببوو، کە پێغەمبەریان ﷺ بەو جۆرە دەبینی و نیشانەی نێزیك بوونەوەی مردنی بوو، لە فیتنە و ئاشووب وگومڕایی دەترسان دوای وەفاتی، وڕێنەکەی وەك ئازاری توند لێکردووە، کە

[1] الاستفهام الانكاري: پرسیارێکە بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو بابەتە دەکرێت کە پرسیاری لەبارەوە کراوە. (الكليات، أبو البقاء الكفوي الحنفي، لا: ٩٩) — گ.

عومەریش ﷺگوتی "کتێبی خوامان بەسە" ئەوە وەڵامی ئەو کەسانە بووە کە ڕایان لەگەڵی ناکۆک بوو، نەك بۆ فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ . خواش زاناترە [1].

"عەبباس مەحمود عەققاد" دەڵێ: ئەو وتەیەی دەڵێ عومەر نەیهێشت پێغەمبەر ﷺ فەرمان بە جێنشین بوونی عەلی بکات، ئەوە وتەیەکی ناڕێکە و نادادییە نەك تەنیا بەرامبەر عومەر و ئەوانەی هاوڕای بوون، بەڵکو بەرامبەر هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە.

پێغەمبەر ﷺ ئەو کتێبەی بۆ ئەوە داوا نەکرد تا وەسیەت بۆ عەلی بکا ببێتە جێنشینی، چونکە وەسیەت کردن بۆ ئەو کارە تەنیا پێویستی بە وتەیەك یان ئاماژەیەکی بچووك هەیە، وەك ئەوەی بۆ ئەبوبەکر کردی کە لە پێشنوێژی نەگەڕێتەوە دواوە، دوای ئەو داواییەی پێغەمبەر ﷺ چەند ڕۆژێك ژیا و دووبارە داوای پێداویستییەکانی نووسینی نەکرد تا ئەو وەسیەتە بنوسێ، عەلیش زۆر جاران پێغەمبەری ﷺ دەبینی، کەسیش نەبوو ڕێگری لە دیداریان بکا، فاتیمەی کچی پێغەمبەر ﷺ و خێزانی عەلیش تا ئەوکاتەی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد هەر لە خزمەتیدا بوو، ئەگەر بیویستبایە بانگی دەکرد، یان وەسیەتەکەی لەلای فاتیمە دەکرد.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی گوتمان، دەبینین پێغەمبەر ﷺ خزمانی خۆی نەدەکردە پێشەوا و سەرکار، نەیدەویست پێغەمبەرایەتی ببێتە میرات، لەگەڵ هەموو ئەو قسانەی پێشوو ئاشکرابوو کە پێغەمبەرﷺ نەیدەویست عەلی بکاتە پێشەوا و کەسێك هەبێ لێنەگەڕێ[2].

---

[1] شرح مسلم بهامش القسطلاني، ٩٦/٧-١٠١.

[2] العبقريات الاسلاميه، لا: ٦١٩.

چیرۆکی خالیدی کوڕی وەلید ﷺ و مالیکی کوڕی نوەیرە:

ئەو چیرۆکە دوژمنانی ئیسلام پەنای بۆ دەبەن بۆ ناشرین کردنی ناکاری جوانی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی لە پاڵەوان و سەرکردەکانی ئومەت بدەن، هەندێك دوژمنی ئیسلام ئەو سەرکردە ئازایەیان وەك کەسێکی شەهوانی و خوێنرێژ وێنا کردووە، پەنایان بردووە بۆ هەندێك لەو ریوایەتانەی لە کتێبە مێژوویییەکان هاتوون.

با ئەو ریوایەتانە بهێنینەوە کە لەو بارەیەوە هاتوون:

"ئیبنو سەعد" بە سەنەدێکی پچڕاو لە "واقیدی"ی دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ مالیکی کردبووە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی زەکاتی عەشیرەتەکەی، کاتێك زانی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردووە، زەکاتەکانی بۆ عەشیرەتەکەی گێڕایەوە.

تەبەری چیرۆکەکە بە درێژی باس دەکا، لە "سری کوڕی یەحیا" لە "شوعەیبی کوڕی ئیبڕاهیم" لە "سەیفی کوڕی عومەر" لە "خوزەیمە" دەڵێ: کاتێك خالیدی کوڕی وەلید هاتە "بیطاح" دیتی وا مالیك موسوڵمان بۆتەوە، داوای لە هاوەڵانیشی کردووە بێنەوە سەر ئیسلام، بە باشی باسی موسوڵمانانی بۆ کردبوون و گوتبووی خوا لە پشتیانە، هاوەڵانیشی پارەکانیان پەرت و بڵاو کردبوو، خالید سریەکانی بڵاو کردەوە و مالیك و چەند کەسێکی دیکەیان هێنا لای، ئەو سریەیەی خالید ناردبووی ناکۆك بوون لەسەر ئەوەی ئاخۆ لەناو هۆزەکەی مالیك بانگ دراوە و نوێژ کراوە یان نا؟ ئەبو قەتادە شایەدی دا کە نوێژیان کردووە و بانگیان داوە، هەندێکی دیکەش شایەدی پێچەوانەیان دا، خالید دەستبەسەری کردن، شەوەکە سارد بوو، پاشان بانگ ڕاهێشترا "دیلەکان گەرم بکەنەوە" ئەو وشەیە لە لای هۆزی "کنانە" یەکێك لە ماناکانی کوشتنە، بەهۆیەوە هەموویان کوژران، "زوڕاڕی کوڕی ئەزوەر" مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت.

ناکۆکی کەوتە نێوانیان، ئەبو قەتادە گوتیە خالید: ئەوە کاری تۆ بـوو، خالیـد لێـی تووڕە بوو بە توندی وەڵامی دایەوە، ئەبو قەتادە تووڕە بوو هاتە لای ئەبوبەکر، ئەبوبەکر لە ئەبوقەتادە تووڕە بوو تا ئەو کاتەی عومەر نێوەندی بۆ کرد، ئەبوبـەکر گوتیـە ئـەبو قەتادە دەبێ بچیەوە ناو سووپایەکەی خالید، ئەبوقەتادە چـوویەوە لای خالیـد تـا ئـەو کاتەی پێکەوە هاتنەوە مەدینە، خالید خێزانی مالیك کە ئافرەتێکی جوان بوو لە خـۆی مارە کرد، بەڵام تا ئەو کاتەی خـاوێن بوویـەوە نەیگواسـتەوە، عـەرەب خۆشـیان لـەو خواستنی ئافرەتانی پاشماوەی جەنگ نەدەهات کارەکەیان لا عەیب بوو، عومـەر گوتیـە ئەبوبەکر: شمشێری خالید زیاد خوێن دەرێژێ، زۆر دووبارەی کردەوە، عومـەر دەیویسـت ئەبوبـەکر خالیـد لـە فەرمانـدەی سـوپایەکە لادا، ئەبوبـەکر گـوتی: عومـەر! خالیـد لێکدانـەوەی کـردووە و هەڵـەی کـردووە، زمانـت لـەبارەی بـپـارێزە، نەکـەی داوای دوورخستنەوەی شمشێرێکم لێ بکەی کە خوا بۆ سەر موشـریکەکان ئامـادەی کـردووە، ئەبوبەکر پارەی خوێنی مالیکی دا کەس و کارەکەی، نامەی بۆ خالید نووسی بێتە لای، خالید هات و چیرۆکەکەی بۆ ئەبوبەکر باس کرد، ئینجا ئەبوبـەکر بیانووەکـەی قـەبوول کرد، بەڵام لەبارەی ژن مارەکردنەکەی ڕەخنەی توندی لێگرت.

پاشان "تەبەری" چیرۆکی کوشتنی "مالیك" بە جۆرێکی دیکە دەگێڕێتەوە، دەڵـێ: "ئیبنو حومەید" بۆی گێڕاینەوە کە "سەلەمە" بۆی گێڕاوەتەوە لە "موحەممەدی کـوڕی ئیسحاق" لە" تەڵحـەی کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی عەبـدولڕەحمانی کـوڕی ئەبوبـەکری سیددیق"ەوە: خالید نیـازی نـەبوو بیکـوژێ، بـەڵام لـە گفتوگۆیـەکی نێـوان خالیـد و مالیکدا، مالیك گوتی: هاوەڵەکەتان (مەبەستی پێغەمبەر ﷺ بـوو) ئـەوها و ئـەوها دەڵێ، خالید گوتی: بۆ چما تۆ بەهاوەڵی خۆتی نـازانی؟ ئینجـار لـە ملـی دا و لەگـەڵ هاوەڵانی کوشتی.

کاتێك هەوالّەکە گەیشتە عومەر، لەلای ئەبوبەکر باسی کرد و گوتی: دوژمنی خوا،

موسوڵمانێکی کوشت و سواری ژنەکەی بوو!.

زوبەیری کوڕی بەککار لە "الموفقیات" دەگێڕێتەوە، دەڵێ: "موحەممەدی کوڕی فلیح" بۆی گێڕامەوە لە "موسای کوڕی عوقبە" لە "ئیبنو شیهابەوە" گوتی: مالیکی کوڕی نوەیڕە پرچی زۆر بوو، کاتێك کوژرا خالید فەرمانی دا کە سەری بچەقێنن وەك بەردی ئاگردان و لەسەر لووتی مەنجەڵی خواردنی دانا و ئاگری لەژێری کردەوە، پرچی سووتا و هێشتا ئاگر پرچی مالیکی بەتەواوی نەسوتاندبوو، مەنجەڵەکە بە کوڵ هات.

تەبەریش شتێکی لەو بابەتە لە "سری" و ئەویش لە "شوعەیب" و ئەویش لە "سەیف"ەوە ریوایەت دەکا.

ئەوە تەواوی ئەو ریوایەتانە بوون کە لەو بابەتە هاتوون[1].

مەبەست ئەوەیە کە دوژمنانی ئیسلام ئەو هاوەڵەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە شمشێری خوا ناوی بردووە[2] ناشرینی بکەن، هەروەها بە "باشترین برا لە عەشیرەتمان" وەسفی کردووە، ئەوان بە شێوەی پیاوێکی شەهوانی و خوێنڕێژ وێنای بکەن، کە موسوڵمانێکی بێ هۆ کوشتووە، یان بۆ ئەوەی ژنەکەی مارە بکات کوشتوویەتی.

ئێمە لێرە سەرەتا لە سەنەدی ریوایەتەکە دەکۆڵینەوە، پاشان دێینە سەر دەقەکەی:

ئەو ریوایەتانە هیچیان سەحیح نین، هەموو سەنەدکانی یان درۆزنێکی تێدایە، یان

---

[1] بڕوانە: تاریخ الطبري، ٢/٢٧٣، و: الکامل فی التأریخ، ٢/٢٤٢، و: البدایه و النهایه، ٥/٣٢٢، و: الاصابه فی تمییز الصحابه، ٣/٢٤٢.

[2] بوخاری لە سەحیحەکەیدا و ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا ریوایەتیان کردووە، ریوایەتەکەی ئەحمەد بەو جۆرەیە: "باشترین بەندەی خوا و برای عەشیرەتمان خالیدی کوڕی وەلیدە، شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە لەکاڵان دەریهێناوە بۆ سەر کافر و منافیقان، هەیسەمی دەڵێ: ئەحمەد ریوایەتی کردووە و تەبەرانیش بە نزیك لەوە ریوایەتی کردووە، ڕاوییەکانیان باوەڕ پێکراون.

لاوازە، یان پچڕاوە، لەوانەیە هەموو ئەو سیفەتە خراپانەش لە یەك سەنەدیان بێتە جێ، بڕوانە کە ئەوانەی ئەو ریوایەتانەیان گێڕاوەتەوە کێن:

واقیدی: چەندین کەس بە درۆزنیان ناساندووە، ئەوانەی بەدرۆزنیشی دانانێن ئینکاری ئەوە ناکەن کە ریوایەتەکانی درۆی زۆری تێدایە، هەر کەسێکی بینیبا ریوایەتی لێ دەگێڕایەوە، ئەو ریوایەتانەی لێرەش دەیانگێڕێتەوە مونقەتیعن[1].

سری: باوەڕ پێکراو نییە.

شوعەیبی کوڕی ئیبڕاهیم: زەهەبی لەبارەی دەڵێ: نادیارییەکی تێدایە، ئیبنو عەدی لەبارەی دەڵێ: ناسراو نییە، لەو ریوایەتانەی دەیانگێڕێتەوە بەشێکیان باسی پێشینانی بەخراپە تێدایە.

سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی: ئەبو حاتەم لەبارەی دەڵێ: ریوایەتەکانی وەرناگیرێن، ریوایەتەکانی وەك هی واقیدی وان، حاکم لەبارەی دەڵێ: بە هەڵگەڕانەوە لە دین تۆمەتبار کراوە، ریوایەتەکانی وەرناگیرێن، ئیبنو حیببان دەڵێ: فەرموودەی هەڵدەبەستن، هەڵبەستراوەکانیشی بەناوی باوەڕپێکراوانەوە دادەنان، بە هەڵگەڕانەوە تۆمەتبار کراوە و زیاد لە زانایەکیش بە لاوازیان داناوە.

ئەو کەسانەی لە سەرەوەی سەیفن لە ریوایەتەکانی تەبەریدا، زۆربەیان نەناسراون.

موحەممەدی کوڕی حومەیدی ڕازی: ناکۆکی لەسەرە، بەشێکی گەورەی زانایان بە

---

[1] مونقەتیع: ئەو ریوایەتەی کە پچڕاوی لەسەنەدەکەیدا هەیە، ئەو کەسانەی ریوایەتەکەیان گێڕاوەتەوە ریوایەتەکەیان لە یەکتری نەبیستووە و یەکتریان نەبینیوە، لەناو سەنەدەکەیدا هەندێك کەس هەن دیار نین، جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرموودەی لاواز (بڕوانە: تدریب الراوی، ۲۳۵/۱، بەدەستکارییەوە -گ).

"زۆر درۆزن" ناویان بردووە، تەبەری ریوایەتەکانی ئیبنو ئیسحاق لە ڕێگای ئەوەوە دەگێڕێتەوە.

سەلەمەی کوڕی فەزڵی ڕازی: ناکۆکی لەسەرە، ئەبو حاتەم دەڵێ: بۆ بەڵگە ناشێ.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق: تۆمەتبار نەکراوە، بەڵام کاتێك ریوایەت دەکا کۆمەڵێك مەرج لەسەر ریوایەتەکانیەتی کە لەو شوێنانەی گومانی لەسەرە ئەو مەرجانەی تێدا نایەتە جێ، جگە لەوەش، ریوایەتەکانی لەو بابەتەی ئێمەدا، پچڕپچڕن — مونقەتیعن-.

موسای کوڕی عوقبە: بە باشە باسی دەکەن، بەڵام بۆ ریوایەتەکانی کە لە ئیبنو شیهابەوە دەیانگێڕێتەوە، ئیسماعیلی دەڵێ: هیچی لێ نەبیستووە.

ئیبنو شیهاب: زیاتر ئەو ریوایەتانەی لە بابەتی جەنگ و غەزوەکاندا دەیانگێڕێتەوە مورسەلن [1]، ئەو ریوایەتە مورسەلانەشی وەرناگیرێن لای ڕەخنە گران، یەکێك لە ریوایەتەکانی ئەو ریوایەتەیە کە باسی چەقاندنی لووتی مالیکی تێدا بوو.

موحەممەدی کوڕی فلیح: ئیبنو مەعین دەڵێ: باوەڕپێکراو نییە، زوبەیری کوڕی بەککار دەڵێ: ریوایەتی (مونکەڕ)ی زۆرە.

ئیبنو جەریری تەبەریش کە پێشەوای ئیبنو ئەسیر و ئیبنو کەسیر و ئیبنولوەردی و مێژوونووسەکانی دیکەی گێڕەڕەوەی ڕووداوی نێوان مالیك و خالیدە، لەگەڵ ئەوەی کە لە تەفسیر و فیقە و فەرموودەناسی و مێژووودا دەستێکی باڵای هەیە، بەڵام هەر بەخۆی دەڵێ: مەرج نییە هەموو ریوایەتەکانی ناو کتێبەکەم سەحیح بن، هەروەك لە پێشەکی

[1] مورسەل: تابیعییەك بڵێ پێغەمبەر ﷺ ئەوەای فەرموە، بێ ئەوەی ناوی ئەو هاوەڵە بیات کە لێیەوە فەرموودەکەی بیستووە (مقدمە ابن صلاح، لا: ٥١) — گ.

ئەو کتێبە باسمان کرد[1].

ئەوە دۆخی سەنەدی چیرۆکەکە بوو، زانیت هیچ ریوایەتێکیان سەحیح نین، نە لە بنەڕەتی بابەتەکە و نە لە وردەکارییەکانی، ریوایەتی دیکەش هەنە لەکتێبە ئەدەبییەکان و کتێبەکانی چیرۆکخوانان، بەڵام لە ڕووی سەنەد و ناوەڕۆکیشەوە زۆر لەو ریوایەتانە خراپترن کە ئێمە هێنامانەوە.

لەبارەی دەقی ریوایەتەکەش، دەڵێین:

١. ئەو ریوایەتانە دژیەکن لەگەڵ یەکتری و تێك ناکەنەوە، ئینجا ئەگەر ریوایەتێك سەنەدەکەی سەحیح بێت، بەڵام دژیەك بێت و تێك نەگیرێت وەرناگیرێ، چ جای ئەوەی کە ریوایەتەکە لە ڕووی سەنەدوە بەو جۆرە بێ کەڵك بێ؟.

٢. یەکەم ریوایەت لە ریوایەتەکانی ناو مێژووی تەبەری، زۆر نیشانەی درۆ و هەڵبەستراني پێوە دیارە، سەرەتا مالیك وا پیشان دەدا کە گەڕاوەتەوە ناو ئیسلام، ئامۆژگاری هۆزەکەشی کردووە بگەڕێنەوە، بە چاکە باسی موسوڵمانانی کردووە، گوتویەتی کەس دەرەقەتیان نایێ، خوای گەورە پاڵپشتیانە، ئەگەر بەو جۆرە بێ، هاوەڵان چۆن ڕێگەیان دا بەدیل بگیرێ ؟ چۆن خالید ڕێگەی دا کە بەو شەوە ساردە بەندیان بکات؟.

پاشان ریوایەتەکە دەڵێ: هاوەڵان ناکۆك بوون لەسەر ئەوەی ئاخۆ نوێژیان کردووە یان نا؟ کە کردنی نیشانەی باوەڕە و نەکردنی نیشانەی بێ باوەڕییە و خوێنی بەرامبەری پێ حەڵاڵ دەبێ، بۆچی ناکۆکییان کەوتە نێوان لەگەڵ ئەوەی بانگ و نوێژ شتی ئاشکران و بەچاو دەبینرێن؟ دەبێ لایەنێکیان درۆ بکەن، بەتایبەت لایەنی درۆزن هەروەك چیرۆکەکە باسی دەکا، ئەو لایەنەیە کە دەڵێ نوێژیان نەکردووە و خوێنیان حەڵاڵ دەکا، ئایا

[1] بڕوانە: لسان الميزان و تقريب التهذيب، لەگەڵ: مقالات الكوثري، لا: ٢١٦، ٢٥٦، ٢٦٢.

مێژووی ئیسلام شایەدیێکی درۆینەی لەو جۆرەی بەخۆیەوە بینیوە؟ هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هیچ ناکۆکییەکی لەو جۆرەیان بووە؟ بۆچی خالید ئەو وشەیە گوماناوییە(دیلەکان گەرم بکەنەوە) بەکار دێنێ لەو شوێنە مەترسی دارە؟ چۆن هاوەڵان هەموویان بەهەڵە لەو دەستەواژەیەی خالید گەیشتن و بە خێرایی خوێنیان ڕشت و نەچوون لە خالید بپرسن کە مەبەستی چ بووە؟ لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی حاڵەت و دۆخەکە ئەوە بووە کە (گەرمیان بکەنەوە) بەمانای کوشتن نێ، بەڵکو بەمانای گەرم کردنەوەی ڕاستەقینە بێ، ئەو پرسیارانە هەموویان دەبێ وەڵامی نەخێریان بدرێتەوە.

دواتر چیرۆکەکە دەڵێ: ئەبوبەکر گوتیە عومەر (عومەر! خالید هەڵەی کردووە لە لێکدانەوەکەی)، باشە لە چی هەڵەی کردووە؟ خۆ خالید ﷺ نە بکوژ بووە، نە فەرمانیشی بە کوشتن داوە، بەڵکو هاوەڵانی بە هەڵە لە قسەکانی گەیشتوون، بە خراپ تێگەیشتنەکەیان کارەکەیان کرد.

ریوایەتی دووەمیش کە لەتەبەریدا هاتووە، ئەوە ئەو شتانەی باسمان کرد تێیدا نییە، لەگەڵ ڕاشکاوی و توندی خالید لە فەرمانبەرداریی خوادا یەکدەگرێتەوە، ئەو ریوایەتەی زانایان پشتیان پێ بەستووە.

خالید کاتێك دەچێت پرسیار لە مالیك دەکا، دەبێ لەبەر ئەوەی بێ کە بۆچی ئەو جەنگەیان بەڕپا کردووە و بۆچی ئەوانەی بە دیل گرتووە؟ کە هەڵگەڕانەوە و زەکات نەدان بوو، لە بەشێك لە ریوایەتەکانی چیرۆکەکە هاتووە.

کاتێك مالیکیش گوتی (هاوەڵەکەتان) لەو شوێنە، بەتایبەت لە کاتی لێپرسینەوە لێی و زەکات نەدانیان، تەنیا مانای ئەوە دەگەیەنێ کە خۆی بێ بەری دەکا لە پێغەمبەر ﷺ ئەوە ئەو هەڵگەڕانەوەیە و ئەو کەسەی بیڵێ خوێنی پێ حەڵاڵ دەبێ، ئێمە وەنەبێ بڵێین ئەو ریوایەتە سەحیحە، لەبەر ئەوەی سەنەدەکەی بەکەڵك نایێ، بەڵام

ئەگەر شتێکی سەحیح هەبێ لەبارەی ئەو چیرۆکە، ئەو ریوایەتەیە، خواش زاناترە.

لە کۆتایی ریوایەتەکە دەڵێ: عومەر گوتویەتی: (خالید مالیکی بێ هۆ کوشتووە) ئەو بەشە هەڵبەستراوە، بەچەند بەڵگەیەك:

١. ناکۆکە لەگەڵ هەردوو ریوایەتەکەی پێش خۆی، ریوایەتی یەکەم دەڵێ: نەیکوشتووە و فەرمانی کوشتنی نەداوە، ریوایەتی دووەمیش دەڵێ بەهۆی هەڵگەڕانەوە لە دین کوشتوویەتی.

٢. کاتێك عومەر ﷺ خالیدی لە پێشەوایەتی سوپا لادا لەو کاتەی بووە جێنشین لە شوێنی ئەبوبەکر، وەك زوبەیری کوڕی بەککار ریوایەت دەکا، گوتیە خالید: (تەنیا گلەییم لە خالید ئەوەیە کاری بێ ڕاوێژی ئەبوبەکر دەکرد و پارەشی دەبەخشییەوە[1]) واتە کاتێك پارە دەهاتە دەستی، ئەو بێ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە مەدینە و لای ئەبوبەکر دابەشی دەکرد، هەروەها کۆمەڵێك کاری وەهای دەکرد ئەبوبەکر ڕای لەسەر نەبوون، عومەر ئەو کارانەی خالیدی پێ دروست نەبوو، بۆیەش پێی گوت (گومانم لەسەرت نییە و بەگومان لات نابەم) ئەگەر ئەو ریوایەتانەی سەرەوە دروست بن، ئایا چ گومانێك لەوە گەورەتر کە مالیك بە بێ تاوانی بکوژێ؟ ئەگەر ریوایەتەکە سەحیح بێ چۆن ئەو گلەییەی لێ نەکردووە کاتێك لایداوە؟.

٣. ئەگەر ئەو ریوایەتە سەحیح با، بەهیچ جۆرێك ئەبوبەکر لە پێشەوایەتی سوپا نەیدەهێڵایەوە، بەڵکو دەبوایە بیکوژێتەوە و بیانووەکەی قەبوڵ نەکا، نەدەبوو پشتی خۆی بە خوێنرێژ و ئارەزووبازێکی لەو جۆرە ببەستێ، هەروەك زمانحاڵی ئەبوبەکر بەردەوام دەیگوت ﴿وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا[2]﴾ ئەو کارە زۆر بە خراپی دەشکایەوە لە مەترسیداترین ڕۆژەکانی، کاتی شەڕی هەڵگەڕاوەکان.

---

[1] الاصابە، ٤١٥/١.

[2] ئایەتی ٥١ سورەتی کەهف، واتە: من هەرگیز ئەوانە ناکەمە یاریدەدەر کە خەڵك گومڕا ئەکەن و پشتیان پێ نابەستم.

٤. پێغەمبەری نازدار ﷺ خالیدی کوڕی وەلید بە نازناوی (شمشێری خوا) نـاوزەد کرد، هەروەها بە (باشترین برای عەشیرەتمان) پشتی گرت و پاڵپشتی کرد، چۆن دەبێ کە پێغەمبەر ﷺ خوێنرێژێکی ئارەزووباز بەو دەستەواژانە خەڵات بکات؟.

٥. لە پێشەکی کتێبەکە باسی ئەوەمان کرد: هەر ریوایەتێك پێچەوانە بـێ لەگـەڵ عەدالەتی هاوەڵان و بەڵگەیەکی سەحیحی لەسەر نەبێ، وەرناگیرێ.

٦. باسی ئەوەشمان کرد کە یەکێك لە نیشـانەکانی هەڵبەسـترانی هـەر ریوایـەتێك ئەوەیە لەگەڵ دەقە سەحیحەکان، یان ڕێسا چەسپاوەکان یەك نەگرێتەوە، ئەو ریوایەتانـە پێچەوانەن لەگەڵ ئەو دەقـە سـەحیحەی پێغەمبـەر ﷺ بـە (شمشـێری خـوا) نـاوزەدی کردووە، هەروەها لەگەڵ ڕێسای ئەهلی سوننەت لە عەدالەتی گشت هاوەڵانیش یـەکتری ناگرنەوە.

لە ئەگەری سـەحیح بـوونی ئـەو ریوایەتـەی دەڵـێ ئەبوبـەکر خـوێنی مـالیکی لـە بەیتولمالی[1] موسوڵمانان داوە، لەو کارەیدا شوێنی پێغەمبەر ﷺ کەوتووە، لەو کـارەی کە لەگەڵ (بەنو جُذیمة)کردی، بۆ ئەوەی دڵیان ئارام بێتەوە بـە ڕەچـاوکردنی (دوورتـرین ئەگەر) لە سیاسەتدا.

مـارەکردنی خێزانـی مالیـك و گواسـتنەوەی لەلایـەن خالیـدەوە ڕاسـتەوخۆ دوای کوژرانی، بە هەمان ئەو وتانەی کوشـتنی مالیکمـان بـەو شـێوەیە ڕەت کـردەوە، ئـەو گواستنەوەیەشتی پێ ڕەت دەکرێتەوە.

"زوبەیری کوڕی بەککار" دەگێڕێتەوە: ئەبوبەکر فەرمانی بە خالید کردووە تەڵاقی بدات[2] ئەو حوکمەی ئەبوبەکر ﷺ داننانە بە دڕووستی مارەکردنەکە، چونکە تەڵاق تەنیا ئەو کاتە دەدرێ کە مارەکردنەکە دامەزرا بێ، ئەو فەرمانەش سزایەکی سیاسی

---

[1] بەیتولمال: خانەی دارایی، شوێنێك بوو بوو کـە دارایـی و سـامانی مسـوڵمانانی تێـدا دەپـارێزرا، ئەوانەی مولکی گشتی بوون -گ.

[2] الاصابە، ٤١٥/١.

بووە بۆ خالید لەبەر ئەوەی پەلەی کردووە لە ژنهێنان لە حاڵەتی شەڕدا، ئەبوبەکر ڕەخنەی ئەوەی لێگرت: بۆچی پێچەوانەی نەریتی عەرەب لەکاتی جەنگدا ژنی مارە کردووە؟ لێکدانەوە بۆ ئەو نیکاحە ئەوەیە کە دوای تەواو بوونی عیددەکەی بووە، هەروەك تەبەری وا دەڵێ، یان لەو کاتەی کوشتوویەتی عیددەکەی تەواو بووە، ئەوە بە ئەگەری ئەوەی خێزانی مالیك لەسەر موسوڵمانییەتی مابێتەوە، ئەگەر ئەویش هەڵگەڕاوە بێت، لە حوکمی کەنیزە دایە، خالید هەڵی بژاردووە و بە حەڵاڵی گواستوویەتییەوە.

چیرۆکی مارەکردنی ئەو ئافرەتە زۆر بە چیرۆکی مارەکردنی (سەفییەی کچی حوەی) دەچێ لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەو گواستنەوەیە لەلایەن خالید بۆ ئەوە بووە کە دڵی چاك بکاتەوە و بۆشاییەکەی بۆ پڕ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی مێردەکەی تازە کوژراوە و گەورەی عەشیرەتەکەی بووە.

چیرۆکی چەقاندنی سەری مالیك بۆ ئەوەی بیکاتە ئاگردان، باسمان کرد کە لە ریوایەتە پڕاو و مورسەلەکانی "ئیبنو شیهاب"ە، کە بێ بەهان.

لەگەڵ ئەوەی ئەو شێوە هەڵس و کەوتە لەگەڵ مردووان لە ئیسلام حەڕام کراوە، موسوڵمانێك چاودێری خوا بەسەریەوە ڕەچاو بکا و چاوەڕێی پاداشتی قیامەتی بێ، ئەو کارە ناکا، ئەدی چۆن لە خالید دەوەشێتەوە کاری لەو جۆرە بکا؟ هاوەڵانی کە ئەوەندە لەخوا ترس بوونە، چۆن لێگەڕان ئەو کارە بکا؟ جگە لەوەش، لە کۆتایی ریوایەتەکە دەڵێ: هێشتا ئاگر نەگەیشتبووە پێستی سەری مالیك و تەنیا بە پرچی ئەو شتەی ناو مەنجەڵەکە کوڵا، زۆر بە ئاشکرایی دەری دەخا ئەو ریوایەتە درۆیە، مەبەست لێی گەورەکردنی ئەو ڕووداوەی مالیکە.

مالیك چەندی پرچ هەبووە تا ئاگر نەگاتە پێستی سەری تا ئەو کاتەی ئەو شتەی ناو

مەنجەڵەکە بکوڵێ؟ خوای گەورەش زاناترە.

هۆکاری دوورخستنەوەی خالید لە سەرکردایەتی سوپا لەلایەن عومەر ﷺ:

"ئیبنو حەجەری عەسقەلانی" دەڵێ: (هۆکاری لادانی خالیدی کوڕی وەلید لەلایەن عومەری کوڕی خەتتابەوە، ئەوە بوو: "زوبەیری کوڕی بەککار" دەگێڕێتەوە، دەڵێ: خالید کاتێك پارەی چەنگ دەکەوت، ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕای ئەبوبەکر دابەشی دەکرد، هەندێك کاری دەکرد تێیدا ڕاوێژی بە ئەبوبەکر نەکردبوو، مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت و خێزانەکەی لەخۆی مارەکرد، ئەبوبەکر ئەوانەی پێ ناخۆش بوو، پارەی خوێنەکەی دایە "متممی کوڕی نوەیرە" فەرمانیشی بە خالید کرد خێزانەکەی تەڵاق بدا، بەڵام لە سەرکردایەتی سووپای لانەدا.

عومەر ڕەخنەی ئەو کارانە و شێوەی ئەو کارانەی لە خالید هەبوو، خالید لە لای ئەبوبەکر نەمیر بوو، کە بۆ "تولەیحە" ناردی و شکاندی، پاشان بەرەو موسەیلەمە چوو و خوای گەورە موسەیلەمەی بەهیلاك برد.

زوبەیر دەڵێ: موحەممەدی کوڕی موسلیم بۆی گێڕامەوە لە مالیکی کوڕی ئەنەس، گوتی: عومەر گوتیە ئەبوبەکر: نامە بۆ خالید بنووسە هیچ پارەیەك بە بێ فەرمانی تۆ دابەش نەکا، ئەبوبەکر بۆی نووسی، خالید وەڵامی دایەوە: یان ئەوەتا لێم دەگەڕێن کاری خۆم بکەم، یان بۆتان بەجێ دەهێڵم، عومەر گوتیە ئەبوبەکر: لە سەرکردایەتی لایدە، ئەبوبەکر گوتی: کێ هەیە وەك خالیدم بۆ بکا؟ عومەر گوتی: ئەمن، ئەبوبەکر گوتی: باشە، عومەر خۆی ئامادەکرد بەڵام هێشتا بەڕێ نەکەوتبوو، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ چوونە لای ئەبوبەکر و گوتیان: چۆن ڕێگە بە عومەر دەدەی بڕوا لەکاتێك پێویستت پێیەتی؟ بۆچی خالیدت لادا لەکاتێك کارەکانی باش جێبەجێ دەکرد؟ ئەبوبەکر گوتی: چی بکەم؟ گوتیان ڕێگە مەدە عومەر بڕوا و نامە بۆ خالید بنێرە با لە شوێنی خۆی

بەردەوام بێ، ئەبوبەکریش وای کرد ﷺ.

کاتێك عومەر بووە جێنشین، نامەی بۆ خالید نارد کە تەنیا بزن و حوشترێکیش بێ فەرمانی من نەدەی بە کەس، خالید پێشتر چۆن وەڵامی ئەبوبەکری دابویەوە، بەهەمان شێوە وەڵامی عومەریشی دایەوە، عومەر گوتی: درۆم لەگەڵ خوادا کردووە ئەگەر ئەو ڕاوێژەی پێشتر خستمە پێش ئەبوبەکر ئێستا بەخۆم جێبەجێی نەکەم، لەبەر ئەوە لە سەرکردایەتی لایدا، پاشتریش زۆر جار عومەر داوای لێ دەکرد کە ببێتەوە سەرکردە، خالیدیش داوای دەکرد کە هەرچی کردی بیکا، عومەر ڕازی نەدەبوو.

مالیك دەڵێ: ڕوخساری خالید بە هی عومەر دەچوو.

زوبەیر دەڵێ: کاتێك خالید لە سەرەمەرگ بوو وەسیەتی لای عومەر کرد و عومەریش هەڵسا بەجێبەجێ کردنی وەسیەتەکانی، کاتێك عومەر بیستی کەسێك بەخراپە باسی خالید دەکا، عومەر گوتی: خوا بەزەیی بە خالید دا بێتەوە، تولەیحەی کوڕی عەبدولڵا پێی گوت: مادەم لە ژیاندا مافی خۆیت پێ نەدا، دوای مردنیشی ڕەحمەتی بۆ مەنێرە، عومەر گوتی: ئەمن تەنیا لەسەر ئەوەی خالید پارەی دابەش دەکرد و کاری بێ ڕاوێژ دەکرد، گلەییم لێی هەبوو.

ئیبنو کەسیر لە "سەیف" و ڕاوی[1] دیکەش ڕادەگوێزێ کە: عومەر کاتێك "موسەننا" ی لە عیراق و خالیدی لەشام لە سەرکردایەتی لادا، گوتی: بۆ ئەوە لامداون تا خەڵکی بزانن تەنیا دەستەڵات هی خوایە و ئەو ئاینەکەی سەر دەخات.

عومەر ئەو کارەی بۆ ئەوە کردووە نەوەك خەڵکی فەزڵی خوایان بیربچێتەوە و سەرکەوتنەکان بە هی کەسەکان بزانن.

---

[1] ڕاوی: ئەو کەسەی کە هەر شتێك دەگێڕێتەوە پێی دەگوترێت ڕاوی – گ.

ئەو تێبینییە زۆر لەگەڵ ژیریی و لێهاتوویی و تونـدی عومـەر لـە فەرمانـەکانی پەروەردگار یەکدەگرێتەوە.

خالیدی کوڕی وەلید لە ساڵی بیستو یەکی کۆچـی لەشـاری حـیمس وەفـاتی کـرد، ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ لە مەدینەی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردووە[1].

[1] الاصابه، ٤١٥/١، و: البدایه والنهایـه، ١١٥/٧، و بڕوانـه: خالیـد بـن الولیـد، صـادق ابـراهیم عرجون.

بەشی سێیەم

خەلیفەی پێغەمبەری خوا

عوسمانی کوڕی عەففان

بەشی سێیەم

لە بارەی عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ

هەندێك لە چاکی و پەسەندی پێشەوا عوسمان ﷺ:

١. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: "کێ بیری ڕۆمە هەڵدەکەنێ؟ بەهەشتی بۆ هەیە" عوسمان بیرەکەی هەڵکەند، جارێکی دیکە فەرمووی: "کێ سوپای عوسرە[١] ئامادە دەکا و بەهەشتییە؟" عوسمان سووپاکەی ئامادەی کرد[٢]".

٢- ئەنەس ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بەسەر چیای ئوحود[٣] کەوت، ئەبوبەکر و عومەر و عوسمانی لەگەڵ بوو، ئوحود لەرزیی لە ژێریان، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "جێگیر بە ئەی ئوحود، پێغەمبەرێك و ڕاستگۆیێك و دوو شەهیدت لەسەر ڕاوەستاوە[٤]".

٣- لە عائیشەوە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پاڵ کەوتبوو لە ژووری من، قاچی یان ڕانی دانەپۆشرابوو، ئەبوبەکر ئیزنی خواست بێتە ژوورەوە، ئیزنی دا و حاڵەتی خۆی نەگۆڕی و فەرموودەی فەرموو، پاشان عومەر ئیزنی خواست بێتە ژوورەوە، ئیزنی دا و دیسان حاڵەتی

---

[١] سوپای عوسرە: ئەو سوپایە بوو کە بۆ جەنگی ڕۆمەکان ئامادە کرابوون لە شەڕی تەبووك، کە "هرقل"ی سەرۆکی ڕۆمەکان نیازی وابوو بەخۆی بێ بۆ جەنگی پێغەمبەر ﷺ کاتەکەشی زۆر گەرم بوو، سێبەر و ژێر دارەکان ئەوکاتی زۆر خۆش ببوون، ئینجا پێغەمبەر فەرمووی کە کێ ئەو سوپایە ئامادە دەکات، عوسمان ئامادەی کرد و هەزار دیناری زێڕی بۆ ئامادەکردنی سوپایەکە هێنا— گ .

[٢] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب الوصایا {باب إذا أوقف أرضا أو بئرا...، ٤/ ١٣- گ} ژمارەی فەرموودە: ٣٧٧٨، بڕوانە (فتح الباری، ٥/٤٠٦-٤٠٨).

[٣] لە هەندێك ڕیوایەتی موسلیم و ئەحمەد و ئەبو یەعلی (حیرا) هاتووە لەجیاتی (ئوحود)، ئەوەش بەڵگەی دووبارە بوونەوەی چیرۆکەکەیە زیاد لەجارێك، هەروەها پاڵپشتیشە بە ڕیوایەتی ئەبو هورەیرە لە سەحیحی موسلیم کە حیرا بووە و جگە لەو هاوەڵانە کەسی دیکەشی لەگەڵ بوون، بڕوانە (فتح الباری/ ٧/ ٣٠ و ٤٦).

[٤] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابة {باب مناقب عمر بن الخطاب...، ٥/١١-١٢، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٨٦ - گ}، ئەبو داودیش لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە {أول کتاب السنه، باب في الخلفاء، ٧/٤٤-٤٥، ژمارەی فەرموودە: ٤٦٤٨- گ}، ترمذیش لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، ابواب المناقب {باب مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٥/٦٢٤- گ} ژمارەی فەرموودە: ٣٦٩٧، و ئەحمەدیش لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، ٥/٣٣١.

خۆی نەگۆڕی و فەرموودەی فەرموو، پاشان عوسمان ئیزنی خواست بێتە ژوورەوە، ئیزنی دا، دانیشت و جلکەکانی خۆی ڕێك کردنەوە، ئەوجە کە چوونە دەرەوە عائیشە لە پێغەمبەری ﷺ پرسی: کە ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە خۆت تێکنەدا و گوێت پێ نەدا، کە عومەر هاتە ژوورەوە خۆت تێکنەدا، بەڵام کە عوسمان هاتە ژوورەوە دانیشتی و خۆت داپۆشت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "چۆن شەرم لە کەسێك نەکەم کە فریشتەکان شەرمی لێ دەکەن"؟.

لە ریوایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: "عوسمان پیاوێکی بە شەرمە، ترسام لەو حاڵەتەم شەرم بکا و پێویستی خۆیم عەرز نەکا"[1].

٤- "عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمورە" دەڵێ: عوسمان هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و هەزار دیناریشی هێنابوو بۆ ئامادەکردنی سوپای "عوسرە" پێغەمبەرم ﷺ بینی کە پارەکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد و دەیفەرموو: "لەمەو پاش عوسمان هەرچی بکا خوا لێی خۆش دەبی"[2].

٥- لە "عەبدولڕەحمانی کوڕی جەناب"ەوە ﷺ دەڵێ: ئاگاداری ئەوە بووم کە پێغەمبەر ﷺ هانی خەڵکی دەدا بۆ ئەوەی سوپای عوسرە ئامادە بکەن، عوسمان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا سەت حوشتر بە چەك و قوتییەوە ئەمن دابینی دەکەم، پاشان پێغەمبەر ﷺ هێشتا هانی خەڵکی دەدا، ئینجارە عوسمان گوتی: دووسەت حوشتر بە چەك و قوتییەوە ئەمن دابینی دەکەم، ئینجارە دیسان پێغەمبەر ﷺ هانی خەڵکی دا، ئینجارە عوسمان گوتی سێسەت حوشتر بە چەك و قوتییەوە ئەمن دابینی دەکەم، ئینجا پێغەمبەرم ﷺ بینی لەسەر مینبەر دابەزی و فەرموویی : "عوسمان پاش ئەوەی کە ئێستا کردی، هیچی لەسەر نییە، عوسمان پاش ئەوەی کە

---

[1] موسلیم ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا {کتاب فضائل الصحابة ﷺ، باب من فضائل عثمان بن العفان ﷺ، ١٨٦٦/٤، ژمارەی فەموودە: ٢٤٠٢ - گ}.

[2] ترمذی لە سونەکەیدا ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب {بابٌ في مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٦٢٦/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٠١ - گ}، ئەحمەدیش لە موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە، ٦٣/٥.

ئێستا کردی، هیچی لەسەر نییە[1]".

٦- "ئیبنو شیهابی زوهری" دەڵێ: ڕۆژی "تەبووك" عوسمان باری نۆسەت و چل حوشتری حازر کرد، لەگەڵ شێست دانە هەسپ، کە هەزاری پێ تەواو کرد[2].

٧- "ئیبنو عومەر" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ باسی فیتنەیەکی کرد، ئاماژەی بۆ عوسمان کرد و فەرمووی: "ئەوە بە ستەملێکراوی تێیدا دەکوژرێ[3]".

٨- "موڕەی کوڕی کەعب" ﷺ دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو باسی فیتنەیەکی نزیکی دەکرد، کابرایەکی داپۆشراو بەوێدا تێپەڕی، فەرمووی "ئەو پیاوە لە فیتنەکەدا لەسەر حەقە" هەستامەوە بۆئەوەی پیاوەکە ببینم، بینیم عوسمانی کوڕی عەففانە، دەم و چاویم نیشانی پێغەمبەردا ﷺ گوتم: ئەمە؟ فەرمووی "بەڵێ".

٩- عائیشە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی "عوسمان! لەوانەیە خوا کراسێکت بەبەردا بکا، ئەگەر ویستیان لەبەرت داکەنێنن، دایەکەنە[4]".

١٠- "عیسمەی کوڕی مالیك" ﷺ دەڵێ: کاتێك کچی پێغەمبەر کە خێزانی عوسمان بوو وەفاتی کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی "ژن بدەنە عوسمان، ئەگەر کچی سێیەمم هەبوایە لێم

---

[1] ترمذی لە سونەکەیدا ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب {بابٌ فی مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٥/٦٢٥-٦٢٦، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٠٠ ، ترمذی دەڵێ: هذا حدیث غریب من هذا الوجه - گ}، نەحمەدیش لە موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە، ٥/٦٣.

[2] قەزوینی و حاکم ریوایەتیان کردووە {لەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمن زۆر بەدوای ئەو ریوایەتە گەڕام بەڵام نەمدۆزییەوە، ئەوەی دۆزیمەوە تەنیا ئەوەیە کە "محب الدین الخطیب" دەڵێ: ئەو ریوایەتە (قەزوینی حاکمی) گێڕاویەتییەوە، وا پێدەچی هەڵەی چاپ بێ و ڕاستییەکەی قەزوینی حاکمی بێت نەك قەزوینی و حاکم ریوایەتیان کردبێ، خواش زاناترە، بڕوانە: (الریاض النضرة في مناقب العشرة، أبو جعفر احمد الشهیر بالمحب الطبري، ١٧/٣، الطبعة الاولی ١٩٨٤، دار الکتب العلمیه – بیروت) – گ}.

[3] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب {باب فی مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٥/٦٣٠ - گ}، فەرموودەی ژمارەی ٣٧٠٨، {ترمذی دەڵێ: هذا حدیث حسن غریب – گ}

[4] نەحمەد لە موسنەدەکەیدا ٦/٧٥ ریوایەتی کردووە، و ترمذی لە سونەنەکەیدا {باب فی مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٥/٦٣٠ - گ}، فەرموودەی ژمارەی ٣٧٠٥، {ترمذی دەڵێ: هذا حدیث حسن غریب – گ}، و ابن ماجەش لە پێشەکی سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە و حاکمیش ریوایەتی کردووە.

مارە دەکرد، کچەکانم بە وەحی ئاسمان لێ مارە کردووە[1]".

١١- "ئوم عیاشەوە" ﷺ دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو کە دەیفەرموو "تەنیا نەبەر وەحی کە لە ئاسمانەوە بۆم هات، ئوم کەلسومم لە عوسمان مارە کرد[2]".

١٢- "عوسمانی کوڕی موهب" ﷺ دەڵێ: پیاوێکی خەڵکی میسر هات و حەجی کرد، هەندێك کەسی بینی، گوتی: ئەوانە کێنە؟ گوتیان: قوڕەیشین، گوتی: شێخەکەیان کێیە؟ گوتیان: عەبدوڵڵای کوڕی عومەرە، گوتی: ئیبنو عومەر! پرسیارت لێ دەکەم لەبارەی شتێك، بۆم بگێڕەوە، ئایا عوسمان لە "ئوحود" ڕایکرد؟ عەبدوڵڵا گوتی: بەڵێ، کابرا گوتی: دەزانی عوسمان لە بەدر ئامادە نەبوو؟ گوتی: ڕاستە، کابرا گوتی: دەزانی لە بەیعەی ڕیزوان ئامادە نەبوو؟ عەبدوڵڵا گوتی: بەڵێ، کابرا گوتی: اللە اکبر، عەبدوڵڵا گوتی: بوەستە با بۆت ڕوون بکەمەوە.

هەڵهاتنی لە ئوحود، ئەمن شایەدم خوا لێی خۆش بووە و گوناحی بۆ نەنوسراوە، لە بەدریش ئامادە نەبوو، لەبەر ئەوەی کچی پێغەمبەر ﷺ کە خێزانی بوو، نەخۆش بوو، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: "تۆ وەك بەشداربوێکی بەدر بەشت هەیە و خێریشت هەیە".

لەبەیعەی ڕیزوانیش ئامادە نەبوو لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێك لەناو مەککە لە عوسمان خۆشەویستتر بوایە، پێغەمبەر ﷺ ئەوی دەنارد، بەیعەکەش لەوکاتە بوو کە عوسمان بەرەو مەککە چوو بوو، پێغەمبەر ﷺ دەستی ڕاستەی هێناو فەرمووی: "ئەو دەستەش لەزیاتی دەستی عوسمانە"و لەسەر دەستی چەپەی دانا، فەرمووی: "ئەوە لەجیاتی عوسمان"، پاشان ئیبنو عومەر گوتیە کابرا: ئێستا بڕۆ و ئەو قسانەش ببە[3].

---

[1] تەبەری بە سەنەدیەکی لاواز ریوایەتی کردووە، بڕوانە: تفسیر الطبري، ٨٤/١٧، و: مجمع الزوائد، ٨٣/٩.

[2] تەبەری بە سەنەدیەکی "حسن" ریوایەتی کردووە، بڕوانە: تفسیر الطبري، ٨٤/١٧، و: مجمع الزوائد، ٩/ و: تاریخ بغداد، ٣٦٤/١٣، و: التاریخ الکبیر، البخاری، ٣٠٨/٣، و: السنه، ابن ابی عاصم، ٥٩٠/٣.

[3] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، {کتاب المناقب، باب مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ١٥/٥} فەرموودەی ژمارە: ٣٦٩٨ و ٤٠٦٦، ترمذیش لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە {باب فی مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٦٢٩/٥، فەرموودەی ژمارەی ٣٧٠٦ - گ}.

١٣- "سەمامەی کوڕی حەزمی قوشەیری" دەڵێ: شایەدی ئەو ڕووداوەم کە عوسمان گوتی: ئەو دوو کەسەی خەڵکیان هان دەدا لە دژی من بیانهێنن، هێنایانن وەك دوو حوشتر یان کەر وابوون، عوسمان پێی گوتن: "لەبەر خاتری خوا و ئیسلام شایەدیتان پێ دەدەم، ئاگاداری ئەوە نین پێغەمبەر ﷺ کاتێك هاتە مەدینە و ئاوی خواردنەوەی لێ نەبوو، جگە لە بیری ڕۆمە، فەرمووی "کێ بیری ڕۆمە دەکڕێ و لەگەڵ موسوڵمانانیش ئاوی خۆی ببا و خواش بە باشتر بۆی بگۆڕێتەوە لە بەهەشت؟" بە پارەی تایبەتی خۆم نەمکڕی؟ ئێستا ئێوە ئەو ئاوەم لێ قەدەغە دەکەن؟ وادەکەن ئاوی دەریا بخۆمەوە؟. دوو کەسەکە گوتیان: سوێند بەخوا دەزانین. عوسمان گوتی: " لەبەر خاتری خوا و ئیسلام وەڵام بدەنەوە: ئایا دەزانن مزگەوت تەسك بوو شوێنی هەموو خەڵکی نەدەبوبەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "کێ ئەو پارچە زەوییەی فلانە خانەوادە دەکڕێ و مزگەوتی پێ فراوان بکا، خوا لەبەهەشت خێڕی زیاتری دەداتەوە" من لە پارەی تایبەتی خۆمم کڕیم، ئێستا ئێوە قەدەغەتان کردووە دوو ڕەکعەت نوێژی تێدا بکەم؟ دوو کەسەکە گوتیان سوێند بەخوا دەزانین، پاشان عوسمان گوتی " لەبەر خاتری خوا و ئیسلام وەڵام بدەنەوە: ئایا نازانن سوپای عوسڕەم بە پارەی تایبەتی خۆم ئامادە کرد؟ دوو کەسەکە گوتیان سوێند بەخوا دەزانین، پاشان عوسمان گوتی "لەبەر خاتری خوا و ئیسلام وەڵام بدەنەوە: نازانن پێغەمبەر ﷺ لەسەر چیای سەبیری مەککە بوو، ئەبوبەکر و عومەریشی لەگەڵ بوو، چیا لەرزی، وای لێهات بەرد لە چیا بەردەبوبەوە، ئەوکاتی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "سەبیر ئارام بە، پێغەمبەرێك و ڕاستگۆیەك و دوو شەهیدت لەسەرە"، دوو کەسەکە گوتیان سوێند بەخوا دەزانین، عوسمان گوتی: "اللّه اکبر" بەخۆیان شایەدییان بۆ دام کە شەهیدم[1]. لەریوایەتی دیکە ئەمەشی لەگەڵە: " پاشان عوسمان گوتی: " لەبەر خاتری خوا و ئیسلام، کێ حازری بەیعەی ڕیزوان بوو؟ کاتێك پێغەمبەر ﷺ فەرمووی "ئەوە دەستی من و ئەوەش دەستی عوسمان" لەجیاتی من بەیعەتی دا؟ چەند پیاوێك شایەدی ئەوەشیان بۆ دا.

---

[1] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب، {باب فی مناقب عثمان بن العفان ﷺ، ٥/٦٢٧-٦٢٨- گ}، فەرموودەی ژمارە: ٣٧٠٣، و نەسائیش لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، {کتاب الاحباس، باب وقت المساجد، ٦/٢٣٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٠٨ -گ}، "دارەقوتنی"ش لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، ٤/١٩٦، {بڕوانە: سنن الدارقطني، کتاب الاحباس، باب وقف المساجد و السقایات، ٥/٣٤٨-٣٤٩، ژمارەی فەرموودە: ٤٤٣٧-گ}.

"دارەقوتنی" بە ریوایەتی دیکە هێناوییەتییەوە: "لەبەر خاتری خودا، ئەدی پێغەمبەر ﷺ پاش وەفاتی خێزانی یەکەمم کە کچی ئەو بوو، کچی دووەمیشی لێ مارە نەکردم تا ڕازیم بکا، لێشم ڕازی بوو؟" گوتیان بەخوا ڕاستە[1].

"ئیبنو حەجەری عەسقەلانی" لە "الإصابة" دەڵێ: بە "موتەواتیر"ی هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ موژدەی بە هەشتی بە عوسمان داوە، لە بەهەشتییانی ژماردووە، و شایەدی ئەوەی داوە کە عوسمان شەهید دەبێت[2].

ڕێککەوتن لەسەر بەیعەتی عوسمان:

"عومەری کوڕی مەیمون" دەڵێ: کاتێك عومەر ﷺ بریندار کرا، پێیان گوت: کەسێك بکە شوێنگرەوەی خۆت، گوتی: کەس لەوانە باشتر نازانم کە کاتێك پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد لێیان ڕازی بوو، ناوی "عەلی" و "عوسمان" و "تەڵحە" و "زوبەیر" و "سەعد" و "عەبدولڕەحمانی" هێنا، عەبدوڵڵای کوڕم مەکەنە جێنشین، ئەگەر سەعدتان کردە جێنشین، ئەگەر نا هەریەکێکتان بووە جێنیشن با ئەو بکاتە ڕاوێژکاری خۆی، من لەبەر بێ هێزی و خیانەتی نەبوو کە لەسەر کارم لادا.

کاتێك وەفاتی کرد، جەنازەکەمان برد بۆلای ژووری عائیشە، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر سەلامی کرد و گوتیە عائیشە: عومەری کوڕی خەتتاب داوای ئەوە دەکات کە لەگەڵ دوو دۆستەکەی {پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکری سیددیق}، بنێژرێ، عائیشە ڕێگەی پێ دان و لەوێیان ناشت، ڕەزای خوا لە هەموویان.

کاتێك ناشتییان، ئەو کەسانەی بۆ جێنشین بوون ناوی بردبوون کۆبوونەوە، عەبدولڕەحمان

---

[1] بڕوانە: سنن الدارقطني، كتاب الاحباس، باب وقف المساجد و السقايات، ٣٥٠/٥، ژمارەی فەرموودە: ٤٤٣٨ – گ.

[2] بڕوانە، الاصابه فی تمییز الصحابه، ابن حجر العسقلانی، ٦٢/٢.

گوتی: کارەکانتان بە سێ کەس لەخۆتان ڕاسپێرن و ئەوان بکەنە وەکیلی خۆتان، "زوبەیر" گوتی: ئەمن "عەلی"م ڕاسپارد، تەڵحە گوتی: ئەمن "عوسمانم" ڕاسپارد، "سەعد" گوتی: ئەمن "عەبدولرەحمان"م ڕاسپارد، عەبدولرەحمان گوتی: کامەتان لەو کارە خۆی دوورەپەرێز گرتووە با کارەکە بەو ڕابسپێرین، خوا شایەدە لەسەری و با لە نەفسی خۆی بزانێ کە باشترە بۆ جێنشین بوون، هەردوکیان {عوسمان و عەلی} بێدەنگ بوون، کەسیان نەیانگوت من شایەنترم لەوی دیکە.

عەبدولرەحمان گوتی: ئەگەر کارەکەتان دایە دەستی من، بەیعەت دەدەمە باشترینتان، هەردوکیان ڕازی بوون عەبدولرەحمان ببێتە ناوبژیوان و ئەو یەکێکیان بکاتە جێنشین، دەستی عەلی گرت و گوتی: خزمی پێغەمبەری ﷺ و پێشینەت لە ئیسلامدا هەیە، بەخۆشت دەزانی، ئەگەر تۆم کردە جێنشین دادپەروەر دەبیت و ئەگەر عوسمانم کردە جێنشین گوێڕایەڵی دەبیت و لە فەرمانی لانادەیت، پاشان هەمان قسەی بە عوسمانیش گوت، کاتێک پەیمانی لە هەردوکیان وەرگرت، گوتی: عوسمان دەستت بەرز بکەوە و بەیعەتی پێ دا و خەڵکی مەدینەش بەیعەتیان پێدا[1].

ڕیوایەتی دیکە هەیە دەڵێ خەڵکی سێ ڕۆژ هات و چۆی عەبدولرەحمانیان دەکرد و پرس و ڕایان دەگۆڕییەوە لەبارەی، بەڵام ئەو عوسمانی بەکەس نەدەگۆڕییەوە، پاشان کە عەبدولرەحمان بۆ بەیعەت دانیشت، سوپاس و ستایشی خوای کرد و گوتی: خەڵکی بە کەسی دیکە جگە لە عوسمان ڕازی نین[2].

"ئیبنو مەسعود" دەڵێ: کاتێک بەیعەت درایە عوسمان، باشترینی ئەوانەی لە پێشینەکان مابوونەوە، بەیعەتمان بەو دا، هەڵەشمان نەبووین[3].

---

[1] بوخاری ڕیوایەتی کردووە، کتاب فضائل أصحاب النبی ﷺ {باب قصه البیعه، ١٥/٥ - گ}، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٠٠، بڕوانە: فتح الباری، ٥٩/٧-٧٠.

[2] ئیبنو عەساکیر ڕیوایەتی کردووە.

[3] حاکیم و ئیبنو سەعد ڕیوایەتیان کردووە.

ئیمامی ئەحمەد دەڵێ: هیچ بەیعەتێك نەبووە خەڵك بەقەدەر بەیعەتەکەی عوسمان لەسەری کۆدەنگ بووبن، سێ ڕۆژان خەڵك گفتوگۆیان دەکرد، کۆك و خۆشەویست و دڵسۆز بوون، هیچ ڕق و کینەیان لەنێوان نەبوو، یەك دەنگ بوون، عوسمانیان هەڵبژارد و ئەویان بە کەس نەگۆڕییەوە، هەروەك عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف وای گوت[1].

ئیبنو کەسیر دەڵێ: ئەوەی کە زۆرێك میژوو نووسی وەك تەبەری باسی دەکەن، گوایە عەلی گوتوویەتییە عەبدولڕەحمان: تۆ فێڵت لێ کردووم، لەبەر ئەوەی عوسمان خزمی خۆتە و بۆ ئەوەی بەردەوام ڕاوێژت پێ بکا ئەوت کردۆتە جێنشین، یان گوایە درەنگ بەیعەتی داوەتە عوسمان، تا وای لێهاتووە عەبدولڕەحمان گوتویەتییە عەلی: ﴿فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيْهُ ٱللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا[2]﴾ لەگەڵ چەندین گێڕانەوەی دیکەی پێچەوانە لەگەڵ ئەو ڕیوایەتانەی لە سەحیحەکاندا هاتووە، ئەو هەواڵانە هەمووی بەسەری گێڕەرەوەکانیان دادەدرێتەوە، خواش زاناترە[3].

هەندێك باس لە پەسنی عوسمانی کوڕی عەففان:

"زوهری" دەڵێ: دوازدە ساڵان عوسمان خەلیفە بوو، شەش ساڵان هیچ کەس لێی ناڕازی نەبوو، بەڵکو قوڕەیش ئەمیان لە عومەر خۆشتر دەویست، چونکە عومەر بە تونـدی مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، کاتێك عوسمان بووە جێنشین، مامەڵەی نەرمتر بوو لەگەڵیان[4].

"حەسەنی بەسڕی" دەڵێ: گوێم لێ بوو عوسمان وتاری دەدا و دەیگوت: لە چی من ناڕازین؟ بەردەوام خێرتان بەسەردا دەبارێ، دەڵێ: گوێم لە بانگبێژێك بوو بەناوی عوسمانەوە بانگی

---

[1] منهاج السنه، ٢٣٣/٣.

[2] ئایەتی ١٠ لە سورەتی فەتح، واتە: جا هەر کەسێ ئەو بەیعەت و پەیمانە بشکێنێ ئەوە بە زیانی خۆی ئەیشکێنێ و هەر کەسێکیش بەوەفا بێ بۆ ئەو بەیعەت و پەیمانەی عەهدی لەگەڵ خوا کردووە لەسەری ئەوە خوا پاداشتێکی مەزنی ئەداتەوە.

[3] البدایه و النهایه، ١٤٧/٧.

[4] تاریخ الخلفاء، لا: ١٥٦.

ڕادەدێرا: ئەی خەڵکینە! بڕۆن و بەشەکانتان وەرگرن، خەڵکی دەچوون و زیادیشیان وەردەگرت، ئەی خەڵکینە! بڕۆن خۆراك وەرگرن، خەڵکی دەچوون و زیادیشیان وەردەگرت، سوێند بەخوا جارێك گوێم لێبوو دەیگوت: ئەی خەڵکینە، بڕۆن پۆشاك وەرگرن، وەریانگرت، تا دەیگوت بڕۆن ڕۆن و هەنگوین وەرگرن، حەسەن دەڵێ: ڕزقێکی زۆر و خێر و بەرەکەتێکی گەورە، نێوانی خەڵکی باش بوو، لەسەر زەوی ئیماندارێك لە براکەی نەدەترسا، بەڵکو پشتی یەکتریان دەگرت و خێری ئەوی دیکەیان دەویست[1].

"ئیبنو سیرین" دەڵێ: پارە زۆر بوو لەسەردەمی عوسمان، وای لێهات کەنیزەك بە کێشی خۆی دەفرۆشرا[2]، هەسپ بە سەت هەزار درهەم دەفرۆشرا، دارخورمایەك بە هەزار درهەم دەفرۆشرا[3].

"سیوتی" دەڵێ: کاتێك وڵاتان بەڕووی موسوڵمانان کرانەوە، ئەو باج و سەرانانەی بۆ عوسمان دەهاتن زۆر بوون، لەهەموو شوێنان پارە و پووڵ دەهات، تا کۆگا کرانەوە، نازووقە زۆربوو، جاری وا هەبووە سەت هەزار کیس پارەی بەخشیوە هەر کیسێکیان چوار هەزار ئۆقیەی تێدا بووە[4].

سەرەتای کودەتا بەسەر عوسمان:

دوای شەش ساڵان لە جێنشینی عوسمان، هێدی هێدی قسەی خراپ لەبارەیەوە سەریان هەڵدا، ئەوانەی ڕقیان لێی دەبوویەوە بەرەو زۆری دەچوون، ئینجا کودەتا بەسەری دەستی پێکرد، شتێکی وەهای نەکردبوو پێویست بکا لەکار دوورخرێتەوە، مەگەر شەرم حەیا و نەرم و نیانییەکەی، بۆ دۆست و خزمان باش بوو، بەڵام پیاو خراپان لە چاکە و دادپەروەری بێزارن،

---

[1] ابن عبدالبر و تەبەرانی بە سەنەدیەکی "حسن" ڕیوایەتیان کردووە (بڕوانە: الاستیعاب فی معرفة الاصحاب، ٧٣/٣ و مجمع الزوائد، الهیثمي، ٩٣/٩-٩٤).

[2] واتە: کێشی چەند بوایە بەقەدەر ئەوەندە زێڕ یان زیو یان هەر دراوێکی دیکە پارەی دەکرد -گ.

[3] ابن عبدالبر لە (الاستیعاب فی معرفة الاصحاب، ٧٣/٣) ڕیوایەتی کردووە.

[4] تاریخ الخلفاء، لا: ١٥٦.

هەروەك چۆن خەڵکی دی لە خراپە و ستەم بێزارن.

"ئیبنو عەبدولبەر" لە "سالم" لە "ئیبنو عومەر"ەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: (لەبارەی کۆمەڵە شتێك لۆمەی عوسمانیان دەکرد، ئەگەر عومەر ئەو شتانەی کردبا لۆمەیان نەدەکرد[1]).

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر شایەدی هەموو ئەو ماوەیە بوو کە عوسمان تێیدا جێنشین بوو، لە سەرەتا تا کۆتایی، لە هەموو کەسێك زیاتر شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بوو، لەگەڵ ئەوەش شایەدی بۆ عوسمان دەدا کە ئەو شتانەی ئەو کردی، ئەگەر عومەری باوکی کردبای، کەس لۆمەی نەدەکرد.

"ئیبنولعەڕەبی" دەڵێ: کۆمەڵە خەڵکێك گەلەکۆمەی یەکتربیان کرد، هەندێك لەوانە مەبەستیان بوو پلەو پۆستێکیان چنگ کەوێ بەڵام بەدەستیان نەهێنابوو، یان حەسوودییەکیان لەدڵ دابوو، بێ دینیی و کەم ئاسۆیی و دنیا ویستی و ئاخیرەتنەویستییەکەشیان وای لێ کردن حەسوودییەکەیان دەرخەن، ئەگەر تەمەشای سیرەت و ناوی ئەوانە بکەی لە دژی عوسمان هەستانەوە، دەبینی خاوەن مەبەستی خراپ و کاری پوچ بوون، کە ناوی ئەوانەمان سەیر کرد کە لێی هەڵسانەوە، دیارکەوت نیازی خراپیان هەبووە و عوسمان لێنەگەڕاوە نیازەکانیان جێبەجێ بکەن، لەبەر ئەوە لێی هەستابوونەوە[2].

"موحیبوددین خەتیب" هەموو ئەو هۆکارانەی کۆکردوونەتەوە کە وای لە هەندێك خەڵك کرد لە عوسمان هەڵگەڕێنەوە و ئەو تاوانە گەورەیە ئەنجام بدەن، دەڵێ:

ئەوانەی بەشدار بوون لەو تاوانەی دژی عوسمان، چەند جۆرێك بوون:

١- هەندێکیان تونڕەوی ئاینی زاڵ بوو بەسەریان، شتی کەمیان گەورە دەکرد، لە

---

[1] الاستیعاب فی معرفه الاصحاب، ابن عبدالبر، ٧٣/٣.

[2] العواصم من القواصم، لا: ٥٨ و ١١١.

ئینکاری ئەو شتە بچوکانەش گوناحی گەورەیان ئەنجام دەدا.

٢- هەندێکیان زوو موسوڵمان نەبووون، ئیرەییان بەو قوڕەیشییانە دەبرد کە پایەی بەرز و دەستکەوتی زۆریان بەهۆی زوو موسوڵمان بوونیانەوە بەدەست هێنابوو، ویستیان وەک ئەوان حسێب بکرێن بێ ئەوەی وەک ئەوانیش بن.

٣- هەندێکیان ڕقیان لەوە هەڵگرتبوو کە کەس و کاریان بەهۆی سەرپێچی شەرعی کوژرابوون، حەددی شەرعییان لێ درابوو، لەبەر ئەوە کینەیان لەدڵدا بوو.

٤- بەشێکی بێ عەقڵ بوون، سەبەئییەکانیش لاوازیی دڵیانیان قۆزتەوە، هانیان دان بۆ فیتنە و گومڕایی.

٥- هەندێك لەوانەی لە ژێر دەستی عوسمان پەروەردە بووبوون، ئەوەندەی خێر و چاکە لەسەریان هەبوو، وای لێهات حەزیان کرد عوسمان پایە و پۆستیان بداتێ، لەبەر ئەوەی شایەنی نەبوون وەریاننەگرت، بەمەش چاکە و خێرەکانی عوسمانیان نادیدە گرت.

٦- بەشێکیان عوسمان دارکاری کردبوون، لەبەر هەندێ هەڵس و کەوتی ناکۆك لەگەڵ ئادابی ئیسلام، بەو دارکارییە شەرعییە تووڕە بوون، ئەگەر لەلایەن عومەرەوە توندتر دارکاری کرابان، پێی ڕازی بوون.

٧- هەندێکیشان شیاونەبوون و حەزیان لە سەرۆکایەتی و پایە و جێنشینی بوو، زمانپاراوی بێ حیکمەت بوون.

بە گشتی ئەو سۆز و بەزەییەی دڵی عوسمانی پڕ کردبوو، وای کرد کۆمەڵێك خەڵکی بیانەوێ بیقۆزنەوە و بیکەنە قەلغانی هەواو هەوەسەکانیان.

ئەگەر ورد بینەوە لە میژووی ئەو ماوەیەی کاتی دروست بوونی فیتنە بوو، دەبینین هۆکاری سەرەکی فیتنەکە دوو شت بوون:

یەکەم:

عەرەبەکان، ئەوانەی لەمێژنەبوو موسوڵمان ببوون، کاتێک هەستیان بەخۆیان کرد کە ئەوانیش لە فەتح کردنی وڵاتان دەستیان هەیە و زیرەک و زمانپاراون، بۆ ئەوانیش پلەیان نەبێ؟ ئەمە وای لێکردن جێنشینبوونی موهاجیر و ئەنسارەکانیان پێ ناخۆش بێ، لەبەر ئەوەی ئەوان پێغەمبەر و هاتنە خوارەوەی مەلائیکەتیان بینیوە.

کاتێک ئەو دەرگایە کەمێک داخرا، خەڵکی ئەو دۆخەی پێشوویان تۆزێک بیرچوویەوە، دوژمن کەم بوون و کەوتنە ژێر دەستی موسوڵمانان، دەستەڵاتی موسوڵمانان ڕەگی داکوتا، دەمارەکانی جاهیلییەت دووبارە بەکارکەوتنەوە، بینییان موهاجیر و ئەنسارییەکان کاربەدەستن، نەفسیان ویستی چووە سەری و ئیرەییان بەوان برد، ئەوە لەگەڵ ئەو دڵنەرمی و سۆزەی پێشەوا عوسمان هەیبوو یەکیانگرت و ئەوانە تانەیان لە کاربەدەستانی عوسمان دەدا و بەگوێی والییەکانیان نەدەکرد، خەڵکیان لە دژی هان دەدا، شتی بچووکیان لێ گەورە دەکرد، زۆر جاران بە ناشکرا باسی کارەکانی عوسمانیان بە خراپە دەکرد.

ئەو دەنگۆیانە بڵاوبوونەوە و گەیشتنەوە مەدینە، خەڵکی مەدینەش دیارە چ جۆرە کەسانێکن، پێیان ناخۆش بوو، دەنگۆکانیان گەیاندەوە پێشەوای ئیماندارانن، عوسمانی کوڕی عەففان، ئەویش "ئیبنو عومەر" و "موحەممەدی کوڕی مەسلەمە" و "ئوسامەی کوڕی زەید"ی نارد تا بزانن ئەو قسانەی لەبارەی والییەکان دەکرێ ڕاستن یان نا؟ ئەوان شتێکی خراپیان لەوالییەکان نەدیت و هاتن و هەواڵیان بۆ عوسمان گەڕاندەوە، بەڵام تا دەهات بانگەشەکان گەورەتر دەبوون، پڕوپاگەندەکان پەرەیان دەسەند[1].

"سادق ئیبڕاهیم عەرجان" بە جوانی باسی ئەو دۆخە لەناکاوە دەکات کە بەسەر ئومەتی ئیسلامی دا هات، دەڵێ:

ئەو سەرکەوتنە مەزن و دەستکەوتە گەورانە و ئەو هەموو کرانەوەیە بە ڕووی موسوڵمانان،

---

[1] المقدمه، ابن خلدون، لا: ٢١٥ بقية الجزء الثاني، لا: ١٣٨.

ئەو خۆشگوزەرانییەی موسوڵمانان هەیانبوو، ئەو هەموو دەستکەوتەی خەڵکی دەستیانکەوت و باری ژیانیان پێی گۆڕا، ئەوانە هەمووی کاردانەوەی هەبوو لەسەر ڕەوشت و ئاکاری هەندێ کەس، هەرکە عوسمان بووە جێنشین، ئەو ئالۆ گۆڕە کۆمەڵایەتییە دەستی پێکرد، کۆمەڵگای ئیسلام لەو ڕێچکەیەی پێغەمبەر ﷺ لەسەری پەروەردەی کردبوون، لایدا.

گەورەترین نیشانەی ئەو پەروەردەیە پێوانەکردنی دونیا بوو بە تەرازووی قیامەت، دڵیان بەجۆرێك وابەستەی نەببوو کە کێشەی لەسەری دروستکەن و ناکۆك بن لەسەری، بەڵام لەسەردەمی عوسمان ﷺ ئەو دۆخە گۆڕا، لەبەر ئەو هەموو خێر و بێر و پارەیەی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە هەموو شوێنێکەوە دەهات، سروشتی مرۆڤایەتی ئەوهایە ئەگەر کەسێك نەبێ ئارەزووی خەڵکی دابمرکێنێتەوە هەروەك عومەر ﷺ کردی، خەڵکی سنووری خۆیان دەبەزێنن.

پێکهاتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لەوکات پەنجەرەیەك بوو گەردەلوولی لێوە دەهاتە ژوورەوە، عوسمان هیچ شتێکی پێچەوانەی شەرعی نەکردبوو، لە سیاسەتەکانی جگە لە دادپەروەری شتێکی دیکەت نەدەدۆزییەوە، بەڵام نەفسی مرۆڤایەتی ئەگەر لە ڕێ لایدا و نغرۆی ئارەزووەکانی بوو، نەگەڕێنرایەوە سرووشتی خۆی، چووە ناو مەترسییەکانی شۆڕش، کوێر دەبێ و هیچ نابینێ، گومڕا و بێ عەقل دەبێ[1].

کێشە گەورەکە "عەقاد" ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: (عوسمان هیچ شتێکی وای نەکردبوو کەس لەپێش ئەو نەیکردبێ، کێشە گەورەکە لە دۆخ و باری کردارەکانە[2]) پاشان دەڵێ: (خەڵکی بە جۆرێك سەیری جێنشینیان دەکرد کە بە قەدەر تاڵە مووێك لە ئاکار و کردەوەکانی دوو جێنشینەکەی پێشی خۆی لانەدات، بەڵام بەخۆیان زۆر لە خەڵکانی ژێر دەستی دوو جێنشینەکەی دیکە خراپتربووبوون).

---

[1] المرتضي، ئەبولحەسەنی نەدەوی، لا: ١٢٥-١٢٦، چاپی یەکەمی دار القلم، ١٩٨٩، ئەویش بە کورتکراوەیی لە: عثمان بن العفان، صادق ابراهيم عرجون، لا: ٩٣، وەرگرتووە.

[2] العبقريات الاسلاميه، لا: ٧٦١.

گومانی تێدا نییە عوسمان بە هێز و دەستەڵات وەك ئەبوبەکر و عومەر نەبوو، بەڵام عومەر نەگەڵ ئەو هەموو هێزەی هەیبوو لە دوا ڕۆژەکانی ژیانی هەستی بە جیاوازی سەردەمەکان کردبوو، لە دوعایەکانی دەیگوت: (خودایە پیربووم، بێ هێزبووم، ڕەعیەتەکانم بڵاوبوون، خودایە بە جۆرێکی وا ڕۆحم بکێشە مافی کەسم نەفەوتاندبێ و کەسم لە مافی خۆی زیاتر پێ نەدابێ[1]).

عوسمان بەخۆشی هەستی بەو جیاوازییانە کردبوو کە لەنێوان سەردەمەکاندا هەیە، زۆر لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشی و فیتنانە دەترسا و خەڵکشی لێ بەئاگا دەهێنایەوە، لە وتارەکانی دەیگوت: (ئەوەی ئەو ئومەتەی پێ تاقی کراوەتەوە قەدەرە و ناتوانین لێی هەڵبێین، خۆشەویستی دونیا و فیتنەکەی باڵی بەسەر نەفسەکاندا کێشاوە بە جۆرێك دەستەڵاتیان بەسەری نەشکێ[2]).

دووەم:

زیرەکی ئەو پیاوە سەنعانییە یەهودییە دووڕووە، سەرۆکی گرۆی گومڕا و سەرلێشێواوان، میکرۆبی فیتنە و فەساد، "عەبدوللای کوڕی سەبەئ"ی ناسراو بە "ئیبنوسسەودا" ناوبانگی دەرکردبوو، هەوڵی دەدا لە سێ لایەن لە ئیسلام و موسوڵمانان بدا:

١. تێکدانی ئارامی و ئاسایش و خستنە ناوەوەی ناکۆکی لە نێوان موسوڵمانان و ترساندن و خوێن ڕشتنی بە ناحەق، یەکەم قوربانیش خوێنی خەلیفەی ڕاشید، عوسمانی کوڕی عەففان بوو، قوربانییەکانی بەردەوام بوون، نەهامەتییەکانی یەك یەك بەسەر موسوڵمانان دەباری، ناسەوار و کاردانەوەکانی زۆر بوون، تا ڕووداوەکانی "جەمەل" و "سیففین" و شەڕی "خەواریج"ەکانیش چەند نمونەیەکن لەو کاردانەوانە.

٢. موسوڵمانان ئەو توند و تیژی و ئازایەتییەی هەیانبوو لەبەرامبەر دوژمنان، ئێستا لەبەرامبەر برایەکانیان بەکاری بێنن، جووڵەی جیهاد و بڵاوبوونەوەی ئیسلام ڕاوەستێ،

---

[1] العبقریات الاسلامیه، لا: ٧١٧.

[2] العبقریات الاسلامیة، لا: ٧٩٩.

لەوکاتەی بە خێرایێکی سەرسوڕهێنەر بڵاو دەبویەوە و ببووە مەتەڵێك و ژیرەکانی جیهان پێیان شیکار نەدەکرا.

٣. تێکدانی ئایینە ڕاستەکە و بڵاوکردنەوەی ژەهری گومڕایی لەناوی، ئەو ژەهرەی تا ئێستاش کاریگەری کارەساتباری هەیە، هەوڵی دا لەمە شوێن پێی باپیرە گەورەی "پۆڵس" هەڵگرێ، ئەو ئایینی مەسیحییەتی ڕاستەقینەی شێواند، چەند سەدەیەك بوو شوێنی چۆڵ بوو، ویستی ببێتە پۆڵسی دووەم، بەڵام ئەمیان چۆن بۆی دەچێتە سەر؟ لەکاتێکدا پەروەردگار دەفەرموێ "﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ[1]﴾".

"عەبدولقاهیری بەغدادی" دەڵێ: ئیبنوسەودا لەسەر هەوای ئایینی جولەکە بوو، ویستی ئایینی موسوڵمانان بشێوێنێ بەو بوختان و لێکدانەوانەی بۆ عەلی و لەسەر زمانی عەلی ﷺ و منداڵەکانی هەڵی دەبەستن، بۆ ئەوەی وەك پیر و باوەڕی مەسیحییەکان لەبارەی عیساوە ﷺ ئەوانیش ئەو پیر وباوەڕەیان لەبارەی عەلی ﷺ گومڕاییەکانی لەناو تەئویلەکان دەشاردەوە[2].

ئەو هەوڵ و کۆششە خراپانەی، هاوکات بوو لەگەڵ دۆخێکی نالەبار، ئەو دۆخە باشترین هەل بوو کە قۆستییەوە و بە زیرەکی خۆی پلانی دانا و ئاگرەکەی خۆش کرد، ژەهری بانگەوازە پیسەکەی لە مێشکە لاواز و تۆندڕەوەکان بڵاودەکردەوە، بوونە یەکەم کەسانێك شوێنی کەوتن، ئەگەر ئەو نەبا، لەوانەبوو کێشەکە بە سنووورداری مابایەوە، لەوانەشبوو عوسمان و هاوەڵە گەورەکان ڕەگی فیتنەکەیان دەرهێنابایە و کێشەکە ئەوەندە گەورە نەبووبا و کەس گومانی لەسەر عوسمان نەدەما، چ جای ئەوەی ببێتە کودەتا و هەڵکوتانە سەر عوسمان و بێڕێزی کردن بەرامبەر مەدینەی خۆشەویستی خوا ﷺ، دواتریش بێرێزی کردن و شکاندنی حورمەتی مالّی

---

[1] ئایەتی ٩ لە سورەتی حیجر، واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان نازڵ کردووە و هەر ئێمەش ئەپارێزین لەوەی بفەوتێ یا دەسکاری بکرێ و زیادو کەمی تێدا بکرێ.

[2] الفَرْق بین الفِرَق، لا: ٢٣٥، و بڕوانە: مجموع فتاوی ابن تیمیه، ١٦١/٢٧، لەمەودوا وتەکانمان ڕاگواستووە.

خەلیفەی ڕاشید و حەڵاکردنی خوێنە پاکەکەی[1].

تەبەری دەڵێ: لەو نوسراوانەی کە "سەری" بۆی نووسیم ئەوەی تێدابوو: لە "سەیفی کوڕی عەتییە"وە ئەویش لە "یەزیدی فەقعەسییەوە[2]"، دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی سبأ جولەکەیەکی

---

[1] ئەبولحەسەنی نەدەوی دەڵێ: لە مێژوو بکۆڵینەوە بزووتنەوەیەک شک نابەین وەک ئەوەی ئیبنو سبأ کاریگەری هەبووبێت و سەرکەوتوو بێت، بەکاریگەری چەند هۆکارێکی دەمارگیری و ئایینی و دەروونی، جوڵانەوەکەی گەورەتر بوو، لەوانە:

ئەو جیاکارییانەی هۆزەکەی هەیانبوو لەوەی حەزیان لە خۆشگوزەرانی بوو، زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبوون و مەبەستەکانیان دیار نەبوو، هەمان شتە کە قورئان لە ئایەتی ﴿ رَبَّنَا بَاعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا ﴾ {ئایەتی ١٩ لە سورەتی سبأ، واتە: ئەوانەیش لەبەر ناسوپاسی و بێ ئیمانییان، وەک بڵێی ئەیانوت: خوایە! مەنزڵەکانی سەر ڕێگای هاتوچوومان لەیەک دوور بخەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانن دەسدرێژی بکەنە سەر ڕێبواران و ڕووتیان بکەنەوە و تاڵانیان بکەن} ، ناماژەی پێکردووە، کە هۆکارێکە لە باوک و باپیرانیانەوە بۆیان ماباوبیەوە.

هۆکاری دەروونیش هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە هەستی بە کەمی دەکرد لە کۆمەڵگا، چونکە کوڕی ئافرەتێکی ڕەشپێست بوو، بە کوڕی ئافرەتە ڕەشەکە دەناسرایەوە، هۆکاری ئایینیش: جولەکە بوو، جووەکان بە درێژایی مێژوو بە تێکدانی کۆمەڵگە مرۆییەکان ناسرابوون، دروستکردنی پشێوی و ئاژاوە و تێکدانی ڕەوشتە مرۆییەکان و بەها بەرزەکان ئاکاریان بووە.

ئەو هۆکارانە هەموویان یەکیانگرت لەگەڵ هزرە تووندڕەوەکان و زێدەڕۆیی کردن و بەپیرۆز دانان تا پلەی خوایەتی ئەو کەسانەی کە لەلایەن خەڵکی سادە و خەڵکی دیکە کە مەبەستیان زێدەڕۆیی کردنە، ئەو کەسانە زیاتر ئەگەری ئەو کارانەیان تێدا هەبوو، سەروەرمان عەلی ئاسانترین ئامانج بوو بۆیان، لەبەر ئەو خزمایەتییە نزیکەی لەگەڵ پێغەمبەرمان ﷺ هەیبوو، هەروەها ئەو زیرەکی و گەورەیی کەسایەتییەی پێی جیاواز بوو، ئەو بانگەوازە بەمە خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆ کردەوە و پێی ڕازی بوون (المرتضى، لا: ١٥٧).

[2] موحەممەد زاهید کەوسەری لە وەڵامی ئەو کەسانەی بوونی "عەبدوڵڵای کوڕی سبأ"یان ڕەتکردۆتەوە، بەبیانووی ئەوەی ڕیوایەتەکەی تەبەری لاوازییەک لە سەنەدەکەی هەیە. دەڵێ: سەیفی کوڕی عومەری تەمیمی کە تەبەری ڕیوایەتەکانی "ابن سبأ" لە ڕێگای ئەو دەگێڕێتەوە، هەندێك زانا بە لاوازیان داناوە، بەڵام ئەو لەسەردەمی "ڕەشید" مردووە، بەمەش ئەو کۆنترین کەسە ئەو ڕیوایەتانە بگێڕێتەوە، ئەگەر بەتەنێ ڕیوایەتێك بگێڕێتەوە کە ناکۆك بێ لەگەڵ ڕیوایەتی دیکە، ئەو بەلاوازدانانەی زانایان کاریگەری لەسەری دەبێ، بەمە ئێمەش ئەو ڕیوایەتەی وەرناگرین، لە هۆکاری تایبەتی دەگەڕێین کە ئەو ڕیوایەتەی بەهۆیەوە گێڕاوەتەوە، هەروەك چۆن لە ڕیوایەتەکانی لە "جەنگەکانی هەڵگەڕاوەکان" ئەو هەڵوێستەمان لەگەڵی هەبوو، کە لەوانەیە ئەو ڕیوایەتانەی کە گێڕایەتییەوە بەهۆی لایەنی سۆزداری بۆ نامۆزاکانی "بەنو تەمیم" بێ، کە خالیدی کوڕی وەلید شمشێری بەرامبەریان ڕاکێشا، ئەو ڕیوایەتانەی کە لەبارەی "ابن سبأ" دەیانگێڕێتەوە، ئەو تۆمەتانەی تێدا نییە، هەروەها بەتەنێش ڕیوایەتی نەکردووە، فیتنەکەش لەو سەردەم هەڵگیراسابوو، دەبێ دەستێکی لە پشت بووبێ، ئەو مێژوونووسانەی کە باسی "سەیف"یان کردووە لە سەردەمی خۆی و پاشی

خەڵکی "سەنعا" بوو، دایکی ڕەش پێست بوو، لەسەردەمی عوسمان موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند، پاشان لە وڵاتانی ئیسلامی دەگەڕا و هەوڵی گومڕا کردنی خەڵکی دەدا، سەرەتا بە حیجاز و بەسرە و پاشان کوفە و شام دا گەڕا، لە شام کەسی چنگ نەکەوت هاوڕای بێت، دەریان کرد، ئینجا چووە میسر و لەوێ مایەوە، لەو قسانەی کە بۆ خەڵکی میسری دەکرد: "سەیرم لەوانە دێ کە دەڵێن عیسا لە کۆتایی زەمان دێتەوە سەر زەوی، باوەڕیش بەوە ناکا کە

مردنیشی بەتایبەت باسی ئەو ڕیوایەتە، کەسیان تۆمەتیان نەخستۆتە پاڵ، بەڵکو ئەوانەی لەدوای ئەویش هاتوون ڕیوایەتەکەیان گێڕاوەتەوە بێ ئەوەی ئینکاری لێ بکەن.

لەسەردەمی عەلی ﷺ ناڕاوەی "ابن سبأ" دەرکەوت عەلی (کرم الله وجهه) بەتەنێ سەیفی کوڕی عومەر ڕیوایەتی ئەو ناشوبیانە و ناشوبی سەردەمەکانی دیکەشی نەگێڕاوەتەوە، بۆ ناگونجێ "ابن سبأ" دەستی لە پشت فیتنەکانی سەردەمی عوسمان بێ ﷺ؟ ناڕاوەکانی دواتری تەواوکەری هی پێشوویەتی، سەیریش نییە ئەو کارەی کردبێ چونکە فێری بووە، هۆزەکەی لە نانەوەی دووبەرەکی بەدرێژایی مێژوو ناسراون، کەس نییە ئینکاری ئەوە بکات، مەگەر دەستی لەگەڵیان تێکەڵ بێ، خەڵکی لە هەموو سەردەمێك بە مەکریاز و حیلەساز ناسیویانن، دوورخستنەوەی ڕۆڵی "ابن سبأ" لە ناشوبی سەردەمی عوسمان ﷺ لەکاتێك جولەکەیەکی وەك (گۆڵدزیهەر) دان بەبوونی دەنێ و تۆ ئینکاری بوونی بکەی، کەواتە لە خۆیان زیاتر بەرگریان لێ دەکەی، سەیفی کوڕی عومەر لەو کەسانەیە کە ترمذی ڕیوایەتیان لێ دەگێڕێتەوە، ناکرێ واز لە ڕیوایەتەکانی بهێنرێ، هەروەك ناکرێ دەستبەرداری ڕیوایەتەکانی "واقیدی" بین لەو شوێنەی کە تۆمەتبار نەبێ (مقدمة الكوثرى للمقدمات الخمس و العشرون من دلالة الحائرين، لا:٤).

نوسەر دەڵێ: دیارە کەسایەتی "ابن سبأ" و ڕۆڵی لە ڕووداوەکان، بابەتێکی مێژوویە، باسی ئەوەمان کرد ڕیوایەتی ڕووداو مێژوویەکان ئەوەندە توندگیری تێدا ناکرێ، ئەو ڕیوایەتانەی لە فەرموودە وەرناگیرێن لەوانەیە لە مێژوودا وەربگیرێن، ئەگەر هەروەك چۆن تۆندین لەبابەتی فەرموودە، لە مێژووشدا ئاوا بکەین تەنیا چەند دانە ڕیوایەتێکمان بۆ دەمێنێتەوە، لەوانەیە هەندێك کەس ڕیوایەتی مێژوویی لێ بگێڕدرێتەوە، بەڵام ڕیوایەتی فەرموودەی لێ وەرناگیرێ، وەك سەیفی کوڕی عومەر.

ئیبنو حەجەر لە "تقريب التهذيب" دەڵێ: سەیفی کوڕی عومەر، لە گێڕانەوەی فەرموودە لاوازە، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕیوایەتی مێژوویی باوەڕپێکراوە، ئیبنو حیببان زۆر بە خراپە باسی کردووە.

لەگەڵ ئەوەی بوونی "ابن سبأ" و ڕۆڵگێڕانی لە ڕووداوە مێژووییەکان ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، مێژوونووسانی سوننە و شیعە لەسەر هەبوونی کۆکن، ئەوەی دەیەوێ باسی "ابن سبأ" بە درێژی بزانێ و تەواوی لایەنەکانی بابەتەکەی بۆ ڕوون بێتەوە، با کتێبەکەی (سولەیمان عۆدە) لەبارەی بخوێنێتەوە، بە تەواوی باسی کردووە، ئێمەش دەڵێین: ئەو ڕووداوە شەڕانگێزی و تێکدەریی و ڕووداوە تیرۆریستییانەی کۆمەڵێك خەڵکی لەو سەردەم کردییان، ئەو بیرو باوەڕانەی لەو کاتی بڵاویان کردەوە و لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام نەدەگونجان و لەو کاتیش بڵاو بوونەوە، تا ئێستاش بڵاو دەبنەوە و پەرت دەبن، دەبێ سەرچاوەیەکی هەبێ لەپشتەوە، بیەوێ لە ئیسلام و مسوڵمانان بدات، ئەو کەسەی لە پشت ئەو ڕووداوانە بێ هەر کەسێکی هەبێ گرنگ نییە، با ناوی "ابن سبأ" یان "ابن عەون" یان "ابن یەمەن" بێ، خواش زاناترە.

موحەمەد ﷺ بگەڕێتەوە، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ[1] ﴾ موحەمەد ﷺ حەقی ئەوەی زیاترە بگەڕێتەوە، بنەمای "ڕەجعە[2]"ی بۆ دانان و باوەڕیان پێی کرد.

پاشان دەیگوت هەزار پێغەمبەر هەبوون، هەر پێغەمبەرێك و جێگرەوەیەکی خۆی هەبووە، عەلیش جێگرەوەی موحەمەد ﷺ بوو، دەیگوت: موحەمەد ﷺ دواین پێغەمبەرەو و عەلیش دوا جێگرەوە، دەیگوت: ئەو کەسە چەند ستەمکارە کە وەسییەتی پێغەمبەری ﷺ بەجێ نەهێناوە و، لەجیاتی جێگرەوەی پێغەمبەر ئەو کارو باری ئومەتی خستۆتە ژێر چەنگی خۆی.

دەیگوت: عوسمان جێنشینبوونی بە زۆر وەرگرتووە، وا جێگرەوەی پێغەمبەریش ﷺ لەناوتانە، دەی هەستن و فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن، تانە لە والییەکانتان بدەن و خەڵکی بۆلای خۆتان کۆبکەنەوە.

ئینجا دەستی کرد بە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ ئەوانەی هاوڕای بوون لە ویلایەتەکان، بە نهێنی خەڵکیان بۆ ئەو ڕایە کۆدەکردەوە، بە ئاشکراش دەیانگوت فەرمان بە چاکە دەکەین و نەهی لە خراپە دەکەین، نامەیان بۆ دەنارد و کەم و کوڕیی والییەکانیان بۆ دەنووسی، برایەکانیشیان هەمان جۆر نامەیان بۆ دەناردنەوە، لە نێوان ویلایەتەکانیش نامەگۆڕکێیان دەکرد و کاروباری

---

[1] ئایەتی ٨٥ لە سورەتی قەسەس واتە: بێگومان ئەو خوایەی قورئانی لەسەر تۆ فەرز کردووە و بۆی ناردووی و پێویستی کردووە لەسەرت کە ڕەفتاری پێ بکەی و بیگەیەنی بەخەڵك و تێبکۆشی بۆ بڵاوکردنەوەی، ئەتگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووی کە شاری مەککەیە ئەیگری و ئەچیتە ناوی.

[2] ڕەجعە: لە بیر و باوەڕەکانی ڕافیزییەکانە، دەڵێن: دوازدە ئیمامەکە و شوێنکەوتوانیان دەگەڕێنەوە دونیا، لەو کاتەی مەهدی لە ژێر زەمینەکە دەردێ، دوژمنەکانیشان دەگەڕێنەوە ئەو کات، هەر یەك لەو ئیمامانە ماوەیەك حوکم دەگرنە دەست و بە خراپترین شێوە دوژمنەکانیان دەکوژن، مەبەستیان لە دوژمنەکانیان سێ خەلیفەکەی پێش ئیمامی عەلییە ﷺ، لەبەر ئەوەی دوژمنایەتییان لەگەڵ ئالو بەیت کردووە و میراتی فاتیمەیان نەداوە و جێنشینییەتیان لە عەلی زەوت کردووە، قسەی دیکەش کە "ابن سبأ" بۆی داڕشتن، هەروەها دوژمنەکانیان هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە کاتی خۆی شەڕیان لەگەڵ عەلی دا کردووە وەك "عائیشە" و "تەڵحە" و "زوبەیر" ﷺ. "ابن سبأ" ئەو بیر و باوەڕەی بۆ دانان و قوتابییە دڵسۆزەکانیشی بڵاویان کردەوە.

خۆیان ڕێکدەخست، نامەی یەکتریان لەناو خەڵکی دەخوێندەوە، هەرکەس لەناو شاری خۆی، تا گەیشتنە مەدینە، پڕوپاگەندەی زۆریان بڵاوکردەوە، ئەوەی لە دڵیان دابوو ئاشکرایان نەدەکرد، دەیانگوت ئەو شتانەی بەسەر فڵان ویلایەت دا هاتووە بەسەر ئێمە نەهاتووە و ئەو کێشەیەمان نییە، تەنیا خەڵکی مەدینە نەبێ لە گشت ویلایەتەکانەوە باس و خواسی کەم و کوڕی والییەکانیان بۆ هاتبوو، ئەو گلەییانەی ویلایەتەکانیشیان بیست گوتیان ئێمە بێ کێشەین لەوەی بەسەرخەڵکی هاتووە.

هاوەڵان هاتنە لای عوسمان و پێیان گوت: ئەرێ تۆش ئەو شتانە دەبیستی کە ئێمە دەیبیستین؟ گوتی: ناوەڵا تەنیا شتی باشم بۆ دەگێڕدرێتەوە، ئەو دەنگۆیەی لەناو خەڵکی هەیە بۆیان گێڕایەوە، پێی گوتن: دەی ئێوە هاوبەشی منن و شایەدی ئیماندارانن، پێم بڵێن چی بکەم؟.

پێیان گوت: وا باشە چەند نێردراوێك لەوانەی باوەڕی تەواوت پێیانە بنێری بۆ ویلایەتەکان، با باس و خواسی ویلایەتەکانت بۆ باس بکەن، چەندین کەسی نارده شارەکان و هەموویان پێشی "عەمار" گەیشتنەوە مەدینە، هەواڵیان هێنایەوە: والییەکان چ عەیبێکیان نییە و خەڵکی لێیان ڕازین، خەڵکی چاوەڕێی عەمار بوون، نامەیان لە والی میسرەوە (عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح) بۆ هات کە دەیگوت: عەمار ڕای کەوتۆتە سەر ڕای کۆمەڵێك خەڵکی کە عەبدوڵڵای ئیبنو سەبەئیش لەناویانە[1].

سەبەئییەکان کەسێکیان نارده لای عوسمان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر ئەو بابەتانە لەگەڵ بکا کە گلەییان لێی هەیە، لەوەی گوایە عوسمان خزمانی خۆی کردۆتە والی و هاوەڵە گەورەکانی لە سەرکار دوورخستۆتەوە، خەڵکی زۆر ئەو وتەی سەبەئییەکانیان کەوتە گوێ، عوسمان والییەکانی خۆی بانگ کرد و ڕاوێژی پێ کردن، ڕاوێژی چاکیان بۆی کرد، عوسمان هیچ یەك لە والی و کاربەدەستەکانی.لە کارەکانیان دوور نەخستەوە، بەڵکو لە شوێنی خۆیانیانی

[1] تاريخ الطبري، ٥/٩٨-٩٩، وبروانە: البداية و النهاية، ٧/١٦٧-١٦٨.

هێڵاوە، ئەوانەی گلەییان هەبوو بڕێك پارەیان پێ درا و دڵیان چاك بوویەوە، وای لە والییەکان گمیاند کە پێویستە ئەوانە هەریەکەیان بنێردرێنە جیهاد، بۆئەوەی سەرقاڵ بن و ئەو شەڕەی کە ڕایان لەسەرییەتی، لەسەری نەمێنن، بەمەش کۆمەڵێك پێشنیاری باشی پەسەند کردن[1].

بەڵام بەمە شەڕ و خراپە کۆتایی نەهات بەڵکو هێشتا نەهاتبوونە پێش، شەڕانگێزەکان بە فەرمانی والییەکانیان نەجوڵانەوە، چونکە مەبەستی خراپی دیکەیان هەبوو، (هەتا وای لێهات خەڵکی کوفە چەکەکانیان وەدەست گرت و گوتیان بە هیچ شێوەیەك لێناگەڕێن "سەعیدی کوڕی عاس" ببێتە والیمان، بەڵکو دەبێ ئەبو موسای ئەشعەری ببێتە والی، ناهێڵین سەعد بێتە ناو کوفە، هەتا عوسمان وەڵامی دانەوە و بۆ ئەوەی بەهانەیان نەمێنێ ئەبو موسای کردە والییان[2]).

ساختەکردنی نامە بەناوی هاوەڵە گەورەکان:

تەنها بەوە نەوەستان نامەی پڕ درۆ بنێرن و باسی خراپ لەبارەی والییەکانی عوسمان بکەن، بەڵکو نامەی ساختەیان نووسی بەناوی هاوەڵە گەورەکانەوە ناردییان و باسی ئەوەیان دەکرد گوایە ئەو هاوەڵە گەورانە لەسەر دەستی عوسمان ستەمیان لێ کراوە.

ئیبنو کەسیر دەڵێ: (چەندین نامە لەسەر زمانی ئەو هاوەڵە گەورانەی لە مەدینە بوون تەزویر کران، لەسەر زمانی تەڵحە و زوبەیریش، گوایە بانگەوازی خەڵکییان کردووە: گەورەترین جیهاد ئەمڕۆ ئەوەیە بۆ سەرخستی دین شەڕ لەگەڵ عوسمان بکرێ! درۆ بوو بەدەم هاوەڵانەوە کرا، دواتر ئینکاری ئەوەیان کرد کە هیچ نامەی لەو جۆرەیان نوسیبێ[3]).

"موحیبوددینی خەتیب" دەڵێ: (تەزویرکردنی نامە لە زەمانی فیتنە و هەڵسانەوە لە

---

[1] کورتکراوە لە: البداية و النهاية، ١٦٧/٧، هەروەها بروانە: الطبري، ٩٤/٥-١٠٠.
[2] البدايه والنهايه، ١٦٧/٧ و: الطبري، ٩٥/٥-٩٦.
[3] البدايه و النهايه، ١٧٣/٧-١٧٥.

عوسمان یەکێك لەو چەکانە بوو کودەتاچییەکان بەکاریان هێنا، بەجۆرێکی وا "موحەممەدی کوری ئەبو حوزەیفە" عوسمان بەخێوی کردبوو و چاکەی زۆری بەسەرەوە بوو، نامەی بەناوی هاوەڵان و دایکانی ئیمانداران تەزویر دەکرد و خەڵکی هان دەدا بۆ ئەوەی لە عوسمان هەستنەوە، چەند کەسی لەژێر "خۆر" دادەنا بۆ ئەوەی شێوەی پیاوی سەفەری هەڵگرن و دەیناردنە ئەو ڕێگایەی لە حیجازەوە دەهات، خەڵکیشی دەنارد بۆ ئەوەی پێشوازییان لێ بکەن، ئەوانیش خۆیان وەك نامەهێن پیشان دەدا کە نامەیان لە دایکانی ئیماندارانەوە هێناوە، کە شیکایەت دەکەن لە حوکمی عوسمان، ئەو نامانە لە مزگەوتی عەمرِ لە "فستات" دەخوێندرانەوە درۆ بوون و هەڵگرانیان حیجازیان هەر نەبینیبوو[1]). لە دواتر باسی ئەو نامە تەزویرانە زیاتر دەکەین.

وتوویژ و ڕازی کردنی ئەو کۆمەڵانەی لە ویلایەتەکان هاتبوون لەلایەن عوسمان:

کودەتاچییەکان پەیمانیان دا یەکتری: لە مانگی شەووال لە نزیك مەدینە کۆببنەوە بە ناوی حەج. خەڵکی میسرِ و کوفە و بەسرِە بوون و هەریەکەیان نزیکەی (٦٠٠) کەس دەبوون لە نزیکی مەدینە دابەزین، "ابن سبأ" لەگەڵ میسرییەکان بوو، خەڵکی هەر ویلایەتێکیش هەڵبژاردەیان بۆ ئەو کەسەی لەدوای عوسمان دەبێتە جێنشین جیاواز بوو، میسرییەکان حەزیان لە عەلی بوو، کوفییەکان زوبەیری کوڕی عەووامیان دەویست و بەسرییەکانیش تەڵحەی کوڕی عەبدوڵڵا[2]، خەڵکی هەر لایەنێك لەو سێ لایەنە، چوونە لای پاڵێوراوەکانیان بۆ جێنشینی، میسرییەکان چوونە لای عەلی و سەلامیان لێ کرد و ئەو نیازەی هەیانبوو پێیانگوت، ئەویش لێیان تووڕە بوو و هاواری بەسەر کردن، گوتی: (کە پیاوچاکان شایەدییان داوە: ئێوە لەسەر زمانی موحەممەد ﷺ لەعنەتتان لێ کراوە، بگەڕێنەوە خوا ئەو بەیانییەتان بەخێر نەگێڕێ، لای

---

[1] التعليقات على العواصم من القواصم، لا: ١٠٩.

[2] بەمەش (هەروەك موحیبەبوددینی خەتیب دەڵێ) زیرەکی ئیبنو سبأ بەدەردەکەوێت لەوەی کە هەرلایەنێکی بۆ کەسێك هان دەدا، بە جۆرێك دوای ئەوەی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خەڵکی ئەو ویلایەتانە لەگەڵ مەدینەییەکان، ناکۆکی بکەوێتە ناو خەڵکی ئەو ویلایەتانە لەنێوانی خۆشیان، لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە جێنشین لەدوای عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ.

ڕۆیشتن و ئەوانی چووبوونە لای تەڵحە و زوبەیریش هەمان وەڵامیان وەرگرت[1]).

"ئیبنولعەڕەبی" دەڵێ: عوسمان پێشوازی لێکردن، پێیان گوت: قورئانێك بێنە، ئەویش داوای قورئانێکی کرد، ئینجا گوتیان نۆیەم سوڕەت {یونس} بکەوە، بیخوێنەوە، خوێندییەوە ﴿قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ[2]﴾، گوتیان ڕاوەستە، ئەو لەوەڕ و مااڵتە چییە کۆت کردووەتەوە؟ ئایا خودا ئیزنی داویت یان درۆ بەناوی خواوە دەکەی؟ گوتی ئەو ئایەتە بەو جۆرە نییە بەڵکو لەبارەی فڵانە شت هاتۆتە خوارەوە، لەسەردەمی عومەریش لەوەڕ و مااڵتی زەکات زۆر بوو، ئەو مااڵتەی ئێستاش زۆر بووە هی من نییە و زەکاتە زیادی کردووە.

بەو جۆرە لێیان دەپێچییەوە و پرسیار و وەڵامیان لێ دەکرد ئەویش هەر زاڵ بوو بەسەریان و پرسیارەکانی بە جوانی وەاڵم دەدانەوە، تا پێی گوتن چیتان دەوێ؟ پێنج شەش مەرجیان لەسەر دانا کە ئەوانەی نەفی کراون بگەڕێنەوە و بێ بەش بەشی بدرێ و بەخششەکان زیاد بکرێ و عەدالەت بکرێ لە بەشکردن، ئەو کەسانەی ئەمین و بەهێزن بکرێنە والی، ئەوەیان نووسی، عوسمانیش مەرجی ئەوەی لەسەر گرتن کە نەکەن ناکۆکی بخەنەوە کۆمەڵی موسوڵمانانی پێ بشێوێنن، ڕازی بوون و گەڕانەوە[3].

"بەززار" نزیك لەمەی گێڕاوەتەوە و ڕاوییەکانی ڕاوی سەحیحن، تەنیا یەك کەس نەبێ ئەویش باوەڕپێکراوە[4]، ئیبنو حیببانیش ریوایەتێکی هاوشێوەی لە سەحیحەکەیدا ریوایەت

---

[1] ملخص من البدايه و النهايه، ١٧٣/٧-١٧٤، و: الطبري، ١٠٤/٥-١٠٥.

[2] سوڕەتی یونس، ئایەتی ٥٩ واتە: پێم بڵێن: ئەو ڕزق و ڕۆزییەی خودا بۆی ناردوون و هەندێکتان حەاڵڵ کردووە و هەندێکتان حەڕام کردووە، ئایا خودا ڕێگەی داون هەندێکی حەاڵڵ و هەندێکی حەڕام بکەن، یا خۆتان لەخۆتانەوە بەدەم خوداوە هەڵتان بەستووە کە خودا شتی وەهای نەفەرموە.

[3] العواصم، لا: ١٢٤ و الطبري، ١٠٧/٥.

[4] مجمع الزوائد، ٢٢٨/٧-٢٢٩.

کردووە[1].

"موحیببوددینی خەتیب" دەڵێ: ئەوانەی لە ویلایەتەکانەوە هاتبوونە مەدینە دوو جۆر بوون، چەند سەرۆکی هەڵخەڵەتێنەری پلە جیاواز، بەشێکیشیان کە زۆرینە بوون هەڵخەڵەتاو بوون، بانگەشەی خراپ و مەبەستداریان تێدا بڵاوکرابوویەوە، بە جۆرێك باوەڕیان بەوە کرد هەندێك کەس هەبن ستەمیان لێ کرابێ نەفی کرابن و هەندێك کەس هەنە مافیان خوراوە ... هتد، بەڵام تۆ شایەدی "ئیبنو سیرین" و "حەسەنی بەسڕی"ت خوێندەوە کە دوو باوەڕپێکراوترین شایەدن لە عێراق، کە سەبارەت بە دۆخی عێراق دایان لە زۆری ڕزق و ڕۆزی و بەحششەکان و دارایی.

کاتێکیش خەڵکە هەڵخەڵەتاوەکە باوەڕیان بە قسەکانی عوسمان کردو ڕاستییان بۆ دەرکەوت، گەڕانەوە بۆ شارەکانیان، هەروەك لەتەبەریدا هاتووە[2]: تەنیا دوو سەرکردەیان لە مەدینە مانەوە، ئەوانیش "ئەشتەری نەخەعی" و "حەکیمی کوڕی جەبەلە" بوون[3].

گەڕانەوەی کودەتاچییەکان بەرەو مەدینە:

کودەتاچییەکان ڕێگایەکی زۆریان بڕیبوو لە ڕێگای گەڕانەوەیان، سواریك هاتە لای میسرییەکان و تەشقەڵەی پێ دەکرن و جوێنی پێ دەدان، نزیك دەبوویەوە و دووردەکەوتەوە، گرتیان و پێیان گوت" چیتە؟ شتێکت لە ژێر سەردایە[4]"، گوتی: ئەمن نێردراوی ئەمیری باوەڕدارانم بۆ والی میسڕ، پشکنیان و نامەیەکیان دۆزییەوە مۆری عوسمانی بەسەرەوە بوو، داوای لە والی میسڕ کردبوو: لە ملی هەموو شۆڕشگێڕەکان بدە، دەست وپێیان بڕە.

کە ئەو نامەیان بینی، گەڕانەوە مەدینە، چوونە لای عەلی: گوتیان نابینی دوژمنی خوا ئەوها و ئەوهای لەبارەی ئێمە نوسیوە، وەرە لەگەڵمان بچینە لای، عەلی گوتی: سوێند بەخوا نایەم لەگەڵتان، گوتیان باشە بۆچی پێشتر نامەت بۆ ئێمە ناردبوو؟ گوتی: سوێند بەخوا لە ژیانم

---

[1] موارد الظمآن إلى زوائد ابن حبان، لا: ٥٤٠.

[2] الطبري، ٥/١٢٠.

[3] التعليقات على العواصم، لا: ١٢٥.

[4] لە موارد الظمآن الی زوائد ابن حبان، لا: ٥٤١، بە (تۆ پارێزراوی لای ئێمە) ئەو ڕیوایەتە هاتووە.

نامەم بۆ ئێوە نەناردووە[1]، پاشان تەمەشای یەکترییان کردو گوتیان: ئێمە لەسەر کێ تۆڕە دەبین و کوشتار بۆ کێ دەکەین[2]؟.

کوفییەکان و بەسڕییەکانیش هاتنەوە، گوتیان بۆ ئەوە هاتووینەوە پشتی برایەکانمان بگرین و بیانپارێزین، هاتنەوەی هەر سێ گرۆیەکە لە یەک کاتبوو، تەبەری دەڵێ: (وەک ئەوەی مەوعیدیان لەگەڵ یەکتری دانابێ)، عەلی پێی گوتن: باشە خەڵکی بەسڕە و کوفە، ئێوە چۆنتان زانی خەڵکی میسڕ ئەوهایان بەسەر هاتووە؟ چەندین قۆناغە ڕێشتان بڕیبوو؟ سوێند بەخوا ئێوە ئەو پیلانەتان لە مەدینە داناوە.

گوتیان: ئەو پیاوە (عوسمان) چی لێ دەکەن لێی بکەن، ئێمە ئەومان ناوێ، با وازمان لێ بێنێ[3]، عەلیش مەدینەی بەجێ هێشت و لەگوندێکی نزیک مەدینە گیرسایەوە[4].

لێکۆڵینەوە لەبارەی نامەکە:

پێویستە هەڵوەستەیەک بکەین و لەبارەی ئەو نامەیە بکۆڵینەوە: ئەگەر سەیری ئەو ریوایەتانە بکەین کە پێشتر باسمان کرد لەبارەی ئەو نامەیەی بەناوی عوسمانەوە نوسرابوو، دەبینین بە ڕوونی دیارە لەلایەن سەرانی فیتەنەچی نوسراوە، ئەوانەی لە مەدینە مابوونەوە، تا ئەو فیتنەیە نوێ بکرێتەوە کە خوا لە کۆڵی موسوڵمانی کردبوویەوە، ئەوان هەوڵەکانیان سەری نەگرتبوو بۆ نانەوەی فیتنە و هەڵسان ئەو کارەیان کرد، با چەند خاڵێک بخەینە ڕوو لە لەبارەی

---

[1] لێرەش بە ڕوونی دیارە پێشتریش نامە لەسەر زمانی عەلی تەزویر کراون -گ.

[2] مجمع الزوائد، ٢٢٩/٧، لە بەززارەوە بە سەنەدیەک کە ڕاوییەکانی ڕاوی سەحیحن تەنیا یەکێکیان نەبێ کە ئەویش باوەڕ پێکراوە، و: الطبري، ١٠٧/٥-١٠٨، و العواصم، لا: ١٢٥-١٢٨، و: موارد الظمآن، لا: ٥٤١، ئەو نامەیەش کە باسیان کرد نامە تەزویرەکان بوون، ئەوانەی لەو باسە سەریان سوڕما ئەو کەسانە بوون کە لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە هەڵخەڵەتێنرابوون، هەڵخەڵەتێنەرەکان ئەوانە بوون کە نامەکانیان تەزویر کردبوو.

[3] الطبري، ١٠٥/٥ و البدایه و النهایه، ١٠٧/٧-١٠٨، ئەوەشی تێدایە: (هاوەڵان پێیان گوتن: باشە چۆنتان زانی کە خەڵکی میسڕ ئەو شتەیان بەسەرهاتووە لەکاتێکدا زۆر لێکتری دوور بوون و چەندین قۆناغە ڕێتان بڕیبوو.، ئەوکارە ئێوە پێشتر لەسەری ڕێک کەوتوون).

[4] مجمع الزوائد، ٢٢٩/٧، لە بەززارەوە بە سەنەدیەک کە ڕاوییەکانی ڕاوی سەحیحن تەنیا یەکێکیان نەبێ کە ئەویش باوەڕ پێکراوە، و: تاریخ الطبري، ١٠٧/٥-١٠٨، و العواصم، لا: ١٢٥-١٢٨، و: موارد الظمآن، لا: ٥٤١.

ئەو نامەیە:

١. ئەو سوارەی نامەکەی هەڵگرتبوو، گێچەڵ بە خەڵك کردنی و جوێندانی بە کاروانەکە و هاتوو چووە گوماناوییەکانی، هەمووی تەنیا بۆ ئەوە بووە خەڵکەکە گومانیان بۆ دروست بێ و سەرنجی خەڵکی ڕاکێشێ، ڕێك ئەوەی سەرانی فیتنە دەیانویست، ئەگەر ئەو سوارە لەلایەن عوسمان یان "مەڕوان[1]"ەوە نێردرابا، دەبوایە ڕێگایەکی دیکەی گرتبا یان خۆی لە کاروانەکە شاردبایەوە، یان هەر هیچ نەبوایە تەشقەڵەی بە خەڵکی نەکردبا و، گومانی لەبارەی خۆی دروست نەکردبا.

٢. گەڕانەوەی عێراقییەکان هاوکات لەگەڵ برا میسرییەکانیان، نێوانیان زیاتر لە شەش قۆناغ بوو، یەکیان لە باکوور و ئەوی دی لەباشوور، چۆن و کێ هەوالّی دا عێراقییەکان لەو کاتەدا میسرییەکان نامەیەکی ئەوهایان دۆزیوەتەوە؟ مۆبایلیان پێ بوو؟.

٣. ئەمە ڕوونە لای عەلی و هاوەڵە گەورەکان ﷺ بە جۆرێك دەبینین عەلی دوای ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا، سوێند دەخوا: ئەو ڕێککەوتنەتان لە مەدینە ئەنجام داوە. واتە لەلایەن ئەو کەسانەی لە مەدینە مابوونەوە، هاوەڵانیش پێیان دەڵێن: ئێوە لەسەر گەڕانەوە ڕێککەوتوون، عوسمانیش ئەو شتانەی هیچ لێ شاردراوە نەبووە، لەتەبەڕیدا هاتووە: پێی گوتوون: ئەو نامەیە هەڵبەستراوە[2]، لەبەر ئەو هۆکارەش بوو مەڕوانی تەسلیم نەکردن.

٤. کودەتاچییەکان پاش ئەوەی لەگەڵ عەلی قسەیان کرد، لەبارەی ئەو بەڵگەیەی بۆچی هەموویان پێکەوە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە مەدینە؟ لەسەر ئەوە هیچ قسەیان نەما وەڵامێکیان پێ نەبوو، پەنایان بردە بەر هێز (زاڵمەکان وان) گوتیان: پێویستیمان بەو پیاوە (عوسمان) نەماوە و پێویستە لە جێنشینیی لابدرێ، بە ناڕاستەوخۆ دانیان بەوە نا کە ئەو ڕێکەوتنە لە مەدینە کراوە و تاکە مەبەستیان لابردنی عوسمان یان ڕشتنی خوێنیەتی، نەك پشتگیری کردنی ڕاستی و نەهی کردن لە خراپە.

٥. ئەگەر ئەو ریوایەتانە بەریوایەتێکی دیکە بەراورد بکەین، بەڵگەیەکی دیکە

---

[1] نووسەری ئیمامی عوسمان ﷺ-گ.

[2] تاريخ الطبري، ٥/١٢٠.

هەڵدێنجین کە هیچی کەمتر نییە لە بەڵگەی پێشووتر و دەزانین ئەو نامەیە هەڵبەستراوە و بنەمای نییە، ئەویش ئەوەیە: کودەتاچییەکان دانیان ناوە: ئەو کەسەی نامەکەی بۆ نێردراوە "عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح"ە، هەروەک لەتەبەریدایە: "عەبدوڵڵا پاش جوڵەی کودەتاچییەکان نامەی بۆ عوسمان ناردبوو، داوای ئەوەی لێکردبوو: ڕێگەی بدات بێتە مەدینە، ئەو بەشوێنی کودەتاچییە میسرییەکان داهات بەرەو "عەریش" و "فەڵەستین" و "ئایلە" هات، لەو کاتەدا "موحەممەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە" دەستی گرت بەسەر حوکم و لە فەرمانی خەلیفە دەرچوو[1]".

باشە عوسمان یان مەڕوان چۆن نامە بۆ عەبدوڵڵا دەنوسن کاتێک نامەی عەبدوڵڵایان لایە کە ئیزن دەخوازێ بگەڕێتەوە بۆ مەدینە؟.

ئەوەی لەو ڕووداوە دەفامرێتەوە ئەوەیە کودەتاچییە عێراقییەکان و میسرییەکان پەیمانیان بەستبوو بگەڕێنەوە مەدینە بە بەهانەیەکی دروست کراو، هەروەک تەبەری ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێ: (هەروەک ئەوەی کە مەوعیدیان لەگەڵ یەکتری هەبێ) یان ئەوانەی کە لە مەدینە مابوونەوە دوو سواریان بە کرێ گرتووە یەکیان بۆ میسرییەکان ناردووە بۆ ئەوەی خۆی وەک هەڵگری نامەی عوسمان نیشان بدا، ئەوەی دیکەش بۆ عێراقییەکان بۆ ئەوەی پێیان بڵێ: نامەیەکی لەو جۆرە لەلایەن میسرییەکانەوە ئاشکرا کراوە.

ئەوانەی پێشتر نامەیان لەسەر زمانی هاوەڵە گەورەکان تەزویر کردبوو، هەر ئەوانەش نامەیان لەسەر زمانی عوسمان تەزویر کرد و تۆمەتەکەیان دایە پاڵ مەڕوان، بەو کارەشیان چەندین ئامانجیان هەبوو:

١. هۆکارێک بدۆزنەوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ مەدینە، لەبەر ئەوەی هیچ بەهانەیەکیان لەدەست نەمابوو دوای ئەوەی عوسمان ﷺ گومانەکانی پوچەڵ کردنەوە.

---

[1] تاريخ الطبري، ١٢٢/٥ و بڕوانە: ابن خلدون، بقية الجزء الثاني، لا: ١٦٦-١٦٧

٢. شێواندنی ناوبانگی عوسمان ﷺ بەوەی یان پیاوێکی خیانەتکارە، یان لاوازە و ئەو کەسانەی کردونیەتی بە نووسەری خۆی خائینن و بێ ئەوەی ئاگاداربێ نامەی بەناوەوە دەنووسن، بەمەش شیاو نییە لە شوێنی ئەمیری ئیمانداران بمێنێتەوە، لە چەند ریوایەتێکیشدا بە ئاشکرا وایان گوتووە[١].

٣. ناوزڕاندنی مەڕوان بۆ چەند سەدەیەک.

"ئیبنو خەلدون"یش قسەیەکی نزیک لەمە دەکات و دەڵێ: کۆمەڵێک خەڵکی گێرەشێوێن لە مەدینە لە دژی عوسمان کۆبوونەوە و داوای دادپەروەریان لە عوسمان دەکرد، مەبەستیان شتێکی دیکە بوو، کە کوشتنی بوو، عوسمان والی میسڕی بۆ لابردن، ڕۆیشتن و گەڕانەوە، نامەیەکی تەزویریان هێنابوو، دەیانگوت لە دەستی هەڵگری نامەکەیان دۆزیوەتەوە، کە نامەکەی بۆ والی میسڕ ناردووە و فەرمانی کوشتنی شۆڕشگێڕانی داوە، بەڵام عوسمان سوێندی خوارد ئەو نوسراوە ئەو نەینووسیوە، پاشان گوتیان باشە مەڕوانمان ڕادەستکە، مەڕوانیش سوێندی خوارد، عوسمان گوتی: حوکم ئەوەندەیە[٢]، ئینجا دەورەی خانووەکەیان دا و کە خەڵک بێ ئاگا بوون، کوشتییان[٣].

گەمارۆدانی عوسمان و کوشتنی و بێتاوانی بوونی هاوەڵان:

" ئیبنولعەڕەبی" دەڵێ: کاتێک عەلی وەڵامی دانەوە، چوونە لای عوسمان و پێیان گووت: شتێکی ئەوهات لەبارەی ئێمەوە نووسیوە، ئەویش گوتی: یان دوو شایەدی موسوڵمان دەهێنن لەسەر بانگەشەکەتان، یان سوێندتان بۆ دەخۆم، نەنوسیومە و نە فەرمانی نوسینیم داوە، جاری وا هەیە بەناوی کەسێکەوە شتێک دەنوسرێ و هەمان خەت دەهێنرێتەوە و مۆرەکەشی تەزویر

---

[١] تاريخ الطبري، ١٢٢/٥، هەروها بڕوانە: ابن خلدون، بقية الجزء الثاني، لا: ١٦٦-١٦٧.

[٢] مەبەست ئەوەیە ئەو کەسەی تۆمەتی ئاراستە کراوە سوێند بخوا تۆمەتەکەی لەسەر لادەکەوێ-گ.

[٣] المقدمه، ابن خلدون، لا: ٢١٦.

دەکرێ[1].

گوتیان باشە مەڕوانمان تەسلیم بکە، گوتی تەسلیمتان ناکەم، خۆ ئەگەر تەسلیمی کردبان ستەم بوو لە مەڕوانی دەکرد، بەڵکو حەق ئەوها بوو ئەوان لای خەلیفە داوای مافی خۆیان بکەن نەسەر مەڕوان یان هەرکەسێکی دیکە، هەر شتێك بەڵگەی هەبوایە، عوسمان حوکمی لەبارەوە دەدا، ئینجا ئەو پەیمانەی پێیان دابوو شکاندبیان، گەمارۆی مااڵیان دا، داوایان لێکرد واز لە جێنشینی بهێنێ ئەگەر نا دەیکوژن، ئەویش نەیکرد و ئینکاری ئەوەی کرد کە کراسێك خوا نەبەری کردووە دایبکەنێ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردبوو.

لە ریوایەتی سەحیح هاتووە: چووەتە شوێنێکی بەرزتر لەوان و کۆمەڵێك بەڵگەی بۆ هێناونەتەوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەبارەی دروستکردنی مزگەوت و هەڵکەندنی بیری "ڕۆمە" و وتەی پێغەمبەر ﷺ کاتێك ئوحود لەرزی لە ژێریان، کودەتاچییەکان ئینکاری هیچ شتێکیان نەکرد[2].

عەبدوڵڵای کوڕی عامیری کوڕی ڕەبیعە دەگێڕێتەوە: لەگەڵ عوسمان لەناو خانووەکەی بووم، عوسمان پێی گوتم: فەرمان دەکەم لەسەر هەموو ئەوانەی کە فەرمانم لەسەریان دەڕوات: دەستی خۆیان بپارێزن و چەکیان بۆ من بەکار نەهێنن، ئیبنو عومەرشمشێرەکەی لە پشتی بوو، عوسمان پێی گوت: چیم گوت برۆ بۆ خەڵکی بگێڕەوە، ئیبنو عومەر و حەسەنی کوڕی عەلی چوونە دەرەوە، کودەتا چییەکان بەسەریاندادا و کوشتییان.

زەیدی کوڕی سابیت هاتە لای، پێی گوت: ئەو ئەنسارییانە لەبەر دەرگا وەستاون، دەڵێن دوو جاران دەبینە پشتیوان، عوسمان گوتی: پێویست ناکا، برۆن لێم گەڕێن، ئێمەبو هورەیرە پێی

---

[1] مجمع الزوائد، ۲۲۹/۷، لە بەززارەوە بە سەنەدیەك کە ڕاوییەکانی ڕاوی سەحیحن تەنیا یەکێکیان نەبێ کە نەویش باوەڕ پێکراوە، و: تاریخ الطبری، ۱۰۸/۵، و: موارد الظمآن، لا: ۵٤۱.

[2] دۆخی زەحمەت بوو، گوزەرانی تێکچوو، ئەو ناوەی لەلای بوو کۆتایی پێ هات، عەلی بەخۆی هەندێك ناوی هەڵگرت و بۆی برد، بەزەحمەت توانی بیباتە ژوورەوە لەبەر ئەو قسانەی کە ئەو نەزانانە پێیان گوت و گیاندارەکەی ناوەکەی هەڵگرتبوو نەزیەتیان دا (البدایە و النهایە، ۱۸۷/۷).

گوت: حەزم لێیە ئەمڕۆ شەڕت بۆ بکەم. گوتی: فەرمانت پێ دەکەم بچیتە دەرەوە. دواین کەس لەلای چووە دەرەوە حەسەنی کوڕی عەلی بوو، "حەسەن" و "حوسەین" و "ئیبنو عومەر" و "ئیبنو زوبەیر" و "مەڕوان" هاتبوونە لای، بە فەرمانی ئەو چەکیان دانا و هەریەکەیان چوویەوە مالّی خۆیان، ئیبنو زوبەیر ومەڕوان وتیان فەرمانەکەت جێبەجێ ناکەین، پاشان عوسمان دەرگای بۆ کردنەوە و چوونە دەرەوە. چونکە عوسمان پێغەمبەری ڕاستگۆ ﷺ پێی ڕاگەیاندبوو، دەیزانی فیتنەیەکی تووش دەبێ و بەهۆیەوە شەهید دەبێ.

ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەری ﷺ لە خەودا بینیوە و پێی فەرموە: ئەگەر دەڵێی یارمەتیت دەدەم و ئەگەر دەشتوێ ئەم ئێوارەیە ڕۆژووەکەت لای ئێمە بشکێنە[1].

کۆمەڵێك خەڵکی میسڕ کوشتیان، دڵۆپێك لە خوێنەکەی کەوتە سەرئایەتی ﴿فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ﴾[2]، دەڵێن تا ئێستاش ئەو دڵۆپە خوێنە ماوە و لێنەچووە[3].

عائیشە ڕضي الله عنها دەڵێ: ئەمن پێشتر بۆ هەندێکتان تووڕە بووم کە تەنها قامچیێکی لێ درابوو، ئێستا شمشێر لە عوسمان دراوە و تووڕە نەبم؟ ڕەخنەتان لێ گرت، دواتر بەتەنها جێتان هێشت، شوشتتان و وەك جلی پاك و بێ پیسی بەجێتان هێشت و پاشان کوشتتان، "مەسرووق" یەکێکە لە تابیعییە گەورەکان، دەڵێ گوتم: خەتای تۆ بوو، تۆ نامەت بۆ خەڵکی نارد هەتا لە دژی عوسمان هەڵسنەوە. عائیشە گوتی: سوێند بەوەی کە ئیمانداران باوەڕیان پێیەتی و کافرەکان ئیمانی پێ ناهێنن، یەك پیتم لەسەر هیچ سپییاتییەك نەنوسیوە، ئەعمەش دەڵێ: خەڵك وا

---

[1] لە (مجمع الزوائد، ۲۳۲/۷) هاتووە کە: لە موسلیم، ئەبو سەعیدی مەولای عوسمانی کوڕی عەففان، دەڵێ: عوسمان بیست بەندەی نازاد کردن، داوای جۆرە بەرگێکی کرد و لەبەری کرد، نەو جۆرە بەرگەی نە لە جاهیلییەت نە لە ئیسلامدا لەبەر.نەکردبوو، گوتی: دوێنێ شەو پێغەمبەرم ﷺ لە خەودا بینیوە، لەگەڵ ئەبو بەکر و عومەر، گوتویانە: ئارام بگرە، ئەو ئێوارەیە لای ئێمە ڕۆژووەکەت دەشکێنیت، پاشان داوای قورئانێکی کرد و بۆیان هێنا و کردییەوە و لە پێشە خۆی داینا، کە کوڕاش قورئانەکە لە بەر دەمی بوو، ئەو ریوایەتە عەبدوللا و ئەبو یەعلاش لە "الکبیر" ریوایەتی کردووە و ڕاوییەکانی باوەڕپێکراون.

[2] ئایەتی ۱۳۷ لە سورەتی بەقەرە واتە: ئیتر خودا چاریان ئەکات لە باتی ئێوە.

[3] مجمع الزوائد، ۲۳۲/۷.

تێدەگەیشتن لە سەر زمانی ئەو تەزویر کراوە ئەو نامانە.

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: (ئەوەی لەو بابەتە ریوایەت کراوە بەڵگەیە کە هیچ هاوەڵێک نەبووە نەیویستبێ بەرگری لە عوسمان بکا، ئەگەر هاوەڵان ویستبایان بەرگری بکەن، چار پێنج هەزار کەسی دووڕە وڵاتان نەیاندەتوانی بەسەر بیست هەزار خەڵکی مەدینە زاڵ بن، بەڵام ئەوەی ڕاستییەکەیە ئەوەیە: عوسمان بەدەستی خۆی خۆی خستە ناو موسیبەتەکەوە).

زانایان ڕایان جودایە لەسەر ئەوەی ئەگەر کەسێک وەک عوسمانی بەسەر هات ئایا خۆی ڕادەست دەکات یانیش داوای یارمەتی دەکا؟ هەندێک زانا ڕێگەیان داوە تەسلیم ببێ وەک ئەوەی عوسمان کردی و وەسییەتی پێغەمبەری ﷺ بەجێ هێنا، وە ئایا ئەگەر تەسلیم بوو دروستە کەس بەرگری لێ بکا؟ یان گوێ ناداتە ڕای پێشەواکەی و بەرگری دەکا؟ زانایان ڕایان ناکۆکە.

دواتر قازی ئەبوبەکر دەڵێ: (ئەوەی لەو ریوایەتانە دەفامرێتەوە ئەوەیە: عوسمان ستەمی لێ کرا و ئەوانەی کودەتایان کردە سەری هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو، هاوەڵانیش بەشداری خوێنەکەی نەبوون. ئەوان بێ تاوانن لە کوشتنی. عوسمان چۆنی ویست هاوەڵان بەو جۆرەیان کرد، ئاڵاکەیان تەسلیمی ئەو کرد، عوسمان لە ماوەی جێنشینی هیچ خراپەیەکی نەکرد، نە لەسەرەتا و نە لە کۆتایی، هاوەڵانیش هیچی خراپیان نەکرد، هەموو ئەو ریوایەتانەی دەشیانبیستی، نەکەی ئاوڕیان لێ بدەیتەوە و وەریانگری، زیاد لەمەش: ریوایەتی دیکەی سەحیح هەیە کە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر بە عوسمانی گوتووە: لە ناو خانوو لەگەڵت دەمێنمەوە، هەرچەندە ژمارەشمان کەمتر بێت لەوان، بەسەریاندا زاڵ دەبین بە پشتیوانی خوا، تکایە ڕێگەمان بدە، بەڵام عوسمان بەم جۆرە وەڵامی داوەتەوە: لەبەر خاتری خوا، خوا بیری ئەو کەسە دەهێنمەوە کە خوێنی بۆ من بڕێژێ.

"سوڵەیتی کوڕی ئەبو سوڵەیت" دەڵێ: عوسمان ڕێگەی نەداین شەڕی بۆ بکەین، ئەگەر

ڕێگەی دابا ئەوەندەمان لێدەدان دەریان بکەین لە شارەکانمان[1].

عوسمان بە بەندەکانی وت: ئەوەی شمشێرەکەی لەناو کاڵانەکەی دەرنەهێنێ، ئەوە ئازادە[2].

ئیبنو کەسیر دەڵێ: (ئەوەی هەندێك خەڵك باسی دەکەن گوایە هەندێك هاوەڵ ڕازی بوونە بە کوشتنی، دوورە لە ڕاستییەوە، بەڵکو تێکڕا ناڕازی بوون، قسەیان بەو کەسانە دەگوت کە ئەو کارەیان ئەنجام دا، بەڵام هەندێك هاوەڵ وایان پێ باش بوو کە خۆی وازی لەکارەکە هێنابا و لە جێنشینی دوور کەوتبایەوە، وەك "عەمارِی کوڕی یاسر" و "موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر" و "عومەری کوڕی الحمق" و هەندێکی دیکەش[3]).

"ئیبنو تەیمییە" دەڵێ: (ناوداراەکانی موسوڵمانان نە فەرمانییان بە کوشتنی کرد نە هیچ کەسێکیشیان بەشداربوون، بەڵکو کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕ بوون، لە جڕوجامی هۆزەکان و خەڵکی ئاژاوەخواز. عەلی ﷺ دەیگوت "لەعنەتی خوا لەوانەی عوسمانیان کوشت، لەعنەتیان لێ بێ لە وشکانی و دەریا و دەشت و چیا[4]"".

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: (نەزانان وایان پێ باشە بڵێن: هاوەڵە گەورەکانیش لە عوسمان ناڕازی بوون و ئەوانیش خەڵکیان هان دا و ڕازی بوون بە کوشتنی، هەر ئەوان نامەیان دروست کرد گوایە عوسمان هانا دەباتە بەر عەلی بۆ ئەوەی یارمەتی بدات، مەبەستیانە خەلیفە ڕاشیدییەکان و پێشینان لە دڵی موسوڵمانان دەربهێنن[5]).

ئیبنو حەجەری هەیتەمی دەڵێ: لە چیرۆکی کوشتنی عوسمان حیکایەت و ڕووداوی زۆر هەیە، نەکەی پێیان هەڵبخەڵەتێی و باوەڕیان پێ بکەی[6].

---

[1] العواصم، لا: ١٢٩-١٤١، بەدەستکارییەوە.
[2] البدایه و النهایه، ١٨١/٧.
[3] البدایه و النهایه، ١٩٨/٧.
[4] منهاج السنه، ١٨٦/٢.
[5] العواصم، لا: ١٣٩.
[6] تطهیر الجنان، لا: ٤٤.

چۆن عوسمان لە مەدینە کوژرا لە بەرچاوی کۆمەڵێك هاوەڵی گەورە؟

ئەگەرچی بەو ریوایەت و باسانەی خستمانە ڕوو، ئەو بابەتە تەواو ڕوون بوویەوە، بەڵام ئیبنو کەسیر لەو بابەتە جوان دواوە و، بابەتەکەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە، دەڵێ:

ئەگەر یەکێك بڵێ: چۆن عوسمان کوژرا کۆمەڵێك هاوەڵی گەورەش لەو شارە بوون؟ وەڵامەکەی لە کۆمەڵێك ڕووەوەیە:

یەك: زۆربە یان هەموو هاوەڵان نەیاندەزانی کار دەگاتە کوشتن، کودەتاچییەکانیش هەوڵی کوشتنی عوسمانیان نەدەدا، بەڵکو سێ بڕاردەیان خستبویە پێش: یان ئەوەی خۆی لە جێنشینیی دوور بخاتەوە، یان مەڕوانی کوڕی حەکەمیان تەسلیم بکا، یان بیکوژن! وا تێدەگەیشتن یان مەڕوانیان تەسلیم دەکا، یان دوور دەکەوێتەوە و لەو دۆخە ناخۆشە ڕزگاری دەبێ، کەسیان نەیدەزانی کار دەگاتە کوشتن، نەیاندەزانی ئەو کۆمەڵە ئەوەندە سنوورەکان دەبەزێنن، خواش زاناترە.

دوو: هاوەڵان ﷺ بەردەوام لەدەوری عوسمان بوون و بەرگرییان لێی دەکرد، بەڵام کاتێك کارەکە تووند بوو، کودەتاچییەکان بار و دۆخەکەیان توندتر کرد، عوسمان خۆی داوای لە هاوەڵان کرد شمشێرەکان بخەنەوە کاڵانەکانیان و شەڕ نەکەن و بەجێی بهێڵن، ئینجا کە هاوەڵان جێیان هێشت هەڵەکە قۆستراپەوە، لەگەڵ ئەوەش کەس گومانی نەدەبرد بیکوژن.

سێ: ئەو خەواریجانە هەڵی چوونی زۆربەی خەڵکی مەدینەیان بۆ حەج قۆستەوە، هێشتا سوپای پشتیوانیش لە هیچ لایەنێکەوە نەگەیشتبوو، ڕوو ڕەش بن، کارەکەیان بەو ئەنجامە گەیاند.

چوار: خەواریج دوو هەزار کەسی نازا بوون، لەوانەیە لە خەڵکی مەدینە ئەوەندەی تێدا نەمابووبێ چونکە زۆربەیان لە شار و ویلایەتەکان و بەرەکانی جەنگ بوون، لەگەڵ ئەوەش

بەردەوام هاوەڵان کە دەهاتنە مزگەوت بۆ نوێژ چەکیان لە مـاڵ بـەجێ نەدەهێشـت، بەشـێکی هاوەڵانیش لە ماڵەوە دانیشتبوون و نەدەهاتنە دەرەوە، بەشێکی هاوەڵان کوڕەکانی خۆیـان بـۆ بەرگری لە عوسمان ناردبوو ﷺ تا ئەو کاتەی سـوپای ویلایەتـەکان بـۆ پشـتیوانی دێ، بـەڵام کاتێك بەخۆیان زانی، ئەو چەکدارانە دەرگای خانووەکەیان سوتاند و خۆیان خزانـدە نـاو مـاڵی عوسمان و کوشتیان[1].

ئەگەرچی ئیبنو کەسیر دەڵێ: (لەوانەیە خەڵکی مەدینە ئەوەندە نەبووبان کە بیانتوانیبایە ئەو چەکدارانە دەرکەن) و: (دەرگای ماڵی عوسمانیان سوتاند و بەسەریانداداا.. تا کوشتیان)، یەکناگرێتەوە لەگەڵ وتەکانی ئیبنولعەڕەبی، لەوانەیە بەهۆی جیاوازی ریوایەتەکان بێ.

ئەو ڕەخنانەی یاخییەکان لە پێشەوا عوسمانیان دەگرت:

خۆیان بە ستەملێکراو پیشان دەدا، دەیانگوت عوسمان لە مـاوەی جێنشـین بـوونی، زوڵمـی زۆری کردووە، کە ئەمانەن:

١. دارکاری کردنی عەممار و هەرزڕاندنی سکی.
٢. دارکاری کردنی ئیبنو مەسعوود هەتا پەراسووی شـکا، دەسـتکەوتی جەنگیشـی پـێ نەدا.
٣. بیدعەچییە، چونکە قورئانەکانی سوتاندووە و کۆیکردوونەتەوە.
٤. تایبەت کردنی بەشێك لە لەوەڕ بۆ حوشتری خۆی و بێ بەشـکردنی موسـوڵمانان لـەو لەوەڕە.
٥. دەرکردنی ئەبوزەڕ بەرەو "ڕەبزە".
٦. ئەبو دەردای لە شام دەرکرد.
٧. پاش ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ "حەکـەمی کـوڕی ئـەبولعاس"ی نـەفی کردبـوو، ئـەم گەڕاندییەوە.

---

[1] البدایه و النهایه، ١٩٧/٧-١٩٨.

٨. کاری به سوننەتی "کورتکردنەوەی نوێژەکان" لەسەفەردا، نەکردووە.

٩. گەورە هاوەڵەکانی لەکاربەدەستی دوورخستۆتەوە.

١٠. خزمەکانی خۆی کردۆتەوە والی، وەك: "موعاویيە" و "عەبدوللای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح" و "عەبدوللای کوڕی عامڕی کوڕی کریز" و "مەڕوانی کوڕی حەکەم". "وەلیدی کوڕی عوقبە"ی کردۆتە والی کە پیاوخراپە و شایەنی نییە.

١١. زێدەڕۆیی لە پارەی "بەیتولمال"دا کردووە، بەشێکی زۆری داوەتە خزمەکانی.

١٢. لە جەنگی "بەدر" بەشدا نەبوو، لە "ئوحود" دۆڕاندی، لە "بەیعەی ڕیزوان" ئامادە نەبوو.

١٣. "عویەیدوللای کوڕی عومەر"ی نەکوشت کە "هورموزان"ی کوشتبوو لەبەر ئەوەی هورموزان خەنجەری دابووە "ئەبو لوئلوئەی مەجوسی" تا عومەری کوڕی خەتتابی پێ بکوژێ.

١٤. نامەیەکی بە بەندەیەکی خۆی و بە سواری خۆی نارد بۆ "ئیبنو ئەبی سەرح" تا ئەو کەسانە بکوژێ کە ناویان لەنامەکە هاتووە.

لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە:

یەکەم: دارکاری کردنی عەممار ﷺ:

لە نێوانی "عەمماڕ" و "عەببасی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو لەهەب" کێشەیەك هەبوو، عوسمان وای پێ پەسەند بوو هەردووکیان تەمبێ بکات[1]. ئەوەش کارێکی ئاسایە بۆ خەلیفەیەك کە حوکمێکی وای پێ باش بێ و جێبەجێی بکا لەسەر هەر یەکێك، زۆری پێش عوسمان و پاش عوسمانیش هەمان کاریان ئەنجام داوە، عومەر چەندین جار لە نمونەی عەمماڕ و لە عەمماڕ باشتریشی داوە، لەوانەی کە مافی ویلایەتی بەسەریانەوە هەیە.

کاتێك عوسمان هەندێ کەسی باوەڕپێکراوی بۆ ویلایەتەکان نارد بۆ ئەوەی بزانن چ

---

[1] بڕوانە: تاريخ الطبري، ١٠٢/٥.

دەگوزەرێ؟ عەمارِی بۆ میسرِی نارد، بەڵام لەوێ سەبەئییەکان لەدەوری کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بیکەنە هاوڕای خۆیان، عوسمان و والی میسر بەو کارەیان زانی و عەمارِیان بەڕێزەوە گەڕاندەوە مەدینە، عوسمان گلەیی لێکرد وەك ئەوەی ئیبنو عەساکیر ڕیوایەتی کردووە[1] . پێی گوت: ئەی "ئەبو یەقزان" کاتێك کوڕی ئەبو لەهەب جوێنی پێت دا، تۆش جنێوت پێی دایەوە، بەڵام کاتێك مافم لێتان وەرگرت تووڕە بوویت! خوایە! ئەو ستەمەی خەڵکی لێم دەکەن، من حەوالەی لای تۆی دەکەم، خوایە! لێیان خۆش بووم، خوایە! ئەو کاتەی من حەددێك لەسەر کەسێك دەردەکەم، ئەوە فەرمانی تۆم بەجێ هێناوە، گوێ نادەمە ئەوەی کێ گلەییم لێ دەکا، بڕۆ دەرەوە عەمارِ، عەمارِ چووە دەرەوە و پەشیمان بوبەوە[2].

هەرزڕاندنی هەناویشی درۆیە و هەڵبەستراوە، ئەگەر هەناوی هەرزڕابا دەمرد[3].

دووەم: دارکاری کردنی ئیبنو مەسعوود و پێنەدانی دەستکەوت پێی:

دارکاری ئیبنو مەسعوود بوختانە و بۆی هەڵبەستراوە هەروەك ئیبنولعەڕەبی وا دەڵێ[4].

پێشتر قسەکەی ئیبنو مەسعوودمان ڕاگواست کە گوتووبوی: "باشترینمان هەڵبژرادووە بۆ جێنشینین بوون، هەڵەشمان نەکرد".

موحیبوددینی خەتیب دەڵێ: (کاتێك عوسمان بووە جێنشین، ئیبنو مەسعوود والی بوو لەسەر کار و باری دارایی کوفە، لەلایەن عومەرەوە دانرابوو، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاسیش لەسەر کار و باری نوێژ و جەنگ، "سەعد" و "ئیبنو مەسعوود" ناکۆکییان کەوتە نێوان لەسەر قەرزێك کە سەعد لە ئیبنو مەسعوودی وەرگرتبوو، عوسمان سەعدی لەکارخست و ئیبنو

---

[1] تاریخ دمشق، ابن عساکر، ٤٢٩/٧.

[2] التعلیقات علی العواصم، لا: ٦٤.

[3] العواصم، لا: ٦٤.

[4] العواصم من القواصم، لا: ٦٣.

مەسعوودی لەشوێنی خۆی هێشتەوە[1].

تا ئێرە نێوانی عوسمان و ئیبنو مەسعوود هیچ شتێکی تێدا نییە.

کاتێك عوسمان نیازی وابوو قورئانی ویلایەتەکان کۆبکاتەوە و تەنیا ئەو دانەیە لە ویلایەتەکان بڵاوبکاتەوە کە خۆی و زەیدی کوڕی سابیت سەرپەرشتی نوسین و کۆکردنەوەیان کردبوو، ئەو نوسخەیەی هاوەڵان یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی ئەوە بوو کە دواین جار و پێش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرا، ئیبنو مەسعوود حەزی لێ بوو ئەویش بەشداری پێ کرابا لەو کۆکردنەوەیە و کارەکە بەو ڕاسپێردرابا، هەروەها پێی خۆش بوو ئەو نوسخەیەی خۆی نوسیبوویەوە بیپارێزێت و لای خۆی بمێنێ، نەك ئەوەی بینێرێتەوە مەدینە و لەناو بردرێ، هەردوو حالەتەکە بە گوێرەی دڵی ئیبنو مەسعوود نەبوو، عوسمان زەیدی کوڕی سابیتی کردە سەرپەرشتی نووسینەوەی قورئان، چونکە ئەبوبەکر و عومەر پێشتر ئەمیان ڕاسپاردبوو، هەروها زەید قورئانی بەوجۆرە دەرخ بوو کە دواجار عەرزی پێغەمبەر ﷺ کرابوو.

عوسمان لەسەر حەق بوو، پێگە و ئیمانی ئیبنو مەسعوود شاراوە نەبوو لەلای ئەو و تەواوی هاوەڵان، دەیانزانی ڕاددەی زانست و ئەمانەتی چەندە.

دواتر عوسمان لەوەش لەسەر حەق بوو کە نوسخەی ویلایەتەکانی دیکەشی فەوتاند، لەنێوانیشیان ئەوەی ئیبنو مەسعوود بوو، ئەو کارەی عوسمان کردی باشترین کار بوو مرۆڤێك بتوانێ بیکا، هەموو هاوەڵانیش کۆك بوون لەگەڵی، زۆرینەی هاوەڵانیش ڕای عوسمانیان پێ لە هی ئیبنو مەسعوود پەسەندتر بوو[2]. بەهەر حاڵ، عوسمان نە لە ئیبنو مەسعوودی داوە، نە دەستکەوتیشی لێ بڕیوە، بەڵکو شوێن و پێگەی لای ئەو هەر مابوو.

هەروەك ئیبنو مەسعوودیش لە ژێر فەرمانی ئیمامەکەی مایەوە و پێی باشترینی

---

[1] الطبري، ٤٨/٥.

[2] بڕوانە: منهاج السنه، ١٩٢/٣ و البدايه و النهايه، ٢١٧/٧.

موسوڵمانان بوو[1].

سێیەم: کۆکردنەوەی قورئان:

کۆکردنەوەی قورئان لەلایەن عوسمان کارێکی گەورەی ئەوە و لە چاکە نەبڕاوەکانییەتی، پێویستە سوپاسی بکرێت لەسەری، لەبەر ئەوەی "حوزەیفە"و خەڵکی دیش بە عوسمانیان ڕاگەیاندبوو: شامی و عیراقییەکان کێشەیان هەیە لەسەر ئەوەی ئاخۆ خوێندنەوەی کێ ڕاستە! هەریەکەیان خوێندنەوەی خۆی پێ ڕاست بوو. عوسمان وای بە باش زانی ئومەت لەسەر یەک نوسخەی قورئان کۆبکرێتەوە و لە جیاوازی بیپارێزێت، لەو نوسخەیەی ئەبوبەکر کۆی کردبوویەوە چەندین دانەی لێ لەبەرگرتەوە و ناردییە ویلایەتەکان و نوسخە جیاوازەکانی فەوتاند.

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: (قورئانەکانی سوتاندبن یان بەهەرجۆرێك فەوتاندبی، هەردوکیان دروستن، مادەم لە مانەوەیان لەوانەیە فیتنە دروست بێ، یان لە هەر نوسخەیەکیان شتی وای تێدا بێ قورئان نەبێ، یان نەسخ بووبێتەوە، یان شێوازی ڕێکخستنی وەك قورئان نەبێ، هاوەڵان گشتیان بەو کارەی قایل بوون تەنیا ئیبنو مەسعوود نەبێ وای پێ باش بوو نوسخەکەی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام عوسمان زۆری لێ کرد تا نوسخەکەی ئەویش بفەوتێنێ[2]).

چوارەم: تایبەتکردنی لەوەڕ[3]:

پێغەمبەر ﷺ نەهی لە تایبەتکردنی لەوەڕ کردووە مەگەر بۆ بەرژەوەندی ئیسلام نەبێ، هەروەك فەرموویەتی "هیچ تایبەتکردنی لەوەڕێك نییە مەگەر بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی

---

[1] التعليقات على العواصم، لا: ٦٣-٦٤.

[2] العواصم، لا: ٧١.

[3] مەبەست لە تایبەتکردنی لەوەڕ ئەوەیە کە زەوییەك لە بنەڕەتدا دروست بێ مسوڵمانان مااتەکانیان تێدا بلەوەڕێنن، بەڵام پێشەوای مسوڵمانان فەرمان بدا کە نابێ هیچ مااتێك بچێتە ناو ئەو زەوییە و تەنیا تەرخانە بۆ مااتی زەکات یان مااتی بەیتولمال یان هەر مااتێکی دیکە (فتح الباری، ٤٤/٥) -گ.

نەبێ[1]"، پێغەمبەر ﷺ زەوییەکانی "نەقیع"ی تایبەت کرد بە ئەسپی بەیتولمال و پاشان عومەر فراوانتری کرد کە "شەرەف[2]" و "ڕەبزە"شی گرتەوە، عوسمانیش لەگەڵ بەردەوام بوونی فەتحکردنی وڵاتان هێشتا فراوانی کرد، مادەم لە بنەڕەتدا بۆ پێویستی درووست بێت، ئەوە فراوانکردنیشی بە قەدەر پێویستی درووستە[3].

پێنجەم: دەرکردنی ئەبوزەر ﷺ بەرەو ڕەبزە:

عوسمان ئەبوزەری دەرنەکرد، بەڵکو ئەبوزەر بەخۆی ویستی لە مەدینە دوور بکەوێتەوە و بەرەو "ڕەبزە" بڕوا، عوسمانیش ڕێی پێ دا ﷺ.

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: (ئەبوزەر کابرایەکی لە خواترس بوو، دەچوو بە گوێی کاربەدەستەکانی عوسمان دەیچرپاند و ئایەتی ﴿وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ[4]﴾ی بەسەردا دەخوێندنەوە، کە دەیبینی جل و بەرگ و سواری جوان و ڕێکیان هەیە و لەبەریانە، ئینکاری لێ دەکردن، دەیویست ئەو شتانە نەکەن، دەیویست کاربەدەستان هیچ کام لەو شتانەیان نەبێ. بەڵام ئەوە پێویست نییە، ئیبنوعومەر و کەسانی دیکەش دەڵێن: "نەگەر پارە یان زێڕ زەکاتی لێ درا، ئەوە بە (کەنز) ئەژمار ناکرێ" لە نێوانی موعاوییە و ئەبوزەردا لە شام ناکۆکییەک ڕوویدا، موعاوییەش خەبەری دا عوسمان و ترسا

---

[1] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، {(سەحیحی بوخاری، کتاب المساقاه، باب: لا حمی إلا لله و لرسوله ﷺ، ۱۱۳/۳، ژمارەی فەرموودە: ۲۳۷۰ – گ)}

[2] "شەرەف"یان "سەرەف" بە هەردووکی هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی "شەرەف"ە هەروەک قەستەلانی لە (ارشاد الساری، ۲۰٦/٤) وا دەڵێ – گ.

[3] بڕوانە: الطبري، ۹۲/۵، {هەروەها عوسمانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد گوایە ئەو زەوییانەی تەنیا بۆ ئەسپی خۆی تەرخان کردووە، بەڵام ئەو تۆمەتەش بێ بنەمایە، لەبەر ئەوەی عوسمان ئەسپەکانی خۆی لە شوێنی دوور دەلەوەڕاند، عوسمان ﷺ پێش ئەوەی ببێتە خەلیفە لەناو هەموو عەرەب کەس وەک ئەو ئەسپی زۆر نەبوو، بەڵام کاتێ شەهید بوو، تەنیا دوو ئەسپی مابوو ئەویشی بۆ حەجکردن هێشتبوویەوە، بڕوانە: الدفاع عن عثمان بن عفان ﷺ د.ڕاغب السرجانی، لە سایتی قصه الاسلام، لە بەرواری ۲۰٦/۵/۱ بڵاوبۆتەوە - گ}.

[4] ئایەتی ۳٤ لە سورەتی تەوبە واتە: ئەوانەی ئالتوون و زیو کۆئەکەنەوە و لەڕێگەی خودادا سەرفی ناکەن. واتە: زەکاتی شەرعی لێ دەرناکەن، ئەوانە موژدەیان بدەرێ بە سزای سەختی ڕۆژی دوایی.

لەوەی خەڵك لێی هەستنەوە و فیتنەیەك دروست بکەن، عوسمان نامەی بۆ ئەبوزەڕ نارد تا بێتە مەدینە، هات و لەوێش لەو ڕەفتارەی بەردەوام بوو، عوسمان پێی گوت: ئەگەر واز بێنی باشترە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی ئەو ڕێچکەیەی هەبی لە ناو خەڵکی ناحەوێتەوە، ئەگەر لەخەڵکی گەڕێ و واز لە مالّ و سامانەکانیان بهێنێ باشترە، ئەگەر لەناو خەڵکیش دەمێنیتەوە ئەوە وازیان لێ بێنە و ئینکاریان لەو شتانە لێ مەکە کە حەڕام نین، ئەبوزەڕ بەرەو "ڕەبزە" ڕۆیشت، کۆمەڵێکی چاکی لە مەدینە جێهێشتن، دۆخی ئەبوزەڕ لە هی ئەوان باشتر بوو، چونکە ئەو دۆخەی ئەبوزەڕی تێدا بوو خەڵکی ناتوانێ گشتی بەو جۆرە بێ، ئەگەر خەڵك هەمووی وەك ئەو بان، لەناو دەچوون، پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە پلە بەندی کردووە لەنێوان بەندەکانیدا[1]).

تەبەری ڕیوایەتی کردووە: ئەبوزەڕ ئیزنی لە عوسمان خواست تا لە مەدینە بڕوات، پێی گوت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووم: کاتێك خانووەکان گەیشتنە "سلع" لە مەدینە بچمە دەرەوە، عوسمان ڕێگەی دا و لەوێ مزگەوتێکی دروست کرد و عوسمان کۆمەڵێك حوشتری پێدا و چەند بەندەیەکیشی کردە دیاریی، ئەبوزەڕ هاتوچۆی مەدینەی دەکرد، نێوانی ڕەبزە و مەدینە سێ میلە[2] "یاقوت" دەڵێ: خۆشترین شوێن بوو لەڕێگەی مەککە[3].

ئیبنو کەسیریش دەڵێ: (کاتێك ئەبوزەڕ وەفاتی کرد، عوسمان منداڵەکانی ئەوی هێنا لای منداڵەکانی خۆی[4]).

شەشەم: دەرکردنی ئەبو دەڕدا لە شام:

دەرکردنی ئەبو دەڕدا لە شام ڕاست نییە و وای نەکردووە، هەروەك ئیبنولعەڕەبی دەڵێ: لە نێوانی ئەبو دەڕدا و موعاوییە ناکۆکییەك ڕوویدا، ئەبو دەڕدا لە خواترس و پایە بەرز بوو، قازی

---

[1] العواصم، لا: ٧٣-٧٦.
[2] الطبري، ٦٦/٥، و" ابن خلدون، بقية الجزء الثاني، لا: ١٣٩.
[3] التعليقات على العواصم، محب الدين الخطيب، لا: ٧٦.
[4] البدايه و النهايه، ١٦٥/٧.

نەوان بوو لە دیەشق، لە پیادەکردنی حەق توند بوو، ڕێچکەی عومەری لەگەڵ کەسانێك گرتە بەر کە ئەو شێوە حوکمەیان لا نامۆ بوو، لە قازی بوون لایاندا و گەڕایەوە بۆ مەدینە[1].

حەوتەم: گەڕاندنەوەی حەکەمی کوڕی عاس:

حەکەمی کوڕی عاسی باوکی مەڕوان و مامی عوسمان، لە هۆکاری نەفی کردنەکەی کۆمەڵێك ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، گوایە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ یەکێك لە خێزانەکانی بووە و ئەو هاتۆتە ژوورەوە، بەمەش پێغەمبەر ﷺ لێی تووڕە بوو، یان گوایە ئەو شتانەی پێغەمبەر ﷺ بە نهێنی بۆ هاوەڵە گەورەکانی باس دەکرد، ئەو دەچوو گوێی لێ قولاغ دەکرد و هەواڵەکانی بۆ کافر و دووڕوو و موشریکەکانی مەککە دەگواستەوە، ئەو قسانەی لە هەموو شوێنێك باس دەکرد، یان کاتێك پێغەمبەر ﷺ قسەی دەکرد، لاسایی پێغەمبەری ﷺ کردەوە و لێوی وەك ئەو دەجولاندەوە، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: "هەر وا بە" چاك نەبوویەوە هەتا ئەو کاتەی مرد هەر دەلەرزی و خۆی پێ ڕانەدەوەستا[2].

"ئیبنو تەیمیە" دەڵێ: (زۆر زانا تانەیان داوە لەو ڕیوایەتانەی باسی نەفی کردنی حەکەم دەکەن، دەڵێن: بەخۆی ڕۆیشتووە، چیرۆکی نەفییەکەی لە کتێبە سەحیحەکاندا نییە، نە سەنەدێکی ئەوهاشی هەیە پشتی پێ ببەسترێ، بەڵکو بە "موڕسەل"ی ڕیوایەت کراوە، مێژوونووسان ڕیوایەتیان کردووە و کتێبەکانیان زۆر ڕیوایەتی درۆی تێدایە، چیرۆکەکە بە جۆرێکی وا ڕیوایەت نەکراوە بێ کێشە بێ و ببێتە هۆی ئەوەی کە تانەی پێ لێ بدرێ[3]).

گرنگیان ڕیوایەتەکە دروستیش بوو، لەوانەیە حەکەم تۆبەی کردبێ لەو هۆکارەی کە بەهۆیەوە نەفی کرا، هەروەك چەند زانایەك ئەوها دەڵێن، ئەو نەفییەی کە پێغەمبەر ﷺ کردی، هەروەك ئیبنو حەزم دەڵێ وەنەبێت حەددێکی ئەوها بێ کە هەتا هەتایی بێ، بەڵکو سزای تاوانێك بوو

---

[1] العواصم من القواصم، لا: ٧٧.
[2] الاصابة، ١/٣٤٥-٣٤٦.
[3] منهاج السنة، ٣/١٩٦-٢٣٥-٢٣٦.

کە شایەنی بوو، تەوبەش ماوەی زۆرە، موسوڵمانان کۆدەنگن کە ئەگەر تەوبەی کرد ئەو سزایەی لەسەر لادەکەوێ[1]، بەڵام کاتێك لە عوسمان پرسیار کرا لەبارەی ئەوەی بۆچی خەکەمی گەڕاندۆتەوە، هۆکاری ئەوەی هێنایەوە: پێشتر داوای لە پێغەمبەر ﷺ کردبوو بیگەڕێنێتەوە، پێغەمبەریش ﷺ پەیمانی ئەوەی پێدابوو بیگەڕێنێتەوە، لەسەردەمی جێنیشینی ئەبوبەکر و عومەریش دا وای بە جێنیشینەکان گوتبوو، بەڵام ئەوان گوتبوویان ئەگەر شایەدێکت هەیە دەیگەڕێنینەوە، کاتێك بەخۆی بوویە جێنشین، بە زانیاری خۆی لەبارەی ئەو وەعدەی کە پێغەمبەر ﷺ پێی دابوو، گەڕاندییەوە[2].

ئیبنو السکن دەڵێ: (گوایە پێغەمبەر ﷺ دووعای لێ کردووە بەڵام ئەو ریوایەتە سەحیح نییە[3]).

هەشتەم: کورت نەکردنەوەی نوێژ:

لە وەرزی حەجی سالّی ٢٩ لە مینا، کاتێك عوسمان بینی خەڵك زۆریان تێپەڕاندووە لە سنووری کورتکردنەوەی نوێژەکان، وایلێهاتووە لە مالّی خۆشیان دەیکەن، سوننەتیان بەسەر واجبەکە زاڵ کردووە، وەهای پێ باش بوو بۆ ئەوەی خەڵك تووشی کەمتەرخەمی نەبن لە کردنی واجبەکان، ئەو سوننەتە نەکات.

زانایەکی زۆر پێیان وایە گەشتیار سەرپشکە لەوەی نوێژەکان کورت دەکاتەوە یان بەتەواوی دەیانکات، هاوەڵانی دیکەش ڕای جودایان هەبوو لەو بارەوە[4].

نۆیەم: لەسەرکار لادانی هاوەڵە گەورەکان:

لادانی هاوەڵە گەورەکانی وەك "ئەبو موسای ئەشعەری" لە "بەسرە" و "عەمری کوڕی

---

[1] الفصل في الملل و الاهواء و النحل،ابن حزم، ١٥٤/٤.
[2] العواصم، لا: ٧٧ و الاصابه، ٣٤٦/١.
[3] الاصابه، ٣٤٥/١.
[4] العواصم، لا: ٧٨-٨٠ و: الصواعق، لا: ١١٣.

عاس" لە "میسڕ" و "عەمارِی کوڕی یاسر" و "موغیرەی کوڕی شوعبە" و "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود" لە "کوفە". ئەوانە هەر یەکەو بیانووی خۆیانیان هەبوو.

ئەبو موسا و عەمڕی کوڕی عاس و موغیرە، گلەیی زۆریان لێ دەکرا لە ویلایەتەکانیان، ئەو کەسانەی فیتنە و پڕوپاگەندە کاری تێکردبوون زیاتر خەڵکیان لە دژیان هاندەدا، وای لێ هات عەرەب بەو فیتنە چییانەیان دەگوت عەرەبن یان عەجەم؟ موسوڵمانن یان خزاونەتە ناو موسوڵمانان؟ لەبەر ئەوە کاتێك عوسمان بینی ئەو فیتنەچییانە پێداگرن لە لادانی ئەوانە لە ویلایەتەکانیان، وای بە باش زانی بۆ گرتنی دەرگای فیتنە لایانبدات، ئەگەرچی دەشیزانی درۆ دەکەن.

عەمارِیش عومەر لایدا، نەك عوسمان ﷺ.

ئیبنو مەسعوود زۆر ڕەخنەی لە عوسمان دەگرت، عوسمان پێی باش بوو لایبدا، لەبەر ئەوەی موجتەهید کە ئیجتیهادێکی کرد لە بابەتێك کە ئەگەری ئیجتیهادی تێدا بێ، ڕەخنەی لێ ناگیرێ[1]، ئینجا ئەگەر لە ئیجتیهادەکەی پێکای یان نا.

دەیەم: پێدانی دەستەڵات بە خزمەکانی:

لە پێدانی دەستەڵات بە خزمانی خۆی، پێغەمبەرو ﷺ دوو هاوەڵەکەی سەرمەشقی بوون، "ئیبنو تەیمیە" دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەستەڵاتی دابووە بەنی ئومەیە، پاش وەفاتیشی ئەبوبەکر و عومەر دەستەڵاتیان پێدا، خزمایەتیێکیان لەگەڵیان نەبوو، هیچ هۆزێکی عەرەبان ناناسین کە کاربەدەستیان زیاتر بێت لە هۆزی "بەنو عبدشمس" لەبەر ئەوەی هەم زۆر بوون و هەم زیرەکی و شەڕەفیشیان تێدا بوو، پێغەمبەر ﷺ "عەتتابی کوڕی ئوسەیدی کوڕی عاس"ی کردە کاربەدەستی مەککە، "ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب"ی کردە کاربەدەستی نەجران، "خالیدی کوڕی سەعید"ی کردە کاربەدەستی کۆکردنەوەی زەکاتی هۆزی "مذحج" و سەنعای یەمەن، و "عوسمانی کوڕی سەعید" لەسەر "تەیما" و خەیبەر و گوندەکانی "عەرینە" و

[1] الصواعق، لا: ١١١، و: تاريخ الخميس، ٢٦٦/٢.

"ئیببانی کوڕی سەعید" لەسەر چەند سریەیەك و پاشان لەسەر "بەحرین".

عوسمان جگە لەو کەسانەی پێغەمبەر ﷺ و ئەبو بەکر و عومەر ئەوانی کردە دەستەڵاتدار، کەسی دیکەی نەکردێ، هەمان ڕەگەز و هەمان هۆز، ئەبوبەکر "یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان"ی کردە والی لە فەتحی شام و عومەریش هەر ئەوی هێشتەوە، پاشان عومەر برایەکەی "موعاوییە"ی کردە والی[1].

مێژوو شایەدە ئەو کەسانەی عوسمان کردبوونییە والی زۆر خزمەتی ئیسلامیان کرد، چەندین وڵاتیان بە ڕووی موسوڵمانان کردەوە، لە ڕۆژئاوا گەیشتنە ئەندەلوس لە ڕۆژهەڵات تا "بەڵخ" و "کابوڵ" ڕۆیشتن، لە دەریا و وشکانی شەڕیانکرد، سەرانی فیتنە و فەسادیان لە عێڕاقی عەجەم و خوراسان لە ڕەگەوە بڕین، دەستەڵات دان بە خزمان کێشەی نییە ئەگەر ئەو کەسانەی دەستەڵاتیان دەدرێتێ لێهاتوو و شارەزا بوون، عەلی خزمانی لای دایکی و لای باوکی کردبووە دەستەڵاتدار، بەڵکو حیکمەت و سیاسەت بەو جۆرەیە عوسمان پشت بە خزم و نزیکەکانی خۆی ببەستێ، کە شوێنی باوەڕن و لە هەموو خەڵکیش زیاتر پێیانخۆشە عوسمان ﷺ لە ئامانجەکانی سەرکەوتوو بێت هەروەك "محمد کورد عەلی" وادەڵێ[2].

"ئیبنو تەیمی"ە دەڵێ: عەلی "عوبەیدوڵڵای کوڕی عەببباس"ی کردە والی لە یەمەن، "قوثمی کوڕی عەببباس"یش لە مەککە و تائیف، "عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس" لە بەسرە و موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر"یش لە میسر، کە پەروەردەکراوی خۆی بوو[3]، مەدینەش دوو ڕا هەیە، هەندێك دەڵێن "سەهلی کوڕی حەنیف"ی کردۆتە والی و هەندێکی دیکەش دەڵێن "ثامەی کوڕی عەببباس[4]"بووە.

---

[1] منهاج السنه، ٣/١٧٥-١٧٦.

[2] الاداره الاسلامیه، لا: ١٠٣.

[3] موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری سیدیق، دایکی ئەسمائی کچی عومەیس بوو، دوای وەفاتی ئەبوبەکر بووە خێزانی عەلی، بەمەش موحەممەد بووە برای حەسەن و حوسەین ﷺ - گ.

[4] منهاج السنه، ٣/١٧٥-١٧٦.

ئەبولحەسەنی نەدەوی دەڵێ: (یەکەم ڕەخنە کە لە عوسمان گیرا ئەوە بوو هەندێك والی دانان کە پێشینەیان نەبوو لە ئیسلامدا، یان پێگەیەکی ئایینی ئەوتۆیان نەبوو لە کۆمەڵگە، لەوانەیە هەندێك کاریان کردبێ خەڵکی پێیان ناڕازی بن، وەك ئەو کارانە نەبووبن کە پێشتر کاربەدەستەکانی پێغەمبەر ﷺ و سەردارانمان ئەبوبەکر و عومەر کردوویانن، قسە و قسەڵۆك نەسەریان زۆر بوون.

جێنشین چەندین ئەگەر و ڕێوشوێن هەیە دەیگرێتە بەر لەکاتی دیاری کردنی والییەکان، لەوانەیە هەموو خەڵکی پێ ڕازی نەکرێ، لەوانەش نییە هەموو جارێك لایەنی دینی و ڕەوشتی والییەکان بەتەنها لەبەر چاو بگرێ[1]).

ئیبنولقەیم دەڵێ: (هەموو ئەو ریوایەتانەی کە لە داشۆڕینی بەنو ئومەییەی هاتوون، درۆن[2]).

باسی والی و کاربەدەستانی عوسمان ﷺ :

١. موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان:

موعاوییە عومەر کردبوویە والی نەك عوسمان، عومەر هەموو ویلایەتەکانی شامی دایە دەست، عوسمانیش نەیگۆڕی.

ئیبنولعەڕەبی دەڵێ: (بەڵکو ئەبوبەکری سیدیق موعاوییەی کردە کاربەدەست، لەبەر ئەوەی پێشتر زەیدی برای کردبووە جێنشین، زەیدیش موعاوییەی لە شوێنی خۆی دانا، عومەریش لەبەر پەسەندی ئەبوبەکر و پابەند بوونی پێی نەیگۆڕی و عوسمانیش لەبەر پەسەندییەتی عومەر

---

[1] المرتضى، لا: ١٣٨.

[2] المنار المنيف بتعليقات ابى غده، لا:١١٧.

نەیگۆڕی ﷺ بڕوانە ئەو زنجیرەیە، بۆ هیچ کەسێك نەڕەخساوە و ناڕەخسێ[1]).

٢. عەبدوڵڵای کوڕی عامڕی کوڕی کریز:

عوسمان کردییە والی لەبەرئەوەی پووڕەکانی (خوشکی دایك و باوکی) خاوەن شەڕەف و دەستکراوە بوون[2].

موحیبووددینی خەتیب دەڵێ: (ئەو باوکی لە "عبد شمس"ەو خاڵەکانی "هاشمی"ن، بە دەستکراوەیی و ڕێز لە خەڵك گرتن و ئازایەتی گەورە بوو، ناودار و خاوەن چاکەی زۆر بوو، هەموو خوراسان و فارس و سیجستان و کرمانی بەڕووی موسوڵمانان کردەوە، تاکو گەیشتە لای "غەزنە" و یەزدەجەردی کوڕی شەهریاری لەناوبرد کە دوا پاشای فارسەکان بوو، دوا هیوای ئیمپڕاتۆریەتی مەجوسییەکانی لەناوبرد[3]).

ئیبنو کەسیر دەڵێ: (یەکەم کەس بوو "سەرئاو"ی بۆ حاجییان لە عەڕەفە دانا و ئاوی کانی بۆ ڕاکێشا[4]).

٣. مەڕوانی کوڕی حەکەم:

"ئیبنولعەڕەبی" دەڵێ: (پیاوێکی دادپەروەر بوو، هاوەڵ و تابیعییەکان بە پیاوێکی گەورە لێیان دەڕوانی، لە هاوەڵان سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی ریوایەتی لێ کردووە، هەرچی تابیعییەنەکانە، تەمەنیان بە قەد ئەو بوو، ئەگەرچی ڕایەك هەیە گوایە بە پلەی هاوەڵێتی شەڕەفمەند بووە، شەرعزانەکان ریوایەتەکانیان وەرگرتووە و فەتوایەکانیان بەهەند

---

[1] العواصم، لا: ٧١.
[2] العواصم، لا: ٧٣-٨٤.
[3] التعليقات على العواصم، لا: ٨٤.
[4] البدايه و النهايه، ٨٨/٨.

وەرگرتووە، ماوەی خەلافەتەکەیان بە دروست زانیوە[1]).

ئەدیب و میژوونووسەکان کاتێك ناوی ئەو بە خراپە دەبەن، بەقەدەر خۆیان قسان دەکەن و خراپەیەکە دەیکەن[2].

ئیبنو خەلدون دەڵێ: (مەڕوانی کوڕی حەکەم و کوڕەکەی - عەبدولمەلیك - لە گوناهکار و پیاوخراپان نەبوون، بەڵکو بەدوای مەبەستی چاکەدا دەگەڕان، تەنیا لەو کاتانەی پێویستییەك هەبوایە، لەوە ترسابان ئومەت لە یەکتری جودا بێتەوە و ببێتە بەش بەش، ئەوەیان پێ لە هەموو کێشەیەك گەورەتر بوو، شایەدی ئەو قسانەمان کردەوەکانیان و شوێنکەوتنی پێشینانیانە، شایەدی دانی پێشینانە بە چاکییان، ئیمام مالیك لە موەتەئەکەیدا کرداری عەبدولمەلیکی کردۆتە بەڵگە، مەڕوانیش لە چینی یەکەمی تابیعییەکان بوو، لە باسی عەدالەتیان بووینەوە[3].

ئیبنو حەجەر لە ژیاننامەی "موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان" دەڵێ: (لەو کەسانەی ریوایەتیان لێ گێڕاوەتەوە: مەڕوانی کوڕی حەکەم و... سەعیدی کوڕی موسەییەب[4]. لە تابیعییە گەورەکان دەیژمێرێ و لە ڕیزی سەعید حسێبی دەکا، ئیبنو حەجەری هەیسەمی سەرنجێکی هەیە لەسەر ئەو ریوایەتانە و دەڵێ: لەوانەیە بێتە گوێمان و گومانمان بۆ دروست بێ لەبارەی ئەو ریوایەتانەی لەویان گێڕاوەتەوە، گوایە هەموو جومعەیەك جوێنی بە ئیمام عەلی داوە و گوتوویەتییە حەسەن و حوسەین: ئەی خزمانی پێغەمبەر ﷺ ئێوە لەعنەتی خواتان لێ کراوە. یان زۆر ریوایەتی لەو بارە، بەڵام هەموو ئەو ریوایەتانەی لەو بارەیەوە هاتووە دروست نییە و هەر سەنەدێك هاتبێ لەو بارەیە کێشەی هەیە، ئەگەر ئەو قسانەی لەبارەیەوە دەکرێ

---

[1] ئەو زانیارییە زۆر ورد نییە، چونکە خەلافەتی مەڕوان بە دروست دانانرێ لای زۆرینەی شەرعزانەکان، مەڕوان بە دەرچوو لە خلافەتەکەی دادەنرێ، دواتر باسی دەکەین.

[2] العواصم من القواصم، لا: ٨٩-٩٠.

[3] المقدمه، ابن خلدون، لا: ٢٠٦.

[4] الاصابه، ٤٣٤/٣.

ڕاست با، بوخاری ریوایەتی لێ نەدەکرد و فەرموودەناسەکان بە خراپە باسیان دەکرد[1].

" ئیبنوحەجەر" دەڵێ: لە مەڕوانەوە چەند کەسێك ریوایەتیان کردووە، لەوانە کوڕەکەی عەبدولەلیك و زەینولعابیدین عەلی کوڕی حوسەین[2] و عوڕوەی کوڕی زوبەیر و سەعیدی کوڕی موسەییەب، بە شەرعزان لە قەڵەم دەدرا[3]، ریوایەتی عوڕوە لە مەڕوانەوە لە (کتاب الوکالة)ی سەحیحی بوخاری و موسنەدی ئیمام ئەحمەد و (مصنف)ی عەبدولرەزاق هەیە.

"ئیبنوعەبدولبەڕ" دەڵێ: عوڕوە گوتویەتی: گومانمان لە مەڕوان نەبوو کاتێك فەرموودەی دەگێڕانەوە[4]. ئەگەر ئەو بوختانانەی بۆ دەکرا ڕاست بوایە، چۆن زانایانی (جەرح و تەعدیل) بە باوەڕپێکراویان لە قەڵەم دەدا؟ دیارە زانایانی جەرح و تەعدیل چەند تونەن و دوژمنانیش شایەدییان بۆ دەدەن.

"ئیبنوکەسیر" دەڵێ: ئەبولحەکەم دەڵێ: گوێم لە شافیعی بوو دەیگوت: ڕۆژی جەمەل کاتێك بەرەی بەرامبەری شکان، عەلی زۆری پرسیار لەبارەی مەڕوانەوە دەکرد، پێیان گوت: بۆچی ئەوەندە لێی دەپرسی؟ گوتی: لەبەر ئەوەی خزمایەتیم لەگەڵی هەیە و یەکێکە لە گەورە لاوانی قورەیش.

لە موعاوییەیان پرسی: کێت لەدوای خۆت بەجێ هێشتووە؟ گوتی خوێنەری قورئان و شەرعزان لە ئایینی پەروەردگار، تونەد لە سنوورەکانی خوا، مەڕوانی کوڕی حەکەم.

حەنبەل لە ئیمامی ئەحمەدەوە دەگێڕێتەوە: مەڕوان دادگەر بوو، بە شوێن حوکم و بابەتەکانی

---

[1] تطهير الجنان، لا: ٢٦.

[2] ئەگەر مەڕوان دوژمنی ئەهلو بەیتی پێغەمبەر ﷺ بوایە، چۆن کوڕی حوسەینی کوڕی فاتیمەی کچی پێغەمبەر و خێزانی ئیمامی عەلی ریوایەتی لێ دەکرد؟ - گ.

[3] الاصابه، ٤٧٧/٣.

[4] الاستيعاب بهامش الاصابه، ٤٢٨/٣.

عومەری کوڕی خەتتاب دەگەڕا[1].

"ئیبنولقەییم" دەڵێ: ریوایەتەکانی سەرزەنشتی وەلید و مەڕوانی کوڕی حەکەم، درۆن[2]. باسی ئەو نامەیەشمان کرد کە گوایە ئەو نوسیویەتی.

٤. عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح:

برای شیری عوسمان بوو، دایکی عەبدوڵڵا شیری دابوو بە عوسمان، پێش هیجرەت موسوڵمان ببوو هیجرەتیشی کردبوو، نووسەری "وەحی"ش بوو، بەڵام پێش ئەوەی مەککە فەتح بکرێ هەڵگەڕایەوە و کافر بووەوە، دەچووە لای کافرەکانی مەککە و دەیگوت: پێغەمبەر ﷺ بە منی دەگوت بنووسە (عزیز حکیم) ئەمنیش دەمگوت: یان (علیم حکیم؟)، دەیگوت ئەویش ڕاستە[3].

کاتێك ڕۆژی فەتحی مەککە هات، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کوشتنی دەرکرد لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە و فەرموویووی: "ئەگەر لە ژێر پەردەی کەعبەش بینیتانن بیانکوژن" پەنای بردە بەر عوسمان و لەوێ خۆی حەشاردا، دوای ئەوەی دۆخەکە ئارام بووەوە، عوسمان بردییە لای پێغەمبەر و داوای ئەمانی بۆ کرد، پێغەمبەر ﷺ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو، ئینجا فەرمووی "بەڵێ" پاشان کە عوسمان ڕۆیی پێغەمبەر ﷺ فەرموویە هاوەڵانی: "لەبەر ئەوە بێدەنگ بووم تا بیکوژن"، پیاوێك گوتیە پێغەمبەر ﷺ: بە چاو ئاماژەیەکت کردبا، دەمانکوشت، فەرمووی: "بۆ پێغەمبەران نابێ چاویان خیانەت بکا".

هەر لەو ڕۆژە موسوڵمان بووەوە، شتێکی وای لێ وەدیار نەکەوت خەڵك بەهۆیەوە ڕەخنەی

---

[1] البدایه و النهایه، ٧/٢٥٧-٢٥٨.

[2] المنار المنیف، لا: ١١٧.

[3] لەبەر ئەوەی ئەو قسانەی لەکاتی کافر بوونیدا کردووە، هیچ قیمەتێکی نییە و وەرناگیرێت.

لێ بگرن، یەکێك بوو لە عاقڵمەند و هۆشمەندەکانی قورەیش، پاشان لە ساڵی ٢٥ عوسمان کردییە والی میسر، خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو ئەفریقیا[١]ی بە ڕووی موسوڵمانانداا کردەوە، ئەو کردنەوەیە زۆر گەورە و بەپیت بوو، بەجۆرێك هەر سوارچاکێك سێ هەزار مسقاله زێڕی بەرکەوت

لەو هەڵمەتەیدا "عەبادیله[٢]"کان لەژێر ئاڵای جەنگان، سوارچاکی بەنی عامیری کوڕی لوئەی بوو، لەپاش ئەفریقیا هەڵمەتی ناوچەی "نەوبە"ی کرد ساڵی ٣١ ، پاشان لە شەڕی (ذات الصواری) لەدژی ڕۆمەکان لە دەریا بەشداربوو، کاتێك عوسمان شەهید کرا، بەشداری فیتنەی نەکرد و لە "عەسقەلان" یان "ڕەملە" خۆی دوورە پەرێزگرت، دووعای کردبوو کۆتا کاری لە ژیان نوێژ بێ، کاتێك لە نوێژی بەیانی سەلامی یەکەمی داوە، پێش ئەوەی سەلامی دووەم بداتەوە وەفاتی کرد[٣].

وەلیدی کوڕی عوقبەی کوڕی ئەبو موعیت:

یەکێك لەوانەبوو هەندێك خەڵك نیازی خراپیان بەرامبەری هەبوو، لەبەر ئەوەی برای عوسمان بوو لە دایکییەوە، دایکی "ئەروەی کچی کریز" بوو، دایکی دایکیشی "بەیزای کچی عەبدولموتتەلیبی کوڕی هاشم" بوو، دەیانگوت لەبەر ئەوە کراوە بە دەستەڵاتدار، شایەنی نییە، خوا ناوی ئەوی بە "فاسق" بردووە لە ئایەتی: ﴿إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوْمًۢا بِجَهَٰلَةٍ[٤]﴾ ئەو ئایەتە لەسەر ڕای زۆربەی موفەسیرەکان لەبارەی ئەو دابەزیوە، کاتێك چوو

---

[١] پێشتر بە "تونس" دەگوترا ئەفریقیا — گ.

[٢] عەبادیلەکان هەرچوار هاوەڵی بەڕێز (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس) بوون، پێیان دەگوترا چوار عەبادیلەکە، لە هاوەڵە شەرعزانەکان بوون - گ.

[٣] تهذیب الأسماء واللغات، النووی، ٢٦٩/١-٢٧٠.

[٤] ئایەتی ٦ لە سورەتی حوجورات واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە! ئەگەر فاسقێ خەبەرێکی بۆ هێنان دەستبەجێ بەڕاستی مەزانن و بکەونە پەیجۆر تا بۆتان دەرئەکەوێ ڕاستی و درۆیی هەواڵەکە چۆنە، نەوەك بێ ئاگا و بەنەزانیی خۆتان کۆمەڵە خەڵکێ گرفتار و تووش بکەن و پاشان لەو کارەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە.

زەکاتی هۆزی "بەنی موستەلەق"ی جولەکە کۆ بکاتەوە، ئەوان بۆی هاتنە دەرەوە و وای زانی بۆ ئەوە هاتوونەتە دەرەوە بیکوژن، لەبەر ناکۆکییەك لە نێوانی ئەم و ئەو هۆزەدا هەبوو، هاتەوە و ڕووداوەکەی بۆ پێغەمبەر ﷺ گێڕایەوە، پێغەمبەریش ﷺ "خالیدی کوڕی وەلید"ی بۆ ناردن و بابەتەکە ڕوون بووەوە، گوایە کە پێشتر حەددی خواردنەوەی "مەی" بەسەر جێبەجێ کراوە.

کورتەیەك لە ژیانی وەلیدی کوڕی عوقبە:

ئەوەی ژیاننامەی ئەو هاوەڵە بەڕێزەی خوێندبێتەوە، لای شاراوە نابێت یەکێك بووە لە پیاوانی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی ئەبوبەکر و عومەر، ئەوانیش پیاوانێکیان هەڵدەبژارد ئەمین و لێهاتوو بن، ئەمەش گرنگترین و سەرەکی ترین هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئیسلام بوو بە فراوانترین سنوور لە سەردەمەکەیان، وەلید یەکێك بوو لەوانەی بەردەوام پشتیان پێ دەبەست و کاری گرنگیان پێ دەسپارد، چونکە دەیانزانی لێهاتووە و ئیمانێکی ڕاستگۆیانەی هەیە.

"موحیبوددینی خەتیب" دەڵێ: یەکەم کاری لەسەردەمی ئەبوبەکری سیددیقدا، پارێزەرەی نهێنی نامە جەنگییەکانی نێوان ئەبوبەکر و خالیدی کوڕی وەلید بوو، ساڵی ١٢ك لە شەڕی "مذار" لەگەڵ فارسەکان[1]. پاشان وەك هێزی پاڵپشتی ناردی بۆ لای سوپاکەی "عیازی کوڕی غەنەمی فەهری[2]"".

پاشان لە ساڵی ١٣ك وەلید سەرپەرشتی زەکاتی "قضاعة"ی بۆ ئەبوبەکر دەکرد، ئینجا کە سیددیق نیازی وابوو هەڵمەت بۆ شام ببا بۆ ئەوەی بەڕووی موسوڵمانانداا بیکاتەوە، چۆن سەیری عەمری کوڕی عاسی دەکرد، بەو جۆرەش سەیری وەلیدی کوڕی عوقبەی دەکرد، نامەی بۆ هەردوکیان نارد: پێشەوایەتی کەتیبەکانی جیهاد بکەن، عەمرِ بەرەو فەڵەستین پێشڕەوی کرد،

---

[1] الطبري، ٤/٧.

[2] الطبري، ٤/١٢.

وەلیدی کوڕی عوقبەش بەرەو خۆرهەڵاتی ئوردون[1].

پاشان وەلید بووە ئەمیر لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب لە ناوچەی "بەنی تغلب" و عەرەبەکانی جەزیرە[2]، ئەوکات هێزی پشتەوەی ئەو موجاهیدانە بوو کە لە شام بوون، تا لە پشتەوە هێرشیان نەکرێتە سەر، لە هەمان کاتدا هەلی والی بوونی لەو ناوچانە قۆستەوە بۆ ئەوەی بانگەشەی مەسیحییەکانی ئەو وڵاتانەی ژێر دەستی بکا بۆ ئەوەی بێنە ناو ئیسلام، شێوازی بانگەوازی حەکیمانەی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی مەسحییەکانی ناوچەکانی "ایاد" و "تغلب" بێنە ناو ئیسلام.

بەو ڕابردووە شکۆدارەوە عوسمان کردییە والی لە کوفە، ماوەی ویلایەتەکەشی باشترین ماوە بوو لە ڕووی چاکەکاری و دادپەروەری، سوپاکەشی بەرەو وڵاتان دەڕۆیی و بەڕووی موسوڵمانان دەیکردەوە، شایەدی ئەو وتانەمان ئیمامی "شەعبی"یە، یەکێکە لە گەورە تابیعییەکان و قازییەکی مەزنە لە ناویان.

"تەبەری" دەگێڕێتەوە: (شەعبی گوێی لێ بوو لەسەرەتای ئەو پاڵەوانییەتییانەی "مەسلەمەی کوڕی عەبدولەلیك" وەدەستی دەهێنا، کوڕێکی وەلیدی کوڕی عوقبە، باسی پاڵەوانییەتی مەسلەمەی دەکرد، شەعبی گوتی: ئەدی ئەگە پاڵەوانییەتیی و والییەتی وەلیدتان بینیبا چیتان دەگوت؟ هەر کاتێك هەڵمەتی دەبرد ئەوەندە و ئەوەندە شوێنەی بەڕووی موسوڵمانان دەکردەوە، تا ئەو کاتەی لە کارەکەی دوورخرایەوە، نە کەمتەرخەمی کرد و نەکەسیش دژی بوو، ئەوکاتەی لە کارەکەشی دوورخرایەوە "عەبدولڕەحمانی باهیر" والی "دەربەند" بوو، یەکێك بوو لە گەورەترین سەرکردەکانی وەلید، دەربەند پشت دەریای خەزەری ڕووسیایە و یەکێك بوو لە ناخۆشترین و سەختترین ناوچەکانی جیهان).

ئەو پارە و سامانەی لەسەردەمی عوسمان لەسەر دەستی وەلید بۆ خەزێنەی موسوڵمانان

---

[1] الطبري، ٤/٢٩-٣٠.

[2] الطبري، ٤/٥٥.

زیادی کرد زۆر زۆر بوون، دوای ئەوەی لەسەر ئومەت دابەش دەکرا، ئینجا دابەشی سەر هەموو بەندەکانی کوفەی بکرابا، مانگانە سێ جار، بەشی دەکردن[1]، نەوەوی دەڵێ: (کاتێک عوسمان کوژرا، وەلید وازی لە دەستەڵات هێنا و لە ئاشووب دوورکەوتەوە، تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد لە "ڕەقە" مایەوە، لەوێ دەستی کاری باشی هەبوو، "شەعبی" و "سابیتی کوڕی حەججاج" و خەڵکی دیکەش ریوایەتیان لێ گێڕاوەتەوە[2]).

ئیبنولعەڕەبی دەڵێ: (عوسمان گوتی: وەلیدم لەبەر برایەتی نەکردۆتە دەستەڵاتدار، بەڵکو لەبەر ئەوەی کوڕی "ام حکیم البیضاء"ە، پووری پێغەمبەری خوایە ﷺ و، جمکە لەگەڵ باوکی، سەرکردایەتیش بە ئیجتیهاد بەڕێوە دەبردرێ، عومەر سەعدی کوڕی ئەبو وەققاسی لەکار لادا و یەکێکی کردە شوێنگرەوەی پلەی لەو کەمتر بوو[3]).

یەکێك لە ژیاننامەی ئەو هاوەڵە بەڕێزە ورد بێتەوە، کە شوێن باوەڕی سێ جێنشین بووە، گومانی شایستە بوونی دەستەڵاتداریی لای نامێنێ، بەڵام گومانی لەوە بۆ دروست دەبێ: ئایا خوا ئایەتی لەبارەوە ناردۆتە خوارەوە و بە "فاسیق" ناوی بردووە؟ مەی خواردۆتەوە یان نا؟ دواتر لە هەردوو باسەکە دەدوێین.

هاتنە خوارەوەی ئایەت لەبارەی:

کۆمەڵێك زانای لێکۆڵەر گومانیان لەوە هەیە ئەو ئایەتە لە بارەی وەلیدەوە دابەزیبێت، ئیبنو کەسیر پاش ئەوەی ریوایەتەکان دەهێنێتەوە دەڵێ: خوا زاناترە لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئەو ریوایەتە ڕاستە یان نا[4]؟ لە تەفسیرەکەشی دووبارە دەڵێ: خوا زاناترە[5].

"ئیبنوحەجەری عەسقەلانی" دەڵێ: گوایە ئەو ئایەتە لەبارەی وەلیدەوە هاتۆتە خوارەوە،

---

[1] الکبری، ٥/٦٠ و: التعلیقات علی العواصم، لا: ٨٦ ، ١٠٠.
[2] تهڕیب الاسماو واللغات، ١٤٦/٢.
[3] العواصم، لا: ٨٥-٨٨.
[4] البدایه و النهایة، ابن کثیر، ٢١٤/٨.
[5] تفسیر ابن کثیر، ٢١٠/٤.

پاشان باسی هەندێك لەو ڕاوییانە دەکات کە تەبەری ریوایەتەکەی لێ گێڕاونەتەوە، هەروەها ریوایەتەکە ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی "ئەبوداوود" ریوایەتی کردووە گوایە کاتی ڕووداندا ئەو ڕووداوە وەلید تەمەنی بچووك بووە، کە لەمەودوا باسی دەکەین. گومانی لە ڕووداوەکە هەیە، لەو بارەوەیە هیچ بڕیارێکی کۆتایی نادات و بابەتەکە یەکلایی ناکاتەوە[1].

"قازی ئەبوبەکر" دەڵێ: لەبارەی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ڕاجیایی هەیە، هەندێك پێیان وایە لە بارەی وەلید هاتۆتە خوارەوە، هەندێکی دیکە دەڵێن گوایە لە بارەی چیرۆکێکی نێوان عەلی و وەلید هاتۆتە خوارەوە، بەڵام دەڵێن: وەلید لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵ بەرەو لای پێغەمبەر ﷺ هاتوون، پێغەمبەر ﷺ دەستی بەسەر هەموویان دا هێنا تەنیا وەلید نەبێ، لەبەر ئەوەی جۆرە بۆنێکی لەسەر هاتووە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەستی بەسەر سەریدا نەهێناوە.

باشە ئەوەی لەو تەمەنەدا بێ، چۆن پێغەمبەر ﷺ بۆکارێکی وەها گرنگ ڕەوانەی دەکا؟ ئەگەر ناکۆکی و ڕاجیایێکی وەك ئەمە لەبارەی ریوایەتێکی بەهێز هەبێ، زانایان ڕەتی دەکەنەوە و کاری پێ ناکەن، ئەدی ئەگەر ریوایەتەکان لەبارەی بە "فاسیق" دانانی کەسێك بێ؟ ئەو کەسەش هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ بێ[2].

ئەوەی قازی ئەبوبەکر باسی کرد، ئەبو داوود و ئیمام ئەحمەد ریوایەتیان کردووە، هەردووکیان لە "سابیتی کوڕی حەججاج" لە "عەبدوڵڵای کوڕی مالیکی کوڕی حاریسی هەمەدانی" لە "وەلیدی کوڕی عوقبە"وە، ئەو ڕاوییانە هەموویان باوەڕپێکراون، ئەوەنەبێت لەبارەی "عەبدوڵڵای هەمەدانی" گوتراوە: "مەجهوول"ە[3].

"موحیببوددینی خەتیب" دەڵێ: ئەو ڕاوییە ناسراو و باوەڕپێکراوە، بەڵام ناوەکەی لەگەڵ هەمەدانییێکی دیکە تێکەڵ بوو، کە بە "ئەبو موسا" ناسراوە و، ناوی مالیکی کوڕی عەبدوڵڵایە، واتە لەسەر ناوی باوکی عەبدوڵڵای هەمەدانی، ئەویان نەناسراوە لای زانایانی

---

[1] الاصابه، ابن حجر العسقلانی، ٦٣٧/٣-٦٣٨.
[2] العواصم، لا: ٩٠-٩٣.
[3] الاصابه، ٦٣٢/٣.

جەرح و تەعدیل[1].

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك لە هەموو ریوایەتەکان بکەین، ئەگەرچی ریوایەتەکان زۆریشن، بەڵام زۆربەیان یان قسەی هاوەڵێکە، یان ریوایەتێکی لاوازە، باشترین و بەهێزترین ریوایەتیان ئەوەیە: ئیمام ئەحمەد ریوایەتی کردووە هەوەك ئیبنو کەسیر وا دەڵێ[2]. هەیسەمی دەڵێ: ڕاوییەکانی باوەڕپێکراون[3]، بەڵام یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو ریواتەی پێشتر کە ئیمام ئەحمەد و ئەبو داوود ریوایەتیان کردووە و باسمان کرد، "ئیبوحەجەر" دوو بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی تەمەنی وەلید لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا بچووك نەبووە[4]. بەڵام هەردووکیان بێ سەنەدن، بۆیە ناکرێ پشتیان بێ ببەسترێ.

بەو لێکۆڵینەوەیە ڕوون دەبێتەوە: هیچ ریوایەتێکی سەحیح نییە بڵێ ئەو ریوایەتە لەبارەی وەلید دابەزیوە.

گریمان ئەوەی زۆرینەی موفەسیرەکان دەڵێن دروستە، ئەو ریوایەتە لە بارەی وەلیدەوە دابەزیوە، بۆ ئەوە کۆمەڵێك وەڵام هەیە:

١. "فەخروددینی ڕازی" دەڵێ: ئەو ئایەتە گشتییە و فەرمانمان پێ دەکات: کاتێك فاسیقێك هەواڵێکمان دەداتێ، دەبێ لە هەواڵەکە دڵنیا بینەوە، ئەو کاتە دابەزی کە وەلید هەواڵەکەی هێنا، تایبەت بەم ڕووداوە دانەبەزی، نە لە ئایەتەکە و نە لە هیچ فەرموودەیەکیش نااڵێ ئەو ئایەتە تەنیا بۆ ئەو ڕووداوە دابەزیوە، ئەوەی دەتوانین بیڵێین: ئەو ئایەتە لەوکاتە دابەزیوە و وەك مێژووی دابەزینی ئەو ئایەتەیە.

ئەگەر ئەوەت زانی، ئەوە دووڕە و ناگونجێ وەلید بە "فاسیق" ناو بەرێ، لەبەر ئەوەی وا

---

[1] التعلیقات علی العواصم، لا: ٩٢.
[2] تفسیر ابن کثیر، ٤/٢٠٨.
[3] مجمع الزوائد، ابن حجر الهیتمی، ٧/١٠٩، ٦٣٨.
[4] الاصابه، ٣/٦٣٨.

تێگەیشتووە ئەو هۆزە بۆ کوشتنی ئەم هاتوونە دەرەوە، بەڵام هەڵەی کردووە، ئەو کەسەی هەڵە دەکات پێی ناگوترێت فاسیق[1].

٢. مەبەست لە فاسیق (خواش زاناترە) ئەو کەسەیە لە ڕێی ڕاستی شەریعەت لایداوە، ئەگەرچی ئەو لادانە بەهۆی ئەو کارانەش نەبێت کە عەدالەت لەکەدار دەکەن، یان ئەو کارانەی سەر دەکێشنە سەر کافربوون، شەرعزانەکان ناوی "فاسیق"یان تایبەت کردووە بەو موسوڵمانان، پێچەوانەی "عدل" دایانناوە.

"ڕاغیبی ئەسفەهانی" دەڵێ: "فیسق" لە "کوفر" گشتگیرترە، بە گوناهی گچکە و گەورە فاسیق دەبێ، زۆر بێت یان کەم، بەڵام زیاتر بۆ زۆر گوناهکردن بەکاردەبردرێت[2].

٣. ئەگەر گومان ئەو فاسیقییە پێچەوانەی عەدالەتە، مەبەست لەو ئایەتە ئەوکاتەیە کە گوناحەکەی تێدا دەکرێت، ئەگەر سوور بێت لەسەر گوناحەکە یان تۆبەی لێ نەکردبێ، واتای ئایەتەکە - خواش زاناترە - ئەوەیە: ئەوکاتەی ئەوکەسە سیفەتی فاسیق بوونی هەیە ئەگەر هەواڵی بۆتان هێنا لە هەواڵەکەی دڵنیا ببنەوە.

هاوەڵان ئەگەرچی لە گوناح کردن مەعسووم نین، بەڵام پێداگر نین لەسەریان و تۆبەی لێ دەکەن، ئەگەر مرۆڤ هەڵەیەکی کرد و تۆبەی لێ کرد، عەدالەتی بۆ دەگەڕێتەوە خۆ تا کۆتایی ژیانی هەر بە فاسیق لە قەڵەم نادرێ! چیرۆکی ماعزی ئەسلەمی ڕوونە کە کاری خراپی کردبوو، پێغەمبەر ﷺ لەبارەی دەفەرموێ: "تەوبەیەکی ئەوهای کرد ئەگەر دابەشی ئومەتێك بکرێ، بەشیان دەکات".

دارکاری وەلیدی کوڕی عوقبە بەهۆی خواردنەوەی مەی:

لە هەردوو سەحیحەکەی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتی سەحیح هەیە کە وەلید دارکاری کراوە

---

[1] التفسیر الکبیر، ٥٨٩/٧.

[2] الاصابە، ابن حجر العسقلانی، ٦٣٧/٣-٦٣٨.

بەهۆی خواردنەوەی مەی، پاش ئەوەی چەند شایەدێك شایەدییان دا لەسەری، عوسمان دارکاری کرد.

بەڵام ئایا مەی خواردۆتەوە یان نا؟ گرمان خواردییەوە و تەوبەی لێ کرد، بەو جۆرە تاوان هەرچی بێ عەدالەتی پێ ناکەوێ، بەڵام ریوایەتی دیکە هەیە خواردنەوەکە ڕەت دەکاتەوە، ئیبنو حەجەر لە تەبەری ڕادەگوێزێ: چەند شایەدێك لە خەڵکی کوفە خۆشیان لێ نەدەهات و ڕقیان لێی دەبوویەوە، لەبەر ئەوە شایەدییان لە دژی دا[1].

ئیبنو خەلدونیش ئاماژە بەهەمان شت دەکا، دەڵێ: پڕوپاگەندەکان گەورە دەبوون لەسەر ئەو کەسانەی عوسمان داینابوون لە شارەکان، وەلیدیان تاوانبار کرد بەوەی مەی خواردۆتەوە، کۆمەڵێك لە کوفەییەکان شایەدییان لە دژی دا، عوسمان دارکاری کرد و لەکارەکەی دووری خستەوە[2]. ئەگەر سەیری قسەکەی ئیبنو خەلدون بکەین دەبینین دەڵێ وەلید تاوانبار کراوە، لە ڕیزی پڕ و پاگەندە بێ بنەماکان دەیژمێرێ..

تەبەری هەندێك وردەکاری دیکەش باس دەکا، دەڵێ: چەند کوڕێکی "ئەبو زەینەب "و "ئەبو مورع" و "جوندوبی کوڕی زوهەیر" هێرشیان کردە سەر مالّی "ئیبنو حەیسەمان" و کوشتییان، ئەبو شورەیحی خوزاعیی دراوسێی ئیبنو حەیسەمان، هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، لەگەڵ کوڕەکەی شایەدیان لە دژی دان کە ئەوان ئەو کارەیان کردووە، وەلیدیش والی کووفە بوو تۆڵەی لێ سەندنەوە، بەمەش باوکەکان تووڕە بوون و مەبەستی تۆڵەکردنەوەیان لێی لەدڵگرت، چاودێرییان دەکرد و بەدوایەوە بوون، تا ئەو کاتەی ئەبو زوبەیدی شاعیر هاتە میوانی، پێشتر مەسیحیی بوو لە مالّە خاڵانی بوو، لەسەر دەستی وەلید موسوڵمان ببوو، بەڵام تۆمەتی ئەوەی دەدرا پاڵ کە ئارەق دەخواتەوە، چەند کەسێك ئەو هەلەیان قۆستەوە و گوتیان ئەو دووە هاوڕێن! ئەبو زەینەب و ئەبو مورع ئەمەیان بە باشترین هەل زانی، چوونە مەدینەو

---

[1] الاصابه، ابن حجر العسقلانی، ٦٣٨/٣.

[2] مقدمه ابن خلدون، لا: ٢١٥.

شکاتیان لێ کرد گوایە ئارەقی خواردۆتەوە و بینیویانە ڕشاوەتەوە و ئارەقی هێناوەتەوە.

عوسمان گوتی: دەبێ ئارەقی خواردبێتەوە ئەگینا ئارەق ناڕشێتەوە، وەلیدیان بانگ کردە مەدینە و سوێندی بۆ عوسمان خوارد و باس و خواسی ئەو دوو شایەدەی بۆ کرد، عوسمان گوتی: ئێمە سنوورەکەی خوا جێبەجێ دەکەین، با شایەدە درۆزنەکانیش شوێنی خۆیان لە ئاگر مسۆگەر بکەن، ئارام بگرە برام[1].

موحیبوددینی خەتیب دەڵێ: ئەو بەشەی لە ریوایەتەکەی "موسلیم" هاتووە، گوایە وەلید لە نوێژی بەیانی سەلامی داوەتەوە و گوتویەتییە نوێژ خوێنان: ڕکاتی دیکەتان بۆ زیادکەم؟ یان لەو ریوایەتانەی ئیمام ئەحمەد ریوایەتی کردوون گوایە نوێژی بەیانی چوار ڕکات کردووە! ئەو شایەدانەی شکاتیان لە وەلید کرد، کەسیان ئەو تۆمەتانەیان نەخستە پاڵی کە وای کردبێ و نوێژی بەیانی گۆڕیبێ! بەڵکو لە قسەی "حضین"ە، ئەو ریوایەتەکەی گێڕاوەتەوە، بەڵام "حضین" نە لە کووفە بووە کە ڕووداوەکە ڕوویداوە، نە گوێی لە شایەدەکان بووە، نە لەکەسێکی ناسراوی بیستووە، بەمەش ئەو بەشەی قسەکانی وەرناگیرێت[2].

یازدەیەم: زێدەڕۆیی عوسمان ﷺ لە بەیتولمالی موسوڵمانان:

گوایە عوسمان زێدەڕۆیی کردووە لە بەیتولمالی موسوڵمانان، سەروەت و سامانی زیاتری داوەتە خزمانی، بە چاکە بۆی حسێب دەکرێ نەک خراپە. بەجۆرێك:

ئ: عوسمان ﷺ پارە و سامانێکی زۆری هەبوو، بەردەوام سیلەی ڕەحمی خزمانی بەجێ دەهێنا[3]. دیاری و سامانی زۆری دەدا خزمانی، پیاو خراپان ئەوەیان لێ گرت و بوختانی ئەوەیان بۆ کرد گوایە ئەو دیاریانە لە بەیتولمال دەداتە خزمانی، بەڵام عوسمان بەخۆی وەڵامی ئەو گومانانەی دایەوە، دەڵێ: گوایە من خزمانی خۆم خۆش دەوێ و پارەیان دەدەمێ، بەڵێ

---

[1] الطبري، ٥/٦٠-٦٢، و: ابن خلدون، بقيه الجزء الثاني، لا: ١٣٤.
[2] التعليقات، لا: ٩٧.
[3] بڕوانە: الاصابه، ٢/٤٦٢-٤٦٣.

خۆشم دەوێن، واجبی خۆم بەرامبەریان جێبەجێ دەکەم، پارەیان دەدەمێ بەڵام لەپارەی تایبەتی خۆم، نەك لە پارەی موسوڵمانان، بۆ هیچ کەس بەحەڵاڵ نییە دەستکاری پارەی موسوڵمانان بکا، چ جای خۆم، پێش ئەوەی پێغەمبەریش ﷺ وەفات بکا بە خزمانی خۆم و ئەوانەی لە ژێر دەستم بوون پارە و داراییم دەدا، لەسەردەمی ئەبوبەکر و عومەریش هەروا، کە پیر بووم و بەسااڵچووم نەیاندەمێ و لێیان بگرمەوە؟ ئەوەندە ساڵە لەگەڵم بوون لە ڕێ لادەرەکان قسان دەکەن؟[1].

تەبەری دەڵێ: عوسمان پارە و زەوییەکانی خۆی لەسەر بەنی ئومەییە دابەش کرد، منداڵەکانی خۆشی وەك ئەوان حسێب کرد، بە "بەنو ئەبولعاس" دەستی پێکرد دای بە خانەوادەی "حەکەم"، بۆ پیاوەکانیان هەر یەکە و دەهەزار، سەت هەزاریان برد، پاشان بەنو عوسمانیش وەك ئەوانیان پێدرا، بۆ "بەنو عاس" و "بەنو عەیس" و "بەنو حەرب"یش پارەی بەخشی[2].

ئەو ریوایەتانە ریوایەتی دیش، گێڕانەوەی بڵاون لەبارەی ئامادەکردنی سوپای عوسرە و کڕینەوەی بیری ڕومە و فراوانکردنی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لە پارەی تایبەتی خۆی، ئەو هەموو ریوایەتەی بە سەحیحی هاتوون لەبارەی چاکی و پلەی عوسمان، بەڵگەی ئەوەن هەموو ئەو قسانەی لەبارەی دەکرێن گوایە لە بەیتولمال زێدەڕۆیی کردووە و خزم و دۆستان خۆی زیاتر بەسەر کردۆتەوە، هەمووی قسەی هەڵبەستراون و ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ.

ئەگەر گریمانەی ئەوەشمان دانا و گومان هەندێك خزمانی لە پاداشتەکان پارەی زیاتریان بەرکەوتووە، دەبێ بڵێین ئیجتیهادە و لە ئیجتیهادیش ڕەخنە ناگیرێ.

"ئیبنوتەیمیە" دەڵێ: هەندێك لە شەرعزانانی وەك "حەسەن" و "ئەبو سەور" ڕایان وایە: دەکرێ بەشی خزمان لە پاداشتەکان زیاتر دابنرێ، بە بەڵگەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پشکی

---

[1] الطبري، ٥/١٠٣.
[2] الطبري، ٥/١٠٣.

خزمانی زیاتر دادەنا و ئەو کاربەدەستی موسوڵمانان بوو، کە خەلیفەکان هاتن، خزمانی ئەوانیش هەروەك خزمانی پێغەمبەر ﷺ پشکی پاداشتی زیاتر وەردەگرن، لەبەر ئەوەی پارێزگاری لە کاربەدەست پێویستە و خزمانیشی یەکەم کەسێکن ئەوکارە بکەن، بە گشتی ئەو خەلیفانەی دوای عومەر هاتوون، یان دەستەڵاتیان داوەتە خزمانیان، یان پارەی زیاتریان پێ خەڵات کردوون[1].

هەروها دەڵێ: ئەوەی عوسمان لە بەیتولمال کردوویەتی، سێ ڕێگەی تێ دەچێ:

یەك: ئەوەیە عوسمان فەرمانبەرە لەسەر ئەو بەیتولماڵە، فەرمانبەریش هەرچەندە دەوڵەمەند بێ پێویستە بەشی بدرێ.

دوو: خزمانی پێشەوای ئیمانداران، حوکمی تایبەتییان هەیە.

سێ: خزم و کەس عوسمان وەك خزم و کەسی ئەبوبەکر و عومەر نەبوون، زۆرتر بوون، پێویستییان بە پارە و دەستەڵاتی زۆرتربوو، بۆیە زۆرتری پێ دەدان، عوسمان ﷺ ئەو بەڵگەیەی بۆ کارەکانی هێناوەتەوە[2].

بـ: کاتێك عوسمان فەرمانی دا بە "عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح" کە هەڵمەت بۆ تونس بەرێ، پێی گوت: ئەگەر خوا وڵاتانی بە ڕووتدا کردەوە، ئەوە دەیەکی دەستەکەوتەکان بۆخۆت هەڵگرە، عەبدوڵڵا هێرشی کرد و وڵاتانی زۆری لە تونس و ئەفریقیا فەتح کرد و دەستکەوتێکی زۆری وەدەست کەوت، ئەو بەشەی گێڕایەوە کە عوسمان فەرمانی بۆی کردبوو، ئەوەیەی مایەوەش بە "ئیبنو وەسیمەی نەزەڕی" بۆ عوسمانی ناردەوە، وەفدێك لەگەڵی هاتبوون شکایەتی ئەو بەشەیان کرد کە عەبدوڵڵا بۆخۆی گێڕابویەوە، عوسمان گوتی: من پێم گوتووە، ئەگەر پێتان ناخۆشە، با بیگەڕێنێتەوە، گوتیان: بەڵێ پێمان ناخۆشە. عوسمان

---

[1] منهاج السنه، ٣/١٨٧-١٨٨.

[2] منهاج السنه، ٣/٢٣٧.

فەرمانی بە عەبدوڵڵا کرد ئەو سامانەکە بگەڕێنێتەوە و ئەویش گەراندییەوە[1]. ریوایەتی سەحیحیش هەیە دەربارەی ئەوەی ئازا و چاونەترسەکان، ئەوانەی لە شەڕدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، پشکی زیاتریان دەدرێتێ.

ت: ئەو شتانەی لە پێنج یەکەکە مابوونەوە، لەو سامانەی زەحمەت بوو بگوازرێەوە و بەرەو مەدینە بەرێ بکرێ، مەڕوان بە سەت هەزار درهەم کڕییەوە، زۆربەی پارەکەی دا و هەندێکی لەسەر مابوو، بەرەو مەدینە هات و موژدەی فەتحی ئەفریقیای دا خەڵکی، خەڵکیش دوودڵ بوون دەترسان لە چارەنووسی موسوڵمانان لە وێ، کاتێك ئەو موژدە خۆشەی هێنا، عوسمان لەو پارەیەی لەسەری مابوو لێی خۆش بوو، پێشەوا بۆی هەیە ئەو کەسەی موژدە دەگەیەنێ ئەوەی پێی باش و گونجاوە وەك موژدانە بیداتێ، لەباسی ئەوەی بە مەڕوان دراوە هەر ئەوەندە دروستە، ئەوەی دەگوترێ گوایە پێنج یەکی ئەفریقیا دراوە بە مەڕوان، درۆیە[2].

دوازدەیەم: دۆڕان لە ئوحود و نەهاتن بۆ بەدر و ئامادە نەبوون لە بەیعەی ریزوان:

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر هەموو ئەو باسانەی ڕوون کردەوە لەو ریوایەتەی بوخاری ریوایەتی کردووە و لەباسی پلە و شکۆی عوسمان باسمان کرد.

سێزدەیەم: تۆڵە نەکردنەوە لە "عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر" لەبەر ئەوەی "هورموزان" و "جوفەینە" و کچێکی بچووکی ئەبو لوئلوئەی کوشتبوو:

جوفەینە مەسیحیی بوو، کچەکەی ئەبو لوئلوئەش باوکی ئاگرپەرست بوو، دایکیشی دیار نییە موسوڵمان بووە یان نا[3].

دەربارەی هورموزانیش تەبەری ریوایەتی کردووە: عوسمان ڕاوێژی بە هاوەڵان کردووە لە

---

[1] تاريخ الطبري، ٤٩/٥.
[2] الصواعق المحرقه، لا: ١١١.
[3] الصواعق، لا: ١١٣.

بارەی، ڕایان جیاواز بووە، دیارە ڕا جیاییەکانیشیان ئیجتیهاد بووە، عەلی ڕای وابوو بکوژرێ، هەندێك موهاجیری گوتیان: دوێنی عومەری کوڕی خەتتاب کوژرا، ئەوڕۆش کوڕەکەی بکوژرێ؟ عەمری کوڕی عاس گوتی: ئەو کاتەی ئەو ڕووداوە ڕوویدا سەردەمی حوکمی تۆ نەبوو.

عوسمان ﷺ گوتی: پارەی ئەو خوێنە من دەیدەم لە پارەی تایبەتی خۆم[1].

گوایە هورموزان بەتەمای کوشتنی عومەر بووە، ئەو خەنجەرەی عومەری پێ کوژرا، ئەو دابوویە ئەبو لوئلوئە[2]، هەندێك زانا ڕایان وایە ئەو کەسەی یارمەتی کوشتنیش دەدا، وەك بکوژ وایە و دەکوژرێتەوە[3]، عوبەیدوڵڵا وای لێکداوەتەوە بیکوژێ و سنوورەکانی خواش بە گومان تێدەپەڕێنرێن.

هەروەها چ کەس نەبووە داوای جێبەجێکردنی ئەو حەددە بکا لە عوبەیدوڵڵا، تەبەری ڕیوایەتی کردووە: "قومازبانی کوڕی هورموزان" گێڕاویەتییەوە: کاتێك باوکم کوژرا عوسمان ﷺ لەدوای ناردم و عوبەیدوڵڵای خستە بەردەستم، گوتی: کوڕم ئەوە بکوژی باوکتە و بڕۆ بیکوژەوە، خەڵکی حەقیان بەمن دەدا، بەڵام داواشیان دەکرد لێی خۆش بم. گوتم: دەتوانم بیکوژم؟ گوتیان بەڵێ، وازیان لە عوبەیدوڵڵا هێنا، گوتم: ئایا دەتوانن نەهێڵن بیکوژم؟ گوتیان: نەخێر. گوتم: لەبەر خاتری خوا لێی خۆش بووم، کە لێی خۆش بووم تاکو گەیشتمە مااڵەوە خەڵکی منیان لەسەر شان و ملی خۆیان دانابوو[4]. لەوانەیە ئەو قسەیەی عوسمان کە ڕامانگوێزا لەوەی پارەی خوێنەکە ئەو دابێتی، پاش ئەوە بووبێ کە "قومازبان" لە عوبەیدوڵڵا خۆش بووە.

---

[1] تاريخ الطبري، ٥/٤١.
[2] تاريخ الطبري، ٥/٤٣-٤٤.
[3] الصواعق، لا: ١١٣.
[4] تاريخ الطبري، ٥/٤٤.

چواردەیەم: باسی ئەو نامەیەمان کرد کە گوایە عوسمان نووسیویەتی.

وەحشی و خواردنەوەی مەی:

یەکێك لەوانەی لە ماوەی جێنشینی عوسمان ﷺ کۆچی دواییان کردووە "وەحشی کوڕی حەرب"ە، هەندێك ریوایەت هەیە لە کتێبە میژوونووسەکان گوایە وەحشی ئارەقخۆر بووە، بەردەوام مەست بووە و وازی لێ نەهێناوە، بەڵام ئەگەر ڕاست بێ یەکێك لە گەورەترین جۆرەکانی فاسیق بوونە و پێچەوانەیە لەگەڵ عەدالەتی هاوەڵان کە لای ئەهلی سوونە جێگیر بووە.

بەشێك لەو ریوایەتانە:

١. ئیبنوکەسیر دەڵێ: ئیبنوهیشام دەڵێ: گێڕاویانەتەوە گوایە وەحشی هەر دارکاری کراوە لەسەر ئارەقخواردن، عومەری کوڕی خەتتاب دەیگوت: پێشتر گوتم ناکرێ خوا بکوژی حەمزە ئەوها بە ئاسانی بەجێ بهێڵێ[1].

٢. ئیبنوعەبدولبەڕ دەڵێ: موسای کوڕی عوقبە لە ئیبنوشیهابەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێن گوایە وەحشی کوڕی حەرب بە هۆی ئارەقەوە مردووە[2].

٣. ئەو ریوایەتەی باسی کوشتنی حەمزە دەکا و لە "جەعفەری کوڕی ئومەییەی زەمری" دەگێڕدرێتەوە، دەڵێ: من و "عەبدوڵڵای کوڕی عەدی کوڕی خیار" ڕۆیشتین و گەیشتینە شاری "حیمس" وەحشی لەوێ بوو، گوتمان با پرسیاری ئەوەی لێ بکەین: چۆن حەمزەی کوشت؟ لەدوای گەڕاین و لە یەکێکمان پرسی، گوتی ئەو وای لێ هاتووە لەبەر ئارەقخۆری زۆر جاران قسەی بێ سەر وبەر دەکا، گوێی بۆ ڕامەگرن ئەگەر ئەوها بوو، بەڵام ئەگەر بەهۆشەوە بیبینن هەرچی پرسیاری لێی بکەن بە زمانپاراوی وەڵامتان دەداتەوە، پاشان ریوایەتەکە تەواو دەکا کە

---

[1] البدایه و النهایه، ١٩/٣.

[2] الاستیعاب، ٣-٦٤٥.

چۆن لە وەحشی پرسیوە و ئەویش چۆن وەڵامی داوەتەوە.

ئەو ریوایەتانەی هێنامانەوە، ریوایەتی بێ بنەمان و ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بەڵکو دەبێ ڕەت بکرێتەوە، لەبەر چەند هۆکارێك:

١. هیچ لەو ریوایەتانە ڕشتەیان سەحیح نییە.

دوو ریوایەتی یەکەم هیچ سەنەدێکیان نییە؛ ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، ئەگەر تەمەشا بکەی ئیبنوشیهاب بەخۆی دەڵێ: (دەڵێن گوایە)، وەك ئاماژەیەك بەوەی باوەڕی بەو ریوایەتە نییە.

ریوایەتی دیکە هەیە باسی کوشتنی حەمزە دەکا بوخاری ئەحمەد ریوایەتیان کردووە، بەڵام ئەو زیادەیەی لەگەڵ نییە گوایە لە کابرایەکیان پرسیوە و ئەویش گوتویەتی سەرخۆش و ئارەقخۆرە و زۆر جار ئاگای لەخۆی نییە، ئەو زیادەیە تەنیا ئیبنو ئیسحاق گێڕاویەتییەوە[1]، ئیبنو ئیسحاق بەخۆی لەکەسێکی ریوایەت کردووە کە دیار نییە و نازانێ کێیە، نازانێ باوەڕ پێکراوە یان نا، لەبەر ئەوە نە بوخاری و نە ئەحمەد پشتییان پێ نەبەستووە و ئەو زیادەیان وەر نەگرتووە.

٢. ریوایەتەکەی بوخاری بۆ ئەو چیرۆکە ڕەتکردنەوەی ئەو زیادەیەیە، چونکە ئەو زیادەیە فاسیق بوونی وەحشی دەگەیەنێ، بەمەش ریوایەتەکە وەرناگیرێ لێی یان بە لاواز حسێب دەکرێ، ئەمەش لەگەڵ مەرجی بوخاری یەکناگرێتەوە.

٣. پێشتر لە پێشەکی باسمان کرد: لێکۆڵەران دەڵێن: هەموو ئەو ریوایەتانەی لە دژی هاوەڵان هاتووە و تانەیان لێ دەدا و سەنەدەکەیان دروست نییە، ڕەت دەکرێنەوە.

٤. پێشر باسی ئەوەشمان کرد: لە نیشانەکانی ریوایەتی هەڵبەستراو پێچەوانە بوونییەتی لەگەڵ دەقی سەحیح و ڕێسای بڕیارلێدراو، ئەو ریوایەتانەش پێچەوانەی دەقە سەحیحەکانن کە باسی عەدالەتی هاوەڵان دەکەن، ئەو ڕێسایانەی ئەهلی سوننە لەو بارەوە پەسەندیان کردووە.

[1] الاستیعاب، ٣-٦٤٥، و: البدایه و النهایه، و: فتح الباری، ١٩٦/٧، عمده القاری، لا: ١٨-١٥٨.

٥. ئەو ریوایەتانە ناکۆکن لەگەڵ ئەو ریوایەتە سەحیحانەی کە وەحشی پاش تۆبە کردن و گەڕانەوەی چەندە لەخوا ترساوە و پەشیمان بۆتەوە لەوکارانەی پێش ئیسلام کردوونی، لەگەڵ ئەوەی دەشیزانی ئیسلام هەموو ئەو شتانە دەسڕێتەوە کە لە پێشی ئەنجام دراون.

وەحشی ئەو هاوەڵە بوو کە لەکاتی موسوڵمانبوونی بەردەوام دەروونی ئازاری دەدا لەسەر ئەوەی حەمزەی شەهید کردووە ﷺ دڵی ئارام نەبوویەوە تا ئەو کاتەی موسەیلەمەی کەززابی کوشت و پێی وابوو تۆڵەی کردۆتەوە، هەروەك بوخاری ریوایەتی کردووە لە ریوایەتی کوشتی حەمزە: پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد و موسەیلەمەی کەززاب وەدیار کەوت، گوتم با بچم موسەیلەمە بکوژم بەڵکو تۆڵەی حەمزە بکەمەوە...، چۆن دەکرێ گومانی ئەوە بەو هاوەڵە ببردرێ پاش ئەوە بۆتە سەرخۆش و بەهۆی ئارەقەوە مردووە؟ عەقڵی درووست ئەوە قەبوڵ ناکا، خوای گەورەش زاناترە.

چیرۆکی سەعلەبەی کوڕی حاتەب:

لەو هاوەڵانەی لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ وەفاتی کردووە، سەعلەبەی کوڕی حاتەبە کە بە کوڕی ئەبو حاتەبیش دەناسرێ، چیرۆکەکەی لە کتێبەکانی تەفسیر هەیە و خەڵکی باسی دەکەن، لێرە لە ڕاستی و درووستی دەکۆڵینەوە:

ئەو چیرۆکە "تەبەرانی" و "بەیهەقی" لە (شعب الایمان) و (دلائل النبوه) و "ئیبنو ئەبی حاتەم "و "تەبەری" و "ئیبنو مەردەویهی" و "بارووودی" و "ئیبنو السکن" و "ئیبنو شاهین"، ریوایەتیان کردووە، هەموویان لە ڕێگای "عەلی کوڕی زەید" لە "قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمان" لە "ئەبو ئومامە"وە دەگێڕنەوە: سەعلەبەی کوڕی حاتەبی ئەنساری هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا، داوا لە خوا بکە دەوڵەمەندم کا، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیْ فەرموو: "قورت بەسەری سەعلەبە، ئەو کەمەی هەتە و دەتوانی سوپاسگوزاری لەسەر بکەیت، زۆر باشترە بۆت لەوەی زۆرت هەبێ و نەچیتە ژێر باری، ناتەوێ وەك پێغەمبەری خوا ﷺ بیت؟ ئەگەر داوا لە خوا بکەم چیایەکانم بۆ بکا بە زێڕ و زیو

دەیکات" دواتر دیسان سەعلەبە هاتەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا، داوا لە خوا بکە دەوڵەمەندم کا، سوێند بەخوا ئەگەر دەوڵەمەند بم، هەرکەسێکی مافی لەسەرم هەبێ بەگوێرەی مافەکەی پارەی دەدەمێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "خوایە پارە بدەیتە سەعلەبە، خوایە پارە بدەیتە سەعلەبە، خوایە پارە بدەیتە سەعلەبە".

دەڵێ: چەند مەڕو مانگایێکی کڕی، وەک چۆن کرم زیاد دەکا، ئەو مانگاتەش بەو جۆرە زیادی دەکرد، وای لێهات کۆڵانەکانی مەدینە بەخۆیان نەدەگرت، چووە دەرەوەی شار، سەعلەبە دەهات نوێژە جەماعەتەکان و نوێژی هەینی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەکرد، پاشان دەگەڕایەوە لای مانگاتەکانی، پاشان جومعە و جەماعەتی واز لێهێنا، کە خەڵکی دەچوونە دەرەوەی مەدینە ڕێی لێ دەگرتن و دەیگوت: خەڵکی چیان بەسەر هاتووە؟ شتی نوێ چی هەیە؟ لەو کاتانەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا[1]﴾ پێغەمبەری خوا ﷺ دوو کەسی کردە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی زەکات، یەکیان ئەنساڕی بوو، ئەوی دیش لە "بەنی سلیم" بوو، خۆشەویست ﷺ جۆر و ڕاددەی زەکاتی بۆ نووسین، فەرمانی پێ کردن بەو جۆرە لە خەڵکی وەرگرن و بچنە لای سەعلەبەش، ئەوانیش کارەکەیان ئەنجام دا و چوونە لای سەعلەبە، فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ بەسەردا خوێندەوە، ئەویش گوتی بڕۆن هی خەڵکی کۆبکەنەوە، ئینجا وەرنەوە لای من، دواتر کە وایان کرد و هاتنەوە لای، گوتی ئەو زەکاتەش وەک جیزیەیە و جیاوازییەکیان نیە، هەردوو نێردراوەکە گەڕانەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە، خوای گەورە ئایەتی ﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ، فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ، فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ[2]﴾ی دابەزاند، دەڵێ:

---

[1] ئایەتی ١٠٣ لە سورەتی تەوبە واتە: زەکات وەربگرە لە مانگا نەمانە تا پاکیان بکاتەوە لەگوناحی زەکات نەدان و پاکیان بکاتەوە لە خۆشەویستنی دونیا و دوعای خێر و عەفویان بۆ بکە.

[2] ئایەتی ٧٥-٧٧ لە سورەتی تەوبە واتە: هی وایان هەیە پەیمانی بە خودا داوە کە ئەگەر خودا لە فەزڵی خۆی بەشیان بدات خێری لێ ئەکەن و لە پیاوچاکان ئەبن، کەچی کاتێ کە خودا لە فەزڵی خۆی بەشی دان ڕژدییان کرد و هیچ سەدەقەیان نەکرد و پشتیان هەلکرد و لە ڕێی لایان دا، جا ئەو ڕژدی و زەکات نەدانە بوو

دەیکات" دواتر دیسان سەعلەبە هاتەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا، داوا لە خوا بکە دەوڵەمەندم کا، سوێند بەخوا ئەگەر دەوڵەمەند بم، هەرکەسێکی مافی لەسەرم هەبێ بەگوێرەی مافەکەی پارەی دەدەمێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "خوایە پارە بدەیتە سەعلەبە، خوایە پارە بدەیتە سەعلەبە، خوایە پارە بدەیتە سەعلەبە".

دەڵێ: چەند مەڕو مااڵتێکی کڕی، وەك چۆن کرم زیاد دەکا، ئەو مااڵتەش بەو جۆرە زیادی دەکرد، وای لێهات کۆاڵنەکانی مەدینە بەخۆیان نەدەگرت، چووە دەرەوەی شار، سەعلەبە دەهات نوێژە جەماعەتەکان و نوێژی هەینی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەکرد، پاشان دەگەڕایەوە لای مااڵتەکانی، پاشان جومعە و جەماعەتی واز لێهێنا، کە خەڵکی دەچوونە دەرەوەی مەدینە ڕێی لێ دەگرتن و دەیگوت: خەڵکی چیان بەسەر هاتووە؟ شتی نوێ چی هەیە؟ لەو کاتانەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا[1]﴾ پێغەمبەری خوا ﷺ دوو کەسی کردە سەرپەرشتی کۆکردنەوەی زەکات، یەکیان ئەنساڕی بوو، ئەوی دیش لە "بەنی سلیم" بوو، خۆشەویست ﷺ جۆر و ڕاددەی زەکاتی بۆ نووسین، فەرمانی پێ کردن بەو جۆرە لە خەڵکی وەرگرن و بچنە لای سەعلەبەش، ئەوانیش کارەکەیان ئەنجام دا و چوونە لای سەعلەبە، فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ بەسەردا خوێندەوە، ئەویش گوتی بڕۆن هی خەڵکی کۆیکەنەوە، ئینجا وەرنەوە لای من، دواتر کە وایان کرد و هاتنەوە لای، گوتی ئەو زەکاتەش وەك جیزیەیە و جیاوازییەکیان نیە، هەردوو نێردراوەکە گەڕانەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە، خوای گەورە ئایەتی ﴿ وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ، فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ، فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ[2]﴾ی دابەزاند، دەڵێ:

---

[1] ئایەتی ١٠٣ لە سورەتی تەوبە واتە: زەکات وەربگرە لە مااڵی نەمانە تا پاکیان بکاتەوە لەگوناحی زەکات نەدان و پاکیان بکاتەوە لە خۆشەویستنی دونیا و دوعای خێر و عەفویان بۆ بکە.

[2] ئایەتی ٧٥-٧٧ لە سورەتی تەوبە واتە: هی وایان هەیە پەیمانی بە خودا داوە کە ئەگەر خودا لە فەزڵی خۆی بەشیان بدات خێری لێ ئەکەن و لە پیاوچاکان ئەبن، کەچی کاتێ کە خودا لە فەزڵی خۆی بەشی دان ڕژدییان کرد و هیچ سەدەقەیان نەکرد و پشتیان هەڵکرد و لە ڕێی لایان دا، جا ئەو ڕژدی و زەکات نەدانە بوو

خزمێکی سەعلەبە کە ئەنساڕی بوو، سواری ئەسپەکەی بوو چووە لای، پێی گوت: قوڕت بەسەر سەعلەبە! خوای گەورە فڵانە ئایەتی لەبارەی تۆ دابەزاندووە، دەڵێ: سەعلەبە هاتە مەدینە و خۆڵی بەسەر سەری خۆی دا دەکرد و چەند جاران هاواری پێغەمبەری خوای ﷺ دەکرد، پێغەمبەر ﷺ زەکاتەکەی وەرنەگرت، پاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ هاتە لای ئەبوبەکر ﷺ و داوای لێ کرد لەبەر ئەو ڕێزەی لای هۆزەکەی هەیەتی و ئەو پێگەیەیەی پێشتر لای پێغەمبەری خوا ﷺ هەیبووە، لەبەر ئەمانە زەکاتی لێ وەرگرێ، ئەبوبەکریش لێی وەرنەگرت، دواتر هات و داوای لە عومەر ﷺ کرد زەکاتی لێ وەرگرێ، ئەویش لێی وەرنەگرت، پاشان هاتە لای عوسمان ﷺ و ئەویش لێی وەرنەگرت و لەسەردەمی عوسمان وەفاتی کرد.

ئەوە چیرۆکی سەعلەبەیە، سەنەدەکەی لاوازە، بەیهەقی دەڵێ: ئەو ریوایەتە لای موفەسیران بەناو بانگە بەڵام سەنەدەکەی لاوازە[1].

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: ئەو کەسەی ئەو ریوایەتەی لێ گێڕدراوەتەوە ئەگەر ریوایەتەکە سەحیح بێ کە من وا نابینم، ئەو کەسە پێناچێ ئەو هاوەڵە بووبێ کە لە بەدردا بەشداری کردووە[2]، هەروها لە تەخریجی ریوایەتەکانی ناو تەفسیری کەششافدا دوای ئەوەی ئەو

بەهۆی دامەزرانی منافقی لە دڵیاندا تا ڕۆژی قیامەت و پاداشی نیفاقەکەیان ئەدرێتەوە، چونکە خیلاف وەعدەیان کرد و درۆیان کرد.

[1] المناوی علی الجامع الصغیر، ٢٥٧/٤.

[2] بڕوانە (الإصابە، ١٩٨/١) ئیبنو حەجەر پێش ئەوەی ژیاننامەی ئەو سەعلەبەیە باس بکا، باسی ژیاننامەی یەکێکی دیکەش دەکا کە ناوی خۆی و باوکی هەمان ناوی ئەو سەعلەبەیە، دەڵێ: موسای کوڕی عەقەبە و ئیبنو ئیسحاق لەو کەسانەیان داناوە کە لەبەدردا بەشداربیان کردووە، ئیبنولکەلبیش دەڵێ لەبەدر بەشداری کردووە و لە نوحود کوژراوە، پاشان دەڵێ: سابیت بووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (کەسێك بەشداری بەدر یان حودەیبییەی کردبێ، ناچێتە جەهەننەم)، هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە خوای گەورە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (هەرچی دەکەن بیکەن، ئەوە لێتان خۆش بووم)، ئەو کەسەی ئەو پایەی هەبێ چۆن خوای گەورە پاش ئەوە نیفاقی دەخاتە ناو دڵیەوە و ئەو ئایەتەی لەبارەی دەهێنێتە خوارەوە؟ پێدەچێ کەسێکی دیکە بێت و ئەو نەبێت، خواش زاناترە.

ریوایەتە دەهێنێتەوە کە چیرۆکەکەی تێدا باس کراوە، دەڵێ: ئەو سەنەدیە زۆر لاوازە[1].

هەیسەمی دەڵێ: "تەبەرانی ریوایەتی کردووە، لە سەنەدەکەیدا "عەلی کوڕی زەیدی ئەڵهانی" تێدایە، کە "مەتروک"ە.

ئەگەر گریامانەی ئەوەمان دانا ریوایەتەکە سەحیحە و ئەو چیرۆکە بەو جۆرە ڕوویداوە، ئەوە هەروەک مانای ئایەتەکە وا دەگەیەنێ، سەعلەبە بە یەکێک لە دووڕووەکان دەژمێردرێ، لەبەر ئەوەش پێغەمبەر ﷺ دەیزانی دووڕووە بۆیە زەکاتی لێ وەرنەگرتووە، سێ خەلیفەکەش بەو جۆرە، ئیبنو ئیسحاقیش بە دووڕووی لەقەڵەم داوە[2] و لەو کەسانەی ژماردووە کە مزگەوتی (زیرار)یان بنیات نا[3].

کاتێک خۆڵیشی بەسەر ڕووی خۆیدا کردووە و بەگریانەوە هاتووەتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ ئەوە لە دووڕوویی بووە لەوەی زەکاتی ئەمیش وەک هی موسوڵمانان وەرنەگیراوە.

بەڵام ناواخنی چیرۆکەکە زۆر نیشانەی هەڵبەستراني تێدایە، لەو نیشانانە: پێغەمبەر ﷺ زەکاتەکەی لێ وەرنەگرتووە، وەرگرتنی زەکات لەو کەسەی بە ڕواڵەت موسوڵمانە واجبە لەسەر پێغەمبەر ﷺ ئەگەرچی دووڕوویش بێ، دووڕووەکان حوکمەکانی موسوڵمانانیان بەسەر جێبەجێ دەبێ، لە چیرۆکەکەدا هاتووە گوایە سەعلەبە گوتویەتییە ئەبوبەکر: تۆ پێگەی من دەزانی چۆن بووە لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ. باشە پێگەی چی کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی لێ وەرنەگرتبێت؟.

---

[1] تخریج أحادیث الکشّاف ، ۲۹۲/۲.
[2] تخریج أحادیث الکشّاف، ۲۹۲/۲.
[3] الإصابة، ۱۹۸/۱.

بەشی چوارەم

خەلیفەی پێغەمبەری خوا

عەلی کوڕی ئەبو تالیب

بەشی چواردەم

باسی پێشەوای بڕواداران عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ﷺ

هەندێك لە باسی پەسەندی عەلی ﷺ :

١. سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەلی فەرموو: "هارووون چۆن بوو بۆ موسا، تۆش هەمان پێگەت لای من هەیە، بەڵام ئەوەیە لە دوای من هیچ پێغەمبەرێك نایێت[1]".

٢. زیرزری کوڕی حوبەیش ﷺ دەڵێ: عەلی ﷺ گوتوویەتی: سوێند بەوەی وا لەناوکەکان دەکا ببنە دەرخت و، گیاندارانی درووست کردووە، پەیمانی پێغەمبەری خوا ﷺ وایە: ئیمانداران خۆشیان دەوێم و دووروەکان ڕقیان لێمە[2]".

٣. عیمڕانی کوڕی حوصەین ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "عەلی لەمنە و منیش لە عەلیم، ئەو وەلی هەموو ئیمانداڕێکە[3]".

٤. زەیدی کوڕی ئەرقەم ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوای ﷺ فەرمویەتی: "ئەو کەسەی کە ئەمن (مەولا[4])ی بم، عەلیش (مەولا)یەتی"، ئیمامی "ئەحمەد" و "ترمذی" و "نەسائی[5]" و

---

[1] بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، کتاب فضائل الصحابة، {باب مناقب علی بن أبی طالب...، ١٩/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٠٦ - گ}، و ترمذیش ریوایەتی کردووە لە سونەنەکەیدا، أبواب المناقب، {باب مناقب علي بن أبي طالب...، بابٌ منه، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٢٤ - گ}.

[2] موسلیم لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب الإیمان، باب الدلیل علی أن حب الأنصار...، ٧٨/١، فەرموودەی ژمارە: ٧٨.

[3] ترمذي ریوایەتی کردووە، أبواب المناقب، باب مناقب علی بن أبی طالب...، ٦٣٢/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٧١٢، ترمذي دەڵێ: هذا حدیث حسن غریب.

[4] مووبارەکفووری لە شەرحی نەو حەدیسە لە (تحفة الأحوذي، ١٤٨/١٠) دا دەڵێ: مەولا بە زۆر مانا هاتووە، لەوانە: خاوەن، گەورە، ساحێب نیعمەت، شوێنکەوتوو، دراوسێ، نامۆزا، هاوپەیمان، بەندە، نازادکار، و چەند مانایەکی دیکەش دەژمێرێ، و دواتر دەڵێ کە زۆربەی ماناکان مەبەستن لەو فەرموودەیەدا، لەبەر ئەوە وشەکەمان وەك خۆی نووسییەوە — گ.

[5] ترمذي ریوایەتی کردووە لە سونەنەکەیدا، أبواب المناقب، باب مناقب علي بن أبي طالب ﷺ، ٦٣٣/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٧١٣، ترمذی دەڵێ: هذا حدیث حسن غریب.

"ئیبنو ماجە" و "ضیاء"ریوایەتیان کردووە و هەندێك فەرموودەناس ئەو فەرموودەیەیان بە موتەواتیر لە قەڵەم داوە.

٥. ئیبنوعومەر ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا هاوەڵەکانی خۆی کردنە بۆ یەکتری، عەلی بەگریانەوە هاتە خزمەتی و پێی گوت: هاوەڵانی خۆت کردنە برای یەکتری و منت نەکردە برای کەس، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "تۆ لە دونیا و دواڕۆژدا برای منی[1]".

٦. عەلی ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموم: خەڵکی وەك چۆن بوون لەبارەی عیسا، ئاواش دەبن لەبارەی تۆ، جولەکەکان ڕقیان لێی دەبوویەوە تا بوختانیان بۆ دایکی کرد، نەسڕانییەکانیش ئەوەندەیان خۆش دەویست، پلەیەکی زیاد لە خۆیان پێ دا. دواتر عەلی وتی: دوو کەس لە بارەی منەوە بە هیلاك دەچن: کەسێك خۆشی دەوێم و پلەیەکی ئەوتۆم پێ دەدا کە هی من نییە، کەسێکیش ئەوەندەی ڕق لەمن دەبێتەوە بە هۆی ڕقەکەیەوە بوختانم پێ دەکا[2].

٧. "زەیدی کوڕی ئەرقەم" ﷺ دەڵێ: کاتێك پێغەمبەری خوا گەیشتە "غەدیری خوم" دەستی عەلی گرت و فەرمووی: "ئەرێ ئێوە نازانن من لە ئێوە بەکەڵکتر و باشترم بۆ خودی خۆتان؟" خەڵکەکە گوتیان: بەڵێ دەزانین. فەرمووی: ئەرێ ئێوە نازانن من لە هەموو ئیماندارێك بە کەڵکترم بۆ خودی خۆی؟" خەڵکەکە گوتیان: بەڵێ دەزانین. پاشان فەرمووی: "خوایە! ئەوەی من مەولای بم عەلیش مەولایەتی، خوایە ئەوەی خۆشی ویست و لایەنگیری بوو، تۆش خۆشت بوێ و لایەنگیری بە، دوژمنی ئەو کەسەش بە کە دوژمنایەتی دەکا"، پاشان عومەر عەلی بینی و پێی گوت: پیرۆزە ئەی کوڕی ئەبو تالێب، بوی بە (مەولا)ی هەموو ئیماندارێك[3].

---

[1] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، أبواب المناقب، باب مناقب علي بن أبي طالب...، ٦٣٦/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٢٠، ترمذی دەڵێ: حدیث حسن غریب.

[2] عەبدوڵڵای کوڕی ئیمام ئەحمەد و بەززار و ئەبو یەعلا و حاکم ریوایەتیان کردووە {بڕوانە: السنە، عبدالله بن أحمد، ٥٤٤/٢، ژمارەی فەرموودە: ١٢٦٣، و: مسند أبي يعلى الموصلي، ٤٠٦/١، ژمارەی فەرموودە: ٥٣٤، و: المستدرك على الصحيحين، الحاكم، ١٣٢/٣، ژمارەی فەرموودە: ٤٦٢٢ – گ}.

[3] ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەی، ٣٨١/٤-٣٨٢ و ١١٨/١-١١٩، و ترمذي و نەسائیش لە سونەنەکەیاندا ریوایەتیان کردووە، هەیتەمی لە "الصواعق" دەڵێ: بێ گومان فەرموودەکە سەحیحە (بڕوانە: سنن ابن ماجه، المقدمه، لا:١١).

وەڵامێك بۆ ڕافیزییەکان لەبارەی دوو فەرموودەی پێغەمبەر:

ڕافیزییەکان هەردوو فەرموودەی (هارووون چۆن بوو بۆ موسا، تۆش هەمان پێگەت لای من هەیە)و ئەو فەرموودەی "موالات"ی پێشتر هێنامانەوە، دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی بڵێن: جێنشین بوون پاش پێغەمبەر ﷺ تەنها بۆ عەلی بووە، لەوانەیە هەندێك ئەهلی سوننەشیان بەهەڵە بردبێ لەو بارەیە، نەك بەڵگەیان نییە، بەڵکو شتێکیشیان نییە بە بەڵگە بچێ، لەبەر ئەمانەی خوارەوە:

فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ: " هارووون چۆن بوو بۆ موسا، تۆش هەمان پێگەت لای من هەیە" مانایەکەی وەك لە هەندێك ریوایەتدا هاتووە: ئەو فەرمایشتەی لەو کاتەدا گوتووە کە عەلی لە مەدینە بەجێ هێشتووە لەکاتی شەڕی "تەبووك" و پێی فەرموە: " لەبەر مالّ و منداڵم تۆ بەجێ دەهێڵم لە شوێنی خۆم، برۆ ئاگات لە مالّ و منداڵی من و هی خۆت بێ" وەك پێوانەیەك بەو کارەی حەزرەتی موسا کردی و بۆ موناجاتی خوا ڕۆیشت و حەزرەتی هارووونی جێ هێشت لەناو خێزانی و پێی فەرموو: ﴿ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي[1]﴾ ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی عەلی لەدوای ببێتە جێنشین، لەبەر چەند هۆکارێك:

١- لێکچواندنی پێگەی عەلی بە پێگەی هارووون لە ڕووی (لە جێبوون)ەوە، بەوە کۆتایی پێ دێ پێغەمبەر ﷺ بگەڕێتەوە مەدینە، هەروەك چۆن لەجێبوونی هارووون کۆتایی پێ هات بە هاتنەوەی موسا لە موناجاتی خوا، لەبەر ئەوەی جێنشین نابێتە جێنشین مەگەر ئەو کەسەی لە جێی دادەنیشێ مردبێ، هەر کەسێکیش پێغەمبەری خوا ﷺ لە شوێنی خۆی دانابێ، دوای هاتنەوەی ماوەی لەجێبوونەکەی کۆتایی پێ دێ.

ئیبنو تەیمیە دەڵێ: (کاتێك پێغەمبەر ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینە، عەلی هەروەك چۆن کەسێك لە شوێنی کەسێکی دیکە دادەنرێ و کاتێك هاتەوە جێیەکەی تەسلیم دەکاتەوە،

[1] ئایەتی ١٤٢ لەسورەتی ئەعراف، واتە: ڕووی کردە هارووونی برای و پێی وت: جێنشینم بە لەناو قەومەکەمدا.

عەلیش وای کرد، پاشان ناردییە یەمەن و تا ساڵی حەجی مانّاوایی لەوێ مایەوە، لە حەجی مانّاواییش پێغەمبەر ﷺ کەسی دیکەی لەجێی خۆی دانابوو[1]).

٢- بەڵگە هێنانەوە بەو فەرموودەیە لەو کاتەدا دەبێت کە بڵێین ئەو فەرموودەیە گشتییە، مانای وایە لەدوای شەڕی "تەبووك"یش جێنشین بوونی عەلی بەردەوام بێت بە درێژایی ژیانی پێغەمبەر ﷺ دیارە ئەوە قسەیە چەند بێ مانایە، چونکە ئەوە دەگەیەنێت پێغەمبەر ﷺ بکەوێتە ژێر فەرمانی عەلی دوای گەڕانەوەی لە تەبووك.

٣- پێغەمبەر ﷺ پێگەی هاڕوونی لای موسای دا بە عەلی، ناشکرایە هاڕوونیش دوای وەفاتی موسا شوێنی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بە چەندین ساڵ پێشی ئەوەی موسا وەفات بکا، هاڕوون وەفاتی کردووە[2]، لە پاش وەفاتیشی یوشەعی کوڕی نون[3] شوێنی حەزرەتی موسای گرتۆتەوە (سەلامی خوا لە هەموویان).

٤- فەرموودە سەحیحەکان و کۆدەنگی ئومەت بەڵگەنە لەسەر جێنشین بوونی ئەبوبەکر لەدوای پێغەمبەر ﷺ ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر نزیکی عەلی لە پێغەمبەر ﷺ و تایبەت کردنی بە برایەتی لەگەڵی[4]، بەڵگەی شتی دیکە نییە.

فەرموودەی: (ئەو کەسەی ئەمن مەولای بم، عەلیش مەولایەتی) کە ڕافیزییەکان دەیکەنە بەڵگە و وشەی (مەولا) بە "لەپێشتر" لێکدەدەنەوە، ئەو بەڵگە هێنانەوە ڕەت دەکرێتەوە، لەبەر ئەم خاڵانە:

١- مەولا بەچەندین مانا دێ و مانای (لەپێشتر)ی تێدا نییە، ئەگەر گریمانەی ئەو مانایەشمان بۆی کرد هەر بەڵگەی جێنشین بوون نادا، کاتێك وشەی "لەپێشتر" دەبیستی ئەوە

---

[1] منهاج السنة، ٤/٩٤.

[2] تاريخ الطبري، ١/٣٠٤.

[3] تاريخ الطبري، ١/٣٠٦، و: تمهيد الأوائل، الباقلاني، لا: ٤٥٨.

[4] مرقاه المفاتيح، شرح مشكاه المصابيح، ملا على القارى، ٥/٥٦٣-٥٦٤، و: البينات، ٢/٣٩ و لاپەڕەکانی دواتر، و: الصواعق: لا: ٤٧.

لەپێشتر بۆ خۆشەویستی و لایەنگیری زیاتر دێتە خەیاڵت پێش هەر شتێکی دیکە، هەروەها لەپێشتر بۆ ئەوەی هەرشتێکی گران و هەرزان بکەیتە قوربانی، بەدایك و باوکەوە بە قوربانی بم.

٢- ئەهلی سوننە دەڵێن: مەولا بەمانای خۆشەویست دێ، بە بەڵگەی ئەوەی لە کۆتایی فەرموودەکەدا بە پێچەوانەی وشەی (دژایەتی هاتووە) کە دەفەرموێ: (خوایە دژایەتی هەر کەسێك بکە کە دژایەتی دەکا) هەروەها هۆکاری فەرموودەکەش بەڵگەیە لەسەر ئەو مانایە، زەهەبی ریوایەت دەکا و فەرموودەکەش بە سەحیح دادەنێ کە فەرموودەکە وەڵامێك بووە بۆ "بورەیدە" کە هاوەڵاتی عەلی کردووە و نێوانی لەگەڵی خۆش نەبووە، لەبەر ئەوە کە گەیشتوونەتەوە مەدینە شکایەتی لای پێغەمبەر ﷺ کردووە، پێغەمبەریش ﷺ بەو فەرموودەیە وەڵامی بورەیدەی داوەتەوە[1].

٣- عەلی ڕەزای خوای لێ بێ بەڵگەی بەو دوو فەرموودەیە نەهێناوەتەوە لە کاتەی کاتی فیتنە و شەڕەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زانیاری هەبووە ئەو دوو فەرموودەیە هیچ کامیان بەڵگە نین لەسەر شایەنتر بوونی ئەم بۆ بوونی بە جێنشینی پێغەمبەر ﷺ.

٤- عەلی ؓ بەخۆی دانی بەوەدا ناوە پێغەمبەر ﷺ لە هیچ شوێنێك فەرمانی بەو نەکردووە ببێتە جێنشین، لەمەودوا بەدرێژی باسی دەکەین.

ئەو ریوایەتانەی لە عەلی ؓ هاتوون لەبارەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی جێنشینی بۆ ئەو نەکردووە:

زۆر ریوایەت هەن لە عەلییەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی نەکردووە ئەو ببێتە جێنشین، ئەوە بەشێکیانە:

١- لە سەحیحی بوخاری هاتووە: کاتێك پێغەمبەر ﷺ نەخۆش کەوتووە، عەببباس گوتوویەتییە عەلی: (ئەوکاتەی بەنو عەبدولموتتەلیب کاتی مردنیان دێ، بە دەم و چاویان لێی دەزانم، ئەگەر جێنشین بوون بۆ ئێمە بێ با بیزانین) عەلی گوتی: (سوێند بەخوا ئەگەر

[1] بڕوانە: مرقاه المفاتیح، شرح مشکاه المصابیح، {٩/٣٩٣٧ - گ}.

پرسیارمان لێی کرد و لێی قەدەغە کردین، ئەوە خەڵکی بەوە ڕازی نابێ ئێمە ببینە جێنشین، سوێند بەخوا لە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیار ناکەم).

٢- ئیمامی ئەحمەد و بەیهەقی لە (الدلائل) لە عەلی ریوایەت دەکەن: عەلیْ لەو کاتەی لە (جەمەل)دا سەرکەوت، گوتی: (ئەی خەڵکی! پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی ئەوەی کێ دەبێتە جێنشین هیچی پێمان نەگوت، تا ئێمە ئەبوبەکرمان بە باش زانی و ئەومان کردە جێنشین، ئەو بووە جێنشین و کارەکانی بەجوانی ڕاپەڕاند هەتا وەفاتی کرد[١]).

٣- ئیسحاقی کوڕ ڕاهەویەھ لە عەلییەوە دەگێڕێتەوە: (پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک وەفاتی کرد ئەمنی لێ دیار بوو، ئەگەر وەسییەتێکی هەبوایە بەجێم دەهێنا[٢]).

٤- بەیهەقی ریوایەتی کردووە:لە عەلییان پرسی: ئایا کەسێك ناکەیتە جێنشین لە دوای خۆت؟ گوتی: پێغەمبەر ﷺ کەسی نەکردۆتە جێنشین هەتا ئەمن کەسێك بکەم بە جێنشین، بەڵام ئەگەر خوا بیەوێ باشترینیان دەکاتە جێنشین هەروەك چۆن لەدوای پێغەمبەر ﷺ خوا باشترینی کردە جێنشین[٣].

٥- هەروەك ئەو فەرموودەیەی بوخاریش کە پێشتر باسمان کرد دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی عەلی لەکاتی بەیعەتدانی بە ئەبوبەکر ﷺ پێی گوتووە: (ئێمە دەزانین پایەت چەندە و خوای گەورە چی بە تۆ بەخشیوە، چاومان لەوە نییە کەخوا داویە بەتۆ، بەڵام تۆ پرست بە ئێمە نەکرد[٤]، ئێمە وامان دەبینی مافمان هەیە لە ڕاوێژ لەبەر ئەو خزمایەتییەی لەنێوان ئێمە و پێغەمبەری خوادا ﷺ هەیە).

٦- هەروەها فەرموودەی (سەحیفە) کە بوخاری و موسلیم بە چەند ریوایەتێکی جیاواز دەیگێڕنەوە، لە ریوایەتی موسلیمدا هاتووە: "ئەبو توفەیل" دەڵێ: لە عەلییان پرسی: ئایا

---

[١] فتح الباري، ٣٦٢/٥.

[٢] المطالب العالية، ٢٦٤/٤، بوسیری دەڵێ: سەنەدکەی سەحیحە، ئەبو داود و نەسائی بە کورتی ریوایەتیان کردووە.

[٣] السنن الكبرى للبيهقي، ١٤٩/٨، ئیبنو ئەبی عاسیمیش لە کتێبی (السنة) ریوایەتی کردووە.

[٤] ئەبوبەکر لەبەر ئەوە ڕاوێژی پێ نەکردن و بەخێرایی کارەکانی ڕاپەڕاند و بەیعەتی وەرگرت، دەترسا نەوەك ناکۆکی بکەوێتە نێوان موسوڵمانان هەروەك چۆن لە ڕووداوی (سەقیفە) دا لەگەڵ ئەنسارییەکان ڕوویدا (فتح الباری، ٣٩٨/٣).

پێغەمبەر ﷺ ئێوەی تایبەت کردووە بە شتێك؟ گوتی: پێغەمبەر ﷺ ئێمەی تایبەت نەکردووە بە شتێك کە خەڵکی لێی ئاگادار نەبن، تەنیا ئەو پەڕاوە نەبێت، سەحیفەیەکی لە کاڵانی شمشێرەکەی دەرهێنا، تێیدا نووسرابوو: (لەعنەتی خوا لەو کەسەی گیاندار سەردەبڕێ بۆ غەیری خوا، لەعنەتی خوا لەوەی ئاماژەکانی زەوی دەگۆڕێ، لەعنەتی خوا لەوەی لەعنەت لە دایك و باوکی دەکا، لەعنەتی خوا لەوەی کەسێك دانێدە دەدا کە خراپەکاری لە زەویدا بڵاوکردبێتەوە).

نەوەوی دەڵێ: لەو فەرمایشتە قسەی ڕافیزییەکان پووچ دەبێتەوە کە دەڵێن گوایە پێغەمبەر ﷺ وەسیەتی بۆ عەلی کردووە بەوەی ببێتە جێنشین، لەگەڵ چەند داهێنراوێکی دیکەشیان[1].

٧- ئەو باسەی لەمەودوا دێت و باسی هەڵوێستی عەلی لە سێ جێنشینەکە دەکا، هەمووی بەڵگەیە لەسەر باسەکەمان.

٨- لەوەی کە لەمەو پێش باسی چاکی و پەسنی ئەبوبەکری سیددیقمان کرد لەو فەرموودانەی لە عەلییەوە ریوایەت کراون و بەڵگەی ئەوەن ئەبوبەکر باشترینی تەواوی ئومەتە.

لە کتێبی (نهج البلاغه[2]) کە گوایە هی پێشەوا عەلییە، چەندین دەقی تێدایە کە پێغەمبەر ﷺ هیچ وەسیەتێکی تایبەتی بۆ پێشەوا عەلی نەفەرمووە، لەوانەیە ئەو بەشەی کتێبەکە بەڕاستی قسەی پێشەوا عەلی بێت.

دەڵێ: کاتێك داوایان لە عەلی کرد دوای کوژرانی عوسمان ببێتە جێنشین و بەیعەتی بدەنێ، ئیمامی عەلی گوتویەتی: لێم گەڕێن و بڕۆنە لای یەکێکی دیکە...، ئەگەر چوونە لای یەکێکی دیکە ئەوە ئەمنیش وەك ئێوە وام، لەوانەیە لە هەمووتان زیاتر گوێڕایەڵی ئەو کەسە بکەم کە

---

[1] شرح صحيح مسلم، النووی، ١٤٢/١٣.

[2] پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە هەموو ئەو ریوایەتانەی لەناو ئەو کتێبە هەن، هەڵبەستراون بەزمانی ئیمامی عەلییەوە.

دەیکەنە جێنشین، ئەگەر ئەمن ببمە وەزیر بۆ ئێوە باشترە نەوەک ببمە پێشەواتان[1].

دەڵێ: سوێند بەخوا حەزم لە جێنشینی نەبوو، داوای پێشەوایەتیم نەکرد، بەڵام ئێوە بانگەوازتان کردم و بەزۆر منتان کردە پێشەوا[2].

لە نامەیەک کە بۆ موعاوییەی نوسیوە ﷺ بەڵگەی دروستی جێنشین بوونی بۆ دەهێنێتەوە، دەڵێ: ئەو کەسانەی بەیعەتیان دایە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان، بەمنیشیان دا، هەمان ئەو مەرجانەی لەسەر ئەوان دایاننا، لەسەر منیش دایاننا، ئەو کەسەی لەمەجلیسەکەدا بوو ئەگەرێکی دیکەی نەبوو، ئەو کەسەی لەوێ نەبوو ناتوانێ بەیعەتەکە ڕەت بکاتەوە، بەڵکو ڕاوێژ تەنیا بۆ موهاجیر و ئەنسارەکانە، ئەگەر ئەوان کۆدەنگ بوون لەسەر کەسێک، ئەوە ڕازی بوونی خوای گەورەشی لەسەرە[3].

وتەی زانایان لەبارەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ دەقی تایبەتی نییە بۆ کردنی عەلی بە جێنشین:

١- "نەوەوی" دەڵێ: (ئەوەی شیعەکان بانگەشەی بۆ دەکەن لە تایبەت کردنی عەلی بە جێنشین بوون، کۆڕای موسوڵمانان لەسەر پووچەڵی ئەو بانگەشەیە، لەسەردەمی عەلییەوە ئەو بانگەشەیە پوچەڵکراوەتەوە، یەکەم کەسیش دژی ئەو بانگەشەیە وەستایەوە عەلی بوو، کاتێک گوتی: (هیچ شتێکمان نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە لەو پەڕاوەدا هاتووە، هتد...)، ئەگەر دەقێک هەبوایە دەیگێڕایەوە، کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان عەلی ئەو باسەی کردبێتەوە، یان کەسێک گوێی لێ بووبێ، خواش زاناترە[4]).

٢- ئیبنو کەسیر دەڵێ: فەرمودە سەحیحەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ هیچ وەسیەتێکی بۆ نەکردووە، نەک بۆ عەلی، بەڵکو بۆ کەس وەسیەتی نەکردووە، بەڵکو ئاماژەی بۆ ئەبوبەکر داوە، ئاماژەیەکی وای بۆ کردووە لێی تێبگەین ئەو دەبێتە جێنشین، هەروەک پێشتر

---

[1] نهج البلاغه، ١٨٢/١.
[2] نهج البلاغه، ٣١٠/٣.
[3] نهج البلاغه، ٨/٣.
[4] شرح مسلم، الامام النووی، ١٥٥/١٥.

باسمان کرد، سوپاس بۆ خوا.

پاشان دەڵێ: ئەوەی زۆرێك لە نەزانەکانی "شیعە" و کەمزان و چەرۆکخوانەکان بانگەشەی دەکەن لەوەی پێغەمبەر ﷺ وەسیەتی بۆ عەلی کردووە بەوەی ببێتە جێنشین، درۆ و بوختانێکی گەورەیە، لەو قسەیە ئەوە دروستە دەبێ کە هاوەڵەکان بە ناپاکی کردن لە ئەمانەت تۆمەتبار بکەن، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە، لۆمەی جێبەجێ نەکردنی وەسیەتی پێغەمبەر ﷺ دێتە سەریان، بە بێ هۆکار و مانا یەکێکی دیکەیان کردبێتە جێنشین، هەر کەسێك ئیمانی بە خوا و پێغەمبەرەکەی هێنا بێ و باوەڕی وا بێ دینی ئیسلام حەققە، دەزانێ ئەو بانگەشەیە پووچە، لەبەر ئەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ باشترین دروستکراوی خوای گەورەن لەدوای پێغەمبەران، ئەوان باشترین چینی ئەو ئومەتەن، ئەو ئومەتەش باشترین ئومەتە بە پێی دەقی قورئان و کۆدەنگی پێشینان و پاشینان لە دونیا و قیامەتیشدا، سوپاس بۆ خوا[1].

٣- ئیبنو خەلدوون دەڵێ: ئەوان (ڕافیزییەکان) هەندێك دەق ڕادەگوێزن و بە گوێرەی ئەوەی لەگەڵ مەزهەبەکەیان بگونجێ لێکی دەدەنەوە بەجۆرێکی وەها کە ئەوانەی زۆر زیرەکن لە ئەهلی سوننە و ئەو کەسانەی دینیان بۆ ئێمە گواستۆتەوە پەیان پێ نەبردبێ، بەڵکو زۆرینەی ئەو دەقانە هەڵبەستراون، یان تانە لە سەنەد و جۆری هاتنەکەی دەدرێ، یان دووڕە لە لێکدانەوە پوچەڵەکانیان[2].

٤- ئیبنو حەزم دەڵێ: کۆڵەگەی پشتی ڕای هەموو ئەو مەزهەبانە چەند ریوایەتێکی هەڵبەستراون کە بێ بنەمان[3].

٥- ئیبنو تەیمیە قسەی جوانی لەو بارەیە هەیە، باسی چۆنیەتی بەڵگە هێنانەوەیان دەکا، دەڵێ: ئەوان (ڕافیزییەکان) لەبەڵگە هێنانەوەکانیان، پشت بە سێ شت دەبەستن: دەقێکی هەڵبەستراو، بەڵگەیەکی گشتی، پێوانەیەکی پووچ، ئەوە حاڵی ئەو کەسەیە کە پشت بە

---

[1] البداية و النهاية، ٢٢٥/٧.

[2] المقدمة، ابن خلدون، لا: ١٦٤.

[3] الفصل في الملل و الأهواء و النحل، ابن حزم، ٩٤/٤.

بەڵگەیەکی پوچ ببەستێ و بە ملی شەریعەتی دا بهێنێ، بەڵگە یان دەقە، یانیش پێوانە، دەق پێویستی بە سەنەدێکی سەحیح هەیە، دەبێ دەقەکە بەڵگەی بابەتەکە بێت، پێویستە دەقەکە جێگیر ببێ و سەنەدەکەی سەحیح بێ تا دەگاتە پێغەمبەری خوا ﷺ و بەڵگەی پێویست بدا، بەڵگەکانیان یان هەڵبەستراون، ئەگەر دەقێکی سەحیحیش بن بەڵگە نین، یان پێوانەیەکی پوچن، ڕافیزییەکان و گرۆیەکانی دیکەش تەنیا ئەو جۆرە بەڵگانەیان هەیە[1].

لەبارەی فەرموودەی (الثقلين):

لێرە پێویستە باسی ئەوە بکرێ کە یەکێك لەو بەڵگانەی ڕافیزییەکان زۆر بەکاری دەهێنن و دووبارەی دەکەنەوە، لەوانەیە بەشێك لە ئەهلی سوننەش بەهۆی ئەو فەرموودەیەوە لایەنگیریان بن، ئەو فەرموودەیە کە ترمذی[2] و تەبەڕانی ریوایەتیان کردووە و ئەلبانی بە سەحیحی داناوە.

لە جابیری کوڕی عەبدوللاوە دەڵێ: پێغەمبەرم ﷺ بینی لەسەر وڵاخەکەی کە ناوی (القصواء) بوو، وتاری دەدا، بیستم دەیفەرموو: "ئەی خەڵکینە، بۆ ئێوەم بەجێ هێشتووە شتانێك، ئەگەر ئێوە پابەندی بن، گومڕا نابن، ئەوانیش قورئان و خانەوادەکەمن".

ئەوان دەڵێن: مەزهەبی ئێمە مەزهەبی ئالو بەیتە، ئەوەتا پێغەمبەریش ﷺ وەسیەتی کردووە لە فەرمانی ئالو بەیت دەرنەچین، بە ڕاشکاوی فەرموویەتی دەرنەچوون لە فەرمانیان

---

[1] منهاج السنة، ١١٢/٤، ئەوەی کە ئیبنو تەیمیە دەیڵێ، ڕێك لەسەر کتێبی (المراجعات، عبدالحسين الموسوی) دا دەچەسپێ، نووسەرەکەی بە درۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو کتێبە گفتوگۆی نێوان خۆی و شێخی نەزهەر شێخ "سەلیم نەلبشری"یە، بەربەچدانەوەی ئەو کتێبەی کە نووسەرەکەی هەموو جۆرەکانی فێڵ و چەواشەکاری تێدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی مەزهەبی ئەهلی سوننە ڕەت بکاتەوە و مەزهەبەکەی خۆی بڕەو پێ بدا، بەربەچدانەوەی واجبی سەرشانی مسوڵمانان بوو، تا ئەوەی شێخ "مەحموود زوعبی" بە کتێبی (البينات في الرد على أباطيل المراجعات) بەرپەرچی دایەوە و بەو ئەرکە هەڵسا، خوا لە باتی نوعمەتی موحەمەد ﷺ پاداشتی خێری بداتەوە، لە هەمان جۆری کتێب، کتێبی (ليال فی بيشاور)ە، کە کتێبێکی گەورەیە.

[2] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب، {باب مناقب أهل بيت ﷺ، ٦٢٢/٥- گ} ژمارەی فەرموودە: ٣٧٨٦، ترمذی دەڵێ: لەو بابە فەرموودە لە ئەبو زەر و ئەبو سەعید و زەیدی کوڕی ئەرقەم و حوزەیفەی کوڕی ئوسەید هاتووە، دەڵێ: هذا حديث حسن غريب من هذا الوجه.

پارێزراو بوونە لە گومڕایی.

وەڵامیش دەبێ لەچەند ڕووێکەوە بێت:

یەکەم: ریوایەتی ئیمامی موسلیم بۆ ئەو فەرموودەیە، فەرمانی شوێنکەوتنی ئالو بەیتی تێدا نییە، موسلیم لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ لەنزیك ناوێك وتاری بۆ داین کە ناوی ئاوەکە (خوم) بوو، لەنێوان مەککە و مەدینە بوو، سوپاس و ستایشی خوای کرد و ئامۆژگاری خەڵکی کرد، فەرمووی: (پاشان، ئەی خەڵکی! ئەمنیش مرۆڤم لەوانەیە لەو زوانە بەرەو لای پەروەردگارم بگەڕێمەوە، دوو شتی سەنگینتان بۆ بەجێ دەهێڵم، یەکەمیان قورئانە کە ڕێنشینیاندەر و ڕێنمونی کەرە، پابەند بن بە کتێبی خوا و لێی لامەدەن) زیاتر باسی کتێبی خوای کرد و دووپاتی کردەوە کە پێویستە بکرێتە ڕێنمونیکەر، پاشان فەرمووی: (ئالو بەیتم! خواتان وەبیر دەهێنمەوە لە ئالوبەیتم، خواتان وەبیردەهێنمەوە لە ئالوبەیتم) "حصین" پێی گوت: ئالو بەیت کێنە زەید؟ خێزانەکانی لە ئالو بەیتی نین؟ زەید گوتی: بەڵێ خێزانەکانی ئالو بەیتین، هەموو ئەوانەش ئالو بەیتن کە حەرامە سەدەقە وەرگرن. گوتی: کێنە ئەوانەی حەرامە سەدەقە وەرگرن؟ زەید گوتی: خانەوادەی عەلی و، عەقیل و، جەعفەر و، عەببباس، ئەوانە حەرامە لەسەریان سەدەقە وەرگرن[1].

تەقیوددین ئیبنو تەیمییە دەڵێ: لەم فەرمایشتەدا تەنیا فەرمان کراوە شوێنی کتێبی پەروەردگار بکەوین، ئەو فەرمایشتە پێشتریش لە خەجی مانّاوایدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویووی، فەرمانی بەوە نەکردووە شوێنی ئالو بەیت بکەوین، بەڵام فەرمووی: (خواتان وەبیر دەهێنمەوە لە ئالو بەیتم)، مانای ئەوەیە کە مافەکانیان بدەنێ و نەکەن ستەمیان لێ بکەن، ئەوە وەبیرهێنانەوەی خوایە، ئەو فەرمایشتەش پێشتر ڕوونکراوەتەوە پێش ئەوەی ناوچەی "خوم".

لێرە زانرا شتێکی نوێ دانەبەزیوە لە "خوم"، نە لە بارەی عەلی و نە لەبارەی کەسی دیکە،

---

[1] شرح مسلم، ١٥/١٨٠.

نەباسی جێنشین بوونی دەکا و نە هیچی تر، دەڵێ: ئەو فەرموودەیە ترمذیش ریوایەتی کردووە، بەڵام ریوایەتەکەی ئەو زیادەی (ئەو دوانەیە لەیەکتری جودا نابنەوە هەتا دێنە سەر کەوسەر)یشی لەگەڵە، بەڵام بەشێکی فەرموودەناسان ئەو زیادەیان بە لاواز لەقەڵەم داوە، دەڵێ: ئەو بەشە لە فەرموودەکەدا نییە، ئەوانەی ئەو بەشەشیان بە سەحیح داناوە بڕوایان وابووە گشت ئالو بەیت کە بەنو هاشمن ناکرێ کۆدەنگ بن لەسەر گومڕایی، بەشێکی ئەهلی سوونە ئەو بڕوایەیان هەیە، ئەمە لە وەڵامەکانی "ئەبو یەعلا" و زانای دیکەش هاتووە[1].

دووەم: مانای هەردوو وشەی (ئالو بەیت) و (عیترە):

وشەی (عیترە) لە کتێبی (الصحاح) هاتووە: عیترەی کەسێك: منداڵ و خانەوادە نزیکەکانی، لە کتێبی (القاموس)یش هەمان شت هاتووە، لە کتێبی (الأساس) دا هاتووە: عیترەی هەر کەسێك نزیکەکانیەتی لە کوڕ و نەوە و ئامۆزاکانی، لە فەرموودەی ئەبویەکردا هاتووە: ئێمە کەسە نزیکەکانی پێغەمبەری خواین، ئێمە وەك چۆن هێلکە دەوری جوجەڵە دەدات، ئێمەش بەو جۆرە دەوری پێغەمبەری خوامان داوە، هەروەها لە (النهایة) دا هاتووە: عیترەی پێغەمبەر ﷺ نەوەکانی عەبدولموتتەلێبن، وە گوتراوە: خانەوادە نزیکەکەیەتی کە منداڵەکانی دەگرێتەوە، لەگەڵ منداڵەکانی عەلی، هەروەها گوتراوە: "عیترە" خانەوادە نزیك و دوورەکان دەگرێتەوە، لە کتێبی (الأساس) دا هاتووە: عیترەی پێغەمبەر ﷺ عەبدولموتتەلیبە، واتە کوڕەکانیەتی.

وشەی (ئالو بەیت) کەسێك شارەزا بێ دەزانێ بۆ دوو مانا بەکار دێ:

یەکەم: ئالو بەیتی ماڵەوە، کە خانەوادەکە دەگرێتەوە، ئەو کەسانەی لە ماڵەوە لەگەڵی دەژین و کەسی دیکە ناگرێتەوە.

دووەم: ئالو بەیتی خانەوادە، هەمان مانای عیترەی هەیە، هەروەك لێکدانەوە بۆ وشەی

[1] منهاج السنه، ٨٥/٤.

عیترە کراوە لە هەندێ ڕێگای فەرموودە، ڕوەك فەرمووەی (وعترتی أهل بیتی)، "زەیدی کوڕی ئەسلەم"یش کە هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ بوو وشەی ئالو بەیتی بە عیترە لێکدایەوە.

دیارە کە پشت پێبەستراوترین لێکدانەوە لێکدانەوەی هاوەڵانە، بەو مانایە وشەی ئالو بەیت هەر مانای عیترە دەگرێتەوە، تەنیا بە مەجاز نەبێت خێزانەکانی ناگرێتەوە.

مانای ئالو بەیت لە فەرموودەکەدا ئالو بەیتی باوباپیران دەگرێتەوە، بە مانا گشتگیرەکەیەتی، کە هەمان مانای "عیترە"شە، لە لێکدانەوەکەی زەیدی کوڕی ئەرقەمیش دا هاتووە کە دەڵێ: "خێزانەکانیی ئالوبەیتی ئەون" واتە: ئالو بەیتین بە شێوە و جۆرێك کە بیانگرێتەوە، کاتێکیش گوتویەتی (بەڵام ئالو بەیتی...هتد)، واتای ڕاستەقینەی ئالو بەیت بەو جۆرەیە کە ئەوانەن سەدەقەیان لەسەر حەرام کراوە.

لە ریوایەتێکی دیکەی سەحیحی موسلیم هاتووە: زەیدی کوڕی ئەرقەم ئەوەی ڕەت کردووەتەوە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئالو بەیت بن، واتە: مانای ڕاستەقینەی ئالو بەیت بەم جۆرە دەربڕینە نایانگرێتەوە.

کاتێك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا [1]﴾ مانای ئایەتەکە (خواش زاناترە) خانەوادەیە، هەروەك لەم ئایەتەش: ﴿رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ ۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ [2]﴾ هاتووە، کە تایبەت بە خێزانەکانیەتی.

هەروەك تەبەری لە "عیکریمە"وە ریوایەت دەکا کە لە ناو خەڵکی بەو جۆرە تەفسیری

---

[1] ئایەتی (٣٣) لە سورەتی ئەحزاب واتە: خوا ئەوەی ئەوێ هەموو چڵك و چەپەڵییەکی گوناهتان لێ دوور بخاتەوە و لابدا، ئەی دانیشتووانی ماڵی پێغەمبەر و لە هەر بیر و کردەوەیەکی ناپەسەند خاوێنتان بکاتەوە.

[2] ئایەتی (٧٣) لە سورەتی هود واتە: میهرەبانیی خودا و بەرەکەتی لەسەر ئێوەبێ ئەی خێزانی پێغەمبەرایەتی و شوێنی وەحی خودایی! خوداهەموو کردەوەکانی جوان و تەعریف کراون و خاوەنی چاکە و کەرەمە.

ئایەتەکەی دەکرد، ئیبنو سەعیدیش لە عورپوەوە ریوایەت دەکا، بە بەڵگەی پێشتر و پاشتر.

ئیبنو عاشوور دەڵێ: ئالو بەیت خێزانەکانی پێغەمبەرن ﷺ ئەم دەستەواژەیە تایبەتە بەوان، لە ئایەتەکە نەهاوەڵان و نە شوێنکەوتووان مەبەست نین، بەڵکو تەنیا خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ مەبەستن، ئەو ئایەتە لەبارەی ئەوان هاتووەتە خوارەوە.

لە سەحیحی موسلمدا هاتووە: لە عائیشەوە ﵂ کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەیانییەک لە ماڵ دەرچوو (ناوی جۆرە عەبایەکی برد کە پۆشیبووی و هەندێك نەخشی لەسەر بوو) خۆشەویستمان ئەو عەبایەی لەبەر بوو، حەسەن هات و خۆشەویست خستییە ژێر عەباکە، حوسەین هات و ئەویشی خستە ژێری، عەلی هات و ئەویشی خستە ژێری، پاشان ئایەتی ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾ خوێندەوە. ئەو ئایەتە بەم جۆرە لێکدەدرێتەوە: پێغەمبەر ﷺ ئەو کەسانەی خستۆتە ناو حوکمی ئەو ئایەتە، واتە خاوێن کردنەوەیان و لابردنی پیسی لەسەریان، لەبەر ئەوەی بە دەقی ئایەتەکەی هێنامانەوە خێزانەکانی لە ئالو بەیتین، فاتیمە و کوڕەکانی و مێردیشی حوکمی ئالو بەیتیان هەیە بە دوعای پێغەمبەر[1] ﷺ.

تایبەتکردنی ئالو بەیت لە فەرموودەکەی ترمذی ریوایەتی کردووە لەبەر ئەوەیە کە ئالو بەیتی هەر کەسێك زیاتر خاوەنی ماڵەکە کار و بارەکانی دەزانێ، واتە مەبەست لێی ئەوانەن زانا و شارەزای ژیانین، رێچکەکەیان گرتۆتە بەر، ئەوانەی شارەزای گوفتار و حیکمەتەکانین، بەو واتایە دەکرێ لە بەرامبەری واتای قورئانیش بەکار بهێنرێ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ[2]﴾، "عەلی قاری" ئەوها دەڵێ[3]. بەو جۆرە فەرمانکردن بە شوێنکەوتنی ئالو بەیت واتای فەرمانکردنە بە شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ. بەمەش

---

[1] التحرير و التنوير، ١٥١٦/٢٤.

[2] ئایەتی (٤٨) لە سورەتی ئالی عیمران واتە: خودا گەورە کتێبی فێر نەکات و هۆی زانیاری و هۆشیاری بۆ ئامادە نەکات.

[3] مرقاه المفاتيح، ٦٠٠/٥.

ریوایەتی ترمذی لەگەڵ ریوایەتی ئیمامی مالیك یەکدەگرێتەوە، کە بەو جۆرە هاتووە : (دوو شتم لە ناوتان بە جێ هێشتووە، ئەگەر دەستیان پێوە بگرن گومڕا نابن، قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی).

"ئەلبانی" دوای ئەوەی وتەی "عەلی قاری" ڕادەگوازێ، دەڵێ: ئەم ئایەتەش ﴿وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ[1]﴾ لە هەمان جۆرە، ڕوونی دەکاتەوە مانای ئالو بەیت ئەوانەن شوێنی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ کەوتوون، ئەوە مەبەستە لەو فەرموودەیە، لەبەر ئەوەش کردوویەتی بە یەکێك لە دوو شتەکەی فەرموودەی زەیدی کوڕی ئەرقەم کە یەکەمیان قورئانە.

"ئیبنولئەسیر" لە کتێبی (النهایه) دا هەمان قسە دەکا، دەڵێ: لەبەر ئەوەی کار پێکردن بە قورئان و سوننەت کارکردن بە دوو شتی خاوەن بەهان، شتی گرانبەهاش بە (ثقل) دەناسرێ لە زمانی عەرەبیدا، پێغەمبەر ﷺ لەبەر بەقەدری و ڕێزلێنانیان ئەو ناوەی لێ ناون، "ئەلبانی" دەڵێ: بە کورتی: لەم فەرموودەیەی باسی ئالو بەیت دەکا لەگەڵ قورئان، وەك ئەوەیە باسی سوننەتی خەلیفە ڕاشیدییەکان دەکا لە پاڵ سوننەتی خۆی ﷺ کاتێك دەفەرموێ: (شوێن سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە ڕاشیدییەکان بکەون).

عەلی قاری دەڵێ: خۆ خەلیفە ڕاشیدییەکانیش هەر شوێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کەوتوون، کاتێك لەو فەرموودەیە باس دەکرێ یان لەبەر ئەوەیە خەلیفە ڕاشیدییەکانیش شوێن سوونەت دەکەون و کاری پێ دەکەن، یانیش لەبەر ئەوەیە ئەوان حوکمی شەرعی لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەردەهێنن[2].

لەمە بەدەر کەوت کە کاتێك ڕافیزییەکان ئالو بەیت تایبەت دەکەن بە عەلی و حەسەن و

---

[1] ئایەتی ٣٤ لە سورەتی ئەحزاب واتە: باسی ئەو شتانە بکەن کە لە ماڵەکانتانا ئەخوێنرێنەوە لە ئایەتی خوا و حیکمەت و فەرموودەی پێغەمبەر.

[2] مرقاة المفاتيح، ١٩٩/١.

حوسەین و فاتیمە، خێزان و خزمە نزیکەکانی دیکەی لێ دەردەکەن، لەبەر هەواو ئازەزووی خۆیانە و لادانە لە مەبەستی سەرەکی دەق و بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەیانە.

سێیەم: گریمان ئالو بەیت مەبەست لێیان ئەو مانا تەسکەیە کە ڕافیزییەکان بۆی لێک دەدەنەوە، هەر نابێتە بەڵگە بۆیان و گومڕاییەکانیانی پێ نابێتە حەق، لەبەر ئەوەی پێشەواکانی ئالو بەیت شوێن سوننەتی باپیرەیان ﷺ کەوتبوون، دەیانپاراست، لە خەڵکی دیکە زیاتر پێداگر بوون لەسەری، بێ بەری بوون لەو دۆر و گومڕاییانە، ئەوەی بە سەنەدی سەحیح هاتووە پێچەوانەی ئەوانەن، ئەوانەش کە بەڕشتەی سەحیحەوە لێیان هاتوون، ئەهلی سوننە شوێنی دەکەون و کاری پێ دەکەن.

ئەگەر ڕافیزییەکان شوێن مەزهەبی ئالوبەیت بە مانا فراوانەکەی یان بە مانا تەسکەکەی کەوتبان، دوژمندارییان لەگەڵ "ڕەفز" دەکرد، هەروەك پێشەواکانی ئالو بەیت بە هەموو هێزیان دەیانکرد، بەڵکو ڕافیزییەکان شوێن ئەو قسە و گوفتارانە دەکەون کە زیندیق و گومڕایەکان هەڵیانبەستوون بۆ ئالوبەیت، بەمەبەستی تێکدانی دین و لاڕێکردنی موسوڵمانان.

بەو خاڵانەی باسمان کردن، ڕوون بوویەوە فەرموودەی "ثقلین" لە بنەڕەتدا بەڵگەی ئەهلی سوننە بووە و ڕافیزییەکان هەڵیانگێڕاوەتەوە.

هەڵوێستی عەلی لەبارەی سێ جێنشینەکەی پێشی خۆی:

ئەوەی شارەزا بێ لە ژیاننامەی سەردارمان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب، لێی شاراوە نییە ئەو هەڵوێستی بەرامبەر سێ جێنشینەکەی پێشی خۆی تەنها گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بووە.

ئیبنو کەسیر لە (البدایة والنهایة) دەڵێ: بە تەواتور لە عەلییەوە گێڕدراوەتەوە کە لەسەر مینبەری کوفە گوتویەتی: (ئەی خەڵکی! باشترینی ئەو ئومەتە لەدوای پێغەمبەرەکەی ﷺ ئەبوبەکرە، لە پاشی ئەو عومەرە، ئەگەر بمەوێ دەڵێم سێیەم کەسیش کێیە...)، کاتێك لەسەر

مینبەرەکەش هاتە خوارەوە گوتی: (سێیەمیشیان عوسمانە)، لە شوێنی دیکەش باسی ئەوەی کردووە کە باشترینی ئەو ئومەتە ئەبوبەکر و عومەرن، موحەمەدی ئیبنولحەنەفیەی کوڕی و ئەبو جوحەیفەی عامیری و کەسی دیکەش لێیان گێڕاوەتەوە.

زەهەبی دەڵێ: لەکاتی جێنشین بوونی، بە تەواتور لێی ریوایەت کراوە، لە نێوان خەڵکێکی زۆر لە شوێنکەوتووانی باسی کردووە، پاشان زەهەبی سەنەد سەحیحەکانی ئەو ڕووداوانە دەهێنێتەوە، دواتر دەڵێ: زیاتر لە هەشتا کەس لە عەلییەوە ریوایەتیان کردووە، ناوی کۆمەڵێکیشیان دەهێنێ، کاتێك ڕافیزییەکانیش نەیانتوانی ئەو هەموو ریوایەتەی لێیەوە هاتووە ڕەت بکەنەوە، گوتیان ئەو قسانەی بە "تەقیە[1]" کردووە.

پێشەوا "باقر" زۆر بە جوانی ئەو "تەقیە"یە ڕەت دەکاتەوە کاتێك لەبارەی ئەو دوو هاوەڵە پرسیاری لێ کراوە، گوتویەتی: (من ئەوان بە پێشەوای خۆم دەزانم)، پێیان گوت: خەڵکی دەڵێن تۆ ئەو قسانە بە "تەقیە" دەکەی، کەس لە مردووان ترساوە؟ خوا ئەوها و ئەوها لە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك بکا، دارەقوتنی و جگە لەویش ریوایەتیان کردووە، ئەو کاتی ئەو قسەیەی کردووە، دارەقوتنی خەلیفە بووە و لێشی نەترساوە[2].

ئیبنو کەسیر دەڵێ: دارەقوتنی لە سەعیدی کوڕی موسەییەب دەگێڕێتەوە، ئەویش لە ئیبنو عومەرەوە کە گوتویەتی: کاتێك ئەبوبەکر بەرەو "ذی القصة" چوو، لەسەر سواریەکەی بوو، عەلی کوڕی ئەبو تالیب جلەوەکەی گرت و پێی گوت: "بەرەو کوێ دەڕۆی ئەی جێنشینی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەمن هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئوحود پێی فەرمووی، منیش ئەوهات پێ دەڵێم: شمشێرەکەت تێك بنێوە و بەرەو مەدینە بگەڕێوە و تووشی موسیبەتێکمان مەکە، سوێند بەخوا ئەگەر تۆ تووشی شتێك ببیت، ئیسلام هەتا پەیڕەوێکی نابێت، بەو قسەیەی ئەبوبەکر گەڕایەوە، زەکەریای ساجی و زوهری لە عائیشەوە

---

[1] تقية: زمانت قستيك بكا و دلّت لقسترى نقبيَ، بؤ ئةوةى دلّى خةلّكى رِازى بكةيت! - گ.

[2] تحذير العبقري من محاضرات الخضري، ١/٢٠٠-٢٠١، و: الصواعق المحرقة، لا: ٥٨-٥٩.

دەگێڕنەوە[1].

"ئەبو جوحەیفەوە" دەڵێ: لای عومەر بووم، جلیان پێدادا بوو، وەفاتی کردبوو، عەلی هات و لەسەر دەم و چاوی هەڵدایەوە و پێی گوت: ڕەحمەتی خوات لێ بێت ئەی باوکی حەفس، سوێند بەخوا لەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ کەس نەبووە کە حەزم لێ بێ کردەوەکانم وەک ئەو بن، وەک ئەوەی بۆ ئەوەی تۆ حەزم لێ بوو، ئەحمەد لە موسنەدی عەلی ڕیوایەت دەکا[2].

بوخاری لە سەحیحەکەیدا لە ئیبنو عەببباسەوە دەگێڕێتەوە، گوتویەتی: جەنازەی عومەریان دانا، خەڵک دەهاتن و نوێژیان لەسەر دەکرد و دوعایان بۆی دەکرد، منیش لەوێ بووم، پێش ئەوەی بەرزی بکەنەوە، کەسێک شانی گرتم، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بوو، دوعای ڕەحمەتی بۆ عومەر کرد و گوتی: کەس نییە حەزم لێ بێ وەک کردەوەی ئەو بکەم تەنیا تۆ نەبێ، سوێند بەخوا من وا تێدەگەیشتم خودا لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەت داتدەنێ، زۆر جاران گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: (ئەمن و ئەبوبەکر و عومەر ڕۆشتین، ئەمن و ئەبوبەکر و عومەر هاتینە ژوورەوە، ئەمن و ئەبوبەکر و عومەر چوینە دەرەوە[3]).

"موحەمەد عەرەبی تەبانی" دەڵێ: لە عەلییەوە بە سەنەدی سەحیح گێڕدراوەتەوە، گوتویەتی: ئەو کەسەی منی پێ لە ئەبوبەکر و عومەر باشتر بێت، دارکاری دەکەم بەهۆی بوهتانەوە[4].

"ئەبوزەرڕی هەرەوی" و "دارەقوتنی" بەچەند سەنەدێک ڕیوایەتیان کردووە: کەسێک بەلای کۆمەڵێک دا چوو کە جوێنیان بە ئەبوبەکر و عومەر دەدا، ڕووداوەکەی بۆ عەلی گێڕایەوە، بە عەلیشی گوت: ئەگەر نەزانن کە تۆش هەمان ڕات بەرامبەر ئەبوبەکر و عەلی هەیە، ئەوانیش

---

[1] البداية و النهاية، ٦/٣١٤-٣١٥.

[2] ئیبنو حەجەری هەیتەمی دەڵێ: ئەو ڕیوایەتە لە مالیکەوە لە جەعفەری سادیق و لە باوکی باقر ڕیوایەت کراوە و سەنەدکەی سەحیحە، بڕوانە: الصواعق، لا: ٥٨-١١٦.

[3] فتح الباري، ٧/٤١.

[4] اخرجه الدارقطني و ابن عساكر، بڕوانە: الصواعق المحرقه، لا: ٥٨.

ئەوها جوێنیان نەدەدا، عەلی گوتی: پەنا بەخوا، خودا لێیان خۆش بێت، پاشان دەستی هەواڵدەرەکەی گرت و بردییە مزگەوت و بەسەر مینبەر کەوت، ڕیشە سپییەکەی خۆی گرت، فرمێسکەکانی بەسەر ڕیشی دا دەهاتنە خوارەوە، چاوەڕێی خەڵکی کرد تا کۆبوونەوە، وتارێکی زۆر کاریگەری دا، ئەو قسانە لە وتارەکەیدا بوو: (چ خەبەرە خەڵکانێك دوو برا و وەزیر و هاوەڵەکەی پێغەمبەر و دوو سەردارەکەی قوڕەیش و باوکی ئیمانداران بە خراپە باس دەکەن؟ ئەمن بێبەریم لەو قسانەی ئەوان دەیکەن، هەر کەسێکی بزانم بەخراپە باسی کردوون سزای دەدەم، ئەوانە بە دڵسۆزی و پاکی هاوەڵێتیی پێغەمبەریان ﷺ کرد، بە فەرمانی خوا کاریان دەکرد و خەڵکیان لەسەری سزا دەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕای ئەوانی وەك ڕای کەسی دی دانەدەنا، کەسی وەك ئەوان خۆشنەدەویست لەبەر ئەوەی ئەوانی بە دڵسۆزی بەجێهێنانی فەرمانی خوا دەبینی، پێغەمبەر ﷺ کاتێك وەفاتی کرد لەوان ڕازی بوو، موسوڵمانانیش لێیان ڕازی بوون، ئەوان لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ و پاش وەفات کردنیشی لە فەرمان و سوننەتی لایاننەدا، هەر لەسەر ئەوەش مانەوە تا وەفاتیان کرد، خوا ڕەحمیان پێ بکا، سوێند بەوەی درەخت دەڕوێنێ و گیاندارانی دروست کردووە ئەوەی ئیماندار بێ ئەوانی خۆش دەوێ، ئەو کەسەش ڕقی لێیان بێتەوە بەدبەخت و لەڕێ دەرچووە، خۆشەویستییان خێرە و ڕق لێبوونەوەیان دەرچوونە).

پاشان باسی ئەوەی کرد کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە ئەبوبەکر کردووە پێشنوێژی بکا لەکاتێکدا عەلیشی لێ دیاربووە، پاشان گوتی: بەیعەتم داوە بە ئەبوبەکر، ئەبوبەکر عومەری کردۆتە جێنشین لە شوێنی خۆی. دواتر گوتی: (بزانم هەر کەسێك بە خراپە باسیان بکا، دارکاری دەکەم[1])، لە ڕیوایەتی "دارەقوتنی" هاتووە: (هەر کەسێك ئەمن بە پەسەندتر بزانێ لە ئەبوبەکر و عومەر، دارکاری دەکەم[2]).

"حەسەن" دەڵێ: کاتێك "عەلی" بەرەو بەسرە هات، "عەبدوڵڵای کوڕی کەوواد" و "ئیبنو عەببباد" هەڵسانەوە و گوتیان: ئەی پێشەوای ئیمانداران، بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟ ئایا

---

[1] تحذير العبقري، ٢٠١/١، و: الصواعق، لا: ٦١، ئەو چیرۆکەمان بە کورتکراوەیی لە (لسان الميزان، ٢٩٠/٣) ڕاگواستووە.

[2] الصواعق المحرقة، لا: ٥٨، ئیبنو عەساکیریش ڕیوایەتی کردووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووی؟ قسەی لەم بارەیەوە بۆت کردووە؟ یان ئەمە ڕاو بۆچوونی خۆتە؟ وتی: (ئەمن نامە یەکەم کەس درۆ بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ بکەم، سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا لە ناکاو وەفاتی نەکرد، نەشکوژرا، لە ماوەی نەخۆشییەکەی هەرجارێکی بانگ درابا، دەیفەرموو: (بڵێنە ئەبوبەکر پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکا) کاتێك وەفاتیْ منی لێ بزر نەبوو، ئەگەر هەر فەرمانێکی پێ کردبام، بەجێم دەهێنا، تا یەکێك لە خێزانەکانی ڕەخنەی لەوە گرت کە ئەبوبەکر بکرێتە پێشنوێژ و گوتی کە ئەبوبەکر دڵی ناسکە و ئەگەر لە شوێنی تۆ پێشوێژی بکا لەوانەیە خەڵکی گوێبیستی دەنگی نەبن، ئەگەر عومەر بکەیە پێشنوێژ باشترە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویە خێزانەکەی : (ئێوە وەك ئافرەتەکانی سەردەمی یوسفن).

کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد، موسوڵمانان لە نێوان خۆیاندا سەیریان کرد، بینییان پێغەمبەر ﷺ ئەبوبەکری کردۆتە پێشنوێژ و کاری ئایینی ڕادەست کردووە، موسوڵمانانیش کاری دونیایان سپارد، موسوڵمانان بەیعەتیان دایێ و منیش لەگەڵ خەڵکی بەیعەتم پێ دا، ئەگەر فەرمانی پێ کردبام دەچووم بۆ جیهاد و ئەگەر شتێکی دابامێ وەرمدەگرت، من لە نێو دەستی وەك قامچی بووم و فەرمانی دارکاری هەر کەسێکی کردبا ئەمن بۆیم جێبەجێ دەکرد، ئەگەر مەبەستی بوایە و بۆ خوای نەکردبایە، کوڕەکەی دەکردە جێنشین، بەڵام عومەری کردە جێنشین و هەڵەی نەکرد، خەڵکی بەیعەتیان دایە عومەر و منیش لەگەڵ خەڵکی بەیعەتم پێ دا، ئەگەر فەرمانی پێ کردبام دەچووم بۆ جیهاد و ئەگەر شتێکی پێ دابام وەرمدەگرت، من لە نێو دەستی وەك قامچی بووم و فەرمانی دارکاری هەر کەسێکی کردبا بۆیم جێبەجێ دەکرد، ئەگەر مەبەستی بوایە و بۆ خوای نەکردبایە، کوڕەکەی دەکردە جێنشین، پێی ناخۆش بوو لەنێوان قوڕەیشییەکان کەسێکمان بکاتە جێنشین، ئەو کەسەی کردبایە جێنشین هەر خراپەیەکی کردبایە لەسەر عومەر دەشکایەوە، شەش کەسی هەڵبژارد ئەمنیش لە نێوانیان بووم بۆ ئەوەی کەسێکمان بکەینە جێنشین، کاتێك کۆ بوونەوە، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف خۆی کردە وەکیلی ئێمە و پەیمانی لێ وەرگرتین، ئەو عوسمانی کردە جێنشین، لەو کاتە تۆزەك حەزم چووە سەر ئەوەی کە ئەمن ببومایە جێنشین، پاشان کە بیرم

کردەوە، زانیم ئەو پەیمانەی بە عەبدولڕەحمانم دابوو پێشتر بەو جۆرە بوو ئەگەر خەڵکی دیکەشی کردبا بەجێنشین دەبوایە گوێڕایەڵ ببم، ئەوکات بەیعەتم دا و گوێڕایەڵ بووم، ئەگەر فەرمانی پێ کردبام دەچووم بۆ جیهاد و ئەگەر شتێکی دابامێ وەرمەدەگرت، ئەمن لە نێو دەستی وەک قامچی بووم و فەرمانی دارکاری هەر کەسێکی کردبا بۆیم جێبەجێ دەکرد، کاتێک عوسمان کوژرا، سەیری حاڵی خۆم کرد، بینیم ئەو پەیمانەی لەملم بوو دابووم بە ئەبوبەکر و عومەر، پەیمانەکە هەڵوەشاوەتەوە، ئەو پەیمانەش دابووم بە عوسمان بەتەواوی بەجێم هێنا، منیش یەکێم لەناو موسوڵمانان، مافی کەسم بەسەرەوە نییە، کەسێك هەڵسا و نیازی وابوو خۆی بکاتە جێنشین {مەبەستی موعاویەیە} نەپێگەی لە ئیسلامدا وەك منە، نە بەقەدەر من زانایە، وەك منیش خزمی پێغەمبەر ﷺ نییە، پێشینیشی لە ئیسلام وەك من نییە، ئەمن شایەنتر بووم بە جێنشینی لەو) دوو کەسەکەی پرسیاریان لێی کرد گوتیان: ڕاست دەکەی[1].

"بوسیری" دەڵێ: "ئیسحاقی کوڕی ڕاهەویهی" ریوایەتی کردووە، ئەبو داود و نەسائیش بە کورتی ریوایەتیان کردووە.

بۆ ئەوەی خوێنەر تەواو لەو بابەتە دڵنیا بێ، ئامۆژگاری دەکەین کە کتێبی (الصواعق المحرقه)ی ئیبنو حەجەری هەیتەمی بخوێنێتەوە، بەتایبەت بەشی دووەم و بەشی سێیەم کە ستایش و پەسنی ئەبوبەکر و عومەری تێدایە لەلایەن گەورە پیاوانی ئالو بەیتی پێغەمبەر ﷺ.

کورتەیەك لە ژیاننامەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ؓ:

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: بە ڕای زۆر لە زانایان ئەو یەکەم کەسە موسوڵمان بووە، بە پێی ریوایەتی سەحیح پێش پێغەمبەرێتی بە دە ساڵ لە دایك بووە، لە ماڵی پێغەمبەر ﷺ گەورەبوو، لەو دانەدەبڕا، هەموو جەنگەکان لەگەڵی بەشدار بوو جگە لە جەنگی "تەبووك". پێغەمبەر ﷺ کە ئەوی لە مەدینە بە جێ هێشت پێی فەرموو (ڕازی نابی کە پێگەی هاڕوون

[1] ئیسحاق ریوایەتی کردووە، بڕوانە: المطالب العالية، ٤/٢٩٤-٢٩٦.

بۆ موسا چۆن بوو، پێگەی تۆش لای من بەو جۆرە بێت؟). "فاتیمە"ی کچی لێ مارە کرد، لە زۆربەی جەنگەکان ئالا لەدەست ئەو بوو، پەسنی زۆرە، بە جۆرێك پێشەوا ئەحمەد دەڵێ: کەس لە هاوەڵان بەقەدەر عەلی پەسنی زۆری نەگێڕدراوەتەوە، ڕافیزییەکان کۆمەڵێك لە باسی ئەویان هەڵبەستووە کە ئەو پێویستی پێی نییە[1].

یەکێك لەو شەش کەسە بوو کە عومەر لەدوای خۆی بۆ ڕاوێژ داینان، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف بۆ ئەوەی ئەو بکا بە جێنشین چەند مەرجێکی لەسەر دانا، بەڵام ئەو بە مەرجەکان ڕازی نەبوو، ئینجا بەیعەت درا بە عوسمان و عەلیش بەیعەتی دا، گوێڕایەڵی بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ خەریکی فەتوادان و بڵاوکردنەوەی زانست بوو، کاتێك عوسمان کوژرا، خەڵکی بەیعەتیان پێی دا، دواتر بەشێك لە هاوەڵان وەك "تەڵحە" و "زوبەیر" و "عائیشە" داوایان لێ کرد تۆڵەی خوێنی عوسمان بکاتەوە، بەم هۆیە ڕووداوی "جەمەل" ڕوویدا، پاشان "موعاوییە"و خەڵکی شام بوونە بەرهەڵست و ئەوانیش داوای تۆڵەی کوژرانی عوسمانیان دەکرد، موعاوییە پێشوەختیش والی شام بوو لەسەردەمی عومەر و عوسمان، بەهۆی ئەوەوە ڕووداوی "سیففین" ڕوویدا، عەلی ڕای وەها بوو پێویستە ئەو هاوەڵانە جارێ بەیعەت بدەن، پاشان هەر کەسێك خاوەن خوێنە بێ و سکاڵای خوێنەکەی بکا، ئەوجە بە گوێرەی شەریعەت هەر شتێك پێویست بێ ئەنجامی دەدات، ئەو کەسانەی ڕاشیان لەگەڵی نەبوو دەیانگوت جارێ ئەوانە بکوژەوە کە بەشدار بوون لە کوشتنی عوسمان، عەلیش ڕای وابوو ناکرێ بێ سکاڵا و بەڵگە هێنانەوە کەس تۆڵەی لێ وەربگیرێتەوە، هەردوو لایەنەکەش (موجتەهید) بوون.

بەشێکی هاوەڵان بەشداری شەڕەکەیان نەکرد، پاشان کە "عەمارێ کوڕی یاسر" شەهید کرا،

---

[1] "ئیبنو عراق" لە (تنزیه الشریعة، ٤٠٧/١) دەڵێ: زەهەبی لە "تلخیص الموضوعات" دەڵێ: چاکە و پەسنی هیچ هاوەڵێك بەقەدەر ئەوەی عەلی ﷺ بۆمان نەگواستراوەتەوە، ئەو ڕیوایەتانەش سێ بەشن: بەشێکیان سەحیحن و حەسەنن، بەشێکی زۆریشان لاوازن، بەشێکی دیکەشیان کە زۆر زۆرن هەڵبەستراون، هەندێکیان گومڕاییشیان تێدایە، "خەلیلی" لە "الارشاد" دەڵێ: هەندێك فەرموودە ناس دەڵێن: لەو ڕیوایەتانەم کۆڵییەوە کە خەڵکی کوفە لە پەسن و چاکەی عەلی هەڵیانبەستووە، بینیم کە زیاد لە ٣٠٠ هەزارن.

دیارکەوت کە لایەنی پێشەوا عەلی لەسەر حەق بوون، ئەوە ڕای ئەهلی سوونەیە، ئەگەرچی لە کۆندا ڕایان ناکۆک بوو، سوپاس بۆ خوا[1].

هەندێك لەو ڕیوایەتانەی لەبارەی بێدەنگ بوون لە ڕووداوەکانی نێوان هاوەڵان هاتوون:

ئەهلی سوونە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی واجبە بێ دەنگ بین لەبارەی ئەو شتانەی لەنێوانی هاوەڵان ڕوویداوە، تەنیا بۆ پێویستییەك نەبێ، ئەو باسەیان لەبەشی بیر و باوەڕ داناوە، ئەمەی خوارەوە بەشێك لە ریوایەتەکانە:

١. "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "ئەگەر باسی هاوەڵانم کرا زمانتان بگرن، ئەگەر باسی قەزا و قەدەر کرا زمانتان بگرن و ئەگەر باسی ئەستێرەکان[2] کرا زمانتان بگرن[3].

٢. "عیازی ئەنساری" کە هەندێك هاوەڵیی پێغەمبەری ﷺ کردووە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "پارێزگاری لەمن بکەن بە پارێزگاری کردنتان لە هاوەڵان و خزمانم، ئەوەی بەم حۆرە بمپارێزێت، خوا لە دونیا و ئاخیرەت دەپارێزێ، ئەوەش نەپاراستم، خوا پشتی بەردەدا، ئەوەش خوا پشتی بەردا ئەوەندە نامێنێ بیگرێ[4]".

٣. "یەزیدی کوڕی ئەسەم" دەڵێ: "عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ﷺ گوتی: "کوژراوەکانی من

---

[1] الاصابه، ٥٠٧/٢-٥٠٨.

[2] باسی ئەستێرەکان: خوێندنەوەی پاشەڕۆژ و شتە غەیبییەکان لە ئەستێرەکانەوە، پێشتر لە سەردەمی پێش ئیسلام باو بوو، نمونەی قاوە گرتنەوە و خوێندنەوەی ناو لەپ. {بڕوانە: https://islamqa.info/ar/٩٤١٠ - گ}.

[3] تەبەرانی ریوایەتی کردووە، لە سەنەدکە "مسهری کوڕی عەبدولەلیك"ی تێدایە، نیبنو حیببان و جگە لەویش بە باوەڕپێکراویان داناوە، ڕاوییەکانی دیکەی ڕاوی ریوایەتی سەحیحن، هەروەك هەیسەمی وا دەڵێ، بڕوانە: (المعجم الكبير للطبراني، ١٤٢٧/٢ ، ١٠٤٤٨/١٠، هەروەها: مجمع الزوائد، الهيثمي، ٢٠٣/٧-٢٢٣).

[4] تەبەرانی لە (المعجم الكبير، ٢٠١٢/١٧) ریوایەتی کردووە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ١٦/١٠) دەڵێ: لە سەنەدەکەی کۆمەڵێك پیاوی زۆر لاوازی تێدایە، بەڵام هەندێ زانا بە باوەڕپێکراویشیان داناون، ئیمام "ئەحمەدی کوڕی منیع"یش ریوایەتی کردووە.

و کوژراوەکانی موعاوییە لە بەهەشتن[1]".

٤. "تاریقی کوڕی ئوشەیم" ﷺ دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، فەرموی: " کوشتن بەسە بۆ پاك کردنەوەی هاوەڵانم لە تاوانەکانیان[2]".

٥. "ئەبو ڕاشید" دەڵێ: هەندێك پیاوی خەڵکی بەسرە هاتنە لای "عوتبەی کوڕی عەمیر" پرسیاریان لێی کرد لەبارەی عەلی و عوسمان ﷺ وەڵامی دانەوە: تەنیا بۆ ئەوە هاتوون؟ گوتیان: بەڵێ، گوتی: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ[3]﴾.

٦. "تاریقی کوڕی شیهاب" دەڵێ: "خالیدی کوڕی وەلید" و "سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس" ناکۆکییەك کەوتە نێوانیان، لای "سەعد" بەخراپە باسی "خالید" کرا، سەعد کابرای بێدەنگ کرد و پێی گوت: بوەستە، ئەوەی لەنێوانمان ڕوویداوە، نەگەیشتۆتە دینمان[4].

٧. "عوڕوەی کوڕی زوبەیر" دەڵێ: "عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب" لە بازاڕ گەیشتە زوبەیر و هەندێك گلەییان لەیەکتری کرد لەبارەی مەسەلەی عوسمانەوە، "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر" بە تووڕەیی قسەی لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب کرد، عەلی پێی گوت: ڕای زوبەیرت لا گرنگ

---

[1] تەبەرانی لە (المعجم الکبیر، ٦٨٨/١٩) ڕیوایەتی کردووە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٧/٩) دەڵێ: ڕاوییەکانی بە باوەڕ پێکراو دانراون، بەڵام هەندێکیان ڕا جیاییان لەسەر هەیە.

[2] ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا (٤٧٢/٣) و، تەبەرانی لە (المعجم الکبیر، ٨١٩٥/٨-٨١٩٦) بە چەند سەنەدێك ڕیوایەتیان کردووە، بەزاریش ڕیوایەتی کردووە، پیاوەکانی سەنەدەکەی ئەحمەد ڕاوی فەرمودەی سەحیحن، هەیسەمیش لە (مجمع الزوائد، ٢٢٣/٧-٢٢٤) دا هێناویەتییەوە.

[3] ئایەتی ١٣٤ لە سورەتی بەقەرە، واتە: (ئەوانە ئومەتێ بوون ڕابوردن، کەسبی خێری خۆیان بۆخۆیانە و نێوەیش کەسبی خێری خۆتان بۆخۆتانە، کەس لە بەشی کەس نابات و کەس حەقی بەسەر کەسەوە نییە و، نێوە بە تاوانی ئەوان تاوانبار ناکرێن، هەروەك بە چاکەیشیان پاداشتان نادرێتەوە) تەبەرانی لە (المعجم الکبیر، ٣٨١٠/٤) ڕیوایەتی کردووە و هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٢٢٣/٧) دەڵێ: ڕاوییەکانی باوەڕپێکراون.

[4] هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٢٢٣/٧) دەڵێ: تەبەرانی لە (المعجم الکبیر) ڕیوایەتی کردووە، ڕاوییەکانی ڕاوی ڕیوایەتی سەحیحن.

نییە؟ زوبەیر ئەوەندەی لە عەبدوڵڵا دا تا بەریدایەوە[1].

٨. "ئیبنو ئەبی شەیبە" دەگێڕێتەوە: عەلی ﷺ دوای جەنگی "جەمەل" لەبارەی شەڕکەرانی بەرامبەری پرسیاری لێ کرا، ئایا ئەوان موشریکن؟ گوتی: ئەوان لە شیرك هەڵهاتوون، پرسیاریان لێ کرد: ئایا دووڕوون؟ گوتی: دووڕووەکان زۆر کەم یادی خوا دەکەن، گوتیان باشە چین؟ گوتی: برامانن لە فەرمانمان دەرچوون[2].

٩. تەبەری و زانای دیکەش دەگێڕێتەوە: عەلی ﷺ لە بارەی کوژراوانی "جەمەل" و "سیفین" پرسیاری لێ کرا، وەڵامی دایەوە: سوێند بەوەی گیانی منی لەدەستە، هەرکەسێکیان دڵی لەخواترس بێت و بمرێت، دەچێتە بەهەشت، ئاماژەشی بۆ هەردوو لایەن دەکرد[3].

١٠. پرسیاریان لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ﷺ کرد لەبارەی عەلی و موعاویە، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: خوا دەستی ئێمەی لەو خوێنانە پاراست، با بە زمانمان بەشداری تێدا نەکەین[4].

١١. لە ئیمامی ئەحمەدیان پرسی لەبارەی ئەو شتانەی لە نێوانی عەلی و موعاویەدا ڕوویداوە ﷺ کاتێك ئەو پرسیارەی لێ کرا، ئەو ئایەتی: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم

---

[1] تەبەرانی لە (المعجم الكبير، ٢٣٣/١) ڕیوایەتی کردووە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٢٢٣/٧) دەڵێ: تەبەرانی لە (المعجم الكبير) ڕیوایەتی کردووە، لە سەنەدەکەیدا "عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی عوروە"ی تێدایە، کە (مەتڕووك)ە، (ئەو ڕیوایەتانە و تەخریجەکانیان لە "مجمع الزوائد"ی فەرموودەناس "نورالدین هەیسەمی" وەرگیراون بە پێداچوونەوە و لێوردبوونەوەی هەردوو فەرموودەناسی گەورە "حافزی عیراقی" و "ئیبنو حەجەری عەسقەلانی"، ئەو کتێبە لەوەتەی دانراوە هەتا ئێستاش سەرچاوەی سەرەکی زانایانە).

[2] تطهير الجنان، لا: ٣٦.

[3] مقدمه ابن خلدون، لا: ٢١٥.

[4] بڕوانە: حلية الأولياء، ابو نعيم الاصبهانی، ١١٤/٩، دار السعاده، ١٩٧٤م – گ.

مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ[1]﴾خۆیندەوە، ئەوە وتەی چەند زانایەکی پێشینیشە[2].

بێ دەنگ بوون لەو بابەتە بە ڕەهایی نییە:

ئەو ریوایەتانەی هێنامانەوە لە باسی چاکی و پەسەندی هاوەڵان، بەڵگەی پێویستیی بێ دەنگ بوونە لەو ناکۆکییانەی لە نێوان هاوەڵان ڕوویداوە، زانایانمان لەکتێبەکانی بیر و باوەڕ ئەو باسەیان کردووە، بەڵام ئەو بێدەنگ بوونەش بە ڕەهایی نییە هەروەك باسیان کردووە، بەڵکو ئەگەر ئەم باسە بۆ ڕەتکردنەوەی هێنانەخوارەوەی شکۆیانە، یان پەلار و تانەیان لێ بدەی ئەو کات بێدەنگ بوون پێویستە، ، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە نەبێ، لەوانەیە باسکردنی پەسەند بێ، یان واجبیش بێ ئیبنوحەجەری هەیتەمی دەڵێ:

زانایانمان لە کتێبەکانی بیرویاوەڕدا دەڵێن: پێویستە بێدەنگ بین لەبارەی ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان هاوەڵان ﷺ ڕوویانداوە، ئەو ریوایەتانەی پێشینەکان و پاشینەکان هێناویانەتەوە و سەحیح و زەعیفی ریوایەتەکانیان ڕوون کردۆتەوە و لە کتێبەکانیان تۆماریان کردووە، هەروەها باسی فیتنەکانیان ڕوون کردۆتەوە و باسی حوکمی یاخییەکانیان کردووە، ئەو باسانە ئەگەر چی لە ڕووکەشیاندا گوماناویش بن، بەڵام نابێتە گومان. لە پێشەوا "شافیعی"یەوە خوا لێی ڕازی بێ گێڕڕاوەتەوە: حوکمی یاخییەکانم لە شەڕکردنی پێشەوا عەلی لەگەڵ ئەهلی جەمەل و سیففین و خەواریجەکان وەرگرتووە. ئەو ریوایەتە لە زانای دیکەش هاتووە.

هەروەها پێشەواکانمان گومانی موبتەدیعەکانیان هێناوەتەوە و وەڵامیان داوەتەوە لە هەڵبەستنی درۆ بۆ عەلی و هاوەڵانی، هەروها درۆکردنیش بەدەمی هاوەڵەکانی دیکە، تا وای

---

[1] ئایەتی ١٣٤ لە سورەتی بەقەرە، واتە: ئەوان ئومەتی بوون ڕابوردن. کەسبی خێری خۆیان بۆخۆیانەو ئێوەیش کەسبی خێری خۆتان بۆ خۆتانە، کەس لەبەشی کەس نابات و کەس حەقی بەسەر کەسەوە نییە و ئێوە بەتاوانی ئەوان تاوانبار ناکرێن هەروەك بە چاکەیشیان پاداشتان نادرێتەوە.

[2] البداية و النهاية، ٨/١٣٠.

لێهات هەموو گومانەکانیان وەڵام دراونەتەوە و یەك گومانیان بێ وەڵام نەماوەتەوە، هەروەها ئیمامەکانمان ئەوەشیان ڕوون کردۆتەوە کە زۆربەی ئەوەی کە لێیانەوە گواستراوەتەوە، یان درۆن، یانیش سەنەدەکانیان کێشە و لەنگی تێدایە.

بەڵام مەبەست لە بێدەنگ بوون لەو باسەدا ئەوەیە: دروست نییە بۆ کەس بەهۆی ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە تانەیان لێ بدات و خەڵکی سادە هان بدات بەهۆی ئەو باسانە و فێری تانەدانیان بکا لە هاوەڵان، ئەو کارە لەلایەن موبتەدیعەکان و هەندێك کەسی نادان ڕوویداوە، ئەوان ڕووداوەکان چۆن ببینن لە کتێبەکان، بەو جۆرە و بێ لێکۆڵینەوە و ڕوانین لە سەنەدەکانیان ڕایدەگوێزن، یان خەریکی لێکدانەوە و تێفکرین بن لە بابەتەکە، لێکدانەوەی دروستی بۆ بکەن، ئەمەش سەرکۆنە کراوە و بەتوندی حەرام کراوە، لەبەر ئەوەی خەڵکە سادەکە ئەوانەی زانا نین، هان دەدرێن بۆ ئەوەی بە خراپە باسی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن، ئەو ئایەنەی ئێمە لەسەرین بە هۆی ئەوەی ئەوان گواستویانەتەوە بۆ ئێمە، بەو هۆیەوە گەیشتۆتە ئێمە و پێیەوە ڕاوەستاوە، قورئان و هەموو ئەو شتانەی بیستوویانە و بینیویانە لە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕایانگوێزاوە و بۆ ئێمەیان پاراستووە، حوکمە شەرعییەکانیش کە کەس جگە لەوان ئەوها بە باشی نەیدەزانی، لەبەر ئەوەی بەڵگەکانیان لەبەر چاوبوو، خوا لێیان ڕازی بی و ڕازییان بکا، پاداشتی خێریان بداتەوە.

ئەوە بە گشتی، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوە بێت ڕوون بکرێتەوە کە کامەیان لەسەر لەسەر حەق بوون و بەڵگە لای کامیانە و بە پێی یاساکانی ئەهلی سوننە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، ئەوە واجبە و پێویستە، تا پاکی و بێ تاوانییان ڕوون بێتەوە[1].

بەیعەت دان بە پێشەوا عەلی ڕەزای خوای لێ بێ

ئیبنو کەسیر دەڵێ: (کاتێك عوسمان کوژرا، بە گوێرەی ڕیوایەتە باوەکە جومعە، سێزدەی زیلحیججەی ساڵی (٣٥)ی کۆچی بوو، خەڵکی بەرەو لای عەلی ڕۆیشتن و پێش ناشتنی (یان دوای ناشتنی) عوسمان بەیعەتیان پێی دا، بەڵام عەلی نەیدەویست و پێی ڕازی نەبوو، بەڵکو لەبەری هەڵهات و بەرەو باخچەی خانەوادەی "عومەری کوڕی مەبدول" هەڵات، دەرگای لەسەر

[1] تطهير الجنان، لا: ٣١-٣٢.

خۆی داخست، خەڵکی بۆ لای چوون و لە دەرگایان دا، تەڵحە و زوبەیریشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، پێیان گوت کاری موسوڵمانان بێ پێشەوا ڕاستەڕێ نابێ، وازیان لێ نەهێنا تا بەگوێی کردن، چووە مزگەوت و خەڵکی بە گشتی بەیعەتیان دایێ[1].

"ئیبنولعەڕەبی" دەڵێ: ئەگەر ئەوها بە خێرایی بەیعەت بە علی نەدرابا، ئەو خەڵکانەی بکوژی عوسمان بوون دەبوونە دەستەڵاتداری مەدینە، لەبەر ئەوە موهاجیری و ئەنسارییەکان پێداگر بوون لەسەر ئەوەی ببێتە خەلیفە، ئەویش کارەکەی بە واجب زانی لەسەر خۆی و قبوولی کرد[2].

ئیبنو کەسیر دەڵێ: دەڵێن گوایە تەڵحەی کوڕی عوبەیدیللا بە دەستی ڕاستی کە لە شەڕی ئوحود و لەکاتی بەرگریکردنی لە پێغەمبەر ﷺ "گۆچ" ببوو، بەو دەستەی بەیعەتی پێ دا، خەڵکانێك وتیان ئەو کارە ناچێتە سەر یەکەم دەست بەیعەت بدا دەستێکی گۆچ بێ[3].

ئیبنولعەڕەبی دەڵێ: ئەو ڕیوایەتە ئەگەر سەحیح بێ، نابێتە بەڵگە، دەستێك لە پارێزگاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ گۆچ بووبێ، هەموو کارێکی بۆ ئاسان دەبێ و هەموو شتی خراپ بەو دەستە دەگەڕێتەوە[4].

دەگوترێ تەڵحە و زوبەیر بە زۆری بەیعەتیان داوە، لە هەردووکیان ڕیوایەت کراوە کە گوتویانە: شمشێر لەسەر ملم بووە کە بەیعەتم داوە، ئیبنولعەڕەبی دەڵێ: درۆیە، حاشا کە زۆریان لێ کرابێ، بەڵام ئەگەر ئەوان بەیعەتیشیان نەدابایە کاریگەری نەدەبوو، لەبەر ئەوەی یەك دوو کەس کاریگەری نابێت لەسەر کۆی بەیعەتەکە، بەڵام کەسێك ئەگەر بەیعەتی دا ئەوە ئەو بەیعەتە لەسەری واجب دەبێ و نابێ لێی لابدا، ئەگەر تەڵحە و زوبەیر زۆریان لێ کرابا ئەوە

---

[1] البدایه و النهایه، ٢٢٦/٧.
[2] العواصم، لا: ١٤٢.
[3] البدایه والنهایه، ٢٢٦/٧
[4] العواصم، لا: ١٤٤.

بەیعەتەکە وەرنەدەگیرا[1].

ناکۆکی نێوان پێشەوای موسوڵمانان "عەلی" و "موعاویە" ﷺ و ڕای هەر یەکێکیان

کاتێك بەیعەت درا بە عەلی، ڕای وابوو کە بێ ئەوانەش بەیعەتەکە دادەمەزرێ کە هێشتا نەهاتوون بۆ بەیعەت دان، بەهۆی بەیعەت پێدانی ئەو هاوەڵانەی لە مالّی پێغەمبەردا ﷺ بەیعەتیان دایێ لە مەدینەی مۆڵگەی هاوەڵان ﷺ داواکردنی خوێنی عوسمانیشی دوا خست، لەبەر دوو هۆ:

١. تا خەڵکی کۆدەبنەوە و یەکدەنگ دەبن و بۆیان دەلوێ، دەیزانی کودەتاچییەکان زۆرن و هەریەکەیان هۆزێکی گەورەی لەپشتە، لەناو سوپای خۆشیدا هەندێکیان هەبوون، بەمە شپرزەی دەکەوتە سووپا و کاری دەوڵەت درزی دەکەوتێ، بەجۆرێك ئەو کودەتاچییانە لەکاتی بەیعەت دان بە عەلی تەواوی کار و باری مەدینەیان لە دەست بوو، نەدەکرا تۆڵەی کوشتنی عوسمانیان لێ بکرێتەوە، نەشدەکرا دوای ئەوەی چوونەوە ناو هۆز و وڵاتی خۆیان لە کوفە و بەسرە داوای خوێنیان لێ بکا، بەڵکو دەیویست هەلێك بقۆزێتەوە و تۆڵەیان لێ بسێنێ، بە جۆرێك کاتێك لە "جەمەل" لەگەڵ بەرەی دیکە ڕێککەوت، ڕاستەوخۆ خۆی لێ بێ بەری کردن، دواتر لێی هەڵگەڕانەوە و عەلییان بە کافر لەقەڵەمدا.

٢. تا ئەو کاتەی خاوەنی خوێنی عوسمان داوای خوێنەکەی دەکا، پاشان دادگا دابەزرێنێ و تۆڵە لە بکوژان وەرگرێ و حەق برۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ جێبەجێ کردنی حەدد لەسەر کەسێك بێ ئەوەی گوێی لێ بگیرێ و داواکاری خوێن هەبێ و نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا، ئەمە لە ئیسلامدا نییە.

بەڵکو موعاویە خۆشی کاتێك بووە پێشەوای ئیمانداران، تەنیا ئەوەندەی پێ کرا کە عەلی لەسەرەتادا کردبووی، نەیتوانی ئەو کەسانە بکوژێ کە دەستیان چووبووە خوێنی عوسمان، تا ئەو کاتەی "موختار" و دارو دەستەکەی هاتن ئەوانیان یەك بە یەك کوشت و هەموشی بە پێوەری

[1] العواصم، لا: ١٤٣-١٤٤.

"گومان".

ڕایەکی دیکە هەیە گوایە عەلی لەبەر ئەوە بکوژانی عوسمانی تەسلیم نەکردووە، ئەوان "یاخی"ن و ئەو کارەی کردوویانە بە لێکدانەوەی خۆیان بووە، یاخیش کاتێک دێتەوە ژێر دەستەڵاتی پێشەوا، تۆڵەی ئەو خوێن و سامانەی لێ ناکرێتەوە کە پێشتر دەستی چووەتێ.

بەڵام ئەمە هەڵەیە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوانە یاخی نەبوونە بەڵکو ستەمکار بوونە، چونکە ئەو گومانانەی هەیانبووە هەمووی بێ بنەماو پووچ بوون، هەر کەسێك گومانێکی وەدەست گرت نابێتە موجتەهید، گومان بۆ کەسێك دروست دەبێ نەگەیشتبێتە پلەی ئیجتیهاد، ئەوان پاش ئەوەی گومانەکەشیان بۆ ڕوون بوویەوە هێشتا هەر لەسەر گومڕاییەکانیان بەردەوام بوون، عوسمانیشیان کوشت بێ ئەوەی دەستی خۆی کردبێتەوە، ئەوان بکوژ بوون نەك شەڕکەر، عەلیش لەگەڵ تەڵحە و زوبەیر لەسەر کوشتنیان ڕێککەوت، ئەوان خێرا ئاگری فیتنەی "جەمەل"یان خۆش کرد، هەروەك لەمەودوا باسی دەکەین.

کاتێك عەلی ﷺ بینی بەیعەتی وەرگرتووە، کاریەدەستانی دانا لەسەر ویلایەتەکان، ئەوانیش چوون بەیعەت لەخەڵکی وەرگرن، بەشێکی خەڵکی ئەو ویلایەتانە بەیعەتیان نەدا و ڕازی نەبوون بەیعەت بدەن تا ئەوکاتەی تۆڵەی خوێنی عوسمان ﷺ دەکرێتەوە.

موعاوییە یەکێکیان بوو، لەبەر ئەوە نەبوو بیەوێت ببێتە جێنشین، کەس قسەی وای لەو نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو لەگەڵ عەمری کوڕی عاس پێکەوە ڕایان وابوو کە ئەو هاوەڵانەی پێیان دەگوترا "اهل الحلّ والعقد" هەریەکەیان لەشوێنێك بوون و هەموویان لەمەدینە نەبوون کاتێك بەیعەت دراوە، بەمەش ئەم بەیعەتە دانەمەزراوە، چونکە دەبێت ئەوانە هەموویان بەیعەت بدەن بۆ ئەوەی بەیعەت دابمەزرێ، موسوڵمانان دۆخیان ناڕێکە و پێویستە سەرەتا لە خوێنی عوسمان بپێچرێتەوە، ئینجا موسوڵمانان پێشەوایەکیان بۆ دابنرێ، وایان دەبینی دواخستنی لێپێچینەوە لەوانە؛ وادەکات خەڵك زیاتر بکوژرێن و حورمەتی پێشەوایان ببەزێنرێ.

کاتێك ئەو شتانە ڕویاندا، موسوڵمانان پەرت بوون و ناکۆکی کەوتە نێوانیان، ئاساییە عەلی

لەو کاتەدا ئەو کەسانەی بەیعەتیان پێی نەداوە بە یاخی لەقەڵەم بدا و بە پێویستی بزانێ شەڕیان لەگەڵ بکا بۆ ئەوەی موسوڵمانان بگەنەوە یەک و کۆببنەوە، ئەمەش گەورەترین واجبی سەر شانی پێشەوای موسوڵمانانە، بڕیاری دا شەڕ لەگەڵ شامییەکان بکا[1]، لەوکاتەی سەرگەرمی خۆ ئامادە کردن بۆ ئەوەی دەرچێت بەرەو شام، هەواڵی چوونی دایکی ئیمانداران "عائیشە" و "تەڵحە" و "زوبەیر" ﷺ بەرەو بەسرەی پێگەیشت.

جەمەل

پاش سێ ڕۆژی جەژنی قوربان، کاتێک عوسمان کوژرا، دایکانی ئیمانداران بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بکەن لە فیتنە، بەرەو حەج چووبوون، کە هەواڵی کوشتنی عوسمان بڵاوبوویەوە، ئەوان لە مەککە دەرچووبوون، بەڵام بۆی گەڕانەوە بۆ ئەوەی بزانن خەڵکی چی دەکەن و هەڵوێستییان چ دەبێ؟ کە عەلی بەیعەتی وەرگرت، تەڵحە و زوبەیر ڕوخسەتیان لێ وەرگرت بۆ عومرە بچنە مەککە، خەڵکێکی زۆریش لەگەڵیان چوو، بەرەو مەککە بەڕێ کەوتن و لەوێ عائیشەیان بینی و لەگەڵی ڕێک کەوتن بچنە بەسرە.

زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی هیچ کام لە تەڵحە و زوبەیر و عائیشە بۆ ئەوە نەچووبوونە بەسرە شەڕ لەگەڵ عەلی بکەن و بەربەرکانێ دروست بێ، کەس نەیگێڕاوەتەوە کە کەسێکیان وای گوتبێ[2]، بەڵام زانایان لەسەر ئەوە ناکۆکن ئاخۆ ڕێک کەوتنی ئەو سێیە لەسەر چی بووە؟.

ئەوەی زیاتر دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە لەسەر داواکردنی خوێنی عوسمان ڕێک کەوتوون و

---

[1] ئیبنو حەزم دەڵێ: عەلی ﷺ لەبەر ئەوە شەڕی لەگەڵ موعاویە نەکرد کە بەیعەتی نەدەدایێ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە لە تەواوی "شام" دا فەرمانەکانی عەلی جێبەجێ نەدەکرد، کە ئەویش پێشەوا بوو واجب بوو گوێڕایەڵی بکرێ، عەلی لەو بابەتەدا پێکاویەتی، موعاویەش هیچکات فەزڵی عەلی و شایەنی بۆ جێنشین بوون ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام ئیجتیهادی کرد و گەیشتە ئەوەی کە پێویستە پێش ئەوەی بەیعەت بە پێشەوا بدرێ، تۆڵەی خوێنی عوسمان بکرێتەوە، کە خۆشی بە خاوەنی خوێنی عوسمان دەزانی، مافێ و منداڵی عوسمان و حەکەمی کوڕی عاس ئەویان کردبووە خاوەنی خوێنەکە، لەبەر تەمەنەکەی و هێزی، موعاویە تەنیا مافی خۆی داوا دەکرد لە خوێنی عوسمان، کە لەو بابەتەش لەسەر حەق بوو، دەبوایە ئەو داوای خوێنەکە بکات، بەڵام لەوە نەییێکا کە پێشی خست بەسەر بەیعەتدا، پاداشتی ئیجتیهادی هەیە لەمەدا (الفصل في الملل والأهواء والنحل، ٤/١٦٠).

[2] ئیبنو حەجەر لە (فتح الباری ١٣/٤٦) لە "موهەللەب"ەوە دەیگێڕێتەوە.

داوای بکوژانی عوسمان بکەن تا دەیانکوژن ئەمەش لە چەندین ریوایەت هاتووە، بەڵام ئیبنوعەڕەبی بەلاوازی دادەنێ و ئەو ڕایە پەسەند دەکا کە ئەوان بۆ ئەوە چوون موسوڵمانان کۆبکەنەوە و ڕێکیان بخەن، نەوەک شەڕ ڕووبدا، دەڵێ: جگە لەو هۆکارە هیچ شتێکی دیکە نەبووە و ریوایەتی سەحیح هەیە لەو بارەیەوە[1].

پاشان دەڵێ: تەڵحە و زوبەیر و عائیشەی دایکی ئیمانداران ﷺ دەرچوون بەڵکو خەڵکی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان ﷺ ڕابگرن لەبەر ڕێزی دایکیان (عائیشە) و بەرەو ئاشتەوایی بێن، بەڵگەشیان ئەم ئایەتە بوو: (لا خيرَ في كَثيرٍ مِنْ نجْواهُم إلا مَن أمَر بصدقةٍ أو مَعروفٍ او اصلاحٍ بينَ النَّاسِ[2])، پێشتر پێغەمبەریش ﷺ بۆ سوڵح کردن دەرچوو، خەڵکیشی بۆ نارد، ئەویش لەبەر بەدەست خستنی پاداشت ئەو هەلەی قۆستەوە و چوویە دەرەوە، تا کارەکە بەو جۆرە گەیشت[3].

بەڵگەی قسەکەی ئیبنولعەڕەبی ئەوەیە: "قەیسی کوڕی حازم" دەیگێڕێتەوە: عائیشە ﷺ لای چەند گۆمە ئاوێك دابەزی کە هی "بەنو عامیر" بوون، چەند سەگێکی لێ وەڕی، عائیشە پرسی: ئەو ئاوە کوێیە؟ گوتیان ئاوی "حەوئەب"ە، گوتی: کەوایە دەگەڕێمەوە، لەبەر ئەوەی گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چۆن دەبێ یەکێك لە ئێوە سەگەکانی "حەوئەب" پێی بوەڕن؟ بەڵام هەندێك لەوانەی لەگەڵی بوون، پێیان گوت نەخێر بێنیتەوە چاکترە، بەڵکو موسوڵمانان بتبینن و ئاشتەواییان بکەوێتە نێوان[4].

---

[1] العواصم، لا: ١٥١-١٥٢.

[2] ئایەتی ١١٤ لە سورەتی نیسا، واتە: زۆر لە چپە و قسە پەنامەکییەکانیان بێ خێرە و هیچی تێدا بەستە نییە، چپەیێ کە باسی ئەمر بە چاکە و پیاوەتی کردن و ناوبەینی چاککردن و ئاشتکردنەوەی خەڵك بکات، چپەی وەها جوان و ڕەوایە.

[3] العواصم، لا: ١٥٢.

[4] ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباری، ١٣/٤٥) دەڵێ: ئەحمەد و ئەبو یەعنی و بەزار ریوایەتیان کردووە، ئیبنو حیببان بە سەحیحی داناوە، حاکمیش دەڵێ مەرجی سەحیحی لێ هاتۆتە جێ، لای ئیمام ئەحمەد دەڵێ کە زوبەیر پێی گوتووە کە برۆ پێشەوە و هتد...، حافزی هەیسەمی دەڵێ: "رجال احمد رجال الصّحيح".

ئەوەی بەدوای هەواڵەکان بگەڕێ و لەگەڵ یەکێتری یەکیان بخا، بۆی ڕوون دەبێتەوە سەرەتا بۆ ئەوە دەرچوون نێوانی موسوڵمانان ڕێك بخەن و پاشان داواکردنی خوێنی عوسمان و کوشتنی بکوژانی.

ئەوەی دەگوترێ گوایە ئەوان بۆ ئەوە دەرچوون لە ژێر بەیعەتی عەلی دەربچن، ڕاست نییە و پووچە، هەروەك ئیبنولعەرەبی دەڵێ: لەبەر ئەوەی لادانی خەلیفەی موسوڵمانان دەبێ بە پرس و ڕاوێژی هەموان بێ، بەجۆرێك دەکرێ یەك دوو کەس جێنشینێك دامەزرێنن[1]، بەڵام ناکرێ لایبدەن مەگەر بە بەڵگە و ڕوونکردنەوە نەبێ.

ئەوەی دەگوترێ گوایە تەڵحە و زوبەیر و پەنجا پیاوی دیکە شایەدییان بۆ عائیشە داوە کە ئەو ئاوە ئاوی "حەوئەب" نییە، ئەمەش یەکەم شایەدی دانی بە درۆ بێت لە ئیسلام، بەڵام بەڵگەی گومان ئەو دوو هاوەڵە دوورن لەو بوهتانە گەورەیە و ریوایەتەکە بنەمای دروستی نییە، بەڵکو ئەوە شایەدییەکی درۆینەیە لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەری خوا[2] ﷺ.

چوونیان بەرەو بەسرە:

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: کاتێك بەرەو بەسرە دەچوون و جارێ نەگەیشتبوونە ناو شار، کودەتاچییەکانی بەسرە، ئەوانەی پێشتر لە کوشتنی عوسمان بەشداربیان کردبوو، خەڵکیان هان دا بۆ ئەوەی بچنە دەرەوە و بەرگریان بکەن و بزانن بۆچی هاتوون، "عوسمانی کوڕی حەنیف" ئەمیری بەسرە بوو لە لایەن عەلییەوە دانرابوو، "حەکیمی کوڕی جەبەلە"ی نارد، بزانێ بۆچی

---

[1] ئەوانەی هەڵدەستن بە دانانی جێنشین، پێیان دەگوترێ (ئەهلی حیل و عەقد) ئەوانەش ئەو کەسانەن کە "زانا و سەرۆك و پیاو ماقوڵن و ئامادەبوونیان سانایە" هەروەك نەوەوی لە (روضة الطالبین) وای شیکردۆتەوە، زانایان دەڵێن کە دەکرێ تەنیا یەك کەسیش بەیعەت بدا و بەیعەتەکەش دادەمەزرێ، بەمەرجێك ئەو کەسەی نوێنەری ئەهلی حیل و عەقد بێ، چەند کەسێکی کەمیش هەمان شت، لەوانەیە گشت مسوڵمانان باوەڕی خۆیان بدەنە دەست کەسێك یان چەند کەسێك و ئەوان لە بڕیان جێنشین دیاری بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر بەو بابەتە ئاشنا بن، بڕوانە کتێبی (النظریات السیاسیة الاسلامیة، محمد ظیاء الدین الرئیس، لا: ٢٢٥ و دواتر).

[2] العواصم، لا: ١٥١، خۆی ئەو زانیارییە لە پەراوێز نوسرابوو، بەرام لەبەر پێویستی هێنامانە سەرەوە — گ.

هاتوون و چیبان دەوێ؟ حەکیم چووە لای تەڵحە و زوبەیر و لە ناوچەی "زابوقە" پێیان گەیشت و کوژرا، ئەگەر بەرگری نەکردبان و نەچووبایە بەراییان، نەدەکوژرا، خێری چی لەو بەرگرییەی دابوو؟ خۆ ئەوان بۆ شەڕ نەهاتبوون، نەهاتبوون دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرن، بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتەوایی هاتبوون، ئەگەر بەرگری نەکردبا نەدەکوژرا، ئەوان بۆ کۆکردنەوەی موسوڵمانان هاتبوون، هەریەکێك بەرگری کردبان و ڕێی لێ گرتبان ئەو ئامانجەیان بهێننە دی، لەسەر ڕێی خۆیان لایاندەدا، کاتێك گەیشتنە بەسڕە، خەڵکی لە بەرزایی "مربد" پێیان گەیشتن، خەڵکی ئەوەندە زۆر بوون، ئەگەر بەردێکت هاوێشتبا نەدەکەوتە سەر زەوی، تەڵحە و زوبەیر و عائیشە ﷺ قسەیان بۆ خەڵکەکە کرد، ژاوەژاو زۆر بوو، تەڵحە هەر بە خەڵکی دەگوت بێ دەنگ بن و گوێ بگرن، ئەوانیش گوێیان نەدەگرت، پاشان گوتی: ئۆف، دەڵێی پەروانەی دەوری ئاگرن، وەك مێشولەی سەر شیرینی وان، ڕۆییشتن و پێیان نەکرا ئامانجی خۆیان بە خەڵکی ڕابگەیەنن، چوونە لای عەشیرەتی "بەنو نەهد"، خەڵکی بەردیان تێگرتن هەتا گەیشتنە لای چاپێك.

تەڵحە و زوبەیر لەگەڵ "عوسمانی کوڕی حەنیف" کە عەلی وەك کاربەدەستی بەسڕە داینابوو، گەیشتنە یەك، نامەیان بۆ یەکتری نارد، ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی تەڵحە و زوبەیر و ئەوانەی لەگەڵیانن بێنە ناو شار "بەسڕە" بەڵام بەیتولمال و پێشنوێژی مزگەوت و خانەی بەڕێوەبەرێتی شار هەر لەدەستی عوسماندا بمێنێتەوە، ئەوانیش بێنە ناو شار و تێکهەڵچوونێك لە نیوانیان ڕوو نەدا هەتا عەلی دێ.

ڕیوایەتێکی دیکە هەیە گوایە حەکیمی کوڕی جەبەلە لەوکات پاش سوڵح کردن بەرەنگاریان بۆتەوە و کوژراوە[1].

دەرچوونی عەلی ﷺ بەرەو بەسڕە:

عەلی ﷺ وا تێدەگەیشت ئەوان چووینە بەسڕە بۆ ئەوەیە بەو ڕازی نین، ئیبنو خەلدون

[1] العواصم، لا: ١٥٢-١٥٦.

دەڵێ: کاتێك هەواڵەکە گەیشتە عەلی، لەناو خەڵکی وتاری دا و گوتی: تەڵحە و زوبەیر و عائیشە ﵂ بەرەو ئەوە دەچن ئەو بەیعەتەی داویانە بیشکێنن، من ئارامیان لەسەر دەگرم، تا ئەوکاتەی لە ناکۆکی نێوان موسوڵمانان دەترسم، ئەگەر شەڕم لەگەڵ نەکەن منیش شەڕیان لەگەڵ ناکەم، دەچمە لایان[1] لە قسەکانی دیارە دەیەوێ سوڵحیان لەگەڵ بکا، ئیبنو کەسیریش هەمان شتی لێ ڕادەگوێزێ[2]، گەیشتنە بەسرە، "قەعقاعی کوڕی عەمڕی تەمیمی" کە هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ، هەڵسا بە ئەرکی نێوەندی نێوان هەردوو لا، تا ئەوکاتەی ڕێککەوتن و بەگوێیان کرد، ڕێککەوتن بکوژانی عوسمان بە حەقی خۆیان بگەیەنن، ئەو شەوە لەسەر ئەو ڕێککەوتنە بەڕێ کرا و شەوی وەهایان لەمێژبوو بەڕێ نەکردبوو، ئەوانەی دەستیان چووبووە خوێنی عوسمان کە "ئیبنو سەبەئیشیان" لەناو بوو، لەمێژبوو شەوی ئەوها ناخۆشیان بەڕێ نەکردبوو، ئەوەندەی نەمابوو تەواو تێ بچن، لەسەر ئەوە کۆك بوون کە پێویستە بە نهێنی شەرێك لە نێوان هەردوو گرووپەکە هەڵبگیرسێنن، واشیان کرد و لە تاریکی پێش بەرەبەیان کارەکەیان ئەنجام دا[3].

ئیبنولعەرەبی دەڵێ: هاتنە بەسرە، هەردوو لا لە یەکتری نزیك بوونەوە و ئەوەندەی نەمابوو ڕێك بکەون، بەڵام کودەتاچییەکان لەبەر ئەوەی کاری خۆیان ئاشکرا نەبێت نەیانهێڵا و ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند و خۆشیانکرد، دەستیان بە خوێنڕێژی کرد، وای لێ هات کەس دەستەڵاتی بەسەر ڕاگرتنی نەما، لەوانەیە یەك کەس سوپایەك تێك بدات چ جای هەزار کەس[4]؟.

تەقیوددین ئیبنو تەیمیە دەڵێ: زانایان دەزانن تەڵحە و زوبەیر سەرەتا نیەتی شەڕیان نەبوو، عەلیش نەیدەویست شەڕیان لەگەڵ بکا، بەڵام "جەمەل " هەڵگیرسا بێ ویستی هەردوو لا، هەردوولایان ڕێك کەوتبوون لەسەر ئەوەی ئاشتەوایی بکەن و بکوژانی عوسمان بە سزا بگەیەنرێن، فیتنەچییەکان دووبارە ئاگری فیتنەکەیان کردەوە و شەڕیان بەرپا کرد، ئەو

---

[1] ابن خلدون، بقية الجزء الثاني، لا: ١٥٣.
[2] البدايه والنهايه، ٢٣٥/٧.
[3] الطبري، ٢٠٢/٥-٢٠٣ و: البدايه و النهايه، ٢٣٨/٧-٢٤٠.
[4] العواصم، لا: ١٥٧.

بکوژانەی لە سووپای عەلی بوون چەکیان هەڵگرت و هێرشیان کردە سەر تەڵحە و زوبەیر و ئەوانیش بۆ بەرگری چەکیان هەڵگرت و وایان لە عەلی گەیاند کە تەڵحە و زوبەیر چەکیان بەرامبەریان بەرز کردۆتەوە، عەلیش چەکی هەڵگرت بۆ بەرگری، هەردووڵایان نیازی بەرگریان هەبوو نەك هێرش، ئەمە گێڕانەوەی زۆر لە مێژوونووسانە[1].

لەو شەڕە تەڵحە کوژرا، نەزانرا کێ کوشتوویەتی، گوایە مەڕوان کوشتوویەتی، ئیبنولعەڕەبی لەبارەی کوشتنی تەڵحە لەلایەن مەڕوانەوە دەڵێ: کەسی باوەڕپێکراو ئەو قسەیەی نەکردووە، کێ دەڵێ وایە؟ تەنیا خوای گەورە نەبێت کەس نازانێ[2].

ئەوانەی بۆ بەسڕە هاتبوون و پێیان دەگوترا "اصحاب الجمل" شکان، عەلی لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێشر پێی گوتبوو "لە نێوانی تۆ و عائیشە شتێك ڕوودەدا" عەلی گوتی: ئەمن ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی "بەڵێ" عەلی گوتی: ئەمن غەدری لێ دەکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "نەخێر، بەڵام ئەگەر وا ڕوویدا، بیگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێ و ئارامی خۆی[3]".

"ئەبو جەریری مازنی" دەڵێ: بینیم عەلی و زوبەیر ڕێککەوتن، عەلی پێی گوت: زوبەیر! لەبەر خاتری خوا، گوێت لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەبوو کە پێتی فەرموو: "شەڕی لەگەڵ دەکەی و تۆش ستەمکارەکەی؟" زوبەیر گوتی: بەڵێ گوێم لێ بوو، بەڵام ئێستا وەبیرم هاتەوە و لە بیرم چووبوو، پاشان زوبەیر ڕۆیشت[4].

---

[1] منهاج السنه، ٢/١٨٥ و: ٣/٢٢٥، هەروەها بڕوانە: الاحكام فی اصول الاحكام، ابن حزم، ٢/٢٠٤، و: الفصل في الملل و الأهواء والنحل، ابن حزم، ٤/١٥٨.

[2] العواصم، لا: ١٥٧-١٥٨.

[3] هەیسەمی دەڵێ: ئەحمەد و تەبەرانی ڕیوایەتییان کردووە و ڕاوییەکانی باوەڕپێکراون (بڕوانە: مجمع الزوائد، الهيثمي، ٧/٢٣٤).

[4] هەیسەمی دەڵێ: ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، لە سەنەدکەیدا "عەبدولەلیکی کوڕی موسلیم"هەیە کە ڕیوایەتی بە سەحیح دانانرێ (بڕوانە: مجمع الزوائد، الهيثمي، ٧/٢٣٤).

"موحەممەدی کوڕی قەیس" دەڵێ: باسی ڕۆژی جەمەلیان بۆ عائیشە کرد، عائیشە گوتی: چما خەڵکی باسی دەکەن؟ بریا نەچوبامە دەرەوە و وەك خەڵکی لە مااڵێ دانیشبام، پێم خۆش بوو لە پێغەمبەری خوا چەندین کوڕم هەبایە وەك "عەبدولڕەحمانی کوڕی حاریسی کوڕی هیشام" و "عەبدوللای کوڕی زوبەیر" بان[1].

ئەبولحەسەنی نەدەوی دەڵێ: ڕیوایەت لە عائیشەوە موتەواتیر بووە کە پەشیمان بۆتەوە لەو چوونەدەرەوەی، چەند جاران گوتویەتی: (بریا پێش ڕۆژی جەمەل مردبام!). هەر کاتێك باسی ئەو ڕۆژەیان بۆ کردبا، ئەوەندە دەگریا چارۆگەکانی تەڕ دەبوون[2].

شەڕی سیففین

کاتێك عەلی ﷺ لە جەمەل تەواو بوو، بەرەو کوفە ڕێی کرد، لە دوازدەی ڕەجەب چووە ناو شارەکە و جەریری کوڕی عەبدوللای بەجەلی بەرەو موعاوییە نارد، بۆ ئەوەی بێتە ژێر دەستەاڵتی، موعاوییەش هاوەاڵ گەورەو ڕاوێژکار و پیاوماقوواڵنی شامی کۆکردەوە، ڕاوێژی لەبارەی داواکەی عەلی پێ کردن، ئەوان گوتیان بەیعەتی مەدێ تا بکوژانی عوسمان دەکوژێ، یان تەسلیمی ئێمەی دەکا، جەریر گەڕایەوە و هەواڵەکەی بە عەلی گەیاندەوە.

عەلی "عوقبەی کوڕی عامیر"ی لە شار بەجێ هێشت، چووە دەرەوە و لە "نەخیلە" چادرگەی دانا، ئەوێ سەرەتای ڕێگای شامە لە عێراقەوە، چەند کەسێك پێیان گوتبوو بەخۆی لە کوفە بێنێتەوە و خەڵکێکی دیکە بنێرێت، بەاڵم بەگوێی نەکردن، هەواڵ گەیشتە موعاوییە کە عەلی بە سوپاکەیەوە بەرەو شام بەڕێ کەوتوون، ڕاوێژی بۆ کرا کە ئەویش بەخۆی بچێ، ئەویش خۆی و سوپاکەی بۆ شەڕی عەلی دەرچوو بەرەو فورات لە لای "صففین"ەوە، لە نزیکی

---

[1] مەبەستی ئەوەیە وەك ئەوان بان لەوەی کە لەگەڵ هیچ تاقمێکیان شەڕیان نەکردووە، هەیسەمی لەبارەی ئەو ڕیوایەتە دەڵێ: تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووە، لە سەنەدکەیدا "ئەبو مەعشەر نەجیع"ی تێدایە، ڕیوایەتەکانی بەجۆرێکن کە ئەگەر گێڕانەوەی دیکە لە ڕاوی دیکە هاتن و پشتگیرییان کرد ئەوە بە سەحیح دەزانرێ، ئەگەر وا نەبوو، بە سەحیح دانانرێ، بەاڵم ڕاوییەکانی دیکەی ناو سەنەدکە باوەڕپێکراون.

[2] المرتضي، لا: ١٤٥.

ڕەققەیە لەسەر لێواری فورات، شەڕ لە زیلحیججەی ساڵی ٣٦ دەستی پێکرد بە چەند کەین و بەین و زۆرانبازییەک، لە موحەڕڕەم شەڕ ڕاگیرا، پاشان دووبارە دەستی پێکردەوە.

ئەو شەڕە لە شەڕەکانی دیکە جودا دەکرێتەوە بەوەی لە کاتی پشوودان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری دەبەست و لەگەڵ یەکتری مامەڵەی باشیان دەکرد، لەو شەڕە عەمماڕ کوژرا، عەمماڕ لەگەڵ سووپای عەلی بوو، بەمەش ڕوون بووبەوە کە عەلی و سوپایەکەی لەسەر حەقن، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بە عەمماڕی گوتبوو "ئەو لایەنەی یاخییە، ئەویان دەتکوژێ[1] ".

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: ریوایەتەکان بە موتەواتیری هاتوون لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە لایەنی یاخی عەمماڕ دەکوژێ، ئەوانەی ڕووداوەکانیشیان گێڕاوەتەوە لەسەر ئەوە کۆکن عەمماڕ لەگەڵ عەلیدا و لە سیففین کوژراوە[2].

پاشان هەردوو لایەن ڕێککەوتن لەسەر ناوبژی کردن، لەلایەنی عەلی ئەبو موسای ئەشعەری و لەلایەن موعاوییە عەمری کوڕی عاس بوونە ناوبژیوان، کتێبی ناوبژییەکە لە ١٣ ی سەفەری ساڵی ٣٧ نوسرا، هەردوو ناوبژیوانەکە ڕێککەوتن ڕێککەوتنەکەیان لە ڕەمەزان لەناوچەی "دومه الجندل[3]" ڕابگەیەنن، لە شوێنێک کە ناوی "اذرح[4]" بوو.

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: ئەو کارانەی لە دادوەریی و ناوبژیی کردنەکەدا ڕوویدا، هەموویان لە بابەت ئیجتیهادن و لێی ناچنە دەرێ، چونکە هەموو ئەو هاوەڵانە مەرجی ئیجتیهادیان تێدا هاتۆتە جێ، ئەو جۆرە ئیجتیهادەی ئەوەی بیپێکێ دە خێری بۆ دەنووسرێ و ئەوەش نەپێکێ

---

[1] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب الصلاة، (باب التعاون فی بناء المسجد، ٩٧/١، ژمارەی فەرموودە: ٤٤٧ – گ)، هەروەها موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب الفتن، (باب لا تقوم الساعه حتی...، ٢٢٣٦/٤ – گ) ژمارەی فەرموودە: ٧٠-٧٣.

[2] الاصابة، ٥١٣/٢.

[3] دومة الجندل: دومە یان دەومە، بەهەردوو جۆر دەخوێندرێتەوە، قەڵا و چەند گوندێک بوو لەنێوان شام و مەدینە نزیک چیای "تەی" کە هۆزی "کەنانە"ی تێدا نیشتەجێ بوو. (غزوة مؤتة والسرایا والبعوث النبویة الشّمالیة، بریک بن محمد، لا: ١٧٧، السعودیة، الطبعة الأولی، ١٤٢٤هـ/٢٠٠٤م – گ).

[4] اذرح: ناوچەیەکە لە پارێزگای "مەعان"ی وڵاتی ئوردون –گ.

یەک خێرێ بۆ دەنووسرێ[1]. دەڵێ: ئەو ریوایەتانەی لە کتێبە مێژووییەکان هاتووە و باسی تەواوی وردەکاری بابەتەکان دەکا، لەسەریان شیعر نوسراوە و وتەی نەشاز دەرهاتووە کە لە ژیاننامەی پێشینان ناوەشێتەوە و ڕێک نییە، ئاوڕ لە یەک پیتیان مەدەوە، هەموویان پوچەڵن[2].

لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕووداوی ناوبژیوانییەکە

لەو بەشەدا دێینە سەر دوا وتەکانی ئیبنولعەڕەبی، زۆر بە تێرو تەسەلی باسی کردووە، هەروەک کاری خۆیەتی و بەردەوام لێکۆڵێنەوە دەکا و قسەکانی بەردەوام دوای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە، خوا پاداشتی خێری بداتەوە بۆ ئەو چاکانەی کە بۆ ئومەتی موحەممەد ﷺ کردوویەتی، دەڵێ:

خەڵکی زۆر باسی بابەتی ناوبژییەکەیان کردووە، قسەی وایان تێدا کردووە خوا پێی ڕازی نییە، ئەگەر بە چاوی دادپەروەری تەماشایان بکەن دەبینن زۆربەیان ئەو کەسانەی ئەو جۆرە قسانەیان کردووە، ئەوانەن کە لایەنی ئاینییان لاوازە، بەشێکی کەمیشیان نەزان و تێنەگەیشتووەکانن.

ریوایەتی سەحیح لەو لەو بارەیە کە پێشەوایانی وەک "خەلیفەی کوڕی خەییات" و "دارەقوتنی" ریوایەتیان کردووە: کاتێک سەت هەزار عێراقییەکە و حەفتا یان نۆهەت هەزار شامیی چوونە دەرەوە، نزیکی فوڕات لە "سیففین" سێشەمەکەی لە لێواری ئاوەکە یەکەم ڕۆژی شەڕ کردنیان بوو، عێراقییەکان سەرکەوتن، پاشان چوارشەمەکەی حەفتی سەفەڕ بوو دیسان دەستیان بە شەڕکردەوە، پێنجشەم و جومعە و شەوی شەممەش بەردەوام بوون، پاشان لەلایەن خەڵکی شامەوە قوڕئان بەرزکرانەوە، ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی لەهەر لایەنێک کەسێک ببێتە نوێنەر و ناوبژییان لە نێوان بکەن، لەلایەنی عەلی ئەبو موسای ئەشعەری و لەلایەنی موعاوییە

---

[1] العواصم، لا: ١٧١.

[2] العواصم، لا: ١٦٣.

عەمری کوڕی عاس هەڵبژاردران ﷺ .

ئەبو موسا کابرایەکی زانا و لەخوا ترس بوو، شەرعزان بوو، پێغەمبەر ﷺ پێشتر ڕەوانەی یەمەنی کردبوو لەگەڵ مەعاز، عومەریش ئەوی کردبووە پێشنوێژ و خۆی لەدوای ئەو نوێژی کردبوو و بە تێگەیشتوو وەسفی کردبوو، هەندێك سەرچاوە کە جێگەی باوەڕ نین وایان لێکداوەتەوە: ئەبو موسا کابرایەکی نادان و ناتێگەیشتوو بووە، عەمڕ توانیویەتی هەڵیبخەڵەتێنی و فێڵی لێ بکا!.

عەمڕی کوڕی عاسیش زیرەکییەکی بێ وێنەی هەبوو، دانا بوو، نمونەی زیرەکی و دانایی بەو دەهاتەوە، نەزانەکان چڕۆکی ئەو فێڵکردنەیان لە یەکتری وەرگرتووەتەوە، چەندین چڕۆکیان لەو بارە دارشتووە، بەڵام هاوەڵی دیکە هەبوو لەو زاناتر بوون، گوایە عەمڕ فێڵی لە ئەبو موسا کردووە و لەبەر ئەوە ناووبانگی زیرەکی دەرکردووە.

دەڵێن: کاتێك لە "اذرح" کۆبوونەوە، هەردوکیان ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی والییەکەی خۆیان لەدەستەڵات بخەن، عەمڕ بە ئەبو موسای گوت: تۆ یەکەم جار بڵێ: والییەکەی خۆمم لێخست. لەوکاتە ئەبو موسا گوتی: من وەك چۆن ئەم شمشێرە لە شانم دەهێنمە خوارەوە ئەوهاش عەلیم لە جێنشینی خست. شمشێرەکەی سەر شانی دانا، گوتی: با موسوڵمانان خۆیان بەکاری خۆیان هەڵسن.

ئینجا عەمر هەڵسایەوە، شمشێرەکەی لەسەر زەوی دانا، گوتی: من چۆن ئەو شمشێرە هەڵدەگرمەوە، بەو جۆرە موعاوییە دەکەمە جێنشینی موسوڵمانان، شمشێرەکەی هەڵگرتەوە، ئەبو موسا ئینکاری ئەو کارەی لە عەمڕ کرد، عەمڕ گوتی: ڕێککەوتنمان بەو جۆرە بوو، هەردوکیان لەیەکتری جودا بوونەوە و ناکۆکییەکەیان کۆتایی پێ نەهێنا.

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: ئەوە هەمووی درۆیە، تەنیا یەك پیت لەوەی سەرەوە ڕووی نەداوە، بیدعەچییەکان و گومڕایەکان ئەو چڕۆکەیان هەڵبەستووە و بۆ نەزانەکانیش ماوەتەوە.

ئەوەی ئیمامە باوەڕ پێکراوەکان ریوایەتیان کردووە، لەکاتی ناوبژیوانییەکە چەند کەسێکی

وەك ئیبنو عومەریش لە کۆڕەکە بوون، عەمڕیش موعاوییەی لێهێخست.

دارەقوتنی لە "حضین بن المنذر" دەگێڕێتەوە: کاتێك عەمڕ موعاوییەی لێهێخست، هاتە لای موعاوییە و خێوەتەکەی لەلای خێوەتی موعاوییە دانا، کە هەواڵی لێ خستنی گەیشتێ، موعاوییە بانگی کردم و گوتی: گوێم لێ بووە عەمری کوڕی عاس چی کردووە، بڕۆ هەواڵم بۆ بپرسە، چووم بۆ لای عەمڕ و پێم گوت لەبارەی ناوبژییەکەی نێوان تۆ و ئەبو موسا باسم بۆ بکە، بزانم چیتان کردووە؟ عەمڕ گوتی: خەڵکی زۆر قسەیان لەو بارەیەوە کردووە، سوێند بەخوا ئەوەی خەڵکی دەیڵێن ڕاست نییە، بەڵام گوتمە ئەبو موسا: چی دەڵێ و ڕات چییە و چی بکەین؟ گوتم: وا چاکە کارەکە ڕادەستی ئەو چەند کەسە بکەن کە کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد لێیان ڕازی بوو.

گوتم: ئەدی من و موعاوییە چیمان بەر دەکەوێت؟ گوتی: لەو کاتەی یارمەتیمان ویست داوای یارمەتیتان لێ دەکەین، ئێوە پێویستیتان پێ پڕ دەکرێتەوە، بەڵام چەندین جار وابووە خوا کاری خۆی جێبەجێ کردووە و پێویستی بە ئێوە نەبووە.

"حضین" دەڵێ: ئەوەبوو موعاوییە باسی دەکرد، پاشان هاتم و چیرۆکەکەم بۆ موعاوییە گێڕایەوە، واتە کە عەمڕ و ئەبو موسا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کارەکە ڕادەستی ئەو کەسانە بکەنەوە کە کاتی وەفاتی، پێغەمبەر ﷺ لێیان ڕازی بوو.

پاشان ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی (فتح الباری) هەر بەو جۆرە ریوایەتەکە لە ئیبنولعەرەبی و زانای دیکەش دەگێڕێتەوە، دان بە دروستی ریوایەتەکەش دەنێ، دواتر لەبارەی ئەوەی خۆشەویست ﷺ مەعازی کوڕی جەبەل و ئەبو موسای ئەشعەری ناردە یەمەن، دەڵێ: ئەو ریوایەتە بەڵگەی ئەوەیە ئەبو موسا زانا و زیرەك و لێهاتوو بووە، ئەگەر ئەوها نەبوایە پێغەمبەر ﷺ نەیدەکردە پێشەوا، ئەگەر ئەوی نەکردبایە پێشەوا، ئەو ئامۆژگارییانەی نەدەکرد، لەبەر ئەوە عومەر و عوسمان و عەلی هەموویان پشتیان پێ بەست، بەڵام خەواریج و ڕافیزییەکان تانەی لێ دەدەن، بە نادان و بێ ئاگا وەسفی دەکەن، لەبەر چیرۆکی ناوبژییەکەی لە سیفین ڕوویدا، ئیبنولعەرەبی و زانای دیکەش دەڵێن: ڕاستییەکە ئەوەیە هیچ شتێکی ئەوتۆی

لێ ڕوو نەداوە شایەنی ئەو تانەیە بێت، ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو: ئیجتیهادی کرد و گەیشتە ئەوەی کاری جێنشین بوونەکە ڕادەستی ئەو هاوەڵانە بکات کە بەشداری بەدریان کردبوو یان لەو سەردەمە بوون و هێشتا وەفاتیان نەکردبوو، لەبەر ئەو هەموو ناکۆکییەی لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا بینی، ڕووداوەکەش بەو جۆرە بوو کە زانراوە[1].

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: کۆی باسەکە ئەوەندە بوو، لەوە زیاتر نییە، دەی ئەگەر یەکێك قسەی زیادی کرد گوێی لێ مەگرن، بێ دەنگی بکەن، لە کوێرە ڕێیەکان دوورکەونەوە و وەرنەوە سەر ڕێگای ڕێنیشاندراوان، زمانتان بپارێزن لە پێشینان، نەکەن ببنە دژبەری هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی دوایی، خودا فەرمان و ویستی خۆی جێبەجێ کرد، ئەو شتانە فێر بن و بیگرن کە بۆ بیر و باوەڕ و کردەوەی خۆتان بە کەڵکتان دێ، زمانتان بەڕەڵا مەکەن لەو شتانەی پەیوەندییان پێتانەوە نییە، خوا چاکەی چاکەکاران بزر ناکا[2].

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین باسی ئەو دوو نابژیوانە بەو جۆرەی هەڵبەستراوە لە "لوتی کوڕی ئەبو موخنیف"ەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێشتر باسیمان کرد و وتەی زانایانی "جەرح و تەعدیل"مان لەبارەی هێنایەوە، ئەویش لە "ئەبو جەنابی کەلبی" ڕیوایەتی کردووە[3]، یەکیان لەوی دیکەیان درۆزنترە، ئەمیان جیاوازە لەگەڵ "هیشام و موحەممەدی کوڕی سائیبی باوکی هیشام" کە لە پێشەکی باسمان کردن.

پێمان باشە هەردوو هاوەڵی بەڕێز "ئەبو موسای ئەشعەری" و "عەمری کوڕی عاس" بە جیا ژیاننامەیان بنووسینەوە بۆ ئەوەی بزانین هەردوکیان شوێن باوەڕ و پشت پێ بەستنی پێغەمبەرو ﷺ جێنشینەکانیشی بوینە، هەروەها چۆن پێغەمبەر ﷺ و جێنشینەکانی کاری گرنگیان پێ سپاردوون، ئەوانیش چۆن کارەکانیان بە جوانترین شێوە ئەنجام داوە، دەشبینین چۆن خاوەنی بڕیار و ئەمانەتپارێز بوون، کە دوو سیفەتی سەرەکییە بۆ کاربەدەست، هەروەها ئەوان

---

[1] فتح الباری، ٨/٥٠.

[2] العواصم، لا: ١٧٢-١٨٠، بە کەمێك دەستکارییەوە.

[3] بڕوانە: تاریخ الطبري، ٦/٣٩-٤٠ و: البدایه والنهایه، ٧/٢٨٣-٢٨٤.

پێچەوانەی ئەو پڕو پاگەندانەن کە لە دژیان دەکرێ، گوایە ئەبو موسا "بێ هێز" بووە و عـەمرِ "خائین"!. ئای خوایە، ئەگەر ئەو کەسانەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردونیە کاربەدەست، ئەگـەر ئەوانە بەهێز و ئەمانەتپارێز نەبن، کێ ئەمانەت پارێز و بەهێزە؟.

ئەبو موسای ئەشعەری ﷺ

ناوی "عەبدوڵڵا"یە، پێش کۆچ هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ لە مەککە و بـەرەو حەبەشـە کۆچی کرد، دەگوترێ کۆچی بۆ حەبەشە نەکردووە، بەڵکو دوای موسوڵمان بوونی گەڕاوەتەوە ناو هۆزی خۆی و، پاش فەتحی خەیبەر بەرەو مەدینە هاتووە لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئـەبو تالِـب و هاوەڵەکانی، پێغەمبەر ﷺ بەشی ئەوانیشی دا لە دەستکەوتەکانی خەیبەر، جگە لەوان بەشی کەسی نەدابوو کە بەشداری نەکردبێ، پێغەمبەر ﷺ کردیـە کاربەدەست لە چـەند ناوچـەیەکی یەمـەن، وەك "عەدەن" و "زوبەید" و دەشتەکانیشیان، بەشداری شەڕەکانی شام بوو، لە کـاتی وەفاتی ئەبو عوبەیدەش هەر لە شام بوو، عومـەر پاش ئەوەی "موغیرە"ی لە بەسرە لەکار لادا، ئەوی کردە والی، ئەویش "ئەهواز" و "ئەسفەهان"ی فەتح کردن، خەڵکی بەسرەی فێری شـەرع کرد و قورئانی بۆ دەخوێندنەوە.

"موجاهیـد" لـە "شـەعبی"یـەوە دەگێڕێتـەوە کـە عومـەر وەسـیەتی کـردووە: هـیچ کاربەدەستێکم لە سااڵێك زیاتر لە شوێنەکەی نامێنێـتەوە، بەڵام با "ئەشعەری" چوار ساڵان لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، عوسمانیش بۆ ماوەیەکی کەم لە شوێنی خـۆی هێشـتییەوە، پاشـان لـە شوێنی ئەو "عەبدوڵڵای کوڕی عامیر"ی دانا، ئەبو موسا چوو لە کوفە نیشتەجێ بوو، خەڵکی ئەوێ سوودیان لە زانستی وەردەگرت تا ئـەو کاتـەی عوسمـان کردیـە والی لـەوێ، دەنگێکـی خۆشی هەبوو کاتێك قورئانی دەخوێندەوە، لە ریوایـەتی سـەحیح هـاتووە: پێغەمبـەر ﷺ لـە بارەی فەرمووە: "لقد اوتیَ مزمارا من مـزامیر الِ داود" یەکێك بوو لە قـازی و زاناکـانی نـاو هاوەڵان، بوخاری لە حەسەنی بەسرییەوە ریوایەت دەکا: هیچ سوارێك نـەهاتووە بـۆ بەسـرە لـە

ئەبو موسا باشتر بێت[1].

عەمری کوڕی عاس ﷺ:

سالّی حەفتەمی کۆچی موسوڵمان بوو کە سالّی "خەیبەر" بوو، لەگەڵ "خالیدی کوڕی وەلید" و "عوسمانی کوڕی تەڵحە" پێکەوە هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەر ﷺ لە خۆی نزیك دەکردەوە، لەبەر ئەوەی دەیزانی زانا و ئازایە، کردیە پێشەوای جەنگی "ذات السلاسل" و سوپایەکیشی بۆ پالّپشتی نارد کە ئەبوبەکر و عومەری تێدا بوو، ئەبو عوبەیدە پێشەوای ئەو سوپایە بوو، پاشان کردیە والی لەسەر "عومان" و تا ئەوکاتەی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد، ئەو والی عومان بوو.

پاشان ئەبوبەکر بە پێشەوایەتی بەرەو شامی نارد و لە کردنەوەی ئەو وڵاتە بەڕووی موسوڵمانان بەشدار بوو، سەرکردەی ئەو سوپایە بوو کە شاری "قنسرین"ـی فەتح کرد، لەگەڵ خەڵکی "حەلەب" و "ئەنتاکیە" و "مەنبەج" ئاشتەوایی کرد، بووە والی فەڵەستین، ئیبنو ئەبی خەیسەمە لە "لەیس" ەوە دەگێڕێتەوە کە: ڕۆژێك عومەر تەماشای عەمڕی کرد و گوتی: ئەو پیاوە نابێ سەرکردە نەبێ، عومەر کردیە سەرکردەی سوپایەك و نارد بۆ ڕووی موسوڵمانان، ئەو وڵاتەی بە ڕووی موسوڵمانانداکردەوە، پاشان کردیە والی لە میسڕ تا ئەوکاتەی وەفاتیشی کرد هەر والی ئەوێ بوو، کە عوسمانیش بووە جێنشین بۆ ماوەی چوار سالّان لە ویلایەتی میسڕ مایەوە، پاشان عوسمان لایدا و عەمڕ چووە فەڵەستین و لەوێ مایەوە، ئینجا موعاویە کردیەوە والی میسڕ و تا ئەو کاتەی عەمڕ وەفاتیشی کرد سالّی ٤٣ بە پێی ریوایەتی سەحیح، هەر لە میسڕ مابوویەوە.

لە "شەعبی"ەوە، ئەویش لە "قەبیسەی کوڕی جابیر"ەوە، دەڵێ: هاوەڵی عەمڕی کوڕی عاس بووم، کەسم نەدیت وەك ئەو قورئان ڕەوان و ڕەوشت جوان، نهێنی وئاشکرای وەك یەك

---

[1] بڕوانە: الاصابة، ٣٥٩/٢ و التهذيب، ٢٦٨/٢-٢٦٩.

بوو[1].

لە پێغەمبەرەوە ﷺ: ئەو – عەمرِ- لای خوای گەورە خێرێکی گەورەی بۆ هەیە[2].

هەر لە پێغەمبەرەوە ﷺ: "دوو کوڕەکەی عاس ئیماندارن، عەمڕی کوڕی عاس لە بەهەشتە[3]".

هەر لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموێ: " عەمڕی کوڕی عاس لە پیاوچاکانی قوڕەیشە، باشترینی خەڵکی مالّی "ئەبو عەبدوللا" و "ئوم عەبدوللا" و "عەبدوللا"ن[4]".

کاتێك لەسەرەمەرگدا بوو، گوتی: "خوایە، ئەو فەرمانانەی پێت کردووم جێ بەجێم نەکردوون، ئەو کارانەش تۆ نەهیت لێ کردووم کە نەیانکەم کردوومن، کەسم نییە پەنای بۆ ببەم و هێزێك نییە پشتی پێ ببەستم، بێ گوناحیش نیمە داوای لێبوردن بکەم، خۆم بە گەورە نازانم، بەڵکو داوای لێخۆشبوون دەکەم، "لا إله إلا أنت". هەر ئەوەی دەگوتەوە تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد[5].

---

[1] بڕوانە: تهذيب التهذيب، ابن حجر العسقلاني، ٥٦/٨-٥٧، بە ریوایەتێکی نزیك لەمە هاتووە-گ.

[2] ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە، {٥١٣/٣٩- گ}، هەروەها تەبەرانیش ریوایەتی کردووە {بڕوانە: المعجم الكبير للطبراني، ٥/١٨}، سەندی هەردوکیشیان ڕاوییەکانیان باوەڕ پێکراون.

[3] ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا ریوایەتی کردووە، ٣٥٤/٢،٣٥٢،٣٢٧، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد ٣٥٢/٩) دەڵێ: تەبەرانی لە المعجم الكبير و المعجم الاوسط، و ئەحمەد لە موسنەدەکەی ریوایەتییان کردووە، هەیسەمی گوتوویەتی: عەمڕ و هیشام لە "رجال الكبير"ن، هەروەها ڕاوییەکانی ناو سەندەکەی ئەحمەد گشتیان ڕاوی ریوایەتی سەحیحن، تەنیا "موحەممەدی کوڕی عەمڕ" نەبێ، کە ئەویش ریوایەتەکانی "حەسەن"ن.

[4] ترمذی لە سونەنەکەی ریوایەتی کردووە، هەروەها ئەبو یەعلا و و احمدیش ریوایەتیان کردووە، ڕاوییەکانی سەندەکەی ئەحمەد ڕاوی ریوایەتی سەحیحن، بڕوانە :{ مسند احمد، ٦/٣، ژمارەی: ١٣٨٢، هەروها: سنن الترمذي، ٦٨٨/٥، ژمارەی: ٣٨٤٥ – گ}.

[5] التهذيب، ٢-٣٠، الاصابه ٢/٣-٣، و: مجمع الزوائد، ٣٥٢/٩، لەبارەی وەفاتی، چیرۆکێکی خۆش هەیە لە سەحیحی موسلیمدا، ئیبنولقەیم دەڵێ: هەر ریوایەتێك لە داشۆرینی عەمری کوڕی عاس هاتبێ، درۆیە و هەڵبەستراوە، بڕوانە: المنار المنيف، لا: ١١٧.

ئایا عەلی و موعاویە ﷺ لەعنەتیان لە یەکتری کردووە؟.

لە ریوایەتە هەڵبەستراوەکان کە درۆزن لە درۆزنی گێڕاوەتەوە، بنەمایەکەشی لە ریوایەتنە درۆینەکەی باسی ناوبژیەکە وەرگیراوە کە لێی دواین. "ئەبو موخنیفی" درۆزن، لە مامۆستاکەی لە درۆ "ئەبو جەنابی کەلبی" دەیگێڕێتەوە: ئەوکاتەی "عەلی" هەوالّی ئەو کارەی بیست کە "عەمرٍ" کردوویەتی، واتە کاتێك فێڵی لە "ئەبو موسا" کردووە، ئەوکات لە دوعای قنووتەکانی لەعنەتی دەکرد لە "موعاویە" و "عەمری کوڕی عاس"و.... کاتێکیش هەوالّی لەعنەتی عەلی لە موعاویە و عەمرٍ گەیشتە موعاویە، ئەویش لە دوعای قنووت لەعنەتی لە "عەلی" و "حەسەن" و "حوسەین" و "ئیبنو عەببباس" و "ئەشتەری نەخەعی" دەکرد.

"ئیبنو کەسیر" دەڵێ: ئەو ڕیواتە سەحیح نییە، خواش زاناترە[1].

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێ لەو شوێنە کە دەستەواژەی "سەحیح نییە" بەکاردەبرێ واتای ریوایەتی هەڵبەستراو دەگەیەنێ، نەك لاواز، هەروەك زانای لێکۆڵەر "عبدالفتاح ئەبو غوددە" لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە هەروەك لە سەرنجەکانی لەسەر کتێبی "موضوعات" ی "مەلا علی قاری" دا هەیە.

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی ئەو ریوایەتەی ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە کە: ("موعاویە" گوتوویەتییە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس: بۆچی جوێن بە عەلی نادەی؟")، دەڵێ: زانایان دەڵێن:

ئەو ریوایەتانەی کە هاتوون و ڕووکارەکەیان وا دەگەیەنێ کە تانە لە هاوەڵان بدرێ، زانایان فەرمویانە: پێویستە لێکدانەوەیان بۆ بکرێ، هەموو ئەو ریوایەتانەی کە باوەڕپێکراوان گێڕاویانەتەوە دەکرێ لێکدانەوەی دروستی بۆ بکرێ، کاتێك موعاویە گوتوویەتییە سەعد

[1] الطبري، ٦/٤٠، و: البداية والنهاية، ٧/٢٨٤.

بۆچی لەعنەتت لێی نەکردووە؟ مانای وا نییە فەرمانی بە سەعد کردبێ کە لەعنەت لە موعاوییە بکا، بەڵکو دەڵێ: بۆ نەتکردووە؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو پێت ناخۆش بووە لەعنەت بکەی؟ یان ترساوی؟ ئەگەر لەبەر ئەوەیە پێت ناخۆشە لەعنەت بکەی ئەوە تەواوە، بەڵام ئەگەر لەبەر هۆکاری دووەمە وەڵامێکی دیکەی دەبێت، لەوانەیە ئەو کەسانەی لە چواردەوری سەعد بوونە گشتیان جوێنیان بە عەلی داوە، نەشیتوانییوە ئینکاریان بکا جوێن نەدەن، یان ئینکاری لێ کردوونە، لەبەر ئەوە موعاوییە ئەو پرسیارەی لێکردووە.

دەڵێ: ئەگەری لێکدانەوەیەکی دیکەش لەخۆ دەگرێ: کە بۆچی لایەنی ئێمەت نەدەگرت و پشتمان بگری و ئێمە بە دروست بزانی و لایەنی عەلی بە هەڵە؟[1].

تێپەڕاندن و سنوور بەزاندن لەبارەی عەلی ﷺ:

باسی سەرچاوەی ئەو تێپەڕاندنە (ئیبنو سبأ):

لە عەلییەوە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "لەبارەی تۆوە خەڵکی وەك عیسان، جولەکەکان ڕقیان لێی بوویەوە تا ئەوەی بوختانیان بە دایکی کرد و، نەسڕانییەکانیش ئەوەندەیان خۆشویست تا ئەوەی بردیانە پێگەیەکی بەرزتر لە هی خۆی" پاشان وتی: "لەبارەی منەوە دوو جۆرە کەس تێ دەکەون، خۆشەویستێك لە پلەی خۆم زیاترم دەداتێ، دوژمنێکیش بەهۆی ڕقەکەیەوە بوختانم پێ دەکا[2]".

پێشتر باسی ئەوەمان کرد زیادەڕۆیی کردن لەبارەی عەلی سەرەتا لە سەردەمی عوسمان سەری هەڵدا لەسەر دەستی "عەبدوللای کوڕی سەبەئ"ـی دووڕوو، کە شکڵی خۆی بە

---

[1] شرح مسلم للنووی، ۹/۲۸۰.

[2] عەبدوللای کوڕی ئیمامی نەحمەد لە (زوائد)، فەرموودەی ژمارە:۱۹٦، هەروها لە (السنە)، فەرموودەی ژمارە: ۱۳٦۳ و، بوخاری لە (التأریخ الکبیر، ۳۸۱/۳) و، نەسائی لە (الخصائص) فەرموودەی ژمارە ۱۰۳، لەعەلییەوە و، ئەبو یەعلا، ٤۰٦/۱، و، حاکیم ۱۲٤/۳ و، بەززار، ۳۱۲/۳، ڕیوایەتیان کردووە، {ئیمامی نەحمەدیش لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، ٤٦۸/۲، ژمارەی فەرموودە: ۱۳۷٦، لێکۆڵەرەوەی کتێبەکە (شعیب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون) دەڵێن: سەنەدکەی لاوازە - گ}.

موسوڵمان نیشان دەدا، بانگەشەی دژسۆزی دەکرد بۆ ئیسلام و موسوڵمانان، دەیگوت: هەموو پێغەمبەرێك شوێنگرەوەیەکی هەیە، شوێنگرەوەی موحەمەد ﷺ عەلییە، پێشتر باسیمان کرد.

هێدی هێدی ئەو بانگەشە پیسانەی بە زیرەکانە بڵاودەکردەوە، شوێنکەوتەکانی زیاتر ئەوانە بوون کە بێ عەقڵ یان گەنج بوون، یان ئەوانە بوون تازە دینیان وەرگرتبوو، پیاوچاك و ساویلکە بوون و عەقلیان بۆ تێگەیشتن لە دینەکەیان بەکارنەدەهێنا، توندرەو بوون، وایان دەزانی عەلی چەند بەرز بکەنەوە زەرێ نییە و چاکەیە، ئەگەر عەلییان وەك خۆی تەماشا کردبا پێیان وابوو تاوانیان کردووە، هەندێك لەو کەسانەشی لە مەبەستەکەی گەیشتبوون، کاریان بۆ بانگەوازەکەی دەکرد.

پەیژە پەیژە، گوناحی گەورە بۆ گەورەتر، تا ئەوانی خستە دۆڵی باوەڕ بوون بە خوایەتی عەلی ﷺ.

ئەو دووڕووە ئەوەندە نەزان نەبوو لە پێش خەڵك ئەو قسەیەی کردبێ، خۆشی باوەڕی بەوە نەبوو، بەڵام لە پشت ئەم کارەوە خەریکی ئامانجێکی دیکە بوو.

کاتێك عەلی بەمەی زانی، چەندین جۆر ئەشکەنجەی دان، "ئیبنو تەیمییە" لەکتێبی "منهاج السنه" لە "شەعبی"یەوە ڕیوایەت دەکا کە عەلی هەندێکیانی سوتاند، هەندێکی دیکەشی نەفی کردن، لەناویان "عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئ"یشی تێدابوو، کە بەرەو "سابات" نەفی کرد و، "ئەبوبەکری کڕووس" بەرەو "جابیە" نەفی کرد، هەندێکیشی سوتاند کە هاتنە لای و گوتیان تۆ ئەوی، گوتی من کێمە؟ گوتیان تۆ خوامانی، ئەویش فەرمانی دا ئاگر بکرێتەوە و ئەوانی خستە ناو ئاگرەکە و گوتی:

لما رأيتُ الأمرَ منكرا اجَّجْتُ ناري و دَعوتُ قَنْبَرا[1]

[1] بڕوانە، الفصل، ابن حزم، ١٨٦/٤ {دێڕە شیعرەکە واتە: کاتێك زانیم کارەکە زۆر خراپ بووە و تێپەڕیوە، ئاگرم کردەوە و بانگی "قەنبەر"م کرد ئەو بیاخاتە ناو ئاگرەوە – گ}

شەعبی دەڵێ کێشەی ئەوانە هەمان کێشەی یەهودییەکان بوو، یەهودییەکان دەیانگوت ناکرێ کەس ببێتە پێشەوا مەگەر لە نەتەوەی "داوود"ی پێغەمبەر نەبێ، ئەوانەش گوتیان کەس نابێتە پێشەوا مەگەر لە نەتەوەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب نەبێ، ئەوانە هێشتا پلەیەک لەخواریشن، لەبەر ئەوەی لە یەهودییەکانیان پرسی باشترینی ئێوە کێن؟ گوتیان هاوەڵانی موسا، هەروەها لە نەسڕانییەکانیش پرسیار کرا، ئەوان گوتیان باشترینی ئێمە حەواریییەکانی عیسان، بەڵام لەوانە پرسیار کرا: خراپترینی ئومەتەکەی ئێوە کێیە؟ گوتیان حەواریییەکانی[1] پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان پێ کرا نزا بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکەن بەڵام ئەمانە جوێنیان پێ دان[2].

لەوانەوە دەستەواژەی "وەسییەت" بۆ عەلی پەیدا بوو، کە بنەڕەتی یاسای "ڕەفز"ە، شەهرستانی دەڵێ: یەکەم کەس لەبارەی "ئیمامەت"ی عەلی قسەی کرد "عەبدوللای کوڕی سبأ" بوو، پاشان لەوەوە تووندڕەوەکان پەیدا بوون و لقیان لێ بوویەوە[3].

هەروها "ماقانی" لە کتێبی "تنقیح المقال" دا، لە زمانی "کەشی" دەگوازێتەوە کە دوو زانای گەورەی شیعەکانن، بەڵکو "کەشی" سەردەستەی زانایانیانە لە بواری "جەرح و تەعدیل" دەڵێ: زانایان دەڵێن عەبدوللای کوڕی سبأ جولەکە بووە دواتر بۆتە موسوڵمان، پاڵپشتی عەلی دەکرد، کاتێک لەسەر ئاینی جولەکە بوو، دەیگوت یۆشەعی کوڕی نون وەصیی موسایە، کە موسوڵمانیش بوو لەبارەی عەلی هەمان شتی گوت، یەکەم کەس بوو بە ئاشکرا بانگەوازی پێشەوایەتی عەلی دەکرد، خۆی بێ بەری کرد لە دوژمنەکانی، ئەوانەی ناکۆک بوون لەگەڵ عەلی ئەم بە کافری دانان، لەبەر ئەم خاڵەیە ئەو کەسانەی ناکۆکن لەگەڵ شیعە دەڵێن شیعە لە

---

[1] حەواری مەبەستی هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ - گ.

[2] منهاج السنه، ٦/١-٧، بەدەستکارییەوە، هەروەها چیرۆکی سووتانی عەلی بۆ ئەوانەی کە گوتیان عەلی خوایە، ابن حجر بە سەنەدیەکی "حەسەن" لە فتح الباری، ٢٢٧/١٢، هێناویەتییەوە.

[3] الملل والنحل، الشهرستاني، ١٧٤/١.

جولەکەوە هاتووە[1].

ئەبولعەببباس ئیبنو تەیمیە دەڵێ: بنەڕەتی مەزهەبی زێدەڕۆیی کردن لە عەلی، هەڵگەڕاوە و دووڕووەکان دایانناو، کە پێشەوای ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبو تالێب لە ژیانی خۆی سزای دان[2]، یەکەم کەس ئەو جۆرە بابەتەی وروژاند بۆ ئەوە بوو خەڵکی لە دینی خوا دوور بخاتەوە، ئەو شتانەی پێغەمبەران لە ئاسمانەوە بۆیان هاتبوو ئەم بە تانەدان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەتاڵی بکاتەوە، هاوەڵان ئاینیان بە ئێمە گەیاند، تانە دان لەوانە سەردەکێشێتە سەر تانە دان لە خودی ئاییننەکە، وای لێ دێ بەرەنگاری ئەو شتانە دەبینەوە کە پێغەمبەران هێناویانە، بەڵام ئەو تانانە بۆ زۆر کەس لەوانەی باش لە بابەتەکان نەگەیشتوون وەک گومان دروست بوو، کە ئەمەش سەرەتای سەرهەڵدانی هەر مەسەلەیەکی بێ بنەمایە[3].

ئیبنو تەیمیە دوای ئەوەی نەفەسێکی درێژی لە گوتارە بێ سەروبەرەکانی ئەو گرۆیانە خواردەوە و بە درێژی باسی نەزانییەکانیانی کرد، گوتی: بەڵام لەوانەیە ئەو قسانە زۆربەیان شیعەی دوازدە ئیمامی و زەیدییەکان نەگرێتەوە، بەڵکو توندڕەوەکانیان و خەڵکە عەوامەکانیان لەوانەیە بەو جۆرە بن[4].

دەڵێ: ئەوەی ئاییننی ڕافیزییەکانی داهێنا کەسێکی هەڵگەڕاوەی دووڕوو بوو، بە ناشکرا خۆی بە موسوڵمان نیشان دەدا بەڵام لەناخەوە کافر بوو، بۆ ئەوەی خۆی بخزێنێتە ناو موسوڵمانان و بتوانێ دەستکاری ئاینەکەیان بکا هەروەک چۆن پۆڵس وای کردو دەستکاری ئاینی مەسیحییەکانی کرد، لەنێوان موسوڵمانان هەوڵی ناشووب دروستکردنی دەدا تا عوسمان کوژرا، هەندێك لە موسوڵمانانیش گوێیان بۆ دەگرت، هەروەک خوای گەورە

---

[1] تنقيح المقال، ١٨٤/٢، و: رِجال الكشي، لا: ١٠٠، و: تعليقات محب الدين الخطيب على مختصر التحفة الاثنى عشرية، لا: ٢٩٩. .

[2] منهاج السنة، ٣/١.

[3] منهاج السنة، ٣/١.

[4] منهاج السنه، ٤/١، بەدەستکارییەوە

دەفەرموێت: ﴿لَوْ خَرَجُوا۟ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا۟ خِلَٰلَكُمْ يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ[1]﴾.

کاتێك ئومەت پەرت بوو، ئەمیش بیدعەی "ئیمامەت" و "نەس" و "عیسمەت"ی داهێنا، بە ئاشکرا بەخراپە باسی ئەبوبەکر و عومەری دەکرد، ئەو قسانەی کەوتنە سەردڵی هەندێك کەس کە نەزان و خراپەکار، بەڵام کافر نەبوون، بیدعەی شیعەگەریێتی پەیدا بوو کە دەرگای هاوەڵ پەیدا کردنە بۆ خوا، کاتێکیش دەستەڵاتیان کەوتە دەست، کەوتنە سەر ئەوەی مەزارەکان دروست بکەن و مزگەوتەکان لەکاربخەن، بە بیانووی ئەوەی ناکرێ نوێژی جەماعەت و جومعە لەدوای کەسێك بگرێ مەعسووم نەبێ، لەبارەی ئاوەدانکردنەوە و بەگەورەزانینی مەزارەکان جۆرە شتێکی ئەوهایان ریوایەت کردووە کە لە درۆیەکانی جولەکە و نەسڕانییەکانیش شتی ئەوهام نەبینیوە، تا بەو جۆرەی لێ هات زانایەکیان بەناوی "ئیبنو نوعمان" کتێبێکی لەبارەی حەج کردن بۆ لای ئەو مەزارانە دانا! چەندین درۆیان بەناوی پێغەمبەر ﷺ و ئالو بەیتی کرد، بەو درۆیانە بنەڕەتی ئاینەکەیان گۆڕی، بیدعەی هاوەڵپەیداکردنیان داهێنا لە شوێنی یەکتاپەرستی، بەمە بوونە کۆکەرەوە لەنێوان درۆ و هاوەڵپەیداکردن دا[2].

---

[1] سورەتی تەوبە، ئایەتی (٤٧) واتە: ئەگەر لەگەڵتان دەرچوونایە هیچیان زیاد نەئەکرد بۆتان سستی نەبێ و بەپەلە دەستیان ئەکردە دووزبانی و ناڕاوەنانەوە و ترساندنتان. ئێوەش هی واتان هەیە ئیرادەیان بێ هێزە و قسەیان ئەبیستن و مەسنەلەکە بە زیان بەسەرتاندا ئەشکایەوە. خودا ئاگای لە ستەمکاران هەیە.

[2] مجموع الفتاوی، ١٦١/٢٧.

بەشی پێنجەم

پێشەوای بڕوادارانحەسەنی کوڕی عەلی

بەشی پێنجەم

پێشەوای بڕوادارانحەسەنی کوڕی عەلی ﷺ

هەندێك لە باسی باشی و پەسەندی حەسەن:

١. "ئەبوبەکرە[١]" ﷺ دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، لەسەر مینبەر حەسەنیشی لەتەنیشت بوو، جارێك تەماشای حەسەنی دەکرد و جارێك تەماشای خەڵکەکە، دەیفەرموو: "ئەو کوڕەم پێشەوایە، لەوانەیە خوا بەهۆی ئەمەوە ئاشتەوایی بخاتە نێو دوو کۆمەڵی ئیماندارانەوە[٢]".

٢. "بەڕرائ" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی، حەسەنیش لەسەر ملی بوو، دەیفەرموو: "خوایە ئەمن خۆشم دەوێ، تۆش خۆشت بوێ[٣]".

٣. "ئەنەس" ﷺ دەڵێ: کەس نەبوو ئەوەندەی حەسەنی کوڕی عەلی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بچێت[٤].

٤. "ئەبو سەعید" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر خوا ﷺ فەرموویەتی: "حەسەن و حوسەین سەرداری گەنجەکانی بەهەشتن[٥]".

٥. ئەنەس ﷺ دەڵێ: لە پێغەمبەری خوایان ﷺ پرسی: لە خانەوادەی خۆت، کێت لە

---

[١] لە دەقە عەرەبییەکەبە (ئەبو بەکر) هاتبوو، بەڵام ڕاستییەکەی (ئەبوبەکرە)یە کە هاوەڵێکی دیکەیە نەك ئەبو بەکری سیددیق، هەروەك لەو سەرچاوانە هاتووە کە لە پەراوێزی داهاتوو ناماژەیان پێ کراوە — گ.

[٢] بوخاری لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب المناقب، ژمارەی فەرموودە: ٣٦٢٩، بڕوانە: (فتح الباری، ٦٣٨/٦)، هەروەها ترمذیش لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب المناقب، فەرموودەی ژمارە ٣٧٧٣، ئەبو داوودیش لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب السنە، ژمارەی فەرموودە: ٤٦٦٢.

[٣] بوخاری لەسەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب المناقب، فەرموودەی ژمارەی: ٣٧٤٩، موسلیمیش لە سەحیحەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب فضائل الصحابە، فەرموودەی ژمارە: ٥٧.

[٤] بوخاری لەسەحیحەکەیدا، کتاب فضائل الصحابە، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٥٢، ترمذیش لە سونەنەکەیدا، کتاب المناقب، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٧٦ ریوایەتیان کردووە، ترمذی لەبارەی ئەم ریوایەتە دەڵێ: حسن صحیح.

[٥] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، کتاب المناقب، فەرموودەی ژمارە: ٣٧٧٦، ترمذی لەبارەی ئەم ریوایەتە دەڵێ: "حسنٌ صحیح".

هەموویان خۆشتر دەوێ؟ فەرمووی: "حەسەن و حوسەین" بە فاتیمەی دەگوت: دوو کوڕەکەمم بۆ بانگ بکە. بۆنی دەکردن و لەباوەشی دەکردن[1].

٦. "ئیبنو مەسعوود" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد، کاتێک سەجدەی دەبرد، حەسەن و حوسەین دەچوونە سەر پشتی، کاتێک هاوەڵان دەیانویست بیانهێننەوە خوارەوە، پێغەمبەر ﷺ نەیدەهێشت، کە نوێژەکەشی تەواو دەکرد، لە لای خۆی دایدەنان و دەیفەرموو: "ئەوەی منی خۆش دەوێ، با ئەو دووانەی خۆش بوێ[2]".

بەیعەت دان بەحەسەن ﷺ:

ئیبنو کەسیر دەڵێ: کاتێک "ئیبنو موڵجیم" لە عەلی دا، پێیان گوت: ئەی پێشەوای بڕواداران، کەسێک لە شوێنی خۆت بکە جێنشین، ئەویش گوتی: نەخێر، هەروەک چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ بەجێی هێشت، منیش بەو جۆرەی بەجێ دێڵم، واتە کەس لە شوێنی خۆم دانانێم، ئەگەر خوا بیەوێت وەک چۆن لەدوای پێغەمبەر ﷺ خوا باشترینی بردە پێشەواتان[3]، بەوجۆرەش دوای من وا دەکات، کاتێک وەفاتی کرد، حەسەنی کوڕی نوێژی لەسەر کرد، لەبەر ئەوەی گەورەترین کوڕی بوو، بەو جۆرەی باسمان کرد نێژرا[4]، لە خانەی بەڕێوەبەرێتی دا لە کوفە، ئەمە ڕیوایەتێکی سەحیحە لەو بارەیەوە.

---

[1] ترمذی لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کتاب المناقب، فەرمودەی ژمارە: ٣٧٧٢.

[2] ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، هەیسەمی لەبارەی سەنەدکەی دەڵێ: رجاله ثقات، هەروەها ئیبنو خوزیمەش لە بوردیدەوە ڕیوایەتی کردووە و بە سەحیحی لەقەڵەم داوە.

[3] البدایه والنهایه، ٣٢٤/٧ و لاپەڕەکانی دواتر، لەوێ کۆمەڵێک ڕیوایەتی هێناوەتەوە لەبارەی ئەوەی کە عەلی کەسی لەشوێنی خۆی دانەناوە.

[4] ئیبنو کەسیر دەڵێ: لە خانەی بەڕێوبەرایەتی "کوفە" نێژرا، لەترسی ئەوەی خەواریجەکان بێن و لاشەکەی لەگۆڕ دەربێنن. ئەو ڕیوایەتە باوەکەیە. ئەو کەسەی دەشڵێ: تەرمەکەیان لەسەر سواڕێک داناوە و کەس نازانێ بەرەو کوێی بردووە، بەڵگەی نییە بۆ قسەکەی.

ئەو بڕوایەی زۆرێک لە ڕافیزییە نادانەکان هەیانە گوایە ئەو مەزارە گەورەیەی لە "نەجەف"ە شوێنی گۆڕیەتی، بێ بنەما و بەڵگەیە، بەڵکو گوایە ئەوێ گۆڕی "موغیرەی کوڕی شوعبە"یە، "خەتیبی بەغدادی" لە "عەبدوڵڵای حەزرەمی حافز" ئەویش لە "مەتەر"ەوە دەگێڕێتەوە: ئەگەر شیعەکان بزانن ئەو مەزارەی بە گەورەی دادەنێن گۆڕی کێیە بەردبارانی دەکەن، ئەوێ گۆڕی "موغیرەی کوڕی شوعبە"یە، بڕوانە: البدایه والنهایه، ٣٣٠/٧-٣٣١.

کاتێك لە ناشتنی تەواو بوون، یەکەم کەس کە هات بەیعەتی بە حەسەن دا قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە بوو، پێی گوت: دەستت بێنە با لەسەر کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بەیعەتت پێ بدەم، حەسەن بێ دەنگ بوو، خەڵکیش لەدوای ئەو بەیعەتیان پێ دا، هەمان ڕۆژی وەفاتی عەلی ﷺ بوو[1].

ئاشتەوایی نێوان حەسەن و موعاویە ﷺ :

لە حەسەنی بەسرییەوە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: کاتێك حەسەن بە سوپایێکی یەکجار گەورە بەرەو ڕووی موعاویە چوو، عەمری کوری عاس گوتیە موعاویە: ئەو سوپایە هەتا دوژمنەکانی نەکوژێ واز ناهێنێ، موعاویە کە لە عەمرِ باشتر بوو، گوتی: ئەگەر ئەو سوپایە یەکتری بکوژێ، کێ کاروباری موسوڵمانان بگرێتە دەست؟ کێ سەرپەرشتی بێ باوك ولاوازەکانیان بکا؟ موعاویە دوو پیاوی قورەیشی لە نەوەی عبدالشمس نارد بۆ لای حەسەن ئەوانیش "عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمورە" و "عەبدولڕەحمانی کوڕی عامیر" بوون، داوای لێکردن سوڵح بخەنە بەردەستی حەسەن، چوونە لای و داوای ئاشتەواییان لێی کرد، ئینجا حەسەن گوتی: ئێمەی نەوەکانی عەبدولموتتەلیب نەهامەتییەکی زۆرمان بەسەر هاتووە بەبۆنەی ئەو هەمو کێشانە، ئەو ئومەتەش لە خوێنی خۆی دەگەوزێ. ئەو دوو پیاوە گوتیان موعاویە ئەو داواکاریانەی لە تۆ هەیە، ئەو کارانەشت بۆ دەکا، حەسەن گوتی کێ هەیە ببێتە کەفیل موعاویە ئەو شتانە دەکا؟ دوو پیاوەکە گوتیان ئێمە، داوای هەر شتێکی دەکرد دەیانگوت ئێمە بۆت دەبینە کەفیل[2].

ڕیوایەتیش کراوە: حەسەن کاتێك زانی ئەو دوو سوپایە کەسیان بەسەر ئەوی دیکە زاڵ نابی هەتا بەشێکی زۆری سوپایەکەی بەرامبەری نەکوژێ، نامەی بۆ موعاویە نارد: تۆ ببە خەلیفە بە مەرجی ئەوەی پاشی تۆ من ببمە خەلیفە. موعاویە ڕازی بوو پەڕاوێکی سپی بۆ نارد و

---

[1] البدایه والنهایه، ١٤/٨.

[2] بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، {کتاب الصلح، باب قول النبی ﷺ للحسن بن علی ﷺ...، ١٨٦/٣، ژمارەی فەرموودە: ٢٧٠٤ - گ}.

گوتی: هەر شتێکی دەتوێ بینووسە، پێوەی پابەند دەبم[1].

ئیبنو حەجەری هەیتەمی دەڵێ: دەکرێ هەردوو ریوایەتەکە بەوە بگەیەنین بە یەکتری کە سەرەتا موعاوییە ئەو دوو پیاوەی ناردووە و پاشانیش حەسەن نامەی بۆ موعاوییە ناردووە و ئەو داواکارییانەی لێ کردووە[2].

ژەهراوی بوونی حەسەن ﷺ :

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی لە کتێبی "الاصابە" دەڵێ: بە ژەهر وەفاتی کردووە. ئیبنو سەعد دەڵێ: ئیسماعیلی کوڕی ئیبڕاهیم بۆی گێڕاینەوە کە ئیبنو عەون بۆی گێڕاوەتەوە لە بوجەیری کوڕی ئیسحاقەوە، دەڵێ: من و هاوەڵێکم چوینە لای حەسەنی کوڕی عەلی ﷺ گوتی: پارچەیەکی جەرگم لە دەمم هاتووەتە دەرێ، چەند کەرەتێك ژەهریان داومێ، چ جاران وەك ئەمجارە نەبووە، کاتێکیش حوسێنی برای پرسیاری لێ کرد: کێ ژەهری داوە پێت؟ ڕازی نەبوو وەڵام بداتەوە[3].

ئیبنو کەسیر دەڵێ: دەگێڕنەوە: "حەسەن" بە "حوسەین"ی گوتووە: چیت لەوە دەوێ کە ژەهری داومەتێ؟ دەیکوژی؟ حوسێن گوتوویەتی: بەڵێ. "حەسەن" گوتی: ئەگەر ئەو کەسە بێت کە گومانی لێ دەکەم، ئەوە تۆڵەی خودا لە کوشتنی ئێوە بە زەبر تر، ئەگەر ئەویش نەبێت، ناکرێ لەجیاتی من بێتاوانێك بکوژنەوە.

ریوایەتی دیکە هەیە گوایە موعاوییە دیاری و شتی بۆ چەند خزمەتکارێکی حەسەن ناردووە کە ژەهری بدەنێ، یان گوایە یەزیدی کوڕی موعاوییە ژەهری بۆ "جەعدەی کچی ئەشعەس"ی خێزانی حەسەن ناردووە و پێی گوتووە کە ئەو ژەهرە بدە حەسەن، کە مرد من دەتخوازم، پاش ڕووداوەکە جەعدە بەدوای یەزیدی ناردووە کە بێت و بیخوازێت، یەزید

---

[1] الصواعق، لا: ١٣٤.
[2] الصواعق، لا: ١٣٤.
[3] الاصابه/ ٣٣١/١.

گوتوویەتییە جەعدە: من پێشتر ڕازی نەبووم ببیتە خێزانی حەسەن، چۆن ئێستا ڕازی دەبم ببیتە خێزانی من؟ ئیبنو کەسیر دەڵێ لای من وایە ئەو ریوایەتە سەحیح نییە لە یەزیدەوە، لە موعاوییەشەوە ئەولاترە کە سەحیح نەبێ[1].

تەقییوددین ئیبنو تەیمییە دەڵێ: ئەو بانگەشەیە بە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نەسەلماوە، کەسێکی باوەڕپێکراو بۆی نەگێڕاوینەتەوە، ئەو جۆرە بابەتانەش ناکرێ لە خۆیەوە کەس باسی لێوە بکا. هەروەك دەشگوترێ کە خێزانەکەی ژەهری داوەتێ لەبەر ئەوەی ژنی زۆر تەڵاق دەدان و زۆر لەگەڵیان نەدەمایەوە[2].

ئیبنولعەرەبی دەڵێ: ئەگەر بڵێن موعاوییە ژەهری بۆ حەسەن ناردووە. دەڵێین: ئەو شتە مەحاڵە، لەبەر دوو هۆکار:

یەکەمیان: حەسەن هیچ مەترسییەکی لەسەر موعاوییە نەمابوو، دۆخەکە ئارام بووبوویەوە.

دووەم: ئەو کارە شتێکی پەنهانە و تەنیا خوا دەزانێت کێ ژەهری داوەتێ! چۆن دەکرێ بێ بەڵگە بەسەر کەسێکی دابێنن؟ لەکاتێکدا ئەو کەسانەی ئەو ڕووداوەیان بەو جۆرە گێڕاوەتەوە خەڵکی گومڕا و سەرلێشێواون و باوەڕ بە گێڕانەوەیان ناکرێ، لە سەردەمی فیتنەشدا هەر لایەنێك بۆ لایەنێکی دیکە قسە و باسی ناڕەوا هەڵدەبەستێ، ریوایەتی لەم جۆرە تەنیا ئەگەر بێ گومان و ڕوون و سەحیح بێ وەردەگیرێ، بەمەرجێك کەسێکی باوەڕپێکراو و دیندار بیگێڕێتەوە[3].

---

[1] البداية و النهاية، ٤٣/٨.
[2] منهاج السنة، ٢٢٥/٢.
[3] العواصم، لا:٢١٣-٢١٤.

بەشی شەشەم

پێشەوای بڕوادارانموعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان

بەشی شەشەم

پێشەوای بڕوادارانموعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان ﷺ

لە باسی پەسەندی موعاویە ﷺ :

١. "ئەبو مولەیکە" ﷺ دەڵێ: لە ئیبنو عەببا‌سیان پرسی: چی دەڵێی لە بارەی موعاوییەوە کە نوێژی "وەتر" تەنیا یەك ڕەکعەت دەکا؟ ئیبنو عەببا‌س گوتی: پێکاویەتی، بەڕاستی شەرعزانە[١].

٢. پێغەمبەر ﷺ بە موعاوییەی فەرموو: "خوایە ڕێی نیشان بدە، بێکە ڕێنیشاندەر، بەهۆی ئەوەوە ڕێگا بە خەڵکی نیشان بدە[٢]".

٣. موعاویە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "ئەی موعاوییە، ئەگەر بوویە کاربەدەست، لەخوا بترسە و دادپەروەر بە" موعاویە دەڵێ: لەو کاتییەوە هەر وا دەزانم خوا بە شتێك تاقیم دەکاتەوە، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ تا ئەو کاتەی تووشی بووم[٣].

٤. "عەبدوڵڵای کوڕی بسر" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی موعاوییە فەرموویەتی: "لەکارەکەتان بەشداری پێ بکەن" یان فەرمووی: "با ئاگاداری کارەکەتان بێ، لەبەر ئەوەی بە هێز و ئەمانەتپارێزە[٤]".

٥. "مەسلەمەی کوڕی مخلد" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بە موعاوییەی

---

[١] بوخاری ریوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا، {کتاب اصحاب النبی ﷺ باب ذکر معاویە ﷺ، ٢٨/٥، ژمارەی فەرموودە: ٣٧٦٥ – ک}

[٢] ترمذی لە سونەنەکەیدا ریوایەتی کردووە، ابواب المناقب، فەرموودەی ژمارە: ٣٨٤٢، ترمذی لەبارەی ئەو فەرموودەیە دەڵێ: هذا حدیث حسن غریب.

[٣] ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا، ١٠١/٤و، ئەبو یەعلا لە موسنەدەکەی ٧٣٨٠/١٣، ریوایەتیان کردووە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٦/٩) دەڵێ: "رجال احمد و ابی یعلی رجال الصحیح".

[٤] هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٦/٩)، دەڵێ: "راوییەکانی بە باوەڕپێکراو لە قەڵەم دراون، یەکێکیان نەبێ کە ڕای جیای لەسەرە".

فەرموویە: "خوایە فێری زانستی کیتاب و حیسابی بکە و وڵاتانی بخە ژێر دەستی". لە ریوایەتێکی دیکە هاتووە: "لە ئەشکەنجەش بیپارێزە[1]".

٦. ئیبنو عەببا‌س ﷺ دەڵێ: جیبریل هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پێی گوت: "ئەی موحەمەد، لەگەڵ موعاوییە چاك بە، لەبەر ئەوەی ئەمانەتپارێزە لەسەر کتێبی خوا، باشترین ئەمین ئەوە[2]".

٧. "عەبدوڵڵای کوڕی عەمر" ﷺ دەڵێ: "موعاوییە نوسەری پێغەمبەری خوا ﷺ بوو[3]".

٨. عەلی ﷺ دەڵێ: "کوژراوەکانی ناو سووپای من و ئەوانی ناو سووپای موعاوییە لە بەهەشتن[4]".

٩. ئیبنو عومەر ﷺ، دەڵێ: "لە پاشی پێغەمبەری خوا ﷺ کەسم نەدیت کە سەخی تر بێت لە موعاوییە[5]".

١٠. "ئەبو موسا" ﷺ دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتییە موعاوییە: "خوا و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێ[6]".

١١. "عەبدوڵڵای ئیبنو ئەبی ئەوفا" ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:

---

[1] تەبەرانی لە (المعجم الکبیر، ١٠٦٩/١٩) ریوایەتی کردووە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٦/٩) دەڵێ: ڕاوییەکانی بە باوەڕپێکراو لە قەڵەم دراون، ڕای جیاشیان لەسەرە.

[2] تەبەرانی بە سەنەدێکی لاواز ریوایەتی کردووە، هەیسەمی دەڵێ: تەبەرانی لە (المعجم الأوسط) ریوایەتی کردووە، لە سەنەدەکەیدا "موحەمەدی کوڕی فتر"ی تێدایە، نازانم کێیە، هەروەها "عەلی کوڕی سەعیدی دازی"یش کەمێك لاوازی لە ریوایەتەکانی هەیە، ڕاوییەکانی دیکەی ناو سەنەدەکە باوەڕپێکراون.

[3] هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٧/٩) دەڵێ: تەبەرانی بە سەنەدیەکی "حسن" ریوایەتی کردووە.

[4] تەبەرانی بە سەنەدێکی "حسن" ریوایەتی کردووە لە (المعجم الکبیر، ٦٨٩/١٩)، هەیسەمی دەڵێ: "ڕاوییەکانی بە باوەڕپێکراو لە قەڵەم دراون، یەکێکیان ڕا جیایی لەسەرە".

[5] هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٧/٩) دەڵێ: تەبەرانی ریوایەتی کردووە و لە (المعجم الکبیر و، المعجم الأوسط) دا، ڕاوییەکانی ناو سەنەدکە ڕا جیاییان لەسەرە.

[6] تەبەرانی بە سەنەدێکی "لاواز" ریوایەتی کردووە، هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ٣٥٧/٩) دەڵێ: ڕاوی وای تێدایە کە ناینناسم.

"داوام لە خودا کردووە زاوایەتی کەس نەکەم، وە کچ نەدەم بە کەس مەگەر لەگەڵم بێ لە بەهەشت[1]". لە ریوایەتێکی دیکە هاتووە: "زاوایەتی هیچ خانەوادەیەك نەکەم".

١٢. "ئەعمەش" دەڵێ: ئەگەر موعاوییەتان دیبایە دەتانگوت: ئەوە مەهدییە[2].

١٣. "ئەبو فتیل"دەڵێ: موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان ڕۆژێك چوویە سەر مینبەر و لە وتارەکەیدا گوتی: پارە و دەستکەوت هی خۆمانە، ئەوەی بمانەوێت بەشی دەدەین و ئەوەی نەمانەوێت نا، کەس ڕەخنەی لە قسەکانی نەگرت.

جومعەی دواتریش هەمان وتەی گوتەوە و کەس وەڵامی نەدایەوە، کاتێك سێیەم جومعە هات موعاوییە هەمان قسەی لەسەر مینبەر سێ بارە کردەوە، کابرایەك لێی هەستایەوە، گوتی: نەخێر! پارە و دەستکەوتەکان هی ئێمەیەو ئەوەی ڕێگریمان لێ بکات و نەماندانێ ئەوە بە شمشێرەکانمان بەرەنگاری دەبینەوە. ئینجا موعاوییە کابرای بانگ کردە ژوورەوە و خەڵکی وایانزانی پیاوەکە بە هیلاك چوو، کە چوونە ژوورەوە بینییان موعاوییە کابرای لە تەنیشتی خۆی لەسەر کورسی دانـاوە، گوتیە خەڵکەکە: ئەو پیاوە منی زیندوو کردەوە، خوا زیندووی کاتەوە، گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: "چەند کاریەدەستێك پەیدا دەبن، قسان دەکەن و کەس وەڵامیان ناداتەوە، وەك مەیمونەکان چۆن هێرش دەکەن، ئەوانیش بەو جۆرە بەرەو ئـاگر هێرش دەکـەن". یەکـەم جومعـە قسـەم کـرد و کـەس وەڵـامی نەدامەوە، ترسام لەو جۆرە پێشەوایانە بم، لە هەینی دووەمیش قسەم کـرد و کـەس وەڵامی نەدامەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم من لەو پێشەوایانەم! لە جومعەی سێیەم کـە

---

[1] هەیسەمی لە (مجمع الزوائد، ١٧/١٥) دەڵێ: تەبەرانی ریوایەتی کردووە و ڕاوییەکی تێدایە کە ڕای جیاوازی لەسەرە.

[2] تەبەرانی ریوایەتی کردووە، مورسەلە، سەنەدکەشی لاوازە، بڕوانە: (مجمع الزوائد، ٣٥٧/٩).

ئەو پیاوە وەرامی دامەوە، زیندووی کردمەوە، خوا زیندووی کاتەوە[1].

١٤. "عەلی کوڕی ئەبو جملە" دەڵێ: باوکم گوتی: موعاوییەم بینی لەسەر میتبەر لە دیمەشق وتاری دەدا و بەرگێکی پینەکراوی لەبەر بوو[2].

١٥. "ئیبنو عەببباس" ﷺ دەڵێ: کەسم نەبینیوە لە موعاوییە زیاتر لە پاشایەتی بوەشێتەوە[3].

١٦. "سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس" ﷺ دەڵێ: لە پاش عوسمان کەسم نەدیتووە دادپەروەر بێ و حوکمی بە حەق بکا وەك خاوەنی ئەو دەرگایە، کە مەبەستی موعاوییە بوو[4].

١٧. "عەبدوللای کوڕی عەمری کوڕی عاس" ﷺ دەڵێ: کەسم نەدیتووە لە موعاوییە سەخی تر بێ، "جەبەلەی کوڕی سەحیم" گوتی: لە عومەریش سەخی تر بوو؟ عەبدوللا گوتی: عومەر لەو چاکتر بوو، بەڵام موعاوییە دەستکراوەتر بوو[5].

تەقییوددین ئیبنو تەیمیە دەڵێ: لە پاشاکانی ئیسلام کەسیان لە موعاوییە باشتر نەبوون، خەڵکیش لەسەردەمی هیچ پاشایەك ئەوەندە لە خۆشگوزەرانیدا نەبوون وەك ئەوەی لەسەردەمی موعاوییە لە خۆشی دا بوون، ئەو بەراوردە ئەگەر بۆ کەسانی دوای خۆیان بکەین، ئەگەر نا سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر سەردەمانی باشتر بوون.

---

[1] تەبەرانی لە (المعجم الکبیر و، المعجم الاوسط) ریوایەتی کردووە، ئەبو یەعلاش ریوایەتی کردووە و ڕاوییەکانی باوەڕپێکراون (ئەو ریوایەتانە، جگە لە ژمارە یەك و دوو، لە کتێبی "مجمع الزوائد"ی هەیسەمی هێنراونەتەوە، لە تەخریجیشیان پشت بەو کتێبە بەستراوە.

[2] ئیمامی ئەحمەد لە "کتاب الزهد" ریوایەتی کردووە.

[3] بوخاری لە (التأریخ الکبیر، ٣٢٧/١/٤) و، عبدالرزاق لە (المسند، ٤٥٣/١١ فەرمودەی ژمارە: ٣٠٩٨٥) ریوایەتیان کردووە.

[4] "لەیسی کوڕی سەعد" ریوایەتی کردووە بە سەنەدیەکی "وثیق" هەروەك ئیبنو کەسیر وا دەڵێ.

[5] ابن عبدالبر لە "الاستیعاب، ١٤١٨/٣، و: ئیبنو کەسیر لە البدایە والنهایە١٣٥/٨، ریوایەتیان کردووە.

"ئەبوبەکری کوڕی ئەسڕەم" و " ابن بطة"ش لەوەوە گێڕاوییەتییانەوە: "موحەممەدی کوڕی عومەری کوڕی جەبەلە" بۆی گێڕاینەوە، کە موحەممەدی کوڕی مەڕوان لە یونسەوە، لە قەتادەوە، دەڵێ: ئەگەر ڕۆژێکی وەک ڕۆژی موعاوییەتان دیتبایە، زۆرینەتان دەتانوت ئەمە مەهدییە.

هەروها "ابن بطة" ریوایەت دەکا بە سەنەدێکی باوەڕپێکراو بە دوو ڕێگا لە "ئەعمەشەوە" ئەویش لە "موجاهید"ەوە، دەڵێ: ئەگەر موعاوییەتان دیتبا، دەتانگوت ئەوە مەهدییە، هەروەها ئەسڕەم ریوایەتی کردووە: ئەحمەدی کوڕی جەوواس بۆی گێڕاینەوە، "ئەبو هورەیڕەی مکتب" بۆی گێڕاینەوە، گوتی: لای "ئەعمەش" بوین، باسی دادپەروەری عومەری کوڕی عەبدولعەزیزمان دەکرد، ئەعمەش گوتی: ئەدی ئەگەر موعاوییەتان دیتبا چیتان دەگوت؟ گوتیان لەبەر زیرەکییەکەی؟ گوتی ناوەڵڵا لەبەر دادپەروەرییەکەی[1].

هەروها دەڵێ: ڕۆژگاری موعاوییە لەگەڵ ژێردەستەکانی زۆر باش بوون، لە باشترین والییەکان بوو، خەڵکی خۆشیان دەویست.

لە بوخاری و موسلیم هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "باشترین پێشەوایەکانتان ئەوانەن کە خۆشتان دەوێن و خۆشیان دەوێن، دوعایان بۆ دەکەن و دوعاتان بۆ دەکەن، خراپترین پێشەوایەکانیشتان ئەوانەن ڕقتان لێیان دەبێتەوە و ڕقیان لێتان دەبێتەوە، لەعنەتیان لێ دەکەن و لەعنەتتان لێ دەکەن[2]".

ئیبنو حەجەری هەیتەمی و قازی عیازیش ئەم چیرۆکە دەگێڕێنەوە: پیاوێک گوتییە

---

[1] منهاج السنه، ۱۸۵/۳، و: البدایه و النهایه، ۱۳۵/۸.

[2] بڕوانە: منهاج السنه، ۱۸۹/۳، فەرموودەکە: بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکانیان ریوایەتیان کردووە، {بڕوانە: سەحیحی موسلیم، کتاب الإماره، باب خیار الأئمة و شرارهم، ۱۴۸۱/۲، ژمارەی فەرموودە: ۱۸۵۵ - گ}.

"موعافی کوڕی عومەر": عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان، کامەیان باشترن؟ زۆر تووڕە بوو. گوتی: کەس پێوانە ناکرێ بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ موعاوییە هاوەڵی بوو، خەزوری بوو، نووسەری بوو، ئەمینداری بوو لەسەر وەحی کە لەلایەن خواوە بۆی دادەبەزی.

هەروەها لە عەبدوللای کوڕی موبارەکیشەوە چیرۆکێکی لەو بابەتە گێڕراوەتەوە، کە زاهید و لەخواترس و شەرعزان بوو، کەس گومانی لێی نییە، لێیان پرسی: کامەیان باشترە؟ موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان یان عومەری کوڕی عەبدولعەزیز؟ گوتی: سوێند بەخوا، ئەو تۆزەی چۆتە ناو لووتی ئەسپی موعاوییە لەو کاتەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، بە هەزار جاران لە عومەر باشترە[1].

ئیبنو کەسیر لە ئیبنو ئەبی دونیا دەگێڕێتەوە: "موحەممەدی کوڕی قودامەی جەوهەری" بۆی گێڕاومەتەوە کە عەبدولعەزیزی کوڕی یەحیا بۆی گێڕاوەتەوە، لە مامۆستایەکی خۆیەوە، مامۆستایەکەی گوتویەتی: کاتێك "عومەری کوڕی خەتتاب" بەرەو شام هات، موعاوییە کاروانێکی زۆر گەورەی ساز کرد بۆ پێشوازی، عومەر پێی گوت: ئەو کاروانە تۆ سازت کردووە؟ گوتی بەڵێ ئەی پێشەوای بڕواداران، گوتی: باشە تۆ ئەو کاروانەت هەیە و حاڵت بەو جۆرەیە لەگەڵ ژێر دەستەکانت؟ من گوێم لێ بووە خەڵکی زۆر لەبەر دەرگات چاوەڕێ دەکەن تا ڕێگەیان بدەی بێنە ژوورەوە و پێویستییەکانیانت پێ بڵێن، موعاوییە گوتی: چۆنی پێت گەیشتووە بەو جۆرەیە، عومەر گوتی: بۆچی وا دەکەی؟ نیازم وا بوو فەرمانت پێ بکەم لەسەر پێیەکانت و بە پێخواسی بەرەو حیجاز بتهێنم، موعاوییە گوتی: ئەی پێشەوای بڕواداران، ئێمە لە خاکێکین سیخوڕی دووژمنی لێ زۆرە، پێویستە لە شێوەی پاشای وا دەربکەوین کە عیززەتی هەبێ و لێمان بترسن، فەرمانی چیم پێ بکەی دەیکەم، عومەر گوتی: ئەی

[1] تطهير الجنان، لا: ١٠، و: البدايه والنهايه، ١٣٩/٨.

موعاوییە، لەبارەی هەر شتێکەوە پرسیارت لێ بکەم بێ دەنگم دەکەی و لێم دەبەیەوە، ئەگەر ئەوەی دەیڵێی ڕاست بێ ئەوە ڕایەکی پەسەندت هەڵبژاردووە، ئەگەر ڕاستیش نەبێ ئەوە فێڵێکی چاکت لێ کردووم، موعاوییە گوتی: باشە پێشەوای بڕواداران، چۆنت پێ خۆشە فەرمانم پێ بکە، عومەر گوتی: نە فەرمانت پێ دەکەم و نە پێشت دەڵێم واز بێنە، پیاوێك گوتی: ئەی پێشەوای بڕواداران، بەڕاستی وەڵامێکی جوانی دایتەوە! عومەر گوتی: لەبەر ئەو شتانەیە کردووومانە کاریەدەست [1].

هەروها ئیبنو کەسیر دەڵێ: موعاوییە هەر کاریەدەستی شام بوو لەسەردەمی خەلافەتی عومەر و عوسمان، سالّی بیست و حەوت دوورگەی قوبڕوسی فەتح کرد، موسوڵمانان نزیکەی شەست سالّان لەوێ مانەوە، لەماوەی جێنشینی ئەو و پاش ئەویش، جیهاد و فەتح بەردەوام بوون لە وڵاتانی ڕۆم و وڵاتی دیکەش، کاتێك ئەو ڕووداوانەی نێوانی لەگەڵ پێشەوای بڕواداران عەلی ڕوویدا، فەتحکردن ڕاوەستا هە لەلایەن ئەم هەم لەلایەنی عەلی، پاشای ڕۆمەکان مەبەستی بوو موعاوییە بهێنێتە ژێر چنگی خۆی، دوای ئەوەی موعاوییە زۆری ترساندبوو و لە شەڕەکانیش لێی بردبوویەوە، کاتێك پاشای ڕۆم زانی موعاوییە خەریکی جەنگە لەگەڵ عەلی، سووپایێکی گەورەی ئامادە کرد و بەرەو ئەو خاکانە هەنگاوی نا کە لەژێر دەستەڵاتی موعاوییەدا بوون، موعاوییە نامەی بۆ نووسی: سوێند بەخوا، ئەگەر پاشەکشە نەکەی و پەشیمان نەبیتەوە، ئەوە خۆم و ئامۆزاکەم سوڵح دەکەین و لەناو هەموو ئەوخاکانە وەدەرت دەنێین کە لەژێر چنگی تۆ دایە، زەویت لێ بچووك دەکەینەوە، بەمە پاشای ڕۆم ترسا و کشایەوە، داوای ئاشتەوایی کرد، کاتێکیش کارەکە تەواو کەوتە دەستی خۆی، جیهاد هەر بەردەوام بوو، دەستکەوت و مالّ و دارایی بەردەوام بەرەو خەزێنەی دەوڵەتی

[1] البدایه و النهایه، ۱۳۱/۸.

ئیسلامی دەهات، موسوڵمانان لە سەردەمی ئەو لە خۆشگوزەرانی دابوون[1].

دەشڵێ: لە "سوەیدی کوڕی سەعید" ئەویش لە "هەمامی کوڕی ئیسماعیل". ئەویش لە "ئەبو قوبەیل"ەوە دەگێڕنەوە، گوتویەتی: موعاوییە کەسێکی تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی لە کۆڕەکاندا بگەڕێ، ئایا کەس لەدایك بووە؟ هیچ کەس سەردانی شاری کردووە؟ بۆ ئەوەی پشکی بدات لە ڕزق و ڕۆزی.

دەڵێن: موعاوییە خۆ بە گەورەزان نەبوو، کەسی نەبوو دارکاری خەڵکی پێ بکا، مەگەر تەنیا وەك یاری منداڵان خەڵکی دارکاری کردبا[2].

دەڵێ: لای عەبدولەلیکی کوڕی مەڕوان باسی موعاوییە کرا، ئەویش گوتی: کەسم نەبینیوە وەك ئەو لێهاتوو و زانا و ئارام و لەسەرخۆ.

قەبیسەی کوڕی جابیر دەڵێ: کەسم نەدیوە وەك ئەم ئارام و لەسەرخۆ و کارزان و شارەزا و هەڵکەوتوو.

کەسێکی دیکە دەڵێ: پیاوێك قسەی خراپی بە موعاوییە گوت، پێیان گوت بۆچی بەرپەرچی نادەیتەوە؟ گوتی: شەرم لەخوا دەکەم کە ئارامییەکەم بەهۆی تاوانی کەسێك کەم بێتەوە، لە ریوایەتێکی دیکە هاتووە کە پێیان گوتووە: چەند ئارامگری! ئەویش گوتویەتی: ئەمن شەرم لەخوا دەکەم ئارامگرتنەکەم ئەوەندەی تاوانی یەکێك گەورە نەبێ[3].

دەڵێ: "ڕەبیعی کوڕی نافیعی حەلەبی" گوتویەتی: موعاوییە وەك پەردەیەکە بۆ

---

[1] البدایه و النهایه، ۱۱۹/۸.
[2] البدایة و النهایة، ۱۳٤/۸.
[3] البدایة و النهایة، ۱۳۵/۸.

هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئەو پەردەیە درا، ئەوە هێشتا زیاتریش دەڕۆن.

مەیمونی دەڵێ: "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" پێی گوتم: ئەبو حەسەن، ئەگەر کەسێکی دیت بە خراپە باسی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەکا، گومانت لە موسوڵمان بوونی هەبێ.

"فوزەیلی کوڕی زیاد" دەڵێ: گوێم لێ بوو پرسیار لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەکرا لەبارەی کەسێك بە خراپە باسی موعاوییە و عەمری کوڕی عاس بکا، ئایا بە "ڕافیزی" لەقەڵەم دەدرێ؟ گوتی: هەر کەس بە خراپە باسی ئەوانە بکا، دەبێ نیازێکی خراپی هەبێ، هەر کەس باسی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکا ئەوە ناخێکی پیسی هەیە.

"عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك" دەڵێ: لە موحەممەدی کوڕی موسلیمی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی مەیسەرەوە، گوتویەتی: نەمبینیوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە هیچ کەس بدا، تەنیا ئەو کەسە نەبێ کە جارێك جوێنی بە موعاوییە دابوو، چەند قامچییێکی لێ دا[1].

نەوەوی دەڵێ: موعاوییە یەکێك بوو لە نووسەرەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئارام و لەسەرەخۆ بوو، پاشی برایەکەی "یەزید" عومەر کردییە کاربەدەست لە شام، عوسمانیش لە شوێنی خۆی هێشتەوە و لاینەدا، بیست ساڵان والی بوو، بیست ساڵیش خەلیفە، کە مردنی نزیك بوویەوە، وەسیەتی کرد لە کراسێکدا کفن بکرێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەری کردبوو، بەجۆرێك ئەو کراسە بکەوێتە سەر لاشەی، نینۆکبڕێکی پێغەمبەری خوای ﷺ لا بوو، گوتی کە ئەم نینۆکبڕە ورد ورد بکەن و بیخەنە ناو چاو و دەمم، ئەوها بکەن و لێمانگەڕێن لەگەڵ بەبەزەییترینی بەبەزەییەکان[2].

---

[1] البداية و النهاية، ۱۳۹/۸.

[2] تهذيب الأسماء و اللغات، ۱۳۹/۲.

موعاویە لە خەلیفە ڕاشیدییەکانە[1]:

ئەوەی لە ژیاننامەی موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیانی کۆڵێبێتەوە و لێی ڕوانیبێت، بۆی دەردەکەوێ لە خەلیفە ڕاشیدییەکانە، "ڕاشید" بەمانای ئەوە دێ کە مافی ژێردەستەکانت جێ بەجێ بکەیت، حوکمەکانی شەریعەتیان لەناو بەرپا بکەی، لەبەشی پێشتریش لەو بارەیەوە شاهێدی چەندین کەسمان ڕاگوێزا.

لە چەندین تابیعیی گەورەمان گواستنەوە، ئەوانەی کە لەسەردەمی حوکمی موعاوییەدا ژیابوون گوتوییان ئەگەر ئەوتان دیتبا دەتانگوت ئەوە مەهدییە.

"موحەممەدی کوڕی سەعد" لە "زوهریی"ەوە دەگێڕێتەوە، گوتویەتی: موعاوییە دوو ساڵان وەك عومەر جێنشینییەتی کرد، پاشان لێی دوور کەوتەوە[2]، هۆکاری ئەو دوور کەوتنەوەیەش موعاوییە خۆی بۆ یەزیدی کوڕی باس کردووە و ئیبنو ئەبی دونیا ڕیوایەتی کردووە کە موعاوییە بە یەزیدی کوڕی گوتووە: کوڕم ئەگەر ببیە جێنشین چۆن ڕەفتار دەکەی؟ یەزید گوتی: وەك عومەری کوڕی خەتتاب.

موعاوییە گوتی: سبحان اللە، ئەمن هەوڵمدا وەك عوسمانی کوڕی عەففان بکەم و نەمتوانی، تۆ چۆن دەتوانی وەك عومەری کوڕی خەتتاب بی[3]؟.

لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوا وەك ئەوەی دەیەوێت ناتوانێ وابێ، لەو شوێنەی دەیەوێ بەجۆرێك ڕەفتار بکا، ناتوانێ، ژینگە کاریگەری خۆی هەیە لەسەری، عەلیش ﷺ

---

[1] خەلیفە ڕاشیدییەکان مەبەستی ئەوەیە کە خەلیفەیەکی چاك بووە و بە دادپەروەری حوکمی کردووە، نەك ئەوەی کە لە نێوانی چوار خەلیفەکە (ئەبو بەکر و عومەر و عوسمان و عەلی) حسێب بکرێ - گ.

[2] البداية و النهاية، ١٢٤/٨-١٢٥.

[3] البداية و النهاية، ٢٢٩/٨.

ئاماژەی بەم ڕاستییە کردووە، کاتێک کەسێک پرسیاری لێ کرد: بۆچی خەڵک لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان ناکۆک نەبوون وەک سەردەمی تۆ؟ گوتی: ئەوان پیاوانی وەک منیان لە ژێر دەست بوو و منیش پیاوانی وەک تۆم لە ژێر دەستە، کە یەکێکە لە ماناکانی ئایەتی "ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم[1]".

تەقیوددین ئیبنو تەیمیە دەڵێ: موعاویە یەکەمین پاشا بوو، پاشایەتی و بەزەیی تێدابوو، هەروەک لە فەرموودەدا هاتووە: دوای پێغەمبەرێتی جێنشینی دێ، پاشان پاشایەتی و بەزەیی دەبێت، پاشان پاشایەتی و زۆرداری، ئینجا دەبێتە پاشایەتی و ستەمکاری[2].

"ئیبنو خەلدون" دەڵێ: ڕاستییەکە ئەوەیە: موعاویەش لە جێنشینەکانە و پێویستە باسی ئەویش لەدوای جێنشینەکانی پێشی خۆی بێ، لە دوای ئەوانە لە پەسەندی و دادپەروەری و هاوەڵایەتی، سەیری ئەو فەرموودەیە مەکەن کە دەڵێ: "الخلافة بعدي ثلاثون سنة" لەبەر ئەوەی سەحیح نییە[3]، مێژوونووسان ئەویان پاش خستووە لەبەر دوو

---

[1] سورەتی ڕەعد، ئایەتی ١١، واتە: بێگومان خودا حاڵی خۆشی و نیعمەتی هیچ قەومێ ناگۆڕێ تا ئەوان حاڵی خۆیان نەگۆڕن.

[2] بڕوانە: حقوق ال البیت، ابن تیمیە، لا: ٣٤، فەرموودەکەش: ئەبو داوود و ترمذی و ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە.

[3] لە "فتح الباری" دەڵێ: فەرموودەی "سەفینە": "الخلافه بعدی ثلاثون سنه ثم تکون ملکا" {واتە: جێنشین بوون لەدوای من سی ساڵە، پاشان دەبێتە پاشایەتی}، خاوەنی کتێبەکانی "سنن" ڕیوایەتییان کردووە، ئیبنو حیببان و جگە لەویش بە سەحیحیان داناوە، ئەو سی ساڵە تەنیا چوار جێنشینەکە و بەشێک لە ماوەی حوکمی حەسەنی کوڕی عەلی وەبەر دەکەوێ، دەڵێ: قازی عیاز دەڵێ: ئەو ڕیوایەتە لە ڕوالەتدا پێچەوانەیە لەگەڵ فەرموودەی "جابیری کوڕی سەمورە" کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "لا یزال هذا الدین قائما حتی یکون علیکم اثنا عشر خلیفة کلهم تجتمع علیه الأمة" {واتە: ئەو ئاینە هەر ڕاگیراو دەبێت تا ئەوکاتەی دوازدە جێنشین دەبنە کاریدەدەست، ئوممەت لەسەریان کۆدەنگ دەبێت}، ئەبوو داوود بەو جۆرە ڕیوایەتی کردووە، پاشان قازی عیاز دەڵێ: لە فەرموودەی "سەفینە" مەبەستی جێنشینی پێغەمبەرایەتی بووە، بەڵام لە

هۆکار:

یەکەم: جێنشینی لەسەردەمی ئەو مۆرکێکی دەمارگیری پێوە بوو[1]، پێچەوانەی ئەوەی سەردەمی جێنشینەکانی دیکە، کە بێگەرد بوو و خەڵکی کۆك بوون لەسەریان، جیاوازی نێوان هەردوو حاڵەتەکە ئەوەیە موعاویە یەکەم جێنشین بوو کە بە هێز و سەرکەوتن بووە جێنشین، کە خاوەنی ڕایە شازەکان بە "پاشا" ناویان دەبەن، موعاویە بە دەستەڵاتدارانی پاشی خۆی دەچوێنن، ئەو خەلیفەیەکی ڕاشیدە، هەموو ئەو جێنشینانەی لەدوای هاتوون لە مەڕوانییەکان و عەببابسییەکان لە پاش ئەو دان لە پایە و دینداری دا، ناشگوترێ پاشایەتی پلەی لە جێنشینی کەمترە، چۆن دەبێ جێنشین بێ و پاشاش بێ؟.

بزانە کە ئەو پاشایەتییەی ناکۆکە بەڵکو دژە لەگەڵ جێنشینی ئەوەیە کە زۆرداری لەگەڵە[2]، کە بە "کیسرایی" ناوزەد دەکرێ، ئەو شێوەیەی کاتێك عومەر لە

فەرموودەی جابیر ئەو کۆتەی بۆ دانەناوە، قسەکانی ئیبنو حەجەر تەواو بەکەمێك دەستکارییەوە، بڕوانە: فتح الباری ۱۳۵/۸.

مەبەست لە فەرموودەی "سەفینە" جێنشینی پێغەمبەرایەتییە کە هیچ گەردێکی پاشایەتی تێکەڵ نەبووە، بەڵام ماوەی جێنشینی موعاویە گەردێکی پاشایەتی هاوکاتی بەزەیی تێدابوو، موعاویە گوتویەتی: من دواین جێنشین و یەکەمین پاشام، البدایە و النهایە، ۱۳۵/۸.

[1] ئیبنو خەلدون لە پێشەکییەکەیدا زۆر لە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی بە هۆکاری دەمارگرییەوە دەبەستێتەوە، دەڵێت: ئەو ڕووداوانە ئەنجامی ئەون، دەمارگیری لای ئەو ئەو پەیوەندییانەیە کە وادەکات لەنێوان هەر هۆز یان خێزانێك یەکگیری و سەرخستن هەبێت، ئەو خێزان یان هۆزەی بەهێزە دەبێتە خاوەنی دەستەڵات، ئەو دەمارگرییە دەبێتە هۆی پاشایەتی، ئەوە یاسایەکی حەتمی کۆمەڵگایە، دەبێ دەمارگیری لەدوای پاشایەتی بێ.

[2] ئیبنو خەلدوون جیاوازی دەکات لەنێوان دوو جۆر پاشایەتی، پاشایەتییك ڕووگەکەی دروستە، پاشایەتییك پێچەوانەیەتی، وا لێکدەداتەوە: یەکەمیان لەگەڵ شەرع دژ نییە، لەبەر ئەوەی پاشایەتییەکە بۆ چاکسازی و دادپەروەری کار دەکات، دووەمەکە سەرکۆنە کراوە، لەبەر ئەوەی بەرەو ناڕەواییە، بۆ ستەم و نادادی کار دەکات، ئیبنو خەلدوون وای دەبینێ جێنشین بوون بۆ پاشایەتی گۆڕا، ئەو پاشایەتییەی لە جۆری یەکەمە، ئەو گۆڕانە دەبوایە بەهۆکاری دەمارگیری ڕووبدایە، بنەڕەتەکانی شەریعەتی ئیسلام و کارکردن پێی وەك خۆی مابوونەوە، گۆڕانکارییەکە لە ڕێگرە

موعاوییەی بینی و ئینکاری کرد، ئەو پاشایەتییەی بە دەستەڵات و دەمارگیری وەدەست دێ، ئەوە ناکۆك یان دژ نییە لەگەڵ پێغەمبەرێتی یان جێنشینی، سولەیمان و باوکی علیه السلام پاشا و پێغەمبەر بوون، باشترینی خەلقی خواش بوون لەسەر زەوی، موعاوییە بۆ کاروباری دونیاپەرستی و داهاتی خۆی نەبوو وێستی ببێتە دەستەڵاتدار، بەڵکو سروشتی دەمارگیری دۆخەکە وایلێهات بکەوێتە ژێر دەستی، کاتێك موسوڵمانان دەستیانگرت بەسەر دەوڵەتان و ئەو سەرکردەیان بوو، هەروەك پاشایەکان چۆن داوا لە گەلەکەیان دەکەن لە کاتی تۆخبوونی دەمارگیری، ئەویش بەو جۆرە داوای لە گەلەکەی کرد، بەو جۆرە گشت جێنشینەکانی دوای ئەویش لەوانەی لایەنی دینداریان هەبووە، بەو جۆرەیان کردووە.

ئەمە ڕێسایە: هەڵوێست و کارەکانیان ئەوانەی بە ڕێگای دروست و بە ریوایەتی سەحیح هاتوونە، بەراورد بکرێ لەگەڵ قورئان و فەرمودە سەحیحەکان، ، ئەگەر هەر یەکێکیان لەو بەراوردە سەرکەوت، ئەوە جێنشینی پێغەمبەری خوایە ﷺ لەسەر زەوی، ئەوەی پێچەوانەش بوو هەر ناوی جێنشینە ئەگەر نا سیفەتەکەی نییە.

دووەم: کاتێك موعاوییە لەگەڵ جێنشینەکانی بەنو ئومەییە حسێب دەکرێ و لەگەڵ چوار جێنشینەکەی پێشی خۆی پۆلێن ناکرێ، لەبەر ئەوەیە کە بەنو ئومەییە هەموویان لەیەك بەرەبابن، موعاوییەش گەورەکەیانە، بەڵام چوار جێنشینەکەی دیکە هەریەکەیان تیرە و بەرەبابێکی جودان، لەبەر ئەوە ئەوان بە جۆرێکی دیکە پۆلێن کراون، عوسمانیش ئەگەر چی لەگەڵ موعاوییە لە هەمان بەرەبابە، لەبەر ئەوەی لە چاکیی و پەسەندی وەك سێیەکەی پێش خۆیەتی، بۆیە وەك ئەوان حسێب کراوە، خوا لەگەڵ ئەوانە حەشرمان بکا

ناوەخۆییەکەیان بوو، پێشتر لەبەر شەرع بوو، بووە دەمارگیری و شمشێر، واتە لەپاش ئەوەی خەڵکی بە پێی ڕاوێژ و شەرع کاریان دەکرد، کارەکە گۆڕا بۆ ئەو جۆرەی کە پشتی بە دەمارگیری و هێز دەبەستا، بەڵام هەر بە شەرعی مابوویەوە.

بەهۆی هەڵگرتنی شوێن پێی ئەوان ڕەحمان پێ بکا[1].

دانانی یەزید بە جێنشین لە لایەن موعاوییەوە

قسەکانمان لێرە دەکەینە دوو بەشی سەرەکی:

یەکەم: لەبارەی ئەوەی ئاخۆ لە شەریعەتی ئیسلام جائیزە پایەی جێنشینی لەلایەن جێنشینەوە تەسلیمی کەسێك بکرێ یان نا؟.

دووەم: هۆکاری کردنی یەزید بەجێنشین لەلایەن موعاوییەی باوکی.

حوکمی کردنی کەسێك بە جێنشین لەلایەن جێنشینی پێشی خۆی:

ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دەڵێ: "نەوەوی" و زانای دیکەش گوتویانە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەسێك دەبێتە جێنشین بەوەی خەلیفەی پێشی خۆی پۆستەکەی تەسلیم بکا، هەروەها ئەگەر (ئەهلی حەل و عەقد) ڕاوێژیان کرد و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کەسێك بکەنە جێنشین، ئەو کەسە دەبێت بە جێنشین و بەیعەت دان پێی واجب دەبێت، بە مەرجێك کەس نەکرابێتە جێنشین لەو کاتەدا، هەروەها کۆدەنگیشن لەسەر ئەوەی جێنشین کاتێك پۆستەکە دەکاتە ڕاوێژ لەنێوان چەند کەسێکی دیاری کراو ئەوان لەناو خۆیان یان لە دەرەوە کەسێك هەڵدەبژێرن، کۆدەنگن لەسەر ئەوەی بەو جۆرەش جێنشین دادەمەزرێ[2].

ئیبنو حەجەر دەڵێ: "ئیبنو بەتتاڵ" دەڵێ: چەڕۆکی کردنی پۆستی جێنشینی بە ڕاوێژ لە نێوان موسوڵمانان لەلایەن عومەر، بەڵگەیە لەسەر دروستی تەسلیم کردنی

---

[1] مقدمة ابن خلدون، خاتمة الجزء الثاني، لا: ١٨٨.
[2] فتح الباري، ١٣/١٧٦.

پۆستی جێنشینی بۆ کەسی دیکە لە لایەن جێنشینەوە، بەجۆرێك پێویستە لە سەر موسوڵمانان ئەو جێنشینییە قەبوڵ بکەن، لەبەر ئەوەی هاوەڵان و ئەوانەی لەگەڵیان بوون، کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە لە ژێر فەرمانی عومەردا بن کاتێك ئەبوبەکر کردبوویە جێنشین، هەروها هاوەڵان و شوێنکەوتووان ناکۆك نەبوون لە قەبوڵ کردنی دیاری کردنی شەش کەسەکە لەلایەن عومەرەوە، دەڵێ: ئەو تەسلیم کردنە لە تەسلیم کردنی جێنشین بۆ کورەکەی دەچێت، لەبەر ئەوەی باشتر شارەزای کورەکەیەتی و وا تێدەگا کە باشتر دەگونجێ لە کەسانی دیکە[1].

ئیبنو حەزم ڕای وایە باشترین جۆری دیاری کردنی جێنشین ئەوەیە لەلایەن جێنشینی پێشوو دیاری بکرێ، ئەو دیاری کردنەشی لە حاڵەتی ساغی کردبێ یان لە حاڵەتی نەخۆشی و نزیك بوونەوەی مەرگی، نە دەقێك نەکۆدەنگییێك (ئیجماع) هەیە ئەو کارە قەدەغە بکا، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبوبەکری دیاری کرد، ئەبوبەکریش عومەری دیاری کرد، سولەیمانی کورِی عەبدولەلیکیش عومەری کورِی عەبدولعەزیزی دیاری کرد، ئەو ڕایەمان پێ پەسەندە، لەبەر ئەوەی جێنشین بوون بۆ هیچ ماوەیەك ناپچڕێت[2]، کار و باری ئیسلام و موسوڵمانان ڕێك دەبێ پێی، مەترسی ناکۆکی و ڕاجیایی و ئاژاوە و زاڵبوونی ئارەزوو بەسەر خەڵکی دووردەکەوێتەوە[3].

بەڵام ئیبنو تەیمیە دەڵێ: دیاری کردنی جێنشین بۆ کەسێك لەدوای خۆی، ئەوە تەنیا هەڵبژاردنێکە و پێی نابێت بە جێنشین، دەڵێ: عومەریش کاتێك ئەبوبەکر کردی بە جێنشین بەو جۆرە بوو، کاتێك بووە پێشەوا کە خەڵکی بەیعەتیان پێ دا و بەگوێیان کرد، ئەگەر گریمانەی ئەوەمان دانا خەڵکی بەیعەتیان پێ نەدایەو و بەگوێیان نەکردبا

---

[1] فتح الباری، ۱۳/۱۷٦.

[2] ئەمە بۆ ئەو کات ئیبنو حەزم وای فەرموووە، هەرچی ئێستای موسوڵمانانە، سەت ساڵە بێ جێنشینن و وەك ماری بێ سەر لە زەوی خوادا دەگەوزن!.

[3] الفصل فی الملل والاهواء والنحل، ابن حزم، ٤/١٦٩.

نەدەبوو بە جێنشین[1]، هەمان ڕای لەبارەی عوسمانیش هەیە ﷺ.

هۆکاری چی بوو موعاویە پۆستی جێنشینی تەسلیمی یەزید کرد؟

هەرکەسێك پێگەی موعاویە بزانێ، بێ گومانە لەوەی موعاویە نیەتێکی باشی هەبوو لە کردنی یەزید بە جێنشین، بەڵام هۆکارەکەی زۆر کەس هەیە نایزانێ، زانایان هەوری نارونییان لابردووە و ئەو کێشەیەیان بە جۆرێك چارە کردووە لەگەڵ پێگە و هاوەڵایەتی موعاویە بگونجێ.

ئیبنو کەسیر دەڵێ: لە ساڵی ٥٦ موعاویە بانگی خەڵکی کرد بۆ ئەوەی بەیعەت بدەنە یەزیدی کوڕی بۆ ئەوەی پاشی ئەو ببێتە جێنشین، لە ویلایەتەکانەوە بەیعەتی بۆ هات، خەڵکی هەمووی بەیعەتیان دایێ، تەنیا "عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر" و "عەبدوللای کوڕی عومەر[2]" و "حوسەینی کوڕی عەلی" و "عەبدوللای کوڕی زوبەیر"

---

[1] منهاج السنه، ١٤٢/١، بۆ لێکۆڵینەوە لەو باسە، بڕوانە: النظریات السیاسیة الاسلامیة، لا:٢٣٥ و لاپەڕەکانی دواتر.

[2] ئەوەی ئیبنو کەسیر دەیڵێ لەوەی عەبدوللای کوڕی عومەر وەك چوار یارەکەی بەیعەتی نەداوە، ئەوە ڕیوایەتە سەحیحەکەیە، هەمان قسەی ئیبنو خەلدونیشە، بەڕام دوای مردنی موعاویە عەبدوللای کوڕی عومەر بەیعەتی پێ دا، کاتێکیش خەڵکی مەدینە بەیعەتی یەزیدیان شکاند، ئەو نەیشکاند، لە ڕیوایەتەکەی بوخاریش هەمان قسە هەیە کە لەمەو دوا دێ، قازی ئەبو بەکر لێرە هەڵەی کردووە (خوا لێی خۆش بێ) کە لەو شوێنە زۆری هەڵە هەیە، کاتێك بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئیبنو عومەر پێش وەفاتی موعاویە بەیعەتی داوە بە یەزید، بەڵگەی قسەکانیشی بەوە دەهێنێتەوە: بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوللای کوڕی عومەرەوە، دەڵێ: چوومە لای حەفسە، بسکی ئاوی لێ دەچۆڕایەوە، پێم گوت: دەبینی خەڵکی چییان بەسەر هاتووە، منیش هیچ شتێکم بەر نەکەوتووە، حەفسە گوتی: خۆتیان پێ بگەیەنە، ئەوان وا چاوەڕێی تۆ دەکەن، دەترسم تۆ لێرە بمێنیتەوە خەڵکی پەرتەوازە بن، وازی لێ نەهێنا تا عەبدوللا چووە دەرەوە، کاتێك خەڵکی بڵاوەیان کرد، موعاویە وتاری بۆ خەڵکی دەدا، دەیگوت: ئەوەی وا دەزانێ لە ئێمە شایەنترە، با خۆیان نیشان بدا، ئێمە لە ئەو و لە باوکیشی شایەنترین، "حەبیبی کوڕی مەسلەمە" بە "عەبدوللای کوڕی عومەر"ی گوت: بۆ وەڵامی نادەیتەوە؟ عەبدوللا دەڵێ: خۆم ئامادە کرد بۆ ئەوەی بڵێم: ئەو کەسەی لە تۆ شایەنترە بۆ ئەو کارە، لەگەڵ تۆ و باوکت شەڕی کردووە لە پێناوی ئیسلام، بەڵام ترسام قسەیەك

و "عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس" نەبێ ﷺ.

موعاوییە ڕای وا بوو یەزید شایەنە بۆ جێنشینی، لەبەر ئەو خۆشەویستییەی کە باوك بۆ کوڕەکەی هەیەتی، پێی وابوو بۆ ئەم کارە شیاوە، لەبەر ئەوەی کوڕی پاشایەکان لە جەنگ و فێڵەکانی شارەزان، لەبەر ئەوە واتێدەگەیشت هیچکام لە کوڕەکانی هاوەڵان

بکەم خەڵکی پەرتەوازە بێن و کۆ نەبنەوە، ترسام خوێن بڕژێ بیری بەهەشت و ئەو نیعمەتەکانیم کرد، قسەم نەکرد، حەبیب گوتی: دەنگت نزم کرد و خەڵکیت لە دووبەرەکی پاراست.

قازی ئەبو بەکر وای لێکداوەتەوە ئەو ڕووداوە لە کاتی ماوەی جێنشینی موعاوییەدا بووە، بەرام ڕاستییەکەی وا نییە، بەڵکو کاتی کۆبوونەوەی دوو ناوبژیوانەکەیە لە "اذرح". بڕوانە قسەی ئیبنو حەجەری عەسقەلانی:

کە دەڵێت: (دەبینی خەڵکی چیبان بەسەر هاتووە، منیش هیچ شتێکم بەر نەکەوتووە) مەبەستی شەڕی نێوان عەلی و موعاوییەیە لە سیففین، پاشان کە دوو نابژیوانەکە کۆبوونەوە و دوو لایەنەکە نامەیان بۆ هاوەڵانی هەردوو لا نێردرا، بۆ ئەوەی کۆ ببنەوە و ڕا دەربڕن لەو بارەیە، عەبدوڵڵاش پرسی حەفسەی خوشکی کرد: بچێت یان لە ماڵ بمێنێتەوە؟ حەفسەش ئامۆژگاری کرد کە بچێت باشترە نەوەك خەڵکی دیسان تووشی فیتنە ببنەوە.

کە ئیبنو عومەر دەڵێ: (کاتێك خەڵکی بڵاوەیان کرد) واتە کاتێك دوو ناوبژیوانەکە "نەبو موسای ئەشعەری" و "عەمری کوڕی عاس" پێك نەهاتن، لە "موسەننەفی عەبدولەزاق" هاتووە: "مەعمەر" دەڵێ: (کاتێك دوو ناوبژیوانەکە بڵاوەیان کرد) ڕوونی دەکاتەوە و بەڵگەیە بۆ نەوەی ئەو چیرۆکە باسی سیففینە، نەك شوێن و کاتی دیکە، ریوایەتی دیکەش هەیە، بەڵام ئەوەی پشتی پێ دەبەستێ ئەوەیە کە لە ریوایەتی "عەبدولەزاق"دا باس کراوە، هەروەها لە ریوایەتی "حەببی کوڕی ئەبو سابیت" لە "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر"ەوە، بەو جۆرەم بینیوە: لەو ڕۆژەی موعاوییە لە "دومەالجندل" کۆبوویەوە، حەفسە گوتی: جوان نییە بۆتۆ خەزووری پێغەمبەری خوای و کوڕی عومەری کوڕی خەتتابی، لە ئاشتەوایێك بەشدار نەبی کە خوا لەنێوان ئومەتی موحەمەد ﷺ بەڕپای دەکا، پاشان موعاوییە قسەی کرد و گوتی: ئەوەی خۆی پێ شایانترە لە ئێمە .... هتد، تەبەرانی ریوایەتی کردووە.

موعاوییە ڕای وابوو پێویستە ئەو کەسەی هێزی زیاترە و چەلەنگ و ژیرترە، پێویستە بکرێتە پێشەوا نەك ئەو کەسەی زووتر موسوڵمان بووە، یان زیاتر خواپەرستی ئەنجام دەدا و لەخوا ترسە، لەبەر ئەوە دەیگوت: من زیاتر شایەنی ئەو کارەم و پێویستە تەنیا من ببمە جێنشین، بەڵام ئیبنو عومەر ڕای پێچەوانە بوو، پێی وابوو کەسی باشتر هەیە و تەنیا لەبەر فیتنە بەیعەت دەدات بەو، لەبەر ئەوەش بوو بەیعەتی دا موعاوییە و پاشان یەزید، ڕێگری لە کوڕەکانی کرد بەیعەت بشکێنن و پاش ئەوانیش بەیعەتی دا بە عەبدولەلیکی کوڕی مەڕوان (فتح الباری، ٧/٣٢٣-٣٢٤ بەدەستکاریەوە).

ئەو مەرجەیان لێ نایەتەدی، لەبەر ئەوەش کە قسەی لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کرد گوتی: ترسام خەڵکی ئەوها بەجێ بهێڵم وەک کۆمەڵە مەڕێکی بێ شوان بمێننەوە.

موعاوییە ڕۆژێك لە وتاردا گوتی: خوایە، ئەگەر تۆ دەزانی من لەبەر ئەوە یەزیدم کردۆتە جێنیشین کە شایەنییەتی و لێوەشاوەیە بۆ ئەو کارە، ئەوە کاری ڕاست بێنە و سەرکەوتووی بکە، ئەگەر دەشزانی لەبەر خۆشەویستیم بۆی ئەوم کردووە بە جێنشین، ئەو کارەی پێم ڕاسپاردووە بۆی تەواو مەکە و سەرکەوتووی مەکە[1].

ئەو دووعایە گومان ناهێڵێتەوە لەوەی موعاوییە تەنیا نیازی باشی هەبووە لەو کاتەی یەزیدی کردووە بە جێنشینی و مەبەستی تەنیا ڕەزامەندی خوا بووە.

دکتۆر " محمد زیائەددین ڕیس" دەڵێ: هۆکارەکانی ئەوەمان زانی موعاوییە بۆچی ئەو کارەی کردووە، پوختەکەی ئەو ترسەی بووە کە باسمان کرد، هەندێك کەسیش ڕاوێژیان بۆی کرد لەو بارەیە، مەترسی خوێنڕێژی و دڕووست بوونی ئاژاوە، هەروەك دوای کوژرانی عوسمان ڕوویدا، ڕووداوە تاڵەکانی ئەوکاتی هەر لە یادگاکان مابوونەوە، لە هەندێك ڕیوایەت هاتووە کە موعاوییە گوتویەتی کە نایەوێ ئومەتی موحەمەد ﷺ وەك مەڕی بێ شوان بهێڵێتەوە، ئەو هۆکارە لەگەڵ ژیری یەك دەگرێتەوە.

تاوەکو دەڵێ: پێویستە باسی ئەوەش بکەین سەردەم و کات گۆڕا بوون، لەو کاتی کە کۆمەڵگای ئیسلامی تەنیا مەدینە بوو، ژمارەی خەڵکی کەم بوو، دەتوانرا کۆ بکرێنەوە، ڕاوێژ بکەن، لەخوا ترس بوون، بە ئاسانی ڕێك دەکەوتن، ئەو سەردەمە کۆتایی هات و موسوڵمانان لە وڵاتان بڵاو بوونەوە، تاقم و مەزهەبە ئیسلامییەکان زۆر

[1] البدایه و النهایه ، ٧٩/٨-٨٠ بە کورتی، و بڕوانە: تاریخ الطبري، ١٦٩/٦.

بوون[1]، دەمارگیری زیادی کرد، زەحمەت بوو خەڵکی کۆ ببنەوە لەسەر کەس یان شتێك، دەنگ دانی تەواو لەلایەن هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا کە باشترین سیستەمە کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بنەما ئیسلامییەکان، ئەستەم بوو لەو سەردەمدا جێبەجێ کرابا، بۆیە پێویستی داخوازی ئەوە بوو پەنا ببردرێتە بە "میراتی" وەك سیستەمی حوکم[2]، لەبەر ئەوە ئیبنو حەزم ڕای وایە باشترین و گونجاوترین سیستەم بۆ بوون بە جێنشین ئەوەیە کەلە لایەن جێنشینی پێشی خۆیەوە دیاری بکرێ[3].

ئەوەی موعاوییە کردوویەتی، لەنێوان "باش" و "باشترین" ئەو هەڵساوە "باش"ی هەڵبژاردووە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی موسوڵمانان و دوورکەوتنەوە لە ئاژاوە، هەروەك گوتی: "دەترسم خەڵکی وەك مەڕی بێ شوان بەجێ بێڵم" ئەو ستەم و خراپەکارییانەی یەزید کردوونی، موعاوییە نەیدەزانی وای لێ دێ، پێشبینیشی نەدەکرد، خۆ غەیبی نەدەزانی، بابەتەکە ئیجتیهادییە، کەس نازانێ ئەگەر موعاوییە ئەو هەنگاوەی نەنابایە دونیا چۆن دەبوو، لەوانەبوو باشتر بوایە و لەوانەشبوو پێچەوانەکەی.

جوەینی دەڵێ: لە کاریەدەستیدا لەوانەیە کەسانێك ببنە کاربەدەست کە کەسی دیکەی لەوان باشتر هەیە، لەوانەیە لە زەویدا کەسێك هەبێت وەلی بێت، لەخواترس بێت، ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوا بۆ جێبەجێ کردنی کارێك، خوای گەورە سوێندی ناشکێنێت و دوعایەکەی گیرا دەکات، لەهەمان کاتیش کەسی دیکە هەیە کە بۆ ڕاپەڕاندنی کار و باری موسوڵمانان گونجاوترە لەم، کاتێك لەو باسە دەڵێین باشتر،

---

[1] وڵاتەکانیش گەورەتر بوون، ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی مۆرکێکی عەرەبی بەسەرەوە بوو بووە دەوڵەتێکی جیهانی گەورە، بوویە ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە، یان ئەگەر دەستەواژەکە ڕاست بێ (ڕاستیش نییە) چونکە بنیاتی لەسەر ستەم و زوڵمە.

[2] النظریات السیاسیة الاسلامیة، لا: ۱۹۰-۱۹۱.

[3] الفصل فی الملل و الاهواء و النحل، ٤/١٦٩.

مەبەستمان گونجاوترینە بۆ جێبەجێ کردنی کار و باری موسوڵمانان.

پاشان باسی ڕا جیایی زانایان دەکا لە هەلبژاردنی کەسێکی باش لەکاتی هەبوونی لەو باشتر، دواتر دەڵێ: ناکۆکی نییە لەوەی ئەگەر زەحمەت بوو کەسی باش بکرێتە پێشەوا، ئەوە کەسی دیکە دەکرێت بەجێنشین کە وەک ئەم باش نین، بە جۆرێک خەڵکە چەلەنگ و نازاکانی لەگەڵ بن، ئینجا ئەگەر کەسە باشترەکە کرایە پێشەوا ئازاوە و کوشتار دروست دەبوو، کەسە باشترەکە سەربازی وای بەدەستەوە نەدەما بەرگری لێ بکەن و بیپارێزن، لەبەر ئەو داخوزییانە، دەکرێ بەڵکو پێویستە لە نێوان باش و باشترینەکە، باشەکە هەڵبژێردرێ[1].

وتەی ئیبنو خەلدوون لەو بارەیە:

ئیبنو خەلدوون لە باسی دانانی جێنشین و جێگرەوە لە "مقدمە"کەیدا هەردوو باسی زۆر بە جوانی ڕوون کردۆتەوە، لێرە قسەکانی ئەو بەتەواوی ڕادەگوێزین، چونکە کۆمەڵێک سوودی تێدایە کە لەکەم شوێنان وەدەست دەکەون، خوا لەبارەی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە ﷺ پاداشتی خێری بداتەوە.

دەڵێ: بزانە! ئێمە پێشتر باسی پێشەوایەتی و ڕەوا بوونیمان کرد، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی خەڵکی تێدایە، دەبێ پێشەوا لە بەرژەوەندی خەڵکی بێت و بەدوای دا بگەڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئەمینداریانە، تەماشا دەکا، لە ژیانی و لە پاشی مردنیشی باشترینیان بۆ هەڵدەبژێرێت، گونجاوترین کەس لە شوێنی خۆی دادەنێ بۆیان، خەڵکانی ژێر دەستەی هەروەک چۆن باوەڕیان بەو هەبوو، باوەڕیشیان بە تێڕامانی ئەو هەیە بۆ ئەو جێنشینەی بۆیان دیاری دەکا، بەڵگەمان کۆدەنگی ئومەتە، لەبەر ئەوەی هەموو هاوەڵان بەیعەتیان بە عومەردا کاتێک ئەبوبەکر پێش مردنی بۆی دیاری کردبوون، هاوەڵان

---

[1] بڕوانە: غياث الأمم، امام الحرمين الجوينى، لا: ١٦٥-١٦٧.

لەسەر خۆیان واجب کرد گوێڕایەڵی عومەر بکەن لەبەر ئەوەی جێنشینی یەکەم (ئەبوبەکر) بۆی دیاری کردبوون ﷺ هەروەها هاوەڵان پابەندی ئەو پەیمانە بوون کە عومەر بۆ شەش هاوەڵەکەی دیاری کردبوو، ئەو شەش هاوەڵەی پاشماوەی دە موژدەپێدراوەکە بە بەهەشت بوون، شەش هاوەڵەکە ڕایان کەوتە سەر عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و ئەویش ئیجتیهادی کرد و لە نێوان عەلی کوڕی ئەبو تالێب و عوسمانی کوڕی عەففان، عوسمانی هەڵبژارد، چونکە عوسمان گوتبووی لەسەر سوننەتی دوو جێنشینەکەی پێشی خۆم دەڕۆم، و موسوڵمانان هەموویان پەیمانیان پێی دا بەهۆی ئەوەی عومەری کوڕی خەتتاب کاتێك جێنشین بوو ئەو شەش کەسەی بۆ دیاری کردبوون، موسوڵمانانیش پێیەوە پابەند بوون، هەم لە یەکەم و هەم لە دووەمیش بەشێکی زۆری هاوەڵان ئامادە بوون و کەسیان ئینکاریان نەکرد، بەڵگەی ئەوەیە ئەو پەیمانەی کە جێنشین بۆ کەسی دوای خۆی بەجێی دێڵێ دروستە، کۆدەنگیش بەڵگەیە هەروەك زانراوە.

ئەگەر پێشەوا هەڵوێستێکی وای نواند، نەنگییێکی نەکردووە و کارەکەی عەیبەیەکی تێدا نییە، ئەگەر چی کارەکە ڕادەستی باوکی یان کوڕی بکا، چونکە ئەمینداری گەلە ژێر دەستەکەیەتی لە کاتی ژیانیدا، پەسەندترە بۆخۆی کە لە ژیاندا ئەمینداریان بوو، لە پاش مردنی باری گوناحیان هەڵنەگرێت، ئەگەرچی هەندێك ڕایان وایە کە باری گوناحی باوکی یان کوڕی هەڵدەگرێت، یان هەندێکی دیکە دەڵێن تەنها باری گوناحی کوڕەکەی هەڵدەگرێت و هی باوکی هەڵناگرێت، بەڕاستی ئەم ڕایانە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە دوورن، بەتایبەت ئەگەر جێنشین کاتێك باوکی یان کوڕی دانا هۆکارێکی ڕوونی هەبێت، وەك پێشخستنی بەرژەوەندییێکی گشتی، یان دوور خستنەوەی خراپە، هەر وەك لە سەردەمی موعاوییەدا ڕوویدا و یەزیدی کوڕی کردە جێنشین لە شوێنی خۆی، خۆی کارەکەی موعاوییە لەگەڵ ڕازی بوونی خەڵکی سەردەمەکەی دەبێتە بەڵگەی باسەکەمان.

ئەوەی وای لە موعاوییە کرد یەزید پێش خەڵکی دیکە بخات بۆ جێنشین بووون، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی بوو، ڕەچاوکردنی کۆبوونەوەی خەڵکی و درووست نەبوونی ئاژاوە و دووبەرەکی، لەبەر ئەوەی (ئەهلی حیل و عەقد)ی بەنو ئومەییە ڕازی بوون لەسەری، ئەوان ڕازی نەدەبوون جگە لە بەنو ئومەییە هیچ کەس ببێتە جێنشین، ئەوان کۆڵەگەی قورەیش بوون و خاوەنی هێزی زۆر بوون، لەبەر ئەوە وازی لە باشترین هێنا و پەیمانەکەی دا بە یەزید لەگەڵ ئەوەی کەسانی لەویش باشتر هەبوون، بۆ درووست بوونی کۆدەنگی و کۆبوونەوەی موسوڵمانان، کە لەوەی پێشی خۆی گرنگتر.

پێگە و هاوەڵایەتی و عەدالەتی موعاوییە جگە لەوەی لێناوەشێتەوە، ئامادە بوونی هاوەڵەگەورەکان و ئینکارنەکردنیان، بەڵگەیە لەسەری، چونکە ئەوان بۆ گوتنی ڕاستی لەهیچ نەدەگەڕانەوە، موعاوییەش ئەگەر ڕاستی بۆ گوترابا حاشای لێ نەدەکرد، ئەوان هەموویان لەو تۆمەتانە دوورن، هەڵهاتنی عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش لەو بابەتە لە ڕیزی وەرەع و تەقوای ئەو هەژمار دەکرێ، خۆی ناخاتە ناو هیچ شتێکەوە ڕێگاپێدراو بێت یان ڕێگاپێنەدراو، ئەوە ئاشکرایە لە ژیاننامەی ئیبنو عومەر، لەو پەیمانە کە زۆرینەی خەڵکی لەسەری ڕێککەوتن کەس نەمایەوە پەیمان نەدات بە یەزید، جگە لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر[1] ﷺ لەگەڵ ئەوەی گومانی باشی بە موعاوییە دەبرد، ناکرێ بەیعەتی بداتێ و بزانێ شیاو نییە بۆ ئەو کارە یاخود فاسیقە، حاشا لە موعاوییە، بەڵکو چەندین جار داوای لە موعاوییە دەکرد گوێ لە گۆرانی نەگرێ، کە گوێ گرتن لە گۆرانی کەمتریشە لە فاسیق بوون، بەڵام مەزهەبی موعاوییە و ئیبنو عومەر لەگەڵ یەکتری جیاواز بوو لەبارەی گۆرانییەوە.

---

[1] پێشتر وتەی ئیبنو کەسیرمان ڕاگویزا لەبارەی ئەوەی حوسەین و ئیبنو عەببباس و عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکریش بەیعەتیان بە یەزید نەدابوو.

پاشان وەک ئەوەی لەگەڵ موعاوییە ڕوویدا، بۆ چەند خەلیفەیەکی دیکەش ڕوویدا کە دادپەروەر و جێبەجێکاری شەریعەت بوون، نمونەی "عەبدولەلیك" و "سولەیمان" لە بەنو ئومەییە و، "سەففاح" و "مەنسوور" و "مەهدی" و "ڕەشید" لە عەباسییەکان و، هەندێکی دیکەش کە دادپەروەر بوون و لە ژیاننامەیان دیارە، ئەوانەش کەسانی نزیك لە خۆیان کردووە بە جێنیشین و لەسەر ئەوە ڕەخنەیان لێ ناگیرێ کە لە سوننەتی چوار خەلیفەکە لایانداوە، لەسەردەمی چوار جێنشینەکەی پێغەمبەر ﷺ هۆکاری کردنە جێنشین هۆکاری ئاینی بوو، بەهۆی ئاینەوە خەڵکان پێشدەخران، بەڵام لە سەردەمی موعاوییە و بەدواوە دەمارگیری گەیشتە لووتکە و، مووڵکداری و پاشایەتی کەوتە ناو خەلافەت، هۆکاری ئاینی لاواز بوو، ئەگەر جێنشینەکە کەسانی دیکەی کردبا جێنشینی خۆی، ئەوە دووبەرەکی درووست دەبوو و خەڵکان پەرش و بڵاو دەبوون.

کەسێك لە عەلی ﷺ پرسی: بۆچی خەڵکی لەسەردەمی تۆ پەرش و بڵاو بوون و هەموویان نەهاتوونە ژێر فەرمانی تۆ؟ وەڵامی دایەوە: ئەبوبەکر و عومەر پیاوانی وەك منیان لە ژێر دەست بوو، منیش پیاوانی وەك تۆ!.

ئاماژەیەکی ڕوونە بە هۆکاری ئاینی و کاڵ بوونەوەی، بڕوانە کاتێك مەئمون "عەلی کوڕی موسای کوڕی جەعفەری سادیق"ی کردە جێنشین و نازناوی "ڕەزا"ی لێنا، چۆن عەببابسییەکان لێی هەڵگەڕانەوە و پەیمانەکەیان شکاند پەیمانیان دا مامی مەئمون "ئیبڕاهیمی کوڕی مەهدی"، چەندین کوشتار و ناکۆکی و ڕێگیران درووست بوو، دیسان خەواریج درووست بوونەوە، کارەکە ئەوەندەی نەمابوو لە دەست دەربچێت و نەگەڕێتەوە دۆخی خۆی، هەتا "مەئمون" لە خوراسانەوە هاتەوە بەغدا و کارەکەی ڕاست کردەوە، "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" کاتێك "قاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر"ی دەبینی، دەیگوت ئەگەر شتێکم بەدەستبایە، ئەوم دەکردە جێگرەوەی خۆم، بەڵام دەیزانی کارەکە لە ژێر دەستی ئەهلی حیل و عەقد دایەو ئەوانیش لە بەنو

ئومەییەنە، ڕاستی دەیتوانی ئەو بکاتە جێنشین، بەڵام لێیان دەترسا، ترسی درووست بوونی کێشە و ناکۆکی هەبوو، نەیدەتوانی کارەکە ڕادەستی کەس بکا جگە لەوان.

پێویستە ڕەچاوی کاری لەو جۆرە بکرێ، سەردەمەکان بەهۆی ئەو ڕووداوانەی تێیاندا ڕووەدەن دەگۆڕێن، هەموو ئەوانەش حیکمەتی تایبەتی هەیە کە خوای گەورە بەهۆیەوە لوتف لەگەڵ بەندەکانی دەکا.

ئەگەر تەسلیم کردنی حوکم بۆ ئەوە بێت نەتەوە و وەچەی خاوەنی مولکەکە بپارێزرێ، ئەوە لە مەبەستەکانی ئایین نییە و ئایین وا نالێ، چونکە ئەمە بەخششێکە خودا بەندەکانی دەدا، پێویستە ئەوەندەی کرا نیەتی تێدا خاوێن بکرێتەوە، دەستەڵاتیش هی خوایە و دەیداتە ئەو کەسەی بیەوێت[1].

کوشتی حەجر و هاوەڵانی لەلایەن موعاوییەوە

یەکێك لەو بابەتانەی ڕەخنەی پێ لە موعاوییە دەگیرێت، کوشتنی حەجری کوڕی عەدی و هاوەڵانییەتی.

باس و خواسی ئەو کوشتنە و چۆنیەتییەکەی زانایان لێی بوونەتەوە، بەم جۆرەیە:

حەجر لە خواپەرستەکان بوو، لەگەڵ دایکی زۆر باش بوو، نوێژ و ڕۆژووی زۆر بوو، دوعای گیرا دەبوو، هەندێك زانا بە "هاوەڵ"یان داناوە، بەڵام زۆرینەی فەرموودەناسان لەسەر ئەوەن کە هاوەڵایەتی پێغەمبەری ﷺ نەکردووە، بەڵکو بە یەکێك لە تابیعییەکانی دەژمێرن، زۆر جاران ئینکاری لە موغیرەی کوڕی شوعبە دەکرد کە والی موعاوییە بوو لە کوفە ﷺ بەڵام موغیرە حەکیم و دانا بوو زۆر جاران گوێی بەو

[1] بڕوانە: مقدمە ابن خلدوون، ٢٠٦-٢١٢، بە دەستکارییەوە.

ڕەخنانە نەدەدا کە حەجر لێی دەگرت، لە نێوان خۆیان ئامۆژگاری دەکرد و لە بارەی مەترسی ئەو کارەی ئاگاداری دەکردەوە، ناکۆك بوون لەگەڵ پاشایان کارێکە لەوانەیە ئاکامی چاکی نەبێت، بەڵام حەجر لەو کارەی پاشگەز نەبوویەوە.

کاتێك موغیرەی کوڕی شوعبە وەفاتی کرد ﷺ کوفە و بەسرە درایە دەستی زیاد، زیاد چووە ناو کوفە، کۆمەڵێك لایەنگری عەلی لە دەوری حەجر کۆبوونەوە، حەجر چی گوتبا ئەوانیش ئەوهایان دەگوت، لە فەرمانی دەرنەدەچوون، هاوڕای حەجر بوون و جوێنیان بە موعاوییە دەدا و خۆیانیان لێی بێ بەری دەکرد، تەبەری و زانای دیکەش دەڵێن: حەجر و هاوەڵانی قسەی نابەجێیان بە عوسمان دەگوت و زمانیان لێی نەدەپاراست، زێدەڕۆییان دەکرد لە ڕەخنە گرتن لە والییەکان، ئایینیشیان بە توندی وەرگرتبوو.

وا پێدەچێ کە حەجر و هاوەڵانی لە پیاوچاکە نەزانەکان بووبن کە بانگەوازی سەبەئییەکان کاری تێکردوون، لە نێوان ئەوان و زیاددا کۆمەڵە شتێك ڕوویدا کە باسکردنی زۆری دەوێ، زیاد نامەی بۆ موعاوییە ﷺ نارد و باسی حاڵی ئەو کۆمەڵەی کرد، موعاوییە وا تێگەیشت کە مانەوەی ئەوانە لەسەر زەوی دەبێتە هۆی نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان موسوڵمانان و کێشە بۆ خەلیفە دروست دەبێ، فەرمانی کرد و چوارده کەسیان هاتنە لای موعاوییە ﷺ ئەویش فەرمانی کوشتنی بۆ حەفت کەسیان دەرکرد، کە حەجر لە نێوان ئەوان بوو، حەفتی دیکەشی ئازاد کردن.

لە موعاوییەوە ریوایەت کراوە کە گوتویەتی: کوشتنی حەجرم بەتەنیا پێ باشترە لەوەی سەت هەزار کەسی لەگەڵ بکوژم، ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە: کاتێك موعاوییە هاتە مەدینە، هاتە لای دایکی ئیماندارن عائیشە ﷺ گلەیی ئەوەی لێکرد بۆچی حەجر و هاوەڵانی کوشتووە؟ موعاوییەش گوتی: ئەی دایکی ئیمانداران، ئەمن واتێگەیشتووم کوشتنی کەسێك بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان باشترە لەوەی بیهێڵمەوە و

ئاژاوە لە ناو خەڵکی بڵاوبکاتەوە، دەڵێن موعاوییە هەر بیانووی بۆ عائیشە دەهێنایەوە، تا عائیشەش هاتە سەر ڕایەکەی.

هەروەها لە ریوایەتی دیکە هاتووە: بە دایکی ئیماندارانی گوتووە: لێم گەڕێ، تا ئەو کاتەی لەگەڵ حەجر لەلای خوامان کۆدەبینەوە[1].

ئیبنو عەڕەبی دەڵێ: کۆمەڵی موسوڵمانان! بۆ ئێوە پێویستترە واز لەو نێوانە بێنن، تا ئەوکاتەی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لە قیامەت کۆدەبنەوە.

هێنانی زیاد بۆ ناو بەرەبابی خۆی لەلایەن موعاوییەوە:

یەکێك لەو کارانەی ڕەخنەی پێ لە موعاوییە ﷺ دەگرن، ئەوە بوو کە زیادی کردە هاونەسەبی خۆی، ئەویشی وەك نەوەی ئەبو سوفیان حسێب کرد، ئیبنو خەلدوون ڕەحمەتی خوای لێ بێ لەبارەی ئەو بابەتە جوانترین ڕوونکردنەوەی هەیە، دەڵێ:

سومەییەی دایکی زیاد مەولای "حاریسی کوڕی کەلدەی تەبیب" بوو، "ئەبابەکرە"ی لەو بوو، ئەبو سوفیان بۆ هەندێك کاری تایبەتی خۆی بەرەو تائیف چوو، بە جۆرە مارە کردنێك مارەی کرد وەك هی سەردەمی نەفامی بوو، "زیاد" لەو مارەکردنە لەدایك بوو، دەیگوت ئەوە کوڕی ئەبو سوفیانە، ئەبو سوفیانیش ئاگادار بوو، پێی ڕازی بوو، بەڵام ئەبو سوفیان دەیشاردەوە و ئاشکرای نەدەکرد، کاتێك زیاد گەورە بوو، ئاکاری زیرەکی و لێهاتوویی لێ بەدیار کەوت، ئەبو موسای ئەشعەریش کاتێك والی بەسرە بوو کردییە نووسەری خۆی، عومەریش داوای کارێکی لێ کردوو بەجوانی بۆی جێبەجێ کرد، هاتەوە لای عومەر و چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە، ڕەوانبێژییەکی زۆر جوانی لە قسەکانی بەکار هێنا، "عەمری کوڕی عاس"یش لە مەجلیسەکە بوو، گوتی:

---

[1] بڕوانە: البدایه والنهایه، ٨/٤٩-٥٥ و: الطبري: ٦/١٤١-١٦٠.

ئای لەو گەنجە، ئەگەر باوکی قوڕەیشی بوایە هەموو عەرەبەکانی دەخستە ژێر فەرمانی، "ئەبو سوفیان" گوتی: سوێند بەخوا ئەمن دەزانم ئەو گەنجە کێیە و باوکی کێیە. عەلی ئەبو سوفیانی بێ دەنگ کرد و پێی گوت ئەگەر عومەر لێرەبایە بە خێرایی وەرامی دەدایەوە.

پاشان "عەلی" زیادی لە وڵاتی فارس کردە والی، ئەویش ویلایەتەکەی بە ڕێک و پێکی بەڕێوە برد، موعاوییە نامەی بۆ نارد و هەڕەشەی لێکرد و ئاماژەی بەوە کرد کە "ئەبو سوفیان" باوکییەتی، عەلیش نامەی بۆ نارد پێی ڕاگەیاند و گوتی" ئەمن تۆم کردووە بە والی و بەشایستەم زانیوی، ئەگەر پێشتریش ئەبو سوفیان هەڵەیەکی لەسەردەمی جاهیلی ئەنجام دابێ ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە نەسەبت بدرێتە پاڵ ئەوان و میرات لە یەکتری بگرن، موعاوییەش خەڵکی زۆر هاتوچۆی دەکات[1]، تۆش ئاگاداری خۆت بە، دووبارە ئاگاداری خۆت بە، سڵاوت لێ بێ.

کاتێک عەلی شەهیدکرا، زیاد و موعاوییە ئاشت بوونەوە، زیاد "مەسڵەقەی کۆڕی هەبیرەی شەیبانی" تێگەیاند بۆ ئەوەی لای موعاوییە باسی ئەوە بکات کە ئەمیش کۆڕی ئەبو سوفیانە، مەسڵەقەش لای موعاوییە باسی کرد، موعاوییەش واتێدەگەیشت کە ئەگەر بڵێ زیاد کۆڕی ئەبو سوفیانە دەبنە یەک بەرەباب و خوێنیان تێکەڵ دەبێت، بۆیە داوای شایەدی کرد و چەند کەسی خەڵکی "بەسرە" شایەدییان دا و ئەویش ڕایگەیاند کە زیادیش کۆڕی ئەبو سوفیانە، لایەنگرانی عەلی زۆربەیان ئینکاریان دەکرد، پێیان ناخۆش بوو، بەهۆی ئەو کارەوە ڕەخنەیان لە موعاوییە دەگرت[2]".

قازی ئەبوبەکر دەڵێ: ئەو حەکایەتە وای لێ هاتووە بوەتە ناکۆکی لەنێوان شەرعزانی وڵاتان تا ئەو ڕادەیەی لە جیاوازی گۆڕاوە و بووەتە مەسەلەیەکی بیرو باوەڕ، ئیمامی مالیک لە "مووتەئ"ـەکەیدا ناوی زیادی بە "زیادی کۆڕی ئەبو سوفیان" بردووە، وەک

---

[1] مەبەست ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی دەکات و قسەی بۆ دەکەن لەوانەیە قسەی خەڵکی کارێگەری بکاتە سەری — گ.

[2] تاریخ ابن خلدون، ۳/۷-۸.

ڕای ناکۆکەکان نالێت کە ناویان بە "زیادی کوڕی باوکی" بردووە، زیرەکاتییەکی ئەوتۆیە لەلایەن ئیمامەوە کە خەڵکی کەم پەی پێ دەبا، لەبەر ئەوەی ئەوکاتی ئەو ناکۆکییە هەبووە، قازی حوکمی کردووە و مەسەلەکە یەکلا بۆتەوە، حوکمی قازیش لە بابەتە ناکۆکەکان و ئەوانەی کە دوو ڕایان لەسەرە بابەت یەکلایی دەکاتەوە، ئیدی پێویستی نییە بگەڕێینەوە سەر ناکۆکییەکە و نوێی بکەینەوە، خواش زاناترە[1].

شۆڕش بەسەر پێشەوا:

بابەتێك کە زۆر پەیوەندی بە ناوەڕۆکی کتێبەکە هەیە، باسی "یەزیدی کوڕی موعاویە" و ئەو ڕووداوەی بەسەر "حوسەین" ﷺ و هاوەڵانی دا هات، هەروەها باس و خواسی "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر" ﷺ لەگەڵ "عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان" و چەند باسێکی پەیوەندیدار بە شۆڕشکردن لەسەر پێشەوای موسوڵمانان و حوکمی شەڕکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی شۆڕشیان بەسەریدا کردووە.

لە "عوبادەی کوڕی سامیت"ەوە ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ بانگهێشتی کردین، ئێمەش بەیعەتمان پێ دا، لەو پەیمانەی ئێمە پێماندا: " گوێڕایەڵی بکەین و لە فەرمانی دەرنەچین، لە خۆشی و ناخۆشییەکانمان، فەرمانەکانیمان پێ خۆش بێ، یان بەدڵمان نەبێ، فەرمانی ئەو بخەینە پێش ڕاز و مەبەستی خۆمان، کێشە لەگەڵ کەس نەکەین لەبارەی ئەو شتانەی خۆی لێیان بەرپرسە، مەگەر کوفرێکی ئاشکرا ببینن کە بەڵگەتان لەسەری هەبێ[2]".

ئیبنو عەببباس ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: "ئەگەر شتێکتان لە پێشەوایەکەتان بینی و بەدڵتان نەبوو، ئارامبگرن، ئەوەی بەقەدەر بستێك لە فەرمانی

---

[1] العواصم، لا: ٢٤٢. .

[2] بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکانیان ریوایەتیان کردووە {بڕوانە: سەحیحی بوخاری، کتاب الفتن، باب قول النبی ﷺ ...، ٤٧/٩، ژمارەی فەرموودە:٧٠٥٥، ونسەحیحی موسلیم، کتاب الامارة، باب وجوب طاعة الامراء في غير المعصية...، ١٤٧٠/٣، ژمارەی فەرموودە: ١٧٠٩ – گ}.

فەرمانڕەوا بچێتە دەرەوە، وەك مردنی سەردەمی جاهیلی دەمرێت[1]".

پێشتر باسمان کرد کە ئیمامەت و پێشەوایی بە سێ شت دادەمەزرێ:

یەکەم: ئەوانەی پێیان دەگوترێ "ئەهلی حیلل و عەقد" پێشەوایەك دیاری بکەن، ئەهلی حیلل و عەقدیش "نەوەوی" دەیاننasێنێت و دەڵێ: پیاو ماقوڵان و کاربەدەست و کەسە دیارەکانی ناو کۆمەڵگان کە دەکرێ کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی بەیعەت بدەن، هەروەك لە بەیعەتی ئەبوبەکر ﷺ بەو جۆرە بوو.

دووەم: پێشەوای موسوڵمانان یەکێك لەدوای خۆی دیاری بکا، هەروەك بەیعەتی عومەر ﷺ بەو جۆرە بوو.

سێیەم: یان پێشەوا چەند کەسێك دیاری بکات و لەناوە خۆیان پێشەوایەك دابنێن، هەروەك بەیعەتی عوسمان ﷺ بەو جۆرە بوو.

چوارەم: لێرە خاڵێکی دیکەش زیاد دەکەین ئەویش زاڵبوونی کەسێکی بەهێزە لەسەر فەرمانڕەوایەتی، بەجۆرێك لەبەر بەهێزییەکەی بتوانێت کار و باری دەوڵەت بەڕێوەببا، حوکم بە شەرعی خوا بکا، زانایان گوتویانە ئەگەرچی ئەو کەسە فاسیقیش بێ، دەستەڵاتەکەی دادەمەزرێ.

بەڵام ئایا حوکمی کەسێك چییە لە فەرمانی فەرمانڕەوایەك بچێتە دەرەوە کە پێشەوایەتییەکەی دامەزرابێ؟.

---

[1] بوخاری و موسلیم لە سەحیحەکانیان ریوایەتییان کردووە {بڕوانە: سەحیحی بوخاری، کتاب الفتن، باب قول النبی ﷺ...، ٤٧/٩، ژمارەی فەرموودە:٧٠٥٣، و: سەحیحی موسلیم، کتاب الامارة، باب الامر بلزوم الجماعة...، ١٤٧٨/٣، ژمارەی فەرموودە: ١٨٤٩، مەبەست لە مردنی وەك هی سەردەمی جاهیلی: وەك ئەوان بێ پێشەوا و سەرۆك بوون، ئەویش بەو جۆرەی لێ دێ - گ}.

نەوەوی دەڵێ: چوونە دەرەوە لەسەر ئەو جۆرە فەرمانڕەواییە حەرامە، کۆدەنگی موسوڵمانانی لەسەرە، ئەگەر چی خراپەکار و ستەمکاریش بن، چەندین فەرموودە بەو جۆرە هاتووە.

ئەهلی سوننە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی پێشەوای موسوڵمانان لانادرێ بەهۆی گوناهباری، ئەو ڕایەش کە لە چەند کتێبێکی فیقهی و لە موعتەزیلەکانەوە هاتووە، هەڵەیە و پێچەوانەی کۆدەنگییەکەیە.

زانایان هۆکاری ئەوەیان هێناوەتەوە کە لادانی پێشەوا ئاژاوە و دووبەرەکی و خوێنڕشتن و دابڕانی لێ دەکەوێتەوە، مانای ئەوەیە ئەو ئاژاوەیەی لە لادانی پێشەوایەکە دێتە کایەوە زۆر زیاترە لەوەی لە مانەوەی دێتە کایەوە.

قازی عیاز دەڵێ: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی پێشەوا نابێ کافر بێ، ئەگەر لەکاتی پێشەوایەتییەکەی هەڵگەڕێتەوە دەبێ لابدرێ، هەروەها ئەگەر وازی لە ئەنجام دانی نوێژەکان هێنا و بانگی نەدا بۆی، هەروەها لای زۆرینەیان بە بیدعە[1]ش لادەدرێ، پاشان دەڵێ: هەندێك بەسڕی گوتویانە بە بیدعەش لە پێشەوایەتی لانادرێ و

---

[1] مەبەستی: ئەو بیدعەیەی کە نایگەیەنێتە کافربوون، هەروەها ناشیگەیەنێتە گۆڕینی بنەماکانی شەرع و ڕێسا بنەڕەتییەکانی ئیسلام، ئەگەر بەو جۆرە بوو دەبێت پێشەوایەکە لابدرێ، واجبە شۆڕشی لەسەر بکرێ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: "هەندێك کاربەدەست دەبن، ئێوە بەشێك لە کارەکانیتان پێ باشە و بەشێکیانتان پێ خراپ، ئەو کەسەی تاوان و گوناحەکانی ناسییەوە و پێی ناخۆش بوون، ئەوە ئەستۆی خۆی لای خودا پاك کردۆتەوە، ئەو کەسەش لە دڵەوە تاوانەکانی پێ ناخۆش بوون، بەڵام نەیدەتوانی بیانگۆڕێ و ئینکاریان بکا، نەویش سەلامەتە، بەڵام ئەو کەسە بە هیلاك دەچێ و لۆمەی لەسەرە کە ڕازی بێت بەو تاوانانە و شوێنیان بکەوێ" هاوەڵان پرسیاریان کرد: ئایا شەڕ لەگەڵ ئەو جۆرە پێشەوایە بکەین؟ فەرمووی: "نەخێر، تا ئەو کاتەی نوێژەکان نەنجام دەدەن" ئیمامی موسلیم ریوایەتی کرددوە، نەوەوی لە ڕاڤەی ئەو فەرموودەیە دەڵێ: دروستە نییە لە حوکمی هیچ کاربەدەستێك بچینە دەرەوە ئەگەر بنەما و ڕێساکانی ئیسلامیان نەگۆڕیبێ، بڕوانە: شرح صحیح مسلم، النووی، ٢٤٣/١٢.

دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لێکدانەوەی هەیە بۆ بیروباوەڕەکەی، قازی دەڵێ: ئەگەر کوفری کرد، یان هەستا بە گۆڕینی شەریعەت، یان بیدعەیەکی کرد، لەسەر موسوڵمانان واجبە ئەگەر توانیان لێی هەڵسنەوە و لایدەن، پێشەوایەکی دادپەروەر دابنێن، ئەگەر توانیان، بەڵام ئەگەر تەنیا کۆمەڵێکی دیاری کراو هەبوون ئەو توانایەیان هەبوو کافرەکە لابدەن لەسەر ئەوان واجبە، بەڵام بۆ پێشەوای موبتەدیع لەسەریان واجب نییە لێی هەڵسنەوە، تەنیا بەوەی ئەگەر بزانن بە ئاسانی توانایان بەسەری دەشکێ، ئەگەر دڵنیابوون کە ناتوانن لایبدەن واجب نییە، ئەوکات با موسوڵمان لە شوێنی خۆی کۆچ بکا بەرەو شوێنێك دینی تێدا پارێزراو بێت.

پاشان دەڵێ: پێشەوایەتی لەسەرەتا نابێت بدرێتە کەسێکی "گوناهبار" چونکە دانامەزرێ، بەڵام ئەگەر پێشەوا سەرەتا باش بوو، بەڵام دواتر بووە گوناهبار، هەندێك زانا دەڵێن لەوکاتە پێویستە لادرێ، مەگەر ئاشووب و شەڕ لە لادانەکەی بکەوێتەوە، زۆرینەی ئەهلی سوننە لە شەرعزانەکان و فەرموودەناسەکان و عەقیدەناسەکان دەڵێن کە پێشەوا ئەگەر گوناهبار بوو لانادرێ، بەڵکو دروست نییە شۆڕشی لەسەر بکرێ، بەڵکو واجبە ئامۆژگاری بکرێ و بترسێنرێ، لەبەر ئەو فەرموودانەی لەو بارەیەوە هاتوون.

دەڵێ: "ئەبوبەکری کوڕی موجاهید" دەڵێ: زانایانی کۆدەنگن لەو بارەیەوە. بەڵام بەبەڵگەی هەڵسانەوەی "حوسەین" و "ئیبنو زوبەیر" و خەڵکی مەدینە لەسەر بەنی ئومەییە وەڵام دراوەتەوە کە کۆدەنگی نییە، هەروەها کۆمەڵێك لە گەورە تابیعییەکان و پێشینان لەگەڵ "ئیبنولئەشعەس" لەدژی حەججاج هەڵسانەوە، ئەو ئەم دەقەی سەرەوەی هێنامانەوە "کێشە لەگەڵ کەس نەکەین لەو شتانەی کە خۆی پێی ڕاسپێردراون"ی بە پێشەوای دادپەروەر لێکداوەتەوە.

بەڵگەی زۆرینەی زانایان ئەوەیە: ئەو کەسانەی شۆڕشیان لە دژی "حەججاج" کرد تەنیا لەبەر ئەوە نەبووە "حەججاج" گوناهبار بوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە هەندێ شتی

لە بنەماکانی شەرع گۆڕیبوو، هەندێك کاری دیکەشی دەکرد لە ڕووکەشدا کوفر بوو، "قازی" دەڵێ: دەڵێن سەرەتا ڕای جیاواز لەسەر ئەو بابەتە هەبووە، پاشان کۆدەنگی درووست بووە لەسەر شۆڕش نەکردن لە دژیان، خواش زاناترە[1].

ئەو وتەیەی ڕامانگوێزا و بە "دەڵێن" باسمان کرد، لە پەیدابوونی کۆدەنگی دوای ڕاجیایی لەسەر ئەو بابەتە، "نەوەوی" لە سەرەتای قسەکانی ئەمەی مەبەستە، "ئیبنو حەجەری هەیتەمی"ش هەمان قسەی کردووە، دەڵێ: کە دەڵێ کۆدەنگی زانایان لەو بارەیەوە هەیە، مەبەستی دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی هاوەڵان و جێگیربوونی کارەکانە[2].

شۆڕشی "حوسەین" و "ئیبنوزوبەیر" ﷺ لە دژی "یەزید"

شۆڕشی "حوسەینی کوڕی عەلی" و "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر" لە دژی یەزید لەبەر ئەوە بوو: ئەوان ڕایان وابوو یەزید گوناهبارە[3]بەیعەتەکەی تەواو نییە، لەبەر ئەمە نە لە سەرەتا و نە لە کۆتاییش بەیعەتیان پێ نەدا، قسەی حوسەینیش کە بۆ خەڵکی کوفەی ناردووە، دەڵێ: "سوێند بێ، پێشەوا تەنیا دەبێ ئەو کەسە بێ کار بە قورئان بکا و شەرعی خوا جێبەجێ بکا، دەبێ موسوڵمان بێ، سڵاوت لێ بێ[4]" یان لەبەر ئەوە بووە ڕایان وابووە شۆڕش درووستە یان واجبە لە دژی فەرمانڕەوای ستەمکار بۆ کەسێك کە توانای هەبێ و شیاو بێ، "ئیبنو حەجەری هەیتەمی" دەڵێ: ئەوان (یاخییەکان) ئەوانەن

---

[1] شرح مسلم/ ٨/٣٤-٣٥.

[2] تحفه المحتاج، ٩/٦٦.

[3] زانراوە سەرەتای دامەزراندنی پێشەوا دەبێت تاوانبار نەبێت، هەروەها لە داخوازییەکانی ئەو کەسەی دەکرێتە جێنشینی کەسێکی دیکە، دەبێت لەوکاتەی بەیعەتی دەدرێتی گوناهبار نەبێ، ئەگەر بەو جۆرە نەبێ بەیعەتەکەی دانامەزرێ، تا ئەو کاتەی مەرجەکانی لێ دێتە جێ، بڕوانە: (الأحكام السلطانية، الماوردي، لا: ١٠).

[4] ئەو نامەیە ئیبنو خەلدوون و ئیبنو ئەسیر هێناویانەتەوە، بڕوانە: الكامل في التأريخ، ابن الاثير، ٤/٩.

کە لە پێشەوا دەردەچن ئەگەرچی ستەمکاریش بێ، لەبەر حەڕامیی شۆڕش لەدژی پێشەوا، بەڵام ئەم حەڕامییە بە ڕەهایی نییە، بەڵکو دوای جێگیربوونی بار و دۆخ و ڕێك بوونیان لەدوای سەردەمی هاوەڵان و پێشینان خوا لێیان ڕازی بێت بەو جۆرە چوونە دەرەوەی حوسەینی کوڕی عەلی و ئیبنو زوبەیر ﷺ لەگەڵ ئەو سوپایەی لەگەڵیان بوون، لەدژی یەزید و عەبدولەلیك ناچێتە ناو ئەو باسەمان[1].

"ئیبنو حەجەری عەسقەلانی"ش مەبەستی ئەو جۆرە شۆڕشەیە کە دەڵێ: بەشێك لەوانەی لەدژی فەرمانڕەوا شۆڕش دەکەن بە هۆی تووڕەییان لەسەر دینەکەیان، کاتێك فەرمانڕەواکانیان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لایانداوە و ستەمیان کردووە، ئەوانە لەسەر حەق بوون، نمونەی حوسەینی کوڕی عەلی و خەڵکی مەدینە لە ڕووداوی "حەڕڕە" و ئەو قوڕئانخوێنانەی لە فەرمانی حەججاج دەرچوون[2].

حوکمی شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەی شۆڕش لە دژی فەرمانڕەوای ستەمکار دەکەن

زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی دروست نییە شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ کە لە فەرمانی فەرمانڕەوایەك هەڵستاونەتەوە کە ستەمکارە، یان کار بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ناکا، بەڵکو پێویستە لەسەر پێشەوا بگەڕێتەوە بۆ کارکردن بە سوننەت و واز هێنان لە ستەم، ئەگەر پاش ئەوەی پێشەوایەکە وازی لە ستەم هێناو گەڕایەوە بۆ سوننەت هەر سووربوون لەسەر شەڕکردن، ئەوکات پەنا دەبردرێتە بەر شەڕکردن لەگەڵیان، نەوەوی لە "المنهاج" دەڵێ: ناکرێ شەڕ لەگەڵ یاخییەکان بکرێ تا ئەوکاتەی کەسێکی ئەمین و زیرەکیان بۆ دەنێردرێ ئامۆژگارییان بکا، پرسیاریان لێ بکا: چیتان

---

[1] تحفه المحتاج، ٦٦/٩، ئەو وتەیەی: "ئیبنو زوبەیر" لە حوکمی عەبدولەلیك چۆتە دەرەوە، پێچەوانەکەی ڕاستە کە "عەبدولەلیك" لە حوکمی ئیبنو زوبەیر چۆتە دەرەوە، ئەو وتەی زۆرینەی زانایانە، دواتریش باسی دەکەین.

[2] فتح الباری، ٢٤٠/١٢، لەو نێوانە کە باسی حوسەینی کوڕی عەلی دەکا، واتە: لەو کەسانەی کە خاوەنی حەق بوون نەك لەوانەی کە خەواریج بوون.

دەوێ؟ ئەگەر مەبەستێکیان هەبوو، یان داوای لادانی ستەمێکیان کرد، پێویستە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێ.

"ئیبنو قودامەی حەنبەلی" دەڵێ: کەسێك شۆڕش لە دژی فەرمانڕەوایەك بکا فەرمانڕەوایەتییەکەی دامەزرابێ بە یەکێك لەو ڕوانەی باسمان کرد، واتە "یاخی"بێ، واجبە شەڕی لەگەڵ بکرێ، بەڵام دروست نییە شەڕیان لەگەڵ بکرێ تا ئەوکاتەی کەسێکیان بۆ دەنێردرێ، داواکارییەکانیان بزانێ و ڕاستییان بۆ ڕوون بکاتەوە، مەگەر ئەوەی مەترسییان هەبێ، نەتوانرێ گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێ، بەڵام ئەوەندەی کرا دەبێت باسی حەقیان بۆ بکرێ و تێیان بگەیەنرێ، ئەو ستەمانەی باسی دەکەن و لێیان کراوە دەبێ لێیان لادرێ، بەڵگەکانیان پوچەڵ بکرێتەوە، ئەگەر هەر نەهاتنە ڕا ئەوکات شەڕیان لەگەڵ دەکرێ، لەبەر ئەوەی خوای گەورە سەرەتا باسی سوڵحی کردووە لەگەڵیان ئینجا باسی شەڕی کردووە، کاتێك دەفەرموێ: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَاۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِۚ﴾[1].

دەڵێن عەلی ﷺ پێش شەڕی "جەمەل" نامەی بۆ بەسرییەکان نارد، پاشان فەرمانی بە هاوەڵانی کرد: نەکەن دەستپێشخەری شەڕ بکەن، گوتی: ئەوکەسە ئەمڕۆ خۆشبەخت بێ لە قیامەتیش خۆشبەختە، پاشان گوێی لێ بوو دەیانگوت: "الله اکبر با تۆڵەی عوسمان بکەینەوە!"، ئەویش گوتی: خوایە بکوژانی عوسمان لەناو ببەی.

"عەبدوڵڵای کوڕی شەددادی کوڕی هاد" دەگێڕێتەوە: کاتێك خەواریجەکان لە "عەلی" جودا بوونەوە، عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی بۆ ناردن، قورئانیان کردە ناوبژیوان

---

[1] سووڕەتی حوجورات، ئایەتی ژمارە ۹، واتە: ئەگەر دوو تاقم لە ئیمانداران لە ناو خۆیان بوو بە جەنگیان، ئێوانیان چاك بکەن و ناشتیان بکەنەوە، جا ئەگەر تاقمێکیان تەجاوزی کرد بۆ سەر ئەویان، لەگەڵ ئەو تاقمەیان بجەنگن کە تەجاوز و دەستدرێژی کردووە تا ئەگەڕێتەوە بۆ ملکەچکردن بۆ فەرمان و قانوونی خوا.

و چوار هەزاریان گەڕانەوە[1].

ئەگەر نەگەڕانەوە، ئامۆژگارییان دەکا و بەوە دەیانترسێنێ کە شەڕیان لەگەڵ دەکا، چونکە ئامانج کوشتنیان نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بگەڕێنەوە و مەترسییان نەمێنێ، ئەگەر لادانی مەترسییان تەنیا بە گفتوگۆ کرا ئەوە ئەویان دەکرێ، لەبەر ئەو هەموو خراپە و مەترسی و زەرەرەی بەر هەردوو لا دەکەوێ بەهۆی شەڕەوە، ئەگەر داوای ماوەیەکیان کرد بۆ ڕاوێژکردن و زانرا کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە، ماوەیان دەدرێتێ. "ئیبنولونزیر" دەڵێ: هەموو ئەو کەسانەی زانانە و شتم لێیان گوێ لێ بووە، کۆدەنگن لەسەر ئەم باسە[2].

"ئیبنولهومام" دەڵێ: واجبە لەسەر هەموو کەس کە توانای هەبێ دەبێ لەگەڵ پێشەوا شەڕ لە دژی خەواریجەکان بکا، مەگەر بەهانەیەکی ئەوتۆیان هەبێ کە شەڕیان بۆ بلەوێنێ، ستەمێك لەوان یان لەکەسی دیکە کرابێ کە شوێنی گومانی تێدا نەبێتەوە، لەو حاڵەتە واجبە یارمەتییان بدرێ بۆ ئەوەی ئەو ستەمەیان لەسەر هەڵگیرێ، تا ئەو کاتەی فەرمانڕەوا دادپەروەرییان لەگەڵ دەنوێنێ و لە ستەمەکەی پاشگەز دەبێتەوە، جیاواز لەوەی کە گومان لەوە بێ کە ستەمی کردووە، وەك ئەوەی فەرمانڕەوا سەرانەی کۆکردبێتەوە کە مافی خۆیەتی، یان هەندێك خەڵك زەرەرمەند بووبن بەهۆی فەرمانێکی، کە فەرمانەکەی ئەوتۆ بێ زەرەرێکی گەورەتری پێ لادرابێ[3].

"ئیبنو حەجەری عەسقەلانی" لە بارەی ریوایەتی شەڕی عەلی ﷺ لەگەڵ خەواریجەکان، دەڵێ: ئەم ریوایەتە بەڵگەیە بۆ ئەوەی شەڕ کردن لەگەڵ ئەو کەسە دروستە

---

(1) حاکم ریوایەتی کردووە لە "المستدرك على الصحيحين، كتاب قتال أهل البغي، ذكر مكاتبته ﷺ حين صالح قومه قريشا، ٢/٤٩٨، ژمارەی: ٢٧٠٤، حاکم دەڵێ: هذا حديث صحيح على شرط الشيخين.

(2) المغنى، ابن قدامه، ٨/١٠٨.

(3) فتح القدير، ٥/٣٣٦، و: حاشيه ابن عابدين، ٣/٣١١.

کە لە فەرمانی پێشەوا دەچێتە دەرەوە و ئالای شەڕ دەچەقێنێت بەهۆی بێ و باوەڕە لاوەکەیەوە، بەڵام ئەو کەسەی شۆڕش لە دژی پێشەوایەك دەکا دەستی بەسەر مـاڵ و مووڵکی دا گرتبێ، ئەو شەڕی لەگەڵ ناکرێ بەڵکو بیانووی هەیە بۆ شۆڕشەکەی، دروست نییە شەڕی لەگەڵ بکرێ، بەڵکو بۆی هەیە بە پێی توانای شەڕ بکات لەسەر نەفس و ماڵ و منداڵی خۆی.

تەبەری ریوایەتی کردووە بە سەنەدێکی سەحیح لە "عەبدوڵڵای کوڕی حارس" لە پیاوێکی هۆزی "مضر" ئەویش لە عەلییەوە: باسی خەواریجی دەکرد و دەیگوت: ئەگەر دەرچوون لە پابەندبوون بە فەرمانی پێشەوایەکی دادپەروەر، شەڕیان لەگەڵ بکەن، بەڵام ئەگەر پێشەوایەکە ستەمکار بوو شەڕیان لەگەڵ مەکەن، لەبەر ئەوەی لێکدانەوەیەکیان هەیە، دەڵێم {واتە: ئیبنو حەجەر} : ئەوەی بەسەر حوسەینی کوڕی عەلی و خەڵکی مەدینە لە "حەرە" و بەسەر "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر" و پاشان بەسەر "قوڕڕائەکان"دا هات کە لە فەرمانی حەججاج دەرچووبوون لە چیرۆکی عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەشعەس، ئەوەی بەسەر ئەوانە داهات بە پێی ئەو وتەیەی عەلی لێکدەدرێتەوە، خواش زاناترە[1].

حوکمی شەڕکردنی "حوسەین" و شەهید بوونی ﷺ

لەو باسانەی ڕوونمان کردەوە وەڵامی پرسیارێکی گرنگمان دەست دەکەوێ، کە زۆر کەسی وەك قازی "ئەبوبەکری ئیبنولعەڕەبی" چنگیان نەکەوتووە، ئەگەر بۆ حوسەین جائیز بووبێ لە فەرمانی یەزید چووبێتە دەرەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، کەواتە بۆ سوپای یەزیدیش دروست بووە شەڕ لەگەڵ حوسەین بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان پێشەوایەکەی خۆیان پێ ڕاست بووە و پێیان حەرام بووە لە فەرمانی لا بدەن! لەسەر

[1] فتح الباری، ١٢/٢٥٤.

خۆیانیان بە واجب داناوە شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە لە فەرمانی دەردەچن.

زانیمان حوسەین ﷺ بە ستەم کوژراوە و شەهیدە و بکوژانی ستەمکارن، ئەو تەنیا لەبەر حەق و لە پێشەوایێکی ستەمکاریش هەڵسایەوە، پێشەوا ستەمکارەکەش هیچ دانوستانێکی لەگەڵ نەکرد و کەسی بۆ لای نەنارد تا وتوێژی لەگەڵ بکا ئاخۆ بۆچی هاتووە، لە ستەم و گوناحەکانیشی پاشگەز نەبوویەوە و وازی نەهێنا!.

حوسەین ﷺ لەو کاتەی کوژرا هەوڵی ئەوەی دەدا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، یان بەرەو پەناگەیەک بچێ، یانیش بۆلای یەزید بەڕێ بکەوێ و تێکەڵی کۆمەڵ ببێتەوە و ناکۆکی نەهێڵێ، مەبەستی ئەوە نەبوو شەڕ بکا، هەروەک "ئیبنو تەیمیە" و "ئیبنوکەسیر" و زانای دیکەش ئەوها دەڵێن، بەڵام ئەگەر داوای شەڕیشی کردبا دەبوایە خەڵکی بەگوێیان کردبا، چۆن دەکرێ لەو فەرمانەی لابدرێ[1]؟.

وتەی ئیبنو خەلدوون

ئیبنو خەلدوون ڕەحمەتی خوای لێ بێ، دەڵێ: کاتێک بۆ هەموو خەڵکی ئەو سەردەمە بەدیارکەوت کە یەزید گوناهبارە، لایەنگرانی ئالو بەیت لە خەڵکی کوفە نامەیان بۆ حوسەین نارد بێتە لایان و بیکەنە پێشەوای خۆیان، حوسەینیش وای بینی شۆڕش دژی یەزید پێویستە لەبەر ئەو تاوانانەی ئەنجامی داون، بەتایبەت بۆ کەسێک کە بتوانێ، ئەو توانایەشی لە خۆیدا دەبینییەوە، بەوەی پشتی هەیە و خۆشی شایستەیە، ئەوەی دووەم کە شایستەیی خۆیەتی تەواو بوو، بەڵێ شایستەبوو زیاد لەوەی کە لە خۆشی ڕا دەبینی، بەڵام لە بابەت ئەوەی پشتی هەیە هەڵە بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لەبەر ئەوەی هۆزی "مضر" لایەنگیری قوڕەیش بوون، "عبد مناف"یش هی "بەنو ئومەییە". قوڕەیش و خەڵکی دیکەش ئەوەیان دەزانی و کەس نکۆڵی لێ نەدەکرد،

[1] منهاج السنة، ٢/٢٥٦، وبڕوانە: البدایە والنهایە، ٨/١٧٤-١٧٥-٢٣٢.

بەڵام لەسەرەتای ئیسلام خەڵك ئەو لایەنگیرییەی لـەبیری کـرد، لەبـەر ئـەوەی خـەڵکی سەرسام بوون بە ئاینە نوێیەکە و موعجیزەکـانی و هاتنـە خـوارەوەی مەلائیکـەت بـۆ سەرخستنی ئاینەکە و وەحی، لەبەر ئەوە ئاگایان لە دەمارگیری نەما، لەبیرکرا و ڕۆیی، تەنیا ئەو لایەنگیرییە سروشتییە مایەوە کە لەکاتی جەنگدا بۆ شـەڕی موشـریکەکان و پارێزگاری لەخۆ کردن کەڵکی لێ وەردەگیرا، ئـەوکات داب و نەریتـەکان وەلا نرابـوون، ئیسلام حوکمی دەکرد، تا ئەو کاتەی پێغەمبەرایەتییان لەناودا نەما، موعجیزە و شتی ناسروشتییان چیدی نەدیت، هێدی هێدی نەریتەکان هاتنەوە سەر حوکم و ئیشی پێ کرا، دەمارگیری هۆزەکان وەك خۆی لێ هاتەوە. هۆزی "مضر" زیاتر بوونە گوێڕایـەڵی بـەنو ئومەییە لە هۆزەکانی دیکە، بە حوکمی ئەو پەیوەندییانەی لە پێش ئیسـلام هـەبوون و باسمان کردن، زانیشمان حوسەین لەو بابەتە هەڵەی کردووە بەڵام لەکارێکی دونیاییدا کە هەڵە تێیدا زەرەری بۆی نییە، هەرچی حوکمە شەرعییەکەیە ئەوە هەڵەی تێدا نـەکردووە چونکە بنیاتی لەسەر گومانی خۆی کردووە، گومانی وابووە توانای هەیە بۆ ئـەو کـارە. "عەبدوڵڵای کوڕی عەببـاس" و "عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر"یش داوایان لێ کرد لەمەدینە نەچێتە دەرەوە[1] هەروها "عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەر" و "ئیبنولحەنەفییـە"ی بـرای و کەسانی دیکەش، پێیان گوت چوونی بۆ کوفە هەڵەیە و بەڵام ئەو لەو ڕێگایەی خوا بۆی دیاری کردبوو لای نەدا.

هاوەڵانی دیکەش کە لە حیجاز بوون و بەشـێکی دیکـەیان لـە لای یەزیـد بـوون و هەندێکیان لە شام و عێڕاق بوون، لەگەڵ تابیعییەکانیش، ئەوانە پێیان وابوو ئەگەرچـی

---

[1] ئەوەی ئیبنو خەلدوون دەیڵێ کە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر داوای لە حوسەین کردووە بـەرەو کووفـە نەچێ و لە هەندێ ڕیوایەتیش دا هاتوون {بڕوانە: البدایە و النهایە، ١٦١/٨}، کۆکە لەگەڵ عـەقل و پێگە و پیاوەتی و ئەو هەموو جیهـادەی ئیبنـو زوبـەیر کردوویـەتی، هـەروها لەگـەڵ هاوەڵایـەتی و خواپەرستیەکەشی دەگونجێ، ئەو ڕیوایەتەی گوایە حوسـەین لە هەموو کەس قوڕس تر بووە لەسـەری و کەیفی پێی نەهاتووە، هەروها هانی داوە بۆ ئەوەی بچێتە کوفـە بـۆ ئـەوەی مەدینـە تـەنیا بـۆ ئـەو بمێنتەوە و کەس هاوشانی نەبێ لەوێ، لەبەر ئەوەی دەیزانی مادەم حوسەین زیندووە کەس گرنگی بـەو نادا، ئەو ڕیوایەتە جگە لەوەی سەنەدەکەی سەحیح نییە، لەگەڵ کەسایەتی پیاوەتی و دینداری ئیبنـو زبەیر یەك ناگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئیبنو خەلدوون هەر باسیشی نەکردووە.

یەزید تاوانباریشە، بەڵام نابێت شۆڕشی لەدژ بکرێ، لەبەر ئەو هەموو کوشتارەی لێی دەکەوێتەوە، بۆیە بەگەڵی نەکەوتن، زۆریشیان لێ نەکرد نەچێ، لەبەر ئەوەی حوسەین موجتەهیدە بەڵکو سەردەستەی موجتەهیدەکانە.

نەکەی هەڵە تێبگەی و وا بزانی ئەو هاوەڵانە تاوانیان کردووە شوێنی حوسەین نەکەوتوون، چونکە ئەوان زۆرینەی هاوەڵان بوون و بەیعەتیان بە یەزید دابوو و ڕایان وابوو ناکرێ لە پەیمانەکە پاشگەز ببنەوە، لەبەر ئەوەی کاتێک حوسەین لە کەربەلا شەهید دەکرا ئەوانی دەکردە شایەت بۆ سەلماندنی پایەی خۆی، دەیگوت لە "جابری کوڕی عەبدوللا" بپرسن! لە "ئەبو سەعیدی خدری" بپرسن، لە "ئەنەسی کوڕی مالیک"، لە "سەهلی کوڕی سەعید" و "زەیدی کوڕی ئەرقەم" بپرسن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی لە هیچ کامیان نەگرت کە بۆچی لەگەڵی نەهاتوونە و یارمەتییان نەداوە، چونکە دەیزانی کە هەموو ئەوانە موجتەهیدن و وەک چۆن ئەو ئیجتیهادی کردووە، ئەوانیش ئیجتیهادیان کردووە.

نەکەی واش تێبگەی کوژرانەکەی کارێکی ڕاست بووە لەبەر ئەوەی ئەو کارەیان بە ئیجتیهاد کردووە، ئەگەرچی لە ئیجتیهادیشەوە بووبێ، ئەو کارە بەو جۆرەیە، هەروەک چۆن کابرای شافیعی و مالیکی و حەنەفی بە خواردنەوەی "نبیذ" دارکاری دەکرێن، بەو جۆرە نییە، بەڵکو شەڕکردنیان لەگەڵی لە ئیجتیهادەوە نەبووە، لەبەر ئەوەی تەنیا یەزید و دار و دەستەکەی بوون شەڕیان لەگەڵ کرد و کەسی دیکەیان لەگەڵ نەبوو.

نەشڵێی لەبەر تاوانباریی یەزید درووست نەبووە ئەوانی ژێر دەستی شۆڕشی لە دژی بکەن، فەرمانەکانی ئەویان لا درووست بووە، کارەکانی فەرمانڕەوای تاوانبار ئەوکاتە جێبەجێ دەبێ کاتێک دروست بێ و ناکۆک نەبێ لەگەڵ شەرع، شەڕکردن لەگەڵ یاخییەکان مەرجی ئەوەیە لەگەڵ پێشەوایەک بێت دادپەروەر بێ، بەڵام لەو بابەتەی ئێمە ئەو مەرجە نەهاتۆتە دی، بۆیە بۆ یەزید درووست نەبوو شەڕ لەگەڵ حوسەین بکا، بەڵکو بۆ سەربازەکانیشی درووست نەبوو شەڕ بکەن، ناکرێ ئەسڵەن شەڕ بۆ یەزید بکرێ،

بەڵکو ئەو شەڕ و کوشتارەی لەگەڵ حوسەین و هاوەڵانی کردی، یەکێکە لەو کارانەیەتی کە دووپاتی تاوانبارییەکەی دەکاتەوە، حوسەین شەهیدە و پاداشتی هەیە و لەسەر حەق بووە، بە ئیجتیهاد کارەکەی کردووە، ئەو هاوەڵانەی لە ژێر فەرمانی یەزید دەرنەچوون، ئەوانیش لەسەر حەقن و موجتەهیدن.

قازی ئیبنولعەرەبی نەیپێکاوە کاتێك لە "العواصم من القواصم" ئاماژەی بەوە کردووە کە حوسەین بە شەرعی باپیرەی {پێغەمبەر ﷺ} کوژراوە! هەڵەیەکی زەقە و بە بێ ئاگایی لەوەی شەڕکردن لەگەڵ یاخییەکان مەرجی ئەوەی هەیە کە پێشەوایەکەت دادپەروەر بێ، ئەسڵەن کێ هەبوو لە سەردەمی حوسەیندا لەو زاناتر و پێشەواتر و عادیلتر بێ لە شەڕکردنی لەگەڵ "اهل الاراء[1]".

حاڵی یەزید

ڕای زۆرینەی زانا موسوڵمانەکان لەسەر ئەوەیە یەزید یەکێکە لە پاشا موسوڵمانە زۆرداڕە ناڕاشیدەکان.

لە ئیمامی ئەحمەدیان پرسی: ئەرێ فەرموودە لە یەزیدەوە ناگێڕیەوە؟ گوتویەتی: نەخێر، ڕێزی نییە لای من، ئەو نەبوو ئەو ئەوها و ئەوها لە خەڵکی مەدینە کرد[2]؟ مەبەستی ڕووداوی حەڕڕە بوو.

سالحی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل گوتییە باوکی: خەڵکانێك دەڵێن: ئێمە یەزیدمان خۆش دەوێ، گوتی: کەس هەیە باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێ و یەزیدیشی خۆش بوێ؟.

---

[1] المقدمه، لا: ٢١٦-٢١٧.

[2] منهاج السنه، ٢٥٣/٢٨.

سالّح گوتی: باوکە، کەوایە بۆچی لەعنەتی لێ ناکەی؟.

گوتی: کوڕم، کەی بیستوتە باوکت لەعنەت لە کەسێك بکا[1]؟.

"ئیبنولعەڕەبی" و "موحیببوددینی خەتیبیش"یش، ڕیزپەڕ بوونە بەوەی ڕایان وایە یەزید پیاوچاك بووە، چەند بەڵگەیەکیان بۆ ئەو مەسەلەیە هێناوەتەوە کە زۆر بێ بنەمان، وەك مالّی جالّجالّۆکە وان.

بەڵگەکەیان ئەوەیە ئیمام "لەیسی کوڕی سەعد" یەزیدی بە پێشەوای ئیمانداران ناوبردووە[2]، باشە کێ ئینکاری ئەوە دەکا کە پێشەوای ئیمانداران بووە؟ بوون بە پێشەوای ئیمانداران سیفەتی فاسیق بوونەکەی لێ ناکاتەوە، لە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە گێڕدراوەتەوە ئەو کەسەی پێی گوتبێ پێشەوای ئیماندارانە (دە) قامچی لێ داوە.

"موحیببوددینی خەتیب"یش بەڵگەی ئەوەی هێناوەتەوە: ئیبنو کەسیر باسی کردووە لەوەی کە خەڵکی مەدینە لەلای یەزید هاتنەوە و پەیمانی یەزیدیان لەسەر خۆیان نەهێشتبوو، عەبدوللّای کوڕی موتیع و هاوەڵانی بۆ لای موحەممەدی ئیبنولحەنەفییە چوون، پێیان گوت کە ئەویش پەیمانی یەزید بشکێنێ، بەڵام نەیکرد، عەبدوللّا گوتی یەزید ئارەق دەخواتەوە و نوێژان ناکا و لە قورئان لادەدەن، موحەممەدیش گوتی: ئەو شتانەی ئێوە باسی دەکەن، ئەمن لێیم نەبینیوە، لای ماومەتەوە و بینیومە نوێژی کردووە و چی خێر بووە ئەوی کردووە، پرسیاری شەرعی کردوە، تا کۆتایی ئەو گفتوگۆیەی نێوان عەبدوللّا و موحەممەدی ئیبنولحەنەفییە[3].

---

[1] مجموع فتاوى ابن تيميه، ٤١٠/٥.

[2] العواصم، لا: ٢٢٨.

[3] البدايه و النهايه، ٢٣٢/٨-٢٣٣.

ئەو گفتوگۆیە ئیبنو کەسیر بێ سەنەد ڕایگوێزاوە، ئەگەر ڕاستیش بێ ئەوە بەڵگەیە لەسەر تاوانباری، لەبەر ئەوەی ڕوونە سەلماندن پێش نەفی کردن دێ، تانە لێدان پێش ستایش کردن دێ[1].

هەندێك کەسی دیکە زیادەڕۆییان کردووە بە کوفر و هەڵگەڕانەوە تاوانباریان کردووە، ئەویش بەچەند بەڵگەیەك ڕەت کراوەتەوە:

١. خەڵکی مەدینە کاتێك لە فەرمانڕەوایەتییەکەی دەرچوون، تەنیا باسی ئارەقخۆری و نوێژنەکردن و چەند شتی دیکەیان کرد، بەڵام باسی ئەوەیان نەکرد کافر بووە یان هەڵگەڕاوەتەوە[2].

٢. دوای مردنی باوکی، ئیبنو عومەر بەیعەتی دایێ، کاتێکیش خەڵکی مەدینە بەیعەتەکەیان شکاند، ئەو نەیشکاند، بوخاری ڕیوایەت دەکا کە کاتێك خەڵکی مەدینە بەیعەتی یەزیدیان شکاند، ئیبنو عومەر ژێر دەستە و منداڵەکانی خۆی کۆکردەوە و پێی گوتن: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: "بۆ هەر کەسێکی غەدر بکا، ئاڵایەکی بۆ هەڵدەدرێ لە ڕۆژی قیامەت" ئێمەش لەسەر بەیعەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بەیعەتمان بەو کەسە داوە، غەدرێکی لەوەش گەورەتر نازانم بەیعەتی خواو پێغەمبەرەکەی بە یەکێك بدەی، پاشان شەڕی لەگەڵ بکەی، هەرکەسێکی کە زانیم بەیعەتی داوە بەو شەڕە و غەدری لە بەیعەتەکەی یەزید کردووە، ئەوە لە نێوان من و ئەودا پەیوەندی نامێنێ[3].

٣. هەروەها زۆرینەی ئومەت، کە زۆربەی هاوەڵان و تابیعییەکانیشیان تێدابوون، بەیعەتەکەیان نەشکاند، ئیبنو کەسیر دەڵێ: "ئەبو جەعفەری باقر" گوتویەتی: لە نەوەی ئەبو تاڵیب و لەنەوەی عەبدولموتتەلیب کەسیان لە "حەڕە" بەشدار نەبوون.

---

[1] ڕێسایە کە: الاثبات مقدم على النفي والجرح مقدم على التعديل.

[2] البداية و النهاية، ٨/٢٣٢-٢٣٣.

[3] بوخاری ڕیوایەتی کردووە، کتاب الفتن، باب إذا قال عند قوم شيئا، ثم خرج فقال بخلافه، ٩/٥٧، ژمارەی فەرموودە: ٧١١١-گ.

ئەو ریوایەتانەش کە گوایە کاتێك هەوالّی "حەڕرە"یان داوەتێ، کەیفی هاتووە و شیعری "ئیبنوززەبعەری" گوتووە کە دەڵێ:

لیتَ أشیاخي ببدرٍ شَهِدوا جزع الخزرج من وَقع الأسلِ

یان جگە لەو دێرە شیعرانەی ڕاشکاوانە کوفریان تێدایە، هەمووی درۆن و بنەمایان نییە، هەروەها ئەو ریوایەتانەی لەو کاتەدا ئەو شیعرەی گوتووە کە هەوالّی شەهید کردنی حوسەینیان داوەتێ، ئەویش ڕاست نییە، ئیبنو تەیمیە وا دەڵێ[1].

شەهید بوونی حوسەین ﷺ و هەڵوێستی یەزید لەو بارەیە

ئیبنو تەیمیە دەڵێ: ئەوەی "زیاد" گێڕاویەتییەوە ئەوەیە: یەزید فەرمانی کوشتنی حوسەینی نەکردووە، بەڵکو نەشیدەویست بیکوژێ، مەبەستی بوو ڕێزی لێ بنێ، هەروەك موعاویە ﷺ فەرمانی پێ کردبوو، بەڵام دەیویست حوسەین واز لە فەرمانڕەوایەتی بهێنێ و لە ژێر پەیمانی ئەودا بمێنێتەوە، کاتێك حوسەین هات و زانی عێڕاقییەکان ئەو پەیمانەی دابویانێ دەیشکێنن و تەسلیمی دەکەن، داوای کرد بچێتە لای یەزید، یان بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، یان بچێتە هەر پەنایەکی ئارام، ڕێگەیان پێ نەدا تا بە ئەسیری بیهێڵنەوە، شەڕیان لەگەڵ کرد تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد و ستەمیان لێ کرد ﷺ کاتێك هەوالّی کوشتنی گەیشتە یەزید و خانەوادەکەی، پێیان ناخۆش بوو و بۆی گریان. "یەزید" گوتی: لەعنەتی لەخوا لە ئیبنولەرجانە، مەبەستی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بوو، بەو خوایە ئەگەر خزمایەتییەکی لەگەڵ حوسەین هەبوایە نەیدەکوشت، ئەمن ڕازی دەبووم ئەگەر خەڵکی عێراق بە گوێیان کردبام و شەڕ ڕووینەدابا، پاشان خزمەکانی حوسەینی بە بارەوە ڕێك خست و بەرەو مەدینەی ناردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆڵەی حوسەینی نەکردەوە و فەرمانی کوشتنی بکوژانی نەدا! ئەو ریوایەتانەش کە

---

[1] منهاج السنه، ٢/٢٤٧.

گوایە ئافرەتەکانیان کردوون بە کەنیزەك و لەناو کۆڵانان سوڕاندونیانەتەوە و لەوڵاتان گێڕاویانن و سواری حوشتریان کردوون بێ کورتان، درۆن[1].

ئیبنو کەسیریش قسەیەکی نزیك لەوە دەکا، دواتر ریوایەتێکی دیکەش دەهێنێ، پاشان دەڵێ: گوایە "یەزید" سەرەتا کە هەوالّی کوژرانی حوسەینیان داوەتێ دڵخۆش بووە پاشان پەشیمان بۆتەوە[2].

هەندێك قسەی دیکەش دەکرێ درۆن، وەك ئەوەی گوایە ئاسمان سوور بووە و خوێنی باراندووە لەو ڕۆژەدا، یان هەر بەردێکت بڵند کردبا لە ژێری خوێنی نوێ هەبووە، چەندین شتی دیکەش[3].

لەعنەت کردن لە یەزید

زانیت بەڵگەمان لەسەر کافربوونی "یەزید" نییە، کەوایە دروستە نییە لەعنەتی لێ بکرێ، لەبەر ئەوەی لەعنەت کردن لە موسوڵمانێك بە دیاری کراوی حەرامە، جوانترین وتە تا ئێستا بینیبێتم هی "ئیبنو سەڵاح"ە لە فەتوایەکانی، دوای ئەوەی پرسیاری لێ کراوە: ئایا دروستە لەعنەت لە یەزید بکرێ کە فەرمانی کوشتنی حوسەینی کردووە؟.

دەڵێ: ریوایەتی سەحیح نەهاتووە بڵێ یەزید فەرمانی کوشتنی کردووە، بەڵکو ئەوە هاتووە: ئەو کەسەی فەرمانی کوشتنی حوسەینیﷺ کردووە "عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد" بووە، والی عێڕاق بووە ئەوکات، جوێن دان بە یەزید و لەعنەت کردن لێی کاری موسوڵمانان نییە، ئەگەر ریوایەتی سەحیحیش هاتبێ کە ئەو کوشتویەتی یان ئەو فەرمانی کوشتنی داوە، لە فەرموودەدا هاتووە: لەعنەت کردن لە موسوڵمان وەك کوشتنی وایە، ئەو کەسەی حوسەینی کوشت بەو کارەی کافر نابێ، بەڵکو گوناحێکی

---

[1] البداية و النهاية، ٢٣٢/٨.
[2] البدايه و النهايه، ٢٠١/٨.
[3] منهاج السنه، ٢٥٠/٢.

زۆر گەورەی کردووە، بەڵکو کەسێك پێغەمبەرێکی خواش بکوژێ پێی کافر نابێ!.

خەڵکی لە باسی یەزید سێ بەشن:

یەکەمیان : خۆشیان دەوێ و بە پێشەوای خۆیانی دەزانن.

دووەمیان: جوێنی پێ دەدەن و لەعنەتی لێ دەکەن.

سێیەمیان: ناوەندن. نە بە پێشەوای دەزانن و نە لەعنەتی لێ دەکەن، بەڵکو وەك تەواوی مەلیکە موسوڵمانەکانە ناڕاشیدییەکانی دیکە سەیری دەکەن.

بەشی سێیەم پێکاویانە، مەزهەبەکەیان دەگونجێ لەگەڵ هەڵوێستی پێشینان، هەروها ڕێساکانی شەریعەتیش هەمان ڕا پەسەند دەکەن، خوا لە باشترین خەڵکەکانی شەریعەتەکەیان حسێب بکا، ئامین[1].

حیکایەتی کوژرانی حوسەین و ئەو تێکهەڵچوونانەی لەنێوان هاوەڵاندا ڕوویانداوە

ئیبنو حەجەری هەیتەمی دەڵێ: "غەززالی" و زانای دیش دەڵێن: ئەو کەسەی ئامۆژگاری خەڵکی دەکا، حەڕامە باسی چیرۆکی کوژرانی حوسەین بکا، هەروەها حەڕامە باسی ڕووداوەکانی نێوان هاوەڵان بکا، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی ڕق لێبوونەوەی هاوەڵان و تانە لێدانیان، ئەوان ناودارانی دینن، ئایین و شەرعمان لێیان وەرگرتووە، ئەو کەسەی تانە لەوان دەدات، خۆی تانە لێدراوە و تانە لە دین و کەسایەتی خۆی دەدات.

ئیبنو سەلاح و نەوەوی دەڵێن: هاوەڵان هەموویان باوەڕپێکراون، پێغەمبەر ﷺ سەت و چواردە هەزار هاوەڵی هەبوو لەکاتی وەفاتی ﷺ قورئان و ریوایەتەکان بە ڕاشکاوی ئاماژە بە پیاوچاکی و دادپەروەریان دەکەن، ئەو شتانەی لە نێوانیان ڕووی داوە چەندین لێکدانەوەی بۆ دەکرێ[2].

---

[1] فتاوی ابن صلاح، لا: ٣٨.

[2] الصواعق المحرقه، لا: ٢٢١-٢٢٢.

پێشەوای بڕوادارانعەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺ

عەبدوڵڵا هاوەڵی پێغەمبەرە ﷺ باوکیشی "زوبەیر" یەکێك لەوانەیە مووژدەی بەهەشتیان دراوەتێ، نازناوی "حەواری[1]" پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دایکیشی "ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سیددیق"ە، کە نازناوی خاوەنی دوو پشتێنەکە[2]ی پێ بەخشرابوو، داپیری (دایکی باوکی) سەفییەی کچی عەبدولموتتەلیبە، کە پووری پێغەمبەری خواش بوو ﷺ موسوڵمان بوو و هیجرەتی کرد. پووری باوکی، "خەدیجەی کچی خوەیلید"ی دایکی ئیماندارانە، پووری خۆشی عائیشەی دایکی ئیماندارانە ﷺ .

یەکەم منداڵ بوو موهاجیرەکان بوویان لە مەدینە، موسوڵمانان یەکجار دڵخۆش بوون بە لەدایك بوونی، چونکە جوولەکەکان دەیانگوت جادوومان لە موسوڵمانان کردووە و منداڵیان نابێ، خوای گەورە بە درۆی خستنەوە، پێغەمبەر ﷺ دەنکە قەسپێکی جوی و لەناو دەمی دانا، یەکەم شتێك چووە ناو هەناوی لیکی پێغەمبەر بوو ﷺ، پێغەمبەر ﷺ دووعای بۆ کرد و ناوی نا عەبدوڵڵا و کونیەی کردە ئەبوبەکر، وەك ناو و کونیەی باپیری ئەبوبەکری سیددیق، لە ساڵی یەکەمی کۆچیدا لەدایك بوو.

زۆری شەونوێژ دەکرد و بەڕۆژوو دەبوو، نوێژی درێژ بوو، سیلەی ڕەحمی بەجێ دەهێنا، زۆر ئازا بوو، لێی دەگێڕنەوە ئەوەندە خواپەرست بووە تەواوی ساڵەکانی ژیانی دابەش کردووە، شەوێك بە ڕاوەستان نوێژ دەکا تا بەیانی و شەوێك بە ڕکووعەوە و

---

[1] پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا بە سەنەدێکی سەحیح ڕیوایەتی کردووە، فەرمویەتی: "زوبەیر کوڕی پورمە و حەواری منە لە ئومەتەکەمدا. "حەواری" واتە: سەرخەر و پشتیوان و کەسی تایبەتیم – گ.

[2] بۆیە پێی گوتراوە خاوەنی دوو پشتێن چونکە لە ڕووداوی کۆچدا هیچ نەبوو خواردنی تێدا هەڵبگرێ بۆ پێغەمبەر ﷺ و باوکی، لەبەر ئەوە پشتێنەکەی کردە دوو بەش و بەشێکی لەخۆی بەست و بەشەکەی دیکە خواردنەکەی تێدا هەڵگرت و بۆیانی برد – گ.

شەوەکەی دیکە لە سەجدە دەبێت تا بەیانی.

لە هێرشی ئەفریقیا بەشدار بوو لەژێر سەرکردایەتی عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح، پاشای ئەفریقیا بە سەت و بیست هەزار جەنگاوەر بۆ شەڕ هاتە مەیدان و موسوڵمانان بیست هەزار! ئەفریقییەکان دۆڕان، عەبدوڵڵا سەیری پاشاکەیانی کرد لە سوپایەکەی جودا بۆتەوە، پێی ڕاگەیشت و کوشتی، بەو جۆرە کرانەوەی ئەفریقیا بە ڕووی موسوڵمانان لەسەر دەستی ئەو بوو.

کەس هاوشانی نەبوو لە سێ شت (خواپەرستی، ئازایەتی، ڕەوانبێژی). ڕۆژێک بارانێکی بەخوڕ هات و کەعبەی داپۆشی، بە مەلە تەوافی کرد، ئەبو نوعەیم ریوایەتی کردووە "ئیبنوزوبەیر" سەت خزمەتکاری هەبووە هەر یەکێکیان بە شێوەزارێك قسەی دەکرد ئەویش لەگەڵ هەر یەکێکیان بەشێوەی خۆی دەدوا.

ئەگەر لەکارو باری دونیا سەیرت کردبا دەتگوت ئەو پیاوە زۆر دونیاویستە، کاتێکیش لە کارو باری قیامەتیت ڕوانیبا، دەتگوت ئەو پیاوە کاری بەسەر دونیا نییە[1].

ئەو شتانەی بەسەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺ هاتن

کاتێك موعاوییە پێش مردنی بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، ئیبنوزوبەیر ڕەتی کردەوە بەیعەت بدا، دواتریش کە یەزید دەست بەکار بوو، هەوالّی کوژرانی حوسەین گەیشتە عەبدوڵڵا، ئینجا دەستی کرد بەوەی خەڵکی هان بدا لە دژی بەنو ئومەییە، داوای لە خەڵکی دەکرد پەیمانی یەزید بشکێنن، خەڵکێکی زۆر بە نهێنی بەیعەتیان دایێ، دانیشتوانی مەدینە و خەڵکی دیش نامەی پشتگیرییان بۆ نارد، کاتێك ئەو

[1] التهذيب، ٢٦٦/١، و: الاصابة، ٣٠٩/٢ و: البداية والنهاية، ٣٣٢/٨-٣٣٩.

هەواڵە گەیشتە یەزید پێی ناخۆش بوو، دواتر وەفدێکی خەڵکی مەدینە هاتنە لای یەزید و ئەویش ڕێزی لێ نان و دیاری باشی پێ بەخشین، کە وەفدەکە گەڕایەوە مەدینە و دیارییەکانیان لا بوو، باسی ئەوەیان کرد کە مەی دەخواتەوە و نوێژان ناکا، باسی شتی دیکەشیان کرد، ئەوان و خەڵکی دیش بەیعەتەکەیان شکاند، بەڵام عەلی کوڕی حوسەینی "زەینولعابیدین" و "موحەممەدی ئیبنولحەنەفییە" و "ئیبنو عومەر" و"نەوەکانی عەبدولموتتەلێب" و "خانەوادەی ئیبنو عومەر" بەیعەتەکەیان نەشکاند[1].

خەڵکی مەدینە "عەبدوڵڵای کوڕی حەنزەڵە"یان کردە پێشەوایان، حەنزەڵە ئەو هاوەڵە بوو مەلائیکەتەکان شوشتیان، ئینجا یەزید سووپای بۆ ناردن، ڕووداوی "حەڕە" ڕوویدا، چ گەورە و بە ئازار بوو ئەو ڕووداوە!.

یەزید فەرمانی پێکردبوون پاش ئەوەی کار و باری مەدینە بە تەواوی دەگرنەوە دەست، بچن بۆ شەڕی ئیبنو زوبەیر لە مەککە، خەڵکانێکی زۆر لە دەوری ئیبنو زوبەیر ﷺ کۆ ببوونەوە و بەیعەتیان پێ دابوو، سووپای یەزید گەیشتە مەککە و دەستی کرد بە شەڕ.

شەڕ چوار مانگی خایاند، کاتێك هەواڵی مردنی "یەزید" گەیشتە سووپایەکەی، بەرەو شام پاشەکشەیان کرد، موعاوییەی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاوییە کار و باری کەوتبووە دەست، ئەو لەشوێنی باوکی دانیشتبوو، پیاوێکی لەخواترس بوو، گەنج بوو، بێ هێزیش بوو، شەش مانگی نەبرد وەفاتی کرد و کەسی لەدوای خۆی دانەنا.

پاش ئەو مەڕوانی کوڕی حەکەم فەرمانی گرتە دەست، دە مانگی پێ نەچوو ئەویش مرد، پاش ئەو عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان دەستەڵاتی گرتە دەست.

---

[1] البدایه و النهایه، ۲۱۷/۷-۲۱۸.

کاتێك یەزید مرد خەڵکێکی زۆر لەدەوری عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر کۆببوونەوە، لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان بەیعەتی بۆ هات، "زەححاکی کوڕی قەیس" بەیعەتی دیمەشق و گوندەوارەکانی ئەوێی پێ دا، جگە لە هەندێك خەڵکی شام کەسی دیکە نەمابوو بەیعەتی پێ نەدا، "مەڕوان"یش نیازی هێنا بچێ بۆ بەیعەت پێدانی، بەڵام هەندێك شوێنکەوتووی بەنو ئومەییە پەشیمانیان کردەوە[1] بەیعەتیان بەو دا، دژایەتی ئیبنو زوبەیری کرد و شام و میسڕی خستە ژێر دەستی خۆی، نیازی وابوو بچێ و سوپا بەرەو عێراق بنێرێ، بەڵام مرد و نەیتوانی.

عەبدولمەلیکی کوڕی فەرمانڕەوایەتی گرتە دەست. موسعەبی کوڕی زوبەیر کە وەلی عێراق بوو لەلایەن برای "عەبدوڵڵا"وە دانرابوو، عەبدولمەلیك کوشتی! عەبدولمەلیك عێراقی گرت و حەججاجی لە شوێنی موسعەب دانا و ڕەوانی کرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لە مەککە، نزیکەی حەفت مانگ حەججاج گەمارۆی مەککەی دا، تا ئەو کاتەی لە ١٧ ی جومادی یەکەمی ساڵی ٧٣ ی کۆچی کوشتی، عەبدوڵڵا نۆ ساڵان جێنشین بوو[2].

جێنشینی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺ

زانایان ناکۆکن لەسەر ماوەی پاش مردنی موعاوییەی کوڕی یەزید، ئایا کێ جێنشینە؟ عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرە؟ یان مەڕوانی کوڕی حەکەمە و پاش ئەویش عەبدولمەلیکی کوڕی؟ ئەوەی زۆرینەی زۆری زانایان لەسەرن ئەوەیە کە پێشەوای ڕاستەقینە ئەوکات عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر بووە.

---

[1] ئەو ڕووداوانە، ئیبنو حەجەر لە فەتحولباری هێناویەتییەوە کە لە تەبەری و خەلیفەی کوڕی خەیات و ئەبو زەرعە دەگێڕێتەوە کە لە میژووەکانیان گێڕاویانەتەوە.

[2] بڕوانە: مجمع الزوائد، ٢٥٢/٧ و: الاصابە، ٣١١/٢.

"سیوتی" دەڵێ: ڕاستترین وتە ئەوەیە: "زەهەبی" دەڵێ: "مەڕوان" بە پێشەوا دانانرێت، بەڵکو یاخییە و لە فەرمانڕەوایی ئیبنو زوبەیر دەرچووە. کە کوڕەکەشی لە شوێنی خۆی دانا، ئەو دانانەش دروست نەبووە و دانی پێ نانرێ، بەڵام پاش کوژرانی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، ئینجا بە جێنشین هەژمار دەکرێ[1].

"ئیبنو کەسیر" دەڵێ: بێ گومان "عەبدوڵڵا" دوای مردنی موعاویەی کوڕی یەزید بە پێشەوا دادەنرێت، لەبەر ئەوەی لە مەڕوان لێهاتووتر بوو، بەڵکو دوای ئەوەی خەڵکی وڵاتان بەیعەتیان بە عەبدوڵڵا دا، کارەکان ڕێککەوتن، ئینجا مەڕوان ناکۆکی لەگەڵ دروست کرد، خوای گەورەش زاناترە[2].

"ئیبنو حەجەری عەسقەلانی" هێشتا لەوەش دوورتر ڕۆییوە و "موعاویەی کوڕی یەزید"یشی بە پێشەوای ئیمانداران حسێب نەکردووە، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە یەزیدی باوکی بەیعەتی بۆ وەرگرتووە، یەزیدیش بەخۆی تاوانبارە، بۆیە حسێب بۆ ئەو بەیعەتە ناکرێ، لەبەر ئەوەش زۆرینەی زۆری موسوڵمانان کۆك بوون لەسەر ئیبنو زوبەیر.

ئیبنو حەجەر لە ڕاڤەی فەرموودەی پێغەمبەر "ئەم دینە هەر لەسەر پێی خۆی دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی دوازدە جێنشین دێن کە خەڵکی لەسەریان کۆك دەبن[3]" لە

---

[1] تاریخ الخلفاء، لا: ٢١٢.

[2] البدایه و النهایه، ٣٤١/٨.

[3] ڕافیزیەکان بەڵگەیان بەم فەرموودەیە هێناوەتەوە بۆ ئەو دوازدە ئیمامەی دایانناوە، بەڵام ئەم بەڵگە هێنانەوەیان لەبەر چەند هۆکارێك ڕەت دەکرێتەوە:

١- وشەی (لەسەرتان) واتە دەستەڵاتیان دەبێت و فەرمانیان لەسەرتان دەڕوا، بەڵام ئەم دوازە پێشەوایە تەنیا عەلی و حەسەن خاوەنی فەرمانڕەوایەتی بوون.

٢- دوازدەهەمین ئیمام، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە لە ژێر زەمینە، چاوەڕێ دەکەن وەك مەهدی چاوەڕوانکراو بێتە دەرەوە، تەنیا خەیاڵ پڵاوییە، ڕاستییە میژوویەکان ئەوە دەردەخەن کە حەسەنی عەسکەری بێ منداڵ بووە، ئەوان دەڵێن ئەو مەهدییە کوڕی ئەوە.

ریوایەتی دیکە "لەدوای من"یشی تێدایە، دەڵێ: ڕێکتر وایە کە فەرموودەی "لەدوای من" لەسەر حەقیقیەتی خۆی وەرگرین، لە ئەبوبەکری سیددیقەوە هەتا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چوارده کەس بوونەتە جێنشین، دوانیان بە جێشین حسێب ناکرێن و ماوەی جێنشینییەکەیان زۆر کورت بووە، ئەوانیش موعاوییەی کوڕی یەزید و مەڕوانی کوڕی حەکەم بوون، بەو جۆرە دوازە کەس دەمێننەوە هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، وەفاتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ساڵی سەت و یەك بووە، لە پاش ئەو دۆخەکان گۆڕان و سەدەی یەکەم کە باشترین سەدە بوو کۆتایی پێهات.

فەرموودەی "خەڵك کۆك دەبن لەسەریان" مەبەست لە زۆرینەیە کە خەڵکی گشتیان لەسەر ئەوانی دیکە کۆك بوون جگە لە حەسەنی کوڕی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر نەبن، لەگەڵ ئەوەش فەرمانڕەوایەتییەکەیان درووست بووە، ئەوانەی ناکۆك بوون لەگەڵ ئەم دووانە، فەرمانڕەوایەتییەکەیان جێگیر نەبووە تا ئەوانە لە فەرمانڕەوایەتیدا بوون، تا ئەوکاتەی حەسەنی کوڕی عەلی فەرمانڕەوایەتی تەسلیمی موعاوییە کرد و، ئیبنو زوبەیر کوژرا، خواش زاناترە[1].

٣- جێنشین ئەوەیە کە لەشوێنی ئەو کەسە دابنیشێت کە لە پێشی خۆی بووە، فەرموودەکە وا دەگەیەنێت کە ئەو جێنشیانەنە دەستەڵاتیان دەبێ، تەنیا دوانیان دەستەڵاتیان هەبووە، لە ریوایەتی بوخاری بۆ ئەم فەرموویەیە بە (سەرکردە) هاتووە لە شوێنی (جێشنشین)، لە ریوایەتی سوفیانی کوڕی عویەینە هاتووە: (کاری خەڵکی ڕاستە ڕێیە تا ئەو کاتەی دوازده کەس کاریان دەگرنە دەست) هەروەك لە (فتح الباری) دا هاتووە، ئەو دوو ریوایەتە ڕاشکاون، لەبەر ئەوەی لە ریوایەتی یەکەم بە (سەرکردە) هاتووە و لە ریوایەتی دووەمیش بە (کاربەدەست) هاتووە.

٤- ئومەت لەسەر هیچ کام لەم ئیمامانە کۆدەنگ نین، بەڵکو نزیکەی نیوەی ئومەت کۆدەنگ بوون لەسەر دوانیان، لە زۆربەی ریوایەتەکان (ئومەت لەسەریان کۆدەنگ دەبێت) نەهاتووە، بەڵام سەحیحە، هەروەك ئیبنو حەجەر لە (فتح الباری) دەڵێ: گێڕانەوەکانی فەرموودەکە ئەو واتایە دەدەن.

[1] فتح الباری، ١٨٣/١٣.

ڕووداوی نێوان ئیبنو زوبەیر و عەبدولمەلیك

لە کۆتایی ئەو بەشە، پێمان باشە قسەکانی "ئیبنوخەلدوون" بهێنینەوە لە بارەی ڕووداوی نێوان عەبدولمەلیك و ئیبنو زوبەیر، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، لەو بارەیەوە تەڕ و وشکی تێکەڵ کردووە، لێرە وتەکانی دەهێنینەوە پاشان ئەو تێبینیانەی کە هەمانە لەسەر قسەکانی تۆماریان دەکەین، هەندێك بابەتیش زیاتر ڕوون دەکەینەوە، پاش ئەوەی باسی شۆڕشی حوسەین ﷺ دەکا لەدژی یەزید، دەڵێ:

ئیبنو زوبەیر کاتێك هەڵسایەوە، هەمان بیری حوسەینی هەبوو، بەڵام ئەم لە حوسەین هەڵەتر بوو لە بابەت هەبوونی پاڵپشتی هۆزەکان، چونکە بەنو ئەسەد {هۆزی ئیبنو زوبەیر} نە لە جاهیلییەتدا، نە لە ئیسلامدا توانای بەرەنگاری بەنو ئومەییەیان نەبووە، ناکرێ لێرەش لایەنێك بە دیاری کراوی بە هەڵە دابنێین هەروەك چۆن لە نێوان "موعاوییە" و "عەلی" دا موعاوییەمان بە هەڵە دانا، چونکە لەویان کۆدەنگی هەبوو[1]، بەڵام لەمەیان کۆدەنگی نییە، یەزید دیارە تاوانبارە، بەڵام عەبدولمەلیکی دژبەری زوبەیر لە دادپەروەرترینی خەڵکییە، بەڵگەی پیاو چاکیی ئەو بەڵگەهێنانەوەی پێشەوا مالیکە بە کارەکانی، هەروەها "ئیبنو عەببباس" و "ئیبنو عومەر" بەیعەتیان بەو دا نەك بە ئیبنو زوبەیر[2]، لەگەڵیشی بوون لە حیجاز، لەگەڵ ئەوەش زۆر لە هاوەڵان

---

[1] مەبەستی ئەو کۆدەنگییەیە کە لەدوای سەردەمی هاوەڵان دروست بوو، ئەگەر نا لەسەردەمی هاوەڵان ناکۆکی هەبوو، بە جۆرێك هەندێك هاوەڵی وەك "ئیبنو عەببباس" و "ئیبنو عومەر" و "ئیبولحەنەفییە" بەیعەتیان نەدا بە هیچ لایەکیان، جیاواز لە مەسەلەی ئیبنو زوبەیر و عەبدولمەلیك، ئەو کۆدەنگی لەسەر دروست نەبووە، ، بابەتەکە جێی ناکۆکییە لە نێوان زانایان، ئەگەرچی زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەن کە حەق بە ئیبنو زوبەیرە ﷺ.

[2] ئەم زانیارییە دروست نییە، ئیبنو عەببباس بەیعەتی نەدا هیچ کامیان، نە ئیبنو زوبەیر و نە عەبدولمەلیك، ئیبنو خەلدوون خۆی لە میژووەکەی (٣/٢٧-٢٨) وا دەڵێ، ئیبنو کەسیریش دەڵێ: کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان ئیبنو زوبەیر و عەبدولمەلیك، ئیبنو عەببباس و ئیبنولحەنەفییە خۆیان دوورە پەرێز گرت لە خەڵکی، ئیبنو زوبەیر داوای لێکردن بەیعەتی بدەنێ، بەیعەتیان پێ نەدا، هەردووکیان پێیان گوت: نە بەیعەتت پێ دەدەین، نە ناکۆکیشت لەگەڵ دروست دەکەین، هەردووکیان

بەیعەتی ئیبنو زوبەیریان بە دانەمەزراو لە قەڵەم دەدا، لەبەر ئەوەی ئەهلی "حیل و عەقد" ئامادەی نەبوون[1] وەک ئەوەی لە بەیعەتی مەڕوان دا بوو[2]، ئیبنو زوبەیر وەک ئەو نەبوو.

هەموویان موجتەهیدن، لێکدانەوەی وایان بۆ دەکرێ کە لە ڕوالەتدا لەسەر حەق بوونە، ئەگەر چی لایەنێکیشیان لەسەر حەق نەبووبن، پاش ئەو ڕێسا و بنەڕەتانەی دامانەزراند، ڕوون دەبێتەوە: کوژرانەکەشی لەگەڵ ڕێسایە فیقهییەکان یەکانگیرە[3]،

بەڕەو "تائیف" ڕۆیشتن، دوو ساڵان ئیبنو عەببباس بەیعەتی بە کەس نەدا (بڕوانە: البدایە و النهایە، ۳۰۵/۷-۳۰۶)، ئیبنو زوبەیر باسی چیرۆکێك دەکا کە گوایە ئیبنو زوبەیر بە زۆر بەیعەتی لێ وەرگرتوونە، بەڵام لە (لا: ۲۷۸) هەر بەخۆی ئەو ڕیوایەتە بە پوچ لەقەڵەم دەدا و ڕەتی دەکاتەوە.

ئیبنو عەببباس دوای هاتنە سەر حوکمی ئیبنو زوبەیر تەنیا دوو ساڵێك ژیا، هاتە سەر حوکمی عەبدولمەلیك لە (۲)ی ڕەمەزانی ساڵی (٦٥ك) وەفاتی ئیبنو عەببباسیش لە ساڵی (٦٨) بوو.

ئیبنو عومەریش بەو جۆرە، بەیعەتی نەدا بە کەس، تا ئەو کاتەی ئیبنو زوبەیر شەهید بوو، ئینجا بەیعەتی دا بە عەبدولمەلیك.

"عەبدوللای کوڕی دینار" دەڵێ: شایەت بووم کاتێك خەڵکی بەیعەتیان دا بە عەبدولمەلیك، عەبدوللای کوڕی عومەر نامەی بۆ عەبدولمەلیك نارد: ئەمن دان بە گوێڕایەڵی بۆ بەندەی خوا "عەبدولمەلیك"دا دەنێم لەسەر فەرمانی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ خانەوادەکەشم هەمان ڕایان هەیە (بوخاری ڕیوایەتی کردووە).

[1] ئەگەر مەبەستی گشت ئەهلی "حل و عقد" بێ ئەوە نە بۆ بەیعەتی ئیبنو زوبەیر، نەبۆ بەیعەتی عەبدولمەلیك گشتیان ئامادە نەبوون، بەرام ئەگەر مەبەستی زۆرینەیان بێ ئەوە زۆربەی زۆری ویلایەتەکان بەیعەتیان دا ئیبنو زوبەیر، تەنیا هەندێك خەڵکی شام مابوونەوە کەبەیعەت بدەن، بەجۆرێك کە مەڕوانیش ڕای هاتە سەر ئەوەی بەیعەت بدا، بەرام هەندێك لایەنگرانی بەنو ئومەییە پەشیمانیان کردەوە، هەروەك باسمان کرد.

[2] ئەو قسەیە واتای چییە؟ ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت ئەهلی "حیل و عەقد" ئامادەی بەیعەتی مەڕوان بوونە، هەڵەیە، بەڵکو نە هەموویان و نەزۆرینەیان ئامادەی نەبوون، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوە بێ بەیعەتی ئیبنو زوبەیریش وەک ئەوەی عەبدولمەلیك حازری نەبوون، دروستە، بەڵام مانای قسەکەی ئەوەیە ئیبنو زوبەیر وەک عەبدولمەلیك نییە، واتە هی ئەو ئامادەی نەبوونە، بەهەر حاڵ، ئەو قسەیەی دەڵێ ئیبنو زوبەیر وەک عەبدولمەلیك نییە، هەڵەیە.

[3] لەگەڵ ڕێسکانی شەرع یەکگرتنەوە مەبەستی ئەوەیە عەبدولمەلیك وای دەبینی بەیعەتی ئیبنو زوبەیر دانەمەزراوە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەهلی "حیل و عەقد" ئامادەی نەبوون، خۆشی بە بەهێزتر دەزانی لە ئیبنوزوبەیر، لەبەر ئەوە خۆی بە شایەنتر دەزانی بۆ ئەوەی ببێتە جێنشین، پێی وابوو واجبە

لەگەڵ ئەوەی ئەو شەهیدە و خێرێ بۆ دەنووسرێ چونکە بەدوای حەقدا گەڕاوە و مەبەستی بووە بیگاتێ.

لەسەری لە حوکمی ئیبنو زوبەیر هەڵسێتەوە، بۆ ئەوەی مسوڵمانان لەژێر یەك ئالآ کۆ ببنەوە، ئەگەر چی لەو ڕایەیدا بەپێی قسەی زۆرینەی زانایان هەڵەبووە.

کۆتایی

ئیبنو خەلدوون دەڵێ: ئەو لێکدانەوەیەی باسمان کرد، پێویستە بەو جۆرە کارەکانی سەلەف لە سەحابە و تابیعییەکان لێکبدرێنەوە، ئەوان باشترینی ئومەتن، ئەگەر تانەمان لەوان دا، ئەوە کێمان دەمێنێتەوە؟ لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریش ﷺ ناگونجێ: "باشترین سەدە سەدەی منە (دوو سێ جار وای فەرموو) پاشان درۆ بڵاو دەبێتەوە". باشترین سەدەی تایبەت کرد بە سەدەی یەکەم و پاشان سەدەی دووەم.

نەکەی زمانت ڕا بێنێ لەسەر تانە دان لەهیچ کامیان، با دڵت خەتەرەی هیچ ئەو شتانە نەکا کە لە نێوانیان ڕووی داوە، ئەوەندەی پێت کرا و گونجا لێکدانەوەی دروستیان بۆ بکە، ڕێگای ڕاستیان بۆ بدۆزەوە، ئەوان لە هەموو خەڵکی دیکە شایستە ترن ئەو جۆرە لێکدانەوەیان بۆ بکرێ، ئەوان تەنیا لە کاتێکدا شەڕیان کردووە کە مەبەستیان حەق بوبێ و پێیان وابێ جیهاد دەکەن، بەڵگەشیان نەبووبێ هیچکات شەڕیان نەکردووە.

ناکۆکییەکانیان بە ڕەحمەت بۆ خەڵکی دوای خۆیان لێکبدەوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك بیەوێ پێشینێك بکاتە پێشەوای خۆی سەرپشك بێ لەنێوانیان، یەکێك لەو هاوەڵانە بکاتە پێشەوا و ڕێنیشاندەر و ڕێنمونیکەری، لەو قسانە و لە حیکمەتی خوا لە دروست کردنی گیانداران و ئاسمانەکان تێبگە، بزانە ئەو خوایە لەسەر هەموو شتێك زاڵە، پەناگە و دوا ئارامگەمان بۆ لای ئەوە، خوای گەورەش زاناترە[1].

سوپاس بۆ خوای باڵادەست، سەڵات و سەلامیش لەسەر پێشەوامان موحەمەد، هەم لەسەر ئالو بەیت و یارانی.

---

[1] مقدمه ابن خلدون، لا: ۲۱۷-۲۱۸.

١٠ی جومادی دووەمی، ١٤٠٦ی کۆچی، بەرامبەری ١٩٨٦/٢/١٩ی زاینی.

دەستکاری و چاککردنی لە ٩ ی ڕەمەزانی ١٤٢٢ی کۆچی تەواو بوو.

وەرگێڕانی لە ٢ی ڕەجەبی ١٤٣٩ی کۆچی بەرامبەری ٢٠١٨/٣/١٩ و پاکنووسکردن و دووبارە پێداچوونەوەی لە ٦ ی شەعبانی ١٤٤١ ی کۆچی بەرامبەر ٢٠٢٠/٣/٣٠ تەواو بوو.

پێڕست

سوپاسگوزاری ٦
پێشکەشکردن ٧
پێشەکی ١٣
پێشەکی وەرگێڕ و چەند تێبینیێکی گرنگ ١٤
پێشدەستی پێناسەی هاوەڵ"سەحابی"و دیاری کردنی پلەیان وچەند لایەنێکی پەیوەندیدار ١٧
پێناسەی هاوەڵ ١٧
کورتەیەک لەو فەرموودانەی لەبارەی پایەی هاوەڵان هاتووە ١٨
کۆتایی پێشەکی ٤٣
بەشی یەکەم خەلیفەی پێغەمبەری خوا ٤٦
پلەو پایەی ٤٦
چەند دەقێک لەبارەی جێنشینبوونی ئەبوبەکر ﷺ : ٤٩
ئایا پێغەمبەر ﷺ باسی جێنشین بوونی ئەبوبەکری کردووە ؟ ٥٢
چۆنیەتی بوونی بە جێنشین و بەشێک لە کارەکانی ٥٤
کۆڕایی لەسەر جێنشینی ئەبوبەکر ٦١
ئایا عەلی لەسەرەتا بەیعەتی دا بە ئەبوبەکر ﷺ یان دواکەوت؟ ٦١
دڵ شکانی فاتیمە لە ئەبوبەکر ﷺ ٦٧
هەڵوێستی سەعدی کوڕی عوبادە لە جێنشینیی ئەبوبەکر ﷺ ٦٨
چەند کار و هەڵوێستێکی ئەبوبەکر لە ئیسلام ٧٠
بەشی دووەم پێشەوای بڕواداران عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ ٧٢
هەندێک لە چاکییەکانی ٧٣

چۆنیەتی جێنشینبوونی عومەر ﷺ ٧٤
ئەو نوسراوەی پێغەمبەر ﷺ پێش وەفاتی نیازی بوو بینوسێ ٧٦
چیرۆکی خالیدی کوڕی وەلید ﷺ و مالیکی کوڕی نوەیرە ٨٢
با ئەو ڕیوایەتانە بهێنینەوە کە لەو بارەیەوە هاتوون ٨٢
هۆکاری دوورخستنەوەی خالید لە سەرکردایەتی سوپا لەلایەن عومەر ﷺ ٩٢
بەشی سێیەم لە بارەی عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ ٩٥
هەندێك لە چاکی و پەسەندی پێشەوا عوسمان ﷺ ٩٦
ڕێککەوتن لەسەر بەیعەتی عوسمان ١٠١
هەندێك باس لە پەسنی عوسمانی کوڕی عەففان ١٠٣
سەرەتای کودەتا بەسەر عوسمان ١٠٤
ساختەکردنی نامە بەناوی هاوەڵە گەورەکان ١١٥
وتووێژ و ڕازی کردنی ئەو کۆمەڵانەی لە ویلایەتەکان هاتبوون لەلایەن عوسمان ١١٦
گەڕانەوەی کودەتاچییەکان بەرەو مەدینە ١١٨
لێکۆڵینەوە لەبارەی نامەکە ١١٩
گەمارۆدانی عوسمان و کوشتنی و بێتاوانی بوونی هاوەڵان ١٢٢
چۆن عوسمان لە مەدینە کوژرا لە بەرچاوی کۆمەڵێك هاوەڵی گەورە؟ ١٢٧
ئەو ڕەخنانەی یاخییەکان لە پێشەوا عوسمانیان دەگرت ١٢٨
لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانە ١٢٩
یەکەم: دارکاری کردنی عەممار ﷺ: ١٢٩
دووەم: دارکاری کردنی ئیبنو مەسعوود و پێنەدانی دەستکەوت پێی ١٣٠
سێیەم: کۆکردنەوەی قورئان ١٣٢
چوارەم: تایبەتکردنی لەوەڕ: ١٣٢
پێنجەم: دەرکردنی ئەبوزەڕ ﷺ بەرەو ڕەبزە ١٣٣
شەشەم: دەرکردنی ئەبو دەرداء لە شام ١٣٤

حەوتەم: گەڕاندنەوەی حەکەمی کوڕی عاس ١٣٥
هەشتەم: کورت نەکردنەوەی نوێژ ١٣٦
نۆیەم: لەسەرکار لادانی هاوەڵە گەورەکان ١٣٦
دەیەم: پێدانی دەستەڵات بە خزمەکانی ١٣٧
باسی والی و کاربەدەستانی عوسمان ﷺ ١٣٩
کورتەیەک لە ژیانی وەلیدی کوڕی عوقبە: ١٤٥
هاتنە خوارەوەی ئایەت لەبارەی ١٤٧
دارکاری وەلیدی کوڕی عوقبە بەهۆی خواردنەوەی مەی ١٥٠
یازدەیەم: زێدەڕۆیی عوسمان ﷺ لە بەیتولمالی موسوڵمانان ١٥٢
دوازدەیەم: دۆڕان لە ئوحود و نەهاتن بۆ بەدر و ئامادە نەبوون لە بەیعەی ریزوان ١٥٥
سێزدەیەم: تۆڵە نەکردنەوە لە "عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر" ١٥٥
چواردەیەم: باسی ئەو نامەیەمان کرد کە گوایە عوسمان نووسیویەتی. ١٥٧
چیرۆکی سەعلەبەی کوڕی حاتەب ١٥٩
بەشی چوارەم باسی پێشەوای بڕواداران عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ﷺ ١٦٤
هەندێک لە باسی پەسەندی عەلی ﷺ ١٦٤
وەڵامێک بۆ ڕافیزییەکان لەبارەی دوو فەرموودەی پێغەمبەر ١٦٦
ئەو ریوایەتانەی لە عەلی هاتوون لەبارەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی جێنشینی بۆ ئەو نەکردووە .. ١٦٨
وتەی زانایان لەبارەی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ دەقی تایبەتی نییە بۆ کردنی عەلی بە جێنشین ١٧١
لەبارەی فەرموودەی (الثقلین) ١٧٣
وەڵامیش دەبێ لەچەند ڕوویکەوە بێت ١٧٤
هەڵوێستی عەلی لەبارەی سێ جێنشینەکەی پێشی خۆی ١٧٩
کورتەیەک لە ژیاننامەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ﷺ ١٨٤
هەندێک لەو ریوایەتانەی لەبارەی بێدەنگ بوون لە ڕووداوەکانی نێوان هاوەڵان هاتوون ١٨٦
بێ دەنگ بوون لەو بابەتە بە ڕەهایی نییە ١٨٩

بەیعەت دان بە پێشەوا عەلی ڕەزای خوای لێ بێ ١٩٠
ناکۆکی نێوان پێشەوای موسوڵمانان "عەلی" و "موعاوییە" ﷺ و ڕای هەر یەکێکیان ١٩٢
جەمەل ١٩٤
چوونیان بەرەو بەسرە ١٩٦
دەرچوونی عەلی ﷺ بەرەو بەسرە ١٩٨
شەڕی سیففین ٢٠٠
لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕووداوی ناوبژیوانییەکە ٢٠٢
ئەبو موسای ئەشعەری ﷺ ٢٠٦
عەمری کوڕی عاس ﷺ: ٢٠٧
ئایا عەلی و موعاوییە ﷺ لەعنەتیان لە یەکتری کردووە؟ ٢٠٩
بەشی پێنجەم پێشەوای بڕوادارانحەسەنی کوڕی عەلی ﷺ ٢١٦
بەیعەت دان بەحەسەن ﷺ ٢١٧
ئاشتەوایی نێوان حەسەن و موعاوییە ﷺ ٢١٨
ژەهراوی بوونی حەسەن ﷺ ٢١٩
بەشی شەشەم پێشەوای بڕواداران موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان ﷺ ٢٢٢
لە باسی پەسەندی موعاوییە ﷺ ٢٢٢
موعاوییە لە خەلیفە ڕاشیدییەکانە: ٢٣١
دانانی یەزید بە جێنشین لە لایەن موعاوییەوە ٢٣٥
حوکمی کردنی کەسێک بە جێنشین لەلایەن جێنشینی پێشی خۆی ٢٣٥
هۆکاری چی بوو موعاوییە پۆستی جێنشینی تەسلیمی یەزید کرد؟ ٢٣٧
وتەی ئیبنو خەلدوون لەو بارەیە ٢٤١
کوشتی حەجر و هاوەڵانی لەلایەن موعاوییەوە ٢٤٥
هێنانی زیاد بۆ ناو بەرەبابی خۆی لەلایەن موعاوییەوە ٢٤٧
شۆڕش بەسەر پێشەوا ٢٤٩

شۆڕشی "حوسەین" و "ئیبنوزوبەیر" ﷺ لە دژی "یەزید" ٢٥٣
حوکمی شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەی شۆڕش لە دژی فەرمانڕەوای ستەمکار دەکەن ٢٥٤
حوکمی شەڕکردنی "حوسەین" و شەهید بوونی ﷺ ٢٥٧
وتەی ئیبنو خەلدوون ٢٥٨
حاڵی یەزید ٢٦١
شەهید بوونی حوسەین ﷺ و هەڵوێستی یەزید لەو بارەیە ٢٦٤
لەعنەت کردن لە یەزید ٢٦٥
حیکایەتی کوژرانی حوسەین و ئەو تێکهەڵچوونانەی لەنێوان هاوەڵاندا ڕوویانداوە ٢٦٦
پێشەوای بڕوادارانعەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺ ٢٦٧
ئەو شتانەی بەسەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺ هاتن ٢٦٨
جێنشینی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﷺ ٢٧٠
ڕووداوی نێوان ئیبنو زوبەیر و عەبدولمەلیك ٢٧٣
کۆتایی ٢٧٦
پێڕست ٢٧٨

(فصل الخطاب فی مواقف الأصحاب)

- بە کێ دەگوترێن هاوەڵ؟ دادپەروەری (عەدالەت)ی هاوەڵان مانای چییە؟ ئایا مەعسوومن؟.
- هاوەڵان بۆچی لەنێو خۆیان شەڕیان کردووە؟.
- خەلیفە ڕاشیدییەکان چۆن بوونەتە جێنشینی پێغەمبەر؟.
- حەزرەتی «عائیشە» و «تەڵحە» و «زوبەیر» بۆچی چوونە بەسرە و شەڕی «جەمەل» چۆن ڕوویدا؟.
- ئایا «موعاوییە» پاشاییێکی زۆردار بووە؟ بۆچی شەڕی لەگەڵ «عەلی» کرد؟ کامیان لەسەر حەق بوون؟ چۆن بڕوانینە ئەم ڕووداوە مێژوویییە؟.
- خالیدی کوڕی وەلید مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشتووە بۆ ئەوەی خێزانەکەی مارە بکا؟.
- ئایا "یەزید" باش بوو؟ دروستە لەعنەتی لێ بکەین؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری دیکەی گرینگ لەم کتێبەدا بخوێنەوە .....

1234567890

هەولێر - بازاری ڕۆشنبیری - تەنیشت پارێزگا
0750 406 66 74
ڕەها / RAHA
ناوەندی ڕەها